بزووتنەوە و سەرهەڵدانی

# عەلەوییەکانی زاگرۆس

بەرگی یەکەم

زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی یارسان

لە ژێر چاودێریی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ژمارە ٩

بزووتنەوە و سەرهەڵدانی

# عەلەوییەکانی زاگرۆس

لە: هەمەدان، کرماشان، کوردستان، خووزستان و ئازەربایجان

**یا**

## مێژووی ڕاڤەییی ئالی حەق (یارسان)

**بەرگی یەکەم**

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. محەمەد عەلی سوڵتانی
بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس – بەرگی یەکەم
وەرگێڕانی: عەدنان بەرزنجی
بەیارمەتی: حەسەن ساڵحی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧١٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

# پێشەکیی وەرگێڕ

خولیا، خولیایە و بریا، بریا. نووسەری بەڕێزی ئەم کتێبە باش و بەکەڵک و مەزنە ـ دوکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی، کە ئێستەکانە لەتاران خەریکی لێکۆڵینەوە و ئاڕاستەکردنی کاری مەزن و بەنرخە، لەم کارەشیدا بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری خۆیەوە، زۆر خۆزگە و بریای خوازیارانی پەرەی فەرهەنگی و کولتووری و ناسینی مێژوو و فۆلکلۆری کوردی و ناوچە کوردییەکان و گەلانی ئێرانی هێناوەتە دی. لەم کتێبەدا، نووسەر هەر لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی باوەڕی یارسان و عەلەوییەکانی زاگرۆس نشینەوە، لە ڕێی بە هێنانەوەی بەڵگەی زانستی و وتەی ئەو نووسەرانەی کە پێش خۆی لەم بوارەدا کاریان کردووە، بە باشترین و زانستییانەترین شێواز ئەم بابەتەی خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە ئێمە بۆ خۆمان وەکو کوردێک کە خولیامان زۆر و بریامان یەجگار زۆرتر لە خولیامانە، سەری ڕێز و حورمەتمان بۆ قەڵەمی بەڕێزیان دادەنەوێنین و هیوادارین تەمەن درێژ و سەرفەراز و سەوز بن.

هەموو شتێک بەتێروتەسەلی لەم کتێبەکەدا باس کراوە و ئێمە ئەگەر لە سەر باری زانستیی ئەم کتێبە بمانەوێ شتێک بڵێین؛ بە وتەی فارسەکان «زیرە بە کرمان بردن است». بۆیە هیچ ناڵێین و ملی قەڵەم با بە دەستی خاوەنی خۆیەوە بێ و بەبیری ورد و زانستییانەی کتێبەکە بڕازێنێتەوە.

سپاسی هەموو ئەو دۆست و خۆشەویستانە دەکەین کە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە یارمەتییان داین، و بە تایبەت بەڕێز کاک ناسێحی ڕەحمانی خۆشەویست ـ خوا تەمەن درێژیان بکات ـ

به سپاسەوە
عەدنان بەرزنجی
سنه هاوینی ۱۳۸۹ی هەتاوی

## پێشەکیی نووسەر

به ناوی خوای دلۆڤان

... هرس حکایتي به تصور چرا کنُد (؟)... بۆچی هەرکەس بەخەیاڵی خۆی بای دەدا(؟)

لە دەوری ٢٠ ساڵە لەگەڵ گەورە پیاوانی یارسان (ئالی حەق) بە پێی بارودۆخ کەشوهەوا و هەروەها هەستکردن بەوە کە بە چ شێوازێک دەتوانم لە بیر و باوەڕەکانی ئەم ئاینە لە مێژینە ئێرانی، ئیسلامییە سەردەر بهێنم، پێوەندیم هەبووە و تا ئەو جێگایەی کە خۆم بزانم لانی زۆری یاسا ئاینییەکانی ئەوانم کە داگری (دەفتەر و کەلام و سەرەنجام)ە، وەدەست خستووە و هەر لەسەرەتاوە تا سەرەنجام و لەسەرەنجامەوە تا دواین کەلامم بینیوە، چونکە بابم هەورامی (گۆرانی) زار بوو دایکم سۆرانی، بە جوانی بەسەر ئەو دوو زارە مەزنە کوردییەدا زاڵ بووم؛ کە بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەش بە هەورامین.

توانیومە لەو سەرچاوانەش کە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فرەنسایی، عەرەبی، کوردی، تورکی لەسەر ئالی حەق نووسراون و وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی فارسی، کەڵک وەربگرم.

زۆر کەڕەت بۆ دۆزینەوەی مانای دەقێک، کاتی مامۆستایانی بەڕێز و بەنرخی خۆمم دەگرت و تا ساغم نەکردبایەوە، دەست هەڵگر نەبووم.

لەسەر ئەم باوەڕ و ئاینە و هەروەها گەورە پیاوانی ئەم ڕێبازە، تا ئێستا کارێکی زۆر کراوە و ساڵەهایە کار دەکرێت؛ بەڵام هیچ کات نەتوانراوە وێنەیەکی ڕوون لەم بیرو باوەڕە مێژووییە پیشان بدرێت و بەجوانی تیشک نەخراوەتە سەر ڕاستییەکان، چون تەنیا کەلام و دەفتەرەکان خراونەتە بەردەست و ئەوانەش ماناکەیان بۆ هەموو کەس ڕوون نییە و ئەم بابەتانە ناتوانن پێشینەی مێژوویی ئەم

ئاینە بخەنە ڕوو، چونکە پێشینە و بیروباوەڕ دوو بابەتی جیاواز لە یەکن، بۆیە ئەو بەرهەمانەی کە سەبارەت بە ئالی حەق بڵاو بوونەتەوە، لەسۆنگەی ئاماژە نەکردن بە لایەنە مێژووییەکان و خۆماندوو نەکردنی نووسەرەکانیان بەمێژووی ئێران و بەڵگە باوەڕ پێکراوەکانەوە، نەتوانراوە، ئەم لەسەر مێژوو و بیروباوەڕی ئەم لایەنانە لا بدرێ. یان خۆ باوەڕیان بەم قسەیە بووە کە ئالی حەقەکان پێناسەیەکی نووسراوەیان لە مێژوودا نییە) و بە نووسینی هەندێ بابەتی پڕ لە هەڵە و ناڕەوا دەبنە یاریدەدەری ئەو بیرۆکانەی کە سەبارەت بە ئالی حەق بۆچوونێکی چەوتیان هەیە؛ ڕۆهەڵاتناسانی ئەوروپایی، وەک فەرەنسەییەکان و ئینگلیزییەکان و ڕووسییەکانیش بوونە هۆی خەستربوونەوەی ئەم بیرۆکە هەڵەیە و ویستیان لەم بارودۆخە بەدیهاتووەدا ناوونیشانێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بۆیە جاریان دا و بانگیان بەرز کردەوە کە ئاینێکی تازەمان دۆزیوەتەوە، تاکو بەرهەمەکانیان بفرۆشرێت و بازاڕ و دوکانی خۆیانی پێ برازێننەوە، و موریدان و مورشیدگەلی ئەم ڕێبازە پەراوێزخراو و بێ نازەش، سووتان و برژان و بەڵام خۆیانیان لەناو کڵی بلێسەداری ئەم نووسەر و نووسراوانەدا بەجوانی هاتنەدەر.

زۆر جار بۆ خۆم بیرم کردووەتەوە و لەگەڵ خۆم قسەم کردووە و گوتوومە ئەوە چلۆن دەکرێ کە ئاینێکی مێژین بەو هەموو مورید و بەو پانتا بەرین و درێژە جوگرافیاییەوە، توانیویە هەزاران ساڵ بوونی ئابووری، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ و هاوکات و هەموو ڕۆژگارێ ئالاهەڵگری سنووردارییی وڵات و ئاو و خاکەکەی بێت و خوێن بدات و شەڕ بکات و سپای هەبێت و بەڵام بەو پەڕی شەرمەزارییەوە لە مێژووی هەزار ساڵەی وڵاتەکەی (ئێران)دا جێی نەبێتەوە (؟!) بەم ئەندیشە و بیر و بەو دەستکەوتانەی کە لە دڵی دەفتەر و پەڕاوەکانی ئالی حەقدا دۆزیمنەوە، دەستمدایە کارێکی ئاوەها و هەرچەندە سوور دەمزانی ودم و هیمەتی پیران و مورشیدان بوونە توێشووی ڕێگاکەم، تا ڕێگایەکی ڕووناک لە پێکهاتە و بزووتنەوە و سەربەخۆییەکان و لەدەستچوونی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی ئالی حەق و بەڕێبەرایەتیی عەلەوییەکان لە دڵی مێژووی ئێراندا بێنمە دەرێ و ئەو بەیتە شیعرەی حافزی شیرازیم وەبیر هاتەوە.

... ساقی بیا کە از مدد بخت کارساز
کامی کە خواستم ز خدا شد میسرم...

لەم بابەتەی کە لەبەر دەستتاندایە جگە لە وەرگێڕانی هەمووی دەقەکان بۆ سەرزمانی فارسی، لە هەمان کاتدا هەر هەڵەیەک لەهەر بەرهەمێکدا ئەگەر نووسەرەکەی تووشی هاتبێت، ساغ کراوەتەوە، ئەوەش نە بە هۆی هەستی خۆمەوە؛ بگرە پاش کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەی متمانەدار و جێ باوەڕ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ یەکەمین جار ئاماژەم داوە بەچەند خاڵی گرینگ وەک، پێشینەی مێژوویی ئاینیی ئالی حەق (یارسان) ناساندنی راست و عاقڵانەی ڕێبەرانێکی وەکو؛ سەید حسێنی موبارەکشای عەلەوی، سەید ئیبرایمی عەلەوی (بابا ناوس)، سەید محەمەد زاهێد ڕەزەویی خوراسانی (پیرخزر شاهۆ)، سەید بابا عەلیی هەمەدانی، سەید مووسای بەرزنجیی هەمەدانی، سەید عیسای بەرزنجی هەمەدانی، سوڵتان سەید ئیسحاق بەرزنجی، و یارە بەرجەستەکانی و هەروەها لە بەرچاوگرتنی ئاستی پێوەندییەکانیان لەگەڵ بزووتنەوەکانی تری عەلەوییە کە هاوچەرخی یەکتر بوون و پێوەندییان لەگەڵ یەک بووە، لەوانە وەک: ئیسماعیلییەکان، فاتمییەکان، سەربەداران، حورووفیە، بەکتاشیە و موشەعشەعیە و سەفەوییەکان و لە هەمووی گرینگتر دۆزینەوەی، گەوهەر و چۆنایەتیی مەزهەبی و مێژوویی و نەتەوەییی شۆڕشی جەماوەریی سەید مووسای بەرزنجیی هەمەدانی و شەهیدبوونی وی لە سەردەمی ئیلخانییەکانی مەغوول، و خستنە ڕووی ڕاستییەکانی باری ژیانی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی، بەلێکدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی سەردەمی ناوبراو و [سەید عیسای بەرزنجی] باوکی. ڕاڤە و لێکدانەوەی بیروباوەڕی هزری و دۆزینەوەی بابەتی سەربەخۆییی ڕامیاری و مەزهەبی و ڕۆشنکردنەوەی ڕێکخراوە بەڕێوەبەری و قەزایی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان، بزووتنەوەی سوڵتان سەید ئیسحاق بەرزنجی و شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەی کارگێڕان و شۆڕشە خوێنینەکانی ئەوان پاش هێرشی تەیمووریییەکان، کە من هەموو ئەو زانیارییانەم لە دڵی مێژوودا کێشاوەتە دەرەوە.

بەتایبەت دەوری ڕامیاری، نیزامی و مەزهەبیی دوو کەسایەتیی بەرجەستەی ئالی حەق؛ شا ئیبرایم عەلەویی بەرزنجی (ئەیووت) و سوڵتان سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی (بابا یادگار) کە لاپەڕەیەکی زێڕینە لە مێژووی عەلەوییەکانی زاگرۆسدا کە بۆ یەکەمین جار، پاش وەدەستەوەدانی دەقگەلێکی باوەرپێکراوی مێژوویی، خۆی دەخاتە دەرەوە.

کێشانی هێڵێکی مێژوویی و جوگرافیایی له سه‌فه‌وییه‌کانه‌وه، له ژینگه‌ی ئالی حه‌ق (کوردستان و...) تا ئازه‌ربایجان و پێوه‌ندیی دووباره‌یان و هه‌روه‌ها وه‌ده‌ستهێنانی سه‌ربه‌خۆییان، به‌تایبه‌ت ناساندنی، بنه‌ماڵه‌گه‌لی زانستی و مه‌زهه‌بیی سه‌فه‌ویه‌ی عه‌له‌وی له کوردستان، که هه‌موویان خاڵگه‌لێکی به‌رجه‌سته و به‌رچاون له ژیانی مێژوویی و بایه‌خداری نه‌ته‌وه‌یی و مه‌زهه‌بی و عاشقانی ئاین و فیداییه عه‌له‌وییه‌کان؛ ئه‌و عه‌له‌ویگه‌له‌ی که هه‌موو کات باوه‌ڕیان به ڕێبازی راستی بووه، وازیان له بیروباوه‌ڕی خۆیان هێنا و بوون به پاڵپشتی ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام و چه‌ندین سه‌ده به پیرۆزییه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و ڕێبازه ژیان و شۆڕشیان کرد و پاراستیان و ئه‌م بارودۆخه هه‌تا سه‌رده‌می سه‌فه‌وییه‌کان درێژه‌ی هه‌بوو، مه‌به‌ستیان له‌م هه‌وڵانه‌ش دامه‌زراندنی ده‌سه‌ڵاتێکی عه‌له‌وی و پاراستنی ئاو و خاکی ئێرانه.

به‌یارمه‌تی خوای مه‌زن له‌م به‌رگه‌دا، مێژووی شۆڕش و بزووتنه‌وه‌ی عه‌له‌وییه‌کان، ده‌خه‌ینه ڕوو، بۆ که‌ڵکوه‌رگرتنی زانایان و لێکۆڵه‌ران و خوێندکاران و خوازیارانی ئیسلام و ئێران و پێڕه‌و و یارانی یارسان.

سپاسی خوای مه‌زن ده‌که‌م که بۆئه‌م کاره زۆر یارمه‌تیی دام و هه‌روه‌ها له‌به‌ر «من لم یشکر المخلوق لم یشکر الخالق» ده‌بێ سپاسی هه‌مووی ئه‌و به‌ڕێز و مامۆستایانه بکه‌م که بۆ ئه‌م کاره یارمه‌تییه‌کی زۆریان داوم، و له نووسراوه و بیر و باوه‌ڕیان که‌ڵکم وه‌رگرتووه به‌تایبه‌ت مامۆستایان دوکتۆر غولامحوسێن سدیق، دوکتۆر کامل موسته‌فا شه‌یبی و وه‌رگێڕی پایه‌به‌رز و گه‌وره عه‌لیڕه‌زا زه‌کاوه‌تی قه‌ره‌گوزلوو، دوکتۆر عه‌بدولحسێن زه‌ڕینکووب، پرۆفسۆر ڤاڵێتر هینتس، وه‌رگێڕی هاوچه‌رخ که‌یکاووس جه‌هانداری، په‌رویز ئه‌زکایی، عه‌للامه مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی موده‌ڕیس، بۆ ئه‌وانه‌ی که مردوون له خوای گه‌وره داوای لێبووردوویی ده‌که‌م و بۆ ئه‌وانه که ماون له خوام داوایه ته‌مه‌ن درێژ بن. به‌رگی دووه‌م سه‌رگوزه‌شته‌ی مێژوویی ئالی حه‌ق، هه‌ر له سه‌رده‌می سه‌فه‌وییه‌وه تا ئه‌م چه‌رخه له‌خۆ ده‌گرێ که به‌م زووانه ده‌که‌وێته به‌رچاوتان.

محه‌مه‌د عه‌لی سوڵتانی
گولانی؛ ١٣٧٦ هه‌تاوی
تاران

پیر شالیار (خوداداد) هەورامی خەلیفەی زانای مەزدەکی بوو و لەسەر ڕێبازی بابەکی مەجووس و ئەبومـوسلم، دوایی دەس بە داوێنی شاخۆشینی هەورامان بوو و بوو بە شوێنکەوتووی ئەو و لەسەر تەریقەتی عەلەوییەکان لە نەوەدونۆ پیرە...

(مێژووی هەورامان، بەشی سێیەم، بەرگی دەستنووس٢٢)

## بنەمای مێژوویی و جوگرافیایی ژیانی عەلەوی

## "یارسان، ئالی حەق"ـەکان

وتەی خاوەنی مێژووی هەورامـان بوو بە هۆی ڕێڤـەکری ئەم خـەزێنـە داخـراوە لە مێژووی ئێراندا تا هەوڵی خۆمان وەگەڕ خەین بۆ گەڕان بە دوای پێشینەی چەند هەزار ساڵەی ئاینی کوردی و عەلەوی و پارێزەرانی کولتوور و سنوورەکانی ئەم وڵاتە، لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوە مێژووییەکان.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی بێ وێنەی ئێران، پیرۆزی و گرینگیی مەڵبەندی زاگرۆس بەتایبەت کوردستان لەلای شوێنکەوتووانی ئاینی زەردەشت و دوایی خوڕەمدینان کە شوێنکەوتووی زۆرێک لە باوەڕەکانی ئەوان بوون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لەم مەڵبەندە دێرینەیە کە جووڵانەوەگەلێکی نیشتمانپەروەرانە لە بەرانبەر حاکمانی زاڵم و ستەمکاری بەغدا تا لەناوچوونی حکوومەتی پێنسەد ساڵەی عەباسییان و دواتر لە بەرانبەر مەغوولی داگیرکەر و تا سەربەخۆیی سەفەوییەکان بێ وچان و بە هەموو هێزەوە و ماندوونەناسانە بەردەوام بووە.

کوردستان، هەورامان، شارەزوور، ماسبەزان، مێهرگانکەدە و... کە لەسەرچاوە مێژووییە بەنرخەکاندا، چۆنیەتیی ئاین و باوەڕیان لە لێکۆڵینەوە قووڵ و مەندۆخەکاندا، تاوتوێ و تۆمار کراوە و ئەم بیروباوەڕانە لەم مەڵبەندەوە بە شوێنەکانی تری ئێراندا بڵاوبوونەتەوە.

چونکە پێویستی بەرخودان لە بەرانبەر دەسەڵاتی بەربڵاوی عەباسییان و بانگەشەی بەرفراوانی ئێرانییەکان کە یەک لە دوای یەک لە ململانێدا بوون لەگەڵ دوو هێزی خەواریجی توندڕۆ و دارەدەستەکانی خەلیفەی عەباسی، جوگرافیای خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەوان بەشێوەیەکی نهێنی پێویستییەک بوو لە سەرجەم ئەو کاتی ئێراندا.

کەوابوو هەر لە سەرەتاوە دەبێ شوێنی سەرەکیی ژیانی خوڕەمدینان کە تا

چەند سەدە دوای سەرهەڵدانی عەباسییەکان لەگەڵ زوڵم و بێدادی لە ململانێدا بوون و خەڵکی ئەوێ لەژێر ئاڵای شۆڕشگێڕانی عەلەوی لە بەرانبەر زاڵمانی ئەو سەردەمەدا، سەریان هەڵدا و ڕەوتی گۆڕانی بیروباوەڕی لقی سەربازیی ئاڵاهەڵگرانی بزاڤی ئیسلامی، ئێرانی و لایەنگرانی عەلییان پێک هێنا، بناسرێت و دواتر ڕەوتی گۆڕانی بیروهزری ئەوان شی بکرێتەوە. لەم لێکۆڵینەوە و تێڕوانینە لە بەرهەمی بەنرخی شارەزایان و پسپۆڕانی زانا و ناوداری هەموو سەردەمەکان کەڵک وەرگیراوە و بە هیچ شێوەیەک پشت بە گومان نەبەستراوە و توێژینەوەی بەنرخی مامۆستایانی پێش ئێستا تێکستگەلێکن کە بیر و ئەندیشەی تازە پێگەیشتووی ئێمە بە پێی وتەی خاوەنی مێژووی هەورامان و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەستوونەکانی ئاینی عەلەوییەکان لە پەراوێزدایە و هەوڵمان داوە بەڕاستکردنەوەی مێژووی چەواشەکراو و هەروەها بە وەرگێڕان و بەڵگە و شەجەرەنامەی تایبەت بە عەلەوییەکان لە ناوچەکە بەتایبەت کوردستان، روخساری راستەقینەی یارسان لە میانەی گۆڕانکاری و مێژووی لێکدراویاندا بخەینە روو. لێرەدا ڕەوتێکی روون لە خورەمدینان و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان و پێش ئەوەش، بوونی ئاتەشگەکانی زەردەشتییەکان کە دوای تێپەڕاندنی قۆناغگەلێک و هەوراز و نشێوی زۆر بە ناوی یارسان، شوێنکەوتووان و فیدایی عەلەوییەکان و گیانبەختاکرانی ئاینی فیقهی ئەسناعەشەری دێنە ئەژمار، پێشکەش دەکرێت و لە سەرەتاوە پێویستە ناوەندەکانی زەردەشتییەکان لە سەدەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام و دواتر شوێنی نیشتەجێبوونی خورەمدینان بناسین؛ لە شاری ئەلیشتەر لە باشووری کوردستان، ئاتەشکەدەیەکی بەناوبانگ هەبوو، بەناوی ئازەرەخش [نزهت القلوب، ل ١٠٧]. ئازەرەخش... یەکێک لە ناوەکانی ئازەرگەشنەسەب بووە، دەکرێ بوترێ ئازەرەخش گۆڕدراوی وشەی ئازەرجەشنە کە سووکەڵەناوی ئازەرجەشنەسەب یان ئازەرگەشنەسەبە.

هەروەها لە گوندێکی کوردستاندا (ئاتەشگەیەک) بە ناوی ئاخۆرین هەبووە کە ڕێزێکی زۆری هەبووە لەلای زەردەشتییەکان [اعلاق النفیسة، ل ١٦٥].

[جنبشهای دینی ایرانی در قرن دوم و سوم، ل ١٦٥] ماسبەزان [ماباتیسی کۆن یان خوروباتەن موقەدەسی (وەرگێڕاوی هورا). مێهرگانکەدە] نزیکی سیمەرە هەڵکەوتوو لە کێوەکانی ڕێگای نێوان حەڵوان بۆ هەمەدان «پەراوێزی هورا لەسەر

وەرگێڕاوی موقەدەسی» سەبارەت بە مێهرجانکەدە و ماسبەزان، بڕوانە نووسراوەیەک لەسەر ساجیە لە نووسینی دیفرمێری Defrmery؛ ڕۆژنامەی ئاسیایی (ساڵی ١٨٤٧، پەڕاوێزی لاپەڕەی ٤٣٢، ٤٣٣)... کەرەج ئەبوودۆلەف و ڕەزەڕەزابی دۆلەف و گوندی وەرسەنجان و قێسم و کووزدەشت لە ئەعمالی سەیمەرە لە مێهرگانکەدە و دیاریی سیروان و ئەریوجان لە دەڤەری ماسبەزان و هەمەدان و ماهکووفە و ماهبەسرە و میان ئیسفەهان و ئەهواز لە گوندی قامەدان کە شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان بووە و لە گوندی قەهمان کە دانیشتوانی کورد بوون. [مسعودی، التنبیە-والاشراف، ل٣٥٣: یعقوبی، کتاب البلدان، ل ٢٧٥، مروج، ب٦، ل ١٨٧/ مقدسی ب ٤، ل ٣٠/ ابن لندزیە، پێڕست، ل ٣٤٣]... ئەم پەراگەندەییە یەک لەو هۆکارانە بوو کە زەمینەی بۆ ڕەخسانی چەندبەرەکی لە نێوان خورەمدینانندا بەدی هێنا و بە تیپەڕبوونی زەمان بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەش بوون و هەر کامیان ناوێکی تایبەتی وەرگرت، دوو دەستەی گەورە و سەرەکییان بە ناوی کوودەکیە و کورد شاهیە ناوبانگیان دەرکرد. [مسعودی، مروج، ب ٦، ل ١٨٧ والتنبیە و الاشراف، ل ٣٥٣]

ناوی کوودەکیە لە زۆرێک لە چاوگەکاندا بەشێوەگەلێکی جیاواز هاتووە، زۆر وێ دەچێ بە کەسانێک وترابێت کە شوێنکەوتووی کوڕی فاتیمە کچی ئەبو موسلم بووبێتن و بە وتەی نیزامولملوک بەناوی منداڵی زانا بانگیان کردبێت. [سیاست نامە، ل ٢٠٤] و بە وتەی دینەوەری [ اخبار الطوال، ل ٣٩٧] ناوی ئەم کوڕە موتەهەر بووە. [ڕەنگە لێرەدا مەبەست لە منداڵی زانا، کەسێکە کە نەوەی موتەهەر بێ کە دەبێ دەرکەوێ] و لە ئیسفەهاندا ئەویان بەم ناوە یان بەناوی خوڕەمیە بانگ دەکرد [شهرستانی، الملل و النحل، ل ١٣٢ لەم ڕوانگەوە بە هەڵە؛ کودیە نووسراوە، بەڵام لە لاپەڕەی ١٩٤ دروست نووسراوە و نووسەر دوای هاوردنی بۆچوونەکانی مەزدەک ئەم فیرقەیە لەناو فیرقەکانی مەزدەکی دادەنێ]

ناوی دەستەی تری کوردشاهیە، هەروەک لە یەکێک لە بەرگەکانی (التنبیة و الاشراف)دا بەرچاو دەکەوێ؛ لە هەرێمە شاخاوییەکان، کوردان زۆر بوون و بە وتەی یەعقووبی بەشێکیان خوڕەمدین بوون، دەستەیەک لە خوڕەمدینان فاتیمیە بوون، دەگەڕێنەوە سەر فاتیمە کچی ئەبوموسلم، [اخبار الطول، ل ٣٩٧، مروج الرِهب، ب ٦، ل ١٨٦] تاقمێکیشیان شوێنکەوتووی کوڕی وی کە بەوتەی

نیزامولولک بەناوی مندالّی زانا دەناسرا... و نیشتەجێی هەرێمەکانی ئەهواز، فارس و شارەزوور بوون. لە دەستە بچووکەکانیش ئەبو موسلمیەیە کە ئەوانەی دەگرتەوە کە شوێنکەوتووی ئەبوموسلم بوون. بە وتەی ئەبولقاسم بەڵخی لە کتێبی (عیون المسائل و الجوابات)، بەشێک لە خەڵکی بەناوی خورەمدینەکان بانگیان دەکردن. لە سەردەمی بەڵخی، بەشێکیان لەگوندێک بەناوی خورەم ئاباد نیشتەجێ بووبوون. [ئەم ناوە کە «ئیبنی نەدیم لە کتێبی عیون المسائل» ناوی لێ دەبات] لە دەقی (پێرست)ەکە باش ناخوێندرێتەوە، مامۆستا برۆن، شیمانەی ئەوە دەکات کە خورەم ئاباد بووبێت. (تاریخ ادبیات ایران، ب١، ل ٣١٥) خورەم ئاباد گوندێک لە گوندەکانی بەڵخ بووە (معجم البلدان، ب ٢، ل ٤٢٦) و نساب سمعانی، 195 b، F. لەسەر موسلمیە و موبەیزە. (کتاب البدء، ب ٥، ل ١٢٤) لێرەدا بەشێک لە فیرقەکانی شیعە دێنە ئەژمار و بیروباوەڕەکانیان دەشاردەوە، ئەم قەومە زۆربەتوندی بە ئەبوموسلمیەوە نووسابوون، باوەڕیان بە خزانی ڕۆحی خوا لە لەشی ئەودا بوو؛ بەڵام دەیانگوت: ئەبوموسلم لە جبرەئیل و میکائیل و باقی مەلائیک باشترە و باوەڕیان بە زیندووبوونی ناوبراو و چاوەڕوانی دەرکەوتنی بوون و دەیانگوت ئەوەی کە مەنسووری کوشت شەیتانێک بووە کە خۆی لە ڕواڵەتی ئەبوموسلم دەرخستووە و باوەڕیان بەوە بووە کە ئەبوموسلم نێردراوی زەردەشتە کە خودی زەردەشتیش زیندووە و نەمردووە و قەت نامرێ و بۆ بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی ئاینی ئەو دووبارە دەردەکەوێتەوە [فهرست، ل ٣٤٥]. بەشێک لەم قەومە لە سەردەمی بەغدادیدا نیشتەجێی مەرو (مەرڤ) بوونە و تیرەیەکیشیان دانیشتووی هەرات کە بە براکووکیە دەناسران [جنبش دینی ایرانی در قرن دوم و سوم، ل ٢٥٨ـ ٢٥٩].

ئەم بیروباوەڕانە کە لە سەدەکانی دواتردا بە هاتنە سەرکاری شاخۆشین (موبارەکشا)، حسێنی کوڕی مەسعوودی کوردیی عەلەوی و حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی بەرزنجی (د.خ) لە سەدەی هەشتەم ڕواڵەتێکی تری گرتە خۆی و هەر لەم زێوارە جوگرافیاییەدا درێژەیان بەم بزاڤە چەند سەد ساڵەیانە دا و پاراستیان.

بە ڕوانینێکی بەراوردکارانە لە دەستەواژە و وشەکان، وتەی خاوەنی مێژووی هەورامان دەسەلمێت، بۆ وێنە وشەی (براکووکیە) بیر بەرەو لای وشەکانی (براکە)

و (کاکەیی) کە لە دەستەواژەکانی یارسانە دەبات و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی زمانناسی هەیە، هەروەها نازناوی تری ئەبومەوسلم کە پێی گوتراوە زانا و دانا و بەپێی نووسراوەی مێژووی هەورامان پیرشالیاری ئەوەڵ بانگەشەکار و خەلیفەی وی بووە و تێبینییەکی تر کە ئەم بیرۆکە و گێڕانەوە، دەسەلمێنێ و بەهێزتری دەکات؛ پێوەندایەتی ئەبوموسلم بە زەردەشتەوەیە و هەروەها بەراوردکردنی بنەما باوەڕەکانیان لەگەڵ بیروباوەڕەکانی یارسانە کە ئێستا ماون. هەروا کە پێشتر گوترا بە هاتنە سەرکاری شاخۆشین لە چەرخەکانی دواتردا و بەتایبەت سەردەمی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، پاشکۆکان لابران و بنەما باوەڕییەکان ڕاست کرانەوە و ڕێکخراوی سیاسی، مەزهەبییان بە تەواوەتی گۆڕدرا. لەمەڕ بیروباوەڕ و ڕێساکانی خورەمدینان لە لوڕستان و هەورامان و شارەزوور تا سەردەمی هاتنەسەرکاری موبارەکشای عەلەوی (شاخۆشین) هێناویانە کە موتەهەر کوڕی تاهیرەلموقەدەسی لەسەر خورەمدینان گوتوویە: «ئەوان دەبنە چەند دەستە و فیرقەوە؛ بەڵام هەموویان لەسەر گەڕانەوە، تەبان و باوەڕیان بە گۆڕانی ناو و گۆڕدرانی لەش هەیە و پێیان وایە کە هەموو پێغەمبەرەکان خاوەنی یەک ڕۆحی هاوبەشن و وەحی هەرگیز نابڕێت و هەر باوەڕدارێک لە لای ئەوان کاتێک هیوای بە چاکە هەیە و لە خراپە دەترسێ، لە ڕێگای دروست و ڕاستدایە. خراپەبێژی بەباوەڕدار قبووڵ ناکەن و خراپەی ئەویان ناوێت تا ئەو کاتەی کە بیر لە فێڵکردن لە دین نەکاتەوە و دەستدرێژی نەکاتە سەر دینەکەیان، لە خوێنڕێژی دووری دەگرن، مەگەر ئەوکاتەی کە بەسەریاندا بسەپێت. ئیمامگەلێکیان هەیە کە بۆ دەستوور و فەرمانە ئاینییەکان سەربەوان دەسپێرن و ڕوو لەوان دەکەن.

پێغەمبەرگەلێکیان هەیە کە لە نێویاندا دەگەڕێن و پێیان دەڵێن فریشتەکان. بە شەراب و شەربەت ڕەسمی پیرۆزباییکردن بەجێ دەهێنن، بنەمای دینەکەیان لەسەر دوو ئەسڵی تاریکی و ڕووناکییە. ئەو شتەی کە ئێمە لەسەر زەمینەکەیان واتا ماسبەزان و مێهرگانکەدە دیمان بۆ پاک و خاوێنی و چاکە و میهرەبانی و خزمەتی خەڵکی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدا. هەروەها کەسانێکمان بینی کە... ئەوەی کە نەفس چێژی لێ وەردەگرێ و زاتی مرۆڤ مەیلی پێیەتی و زیانی بۆ کەس نییە بە ڕەوا دەبینن [جنبش دینی ایرانی در قرن دوم و سوم، ل ٢٤٦ و ٢٤٧]

لێـدوان لەسـەر داو و نەریت و بیـروباوەڕەکـانی سـەرەتایی، لەگـەڵ ئەوەی کـە موتەهەر کوڕی تاهیرەلموقەدەسـی لەسـەر خـوڕەمدینانی مێـهرگان و ماسـبەزان نووسیویە، دەقاودەق لێک دەچن و بنەما ئیسلامییەکانی ئەوان ئێستاکە لە نێو یارساندا باوە، کە بە ئاوڕدانەوەیەک لەسـەر حوکمـە ئاینییـەکانی یارسـان، ئەم لێکچـوونە ڕوون دەبێـتـەوە و لە سـەردەمی (شـاخـۆشـین) عـەلەوی بەلابردنی ئەو ڕایانەی کە لەگەڵ ڕا فیـقـهی و ئەخلاقییـەکانی، ئیسلامدا یەکیـان نەدەگرتەوە، شـێوەگـەلێکی تریان وەرگرت؛ کە لە توێژینەوەکـانی تردا باسی لە سـەر دەکەین. نزیکایەتییـەکی تری بیـر و ئەندیشـەی خـوڕەمـدینان لـەگـەڵ مـانەوییـان و مەزدەکییاندایە، هەروەک مـەزدەکییان باوەڕیان بـە دوو ئەسڵی تاریکی و ڕووناکی، دووریگرتن لـە خـوێنڕشتن، چاکـە لەگەڵ خـەڵکی، مـەیل لە مـەشـرووبات، ڕەوایی... هتد بە مـەرجی دیاریکراو، ئازادی لە دابینکردنی پێداویستیی مادی و ڕازیکردنی نەفس بە مەرجی دیاریکراو و ئازادی لە گیروداوی بێ بنەما، بابەتگەلێکن کە وەکو خۆی لە لێکۆڵینەوەی باوەڕەکانی مەزدەکییاندا دەبینین. لەمەڕ بابەتی دوو ئەسڵی تاریکی و ڕووناکی، موقەدەسی لە نووسینێکی تر، وتەی خوڕەمدینان دێنێتەوە، دەڵێ: «خـوڕەمـدینان لە ڕواڵەتدا خـۆیان وەکـو مـوسـڵمـان نیـشـان دەدەن؛ بەڵام بەشێکن لە مەزدائیان و دەڵێن سـەرەتای دونیا نوورە، بەشـێکی تێکدراوە و بووەتە تاریکی». [ ل ٢٤٧ ] کە بڕوا بە دوو ئەسڵی تاریکی و ڕووناکی (نوور و زوڵمەت) لە ئوسـوولی کەلامی و ناسـراوی شـوێنکەوتووانی ئێـستـایـە و لە یاسـا و وتە تۆمـار کراوەکاندا بە تێروتەسەلی باسی لێ کراوە. هەروەها دوا وتەی موقەدەسی لە سەر شـوێنکەوتووانـی حـەزرەتی شـاخـۆشـین کـە تا ئەو کـات بە تەقـیـە دەناسـران و ئێستاکەش وەکو خوڕەمدینان پێناسە دەکرێن.

دووناودوون یەکێک لەو تایبەتمەندییە بەرچاو و بەجێماوەی باوەڕە بنەمـایانەی خـوڕەمدینانە کـە ئێسـتـاکـەش لە باوەڕی یارسـاندا مـاوە و پایەی سـیسـتـەمی سیـاسی، مـەزهەبیی شـۆڕشگێڕانی عـەلەوی و شـوێنکەوتوانیـان لە سـەدەگـەلی سـەرەتایی هاتنی ئاینی ئیسلام، پێک دەهێنا و وەکو هێڵێک بەرەو هۆگرایەتی بۆ ڕێبـەرانی بزاڤـەکـە، کـەڵکیـان لێ وەردەگـرت و بەم هۆیەوە نەکـەوتـە بەر لابران و ڕێفۆرم و ڕاستکردنەوە و هەر سەردەمێک مانەوە و جێگیری و ناوهێنانی لێ زیاتر بووە، تا سـەردەمی سـەرهەڵدانی بزاڤی عـەلەوی و پەرەدانی حـەوزەی فـیـقـهی لە

نێوانی سەردەمی سەفەوییەکان، ئەم بیرە کەمڕەنگ بووەوە و تەنیا لە سیلسیلەی ئەو فیداییانەی کە لەبەرانبەر حکوومەتی سەفەویەدا بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات یان ڕێکەوتنی کاتی و لەسەرخۆ بوون، بە مەبەستی مانەوەیان لە تەنیشتی حکوومەتدا دووبارە سەری هەڵدایەوە، شارەزایی لەگەڵ بنچینەی مێژوویی دووناودوون لەم بەشەدا پێویستە چونکە یەکێک لەو باوەڕانەی کە لە مێژە بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا شوێن پێی دیار و بەرچاوە و باس و ڕا و سەرنجێکی فراوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بووەتەوە و ڕواڵەتگەلێکی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، باوەڕ بە دووناودوونە. حاکمانی یۆنان، شوێنکەوتووانی ئورفە (lesorphipues) و فێرسید (phercyde) و فیساغۆرس و ئێمپدۆکلێس و هیندییەکان، ئەم باوەڕەیان دەناسی و تا سەردەمانێک بەشێک لە زانایان باوەڕیان بەوە بوو کە ئەم باوەڕە لە میسرەوە گەیشتووەتە یۆنان. سەرچاوەی ئەم گومانە وتەی هێرۆدۆت بووە؛ بەڵام ئێستا دیارکەوتووە کە میسرییەکان باوەڕیان بە دووناودوون نەبووە [بڕوانن بۆ پسی شە نووسراوەی رود E. Rhode وەرگێڕاوە بە فرەنسەیی، ل ٢٧٣ و فجر حکمت یونان، جان بورنت J. Burher وەرگێڕان بۆ فرەنسەیی، ل ٩٧]

بەشێک لە نووسەران پێیان وابووە کە بیری دووناودوون لە هیندەوە گەیشتووەتە ئێران و لە ئێرانەوە گەیشتووەتە یۆنان: [سەیری کتێبی، متفکران یونان، گم پرز Thegmez وەرگێڕانی فەرانسەوی، چاپی دووەم، ب ١، ل ١٦٢ و ١٦٣بکەن] بەڵام ڕاستیی ئەو وتەیە دیار نییە [ب ـ ب کتاب فجر حکمت یونان، ل ١٠٣]

ئەم باوەڕە خۆبەخۆ لە چەندین وڵاتدا دەرکەوتووە، بێ ئەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕۆشتبێت، لە هەر شوێنێک کە بیری سنوورداربوونی ژمارەی ڕۆحەکان و ئەوەی کە هەموو شتە زەوینییەکان دەبێ بەشێکیان لە ڕۆحانییەت وەرگرتبێت و هەر ڕۆحێک یەک لە دوای یەک دەبێ لە چەند لەشدا جێ بگرێ، بە بێ پێوەندیگرتن لەگەڵ هیچکامیان، بوونی بووبێ، باوەڕی دووناودوون دەرکەوتووە: ئەم بیرە، بیرێکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوینە [پسی شە، ل ٣٧٣، ٣٧٤]. نووسەرێکی تر دەڵێ: «دووناودوون پەرەپێدانی باوەڕی سەرەکیی پێوەندی و خزمایەتیی مرۆڤە بە ئاژەڵەوە، گەر هەمووان بە منداڵی زەوین بزانین، کە ئەمە شێوازێکی ساکارە بۆ هێنانە زمانی بیری دووناودوون.

[فـجـر حكمت يونان، ل ١٠٣]. له ســەردەمی پەیدابوونی ئەم باوەڕە لە ئێــراندا شـتـێک نازانرێت، بەڵام ئەوەی کـە مـانـەوییـەکـان ئەم باوەڕەیان هـەبووە و لەگـەڵ ڕێوشوێنەکانی ئاینی خۆیان گونجاندوویانە شتێکی دیار و زانراوە. «بۆ ئەوەی کە فۆرمێکی دیار و کاریگەر ببەخشن بە تاوان و ناپاکی و عەزابگەلی پاککەرەوە و تەقوا و ئاسوودەییی داهاتوو کە بنەمای سەرەکیی هەر ئەخلاقێکی مەزهەبی بووە، دووناودوونیـان بەکار هێناوە. [پسی شـە، ل٣٧٤]، مەزدەکییـان کە پێوەندییـەکی زۆریان لە ڕووی دینییـەوە لەگـەڵ مـانـەوییـان هەبووە، وێ دەچێ ئـەم بیـرەشـیـان لەوانەوە وەرگـرتبێت، خـوڕەمـدینـان کە نەوەی مـەزدەکـییـانن ئەم بۆچوونەیان لە باپیرانیانەوە بۆ بە میرات ماوە، جیاوازییەک کە لە نێوان دووناودوونی فیساغۆرس و هیندییەکان و مانەوییان لەگەڵ دووناودوونی خوڕەمدیناندا دەبینرێت، ئەوەیە کە دووناودوون لەلای دەسـتـەی یەکەم نیـازی ئەخـلاقی و پاکبـوونەوە و ئاخـر زەمـانیی هەیە، بەڵام خـوڕەمـدینـان ڕەهەندێکی خـوایی ـ بەشـەرییـان پێ داوە، واتا باوەڕ بە دووناودوون لە لایەکەوە بە خزانی ڕۆحی خوا لـە لەشی مرۆڤەکان و لەلایەکی ترەوە گەڕانی ڕۆح لە لەشگەلێکی جیاواز ناسـاندووە. ئەوەی کە مـوقەدەسی دەڵێ: ئەوان باوەڕیان بە گەڕانـەوە بووە، مـەبەست ئەوە نییـە کە کەسـەکان دووبارە بە هـەمـان لەشـــەوە دێنەوە، بـەڵکو مـــەبەست لە گــەڕانـەوە، دووناودوونـە، ئەگــەرچـی ئەم دوو بۆچوونە لەگەڵ یەک جیاوازن و شـتێک کە دان بەم ڕایەدا دەنێ ئەوەیە کە باوەڕیان بە گۆڕانی ناو و لەش هـەبووە، واتا گـەڕانی ڕۆحێک لەسـەر لەشگەلێکی جیـاواز بە دووناودوون.

بۆیە لێرەوەیە کە لە داسـتـانی بابەک دەبیـنین کە ژنی جـاویدان دەیگوت؛ ڕۆحی هـەرمان خزاوەتە لەشی بابەک و لەلایەکی ترەوە لە پێڕسـتی ئیبنی (نەدیم) هـاتووە: بابەک دەیگوت کە ئەو خـوایە. شـەهرسـتـانییش دەڵێ: خـوڕەمـدینـان باوەڕیان بە دوونـاودوون و خـــزانـەوەی ڕۆح لـە لـەش بووە [مـلـل و نـحـل، ل ١٥٨ و ابـن الـنديم، فهرست، ل ١٤٢]. بڕوا بە یەکـانگیریی ڕۆحیی پێغەمبەران و ڕایان لـەسـەر ئەوەی کـە وەحی قــەت ناپـچـڕێت و پـێـغـەمـبـەران یەک لـە دوای یەک دێن؛ پێـوەنـدیی بەم بیرۆکـەیەوە هـەیە؛ واتا دووناودوون [مـقالات اشـعري، ل ٤٣٨، والفرق بين الفرق، ل ٣٣٢].

یەکـێک لە دەسـتـەکـانی توندڕەوی شـیـعی، یارانی ئـەبی مـەنسـوور ئـەلعـەجلی

باوەڕیان بە یەک

لە دوای یەک هاتنی پێغەمبەران و نەبڕانەوەی پێغەمبەری هەبوو (ملل و نحل، ل ١٣٦) کە ئەمەش پێوەندیی بە بیرۆکەی (دووناودوون)ەوە هەیە. ناوی فریشتەکان کە خوڕەمدینان بۆ پێغەمبەرانیان بەکاریان دەبرد، بە واتای وشەی ڕەسووڵە، لە ناو ئێرانییەکاندا فریشتە بۆ مەلائیکە بەکار دەبرا، گرنگیدانی تایبەتی خوڕەمدینان بە بابەتی پاکوخاوێنی بە هۆی کاریگەری عادەت و یاسا و ڕێسای مانەوییەکانەوە بوو کە وا دیارە لە ناو مەزدەکییاندا پەرەی سەندووە (بەپێی ڕای نووسەرانی ئیسلامی، خوڕەمدینان گرنگییەکی تایبەتیان بە ناسینی گەورەپیاوانی ئاینی دەدا و دوای ناسیاریی گەورەی دینەکەیان، هەموو ئەرک و فەریزەیەکیان دادەخست [شەهرستانی، ل ١١٥ و ١٣٦، فرق الشیعة، ل ٤٢] [جنبشهای دینی ایرانی، قرن دوم و سوم، ل ٢٤٩ ].

هەروەها لەسەر دوا بابەت کە لەلایەن یارسانی ئێستاوە بە سەردەمی حەقیقەت ناسراوە و پاش دەرکەوتنی حەزرەتی سوڵتان ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، ئەم شێوە گەیشتووەتە کەماڵی خۆی، ئەم بیرە مێژووییە کۆنە واتا دووناودوون خاڵی هاوبەشی زۆربەی بزاڤ و سەرهەڵدانە پێشەنگەکانی دەوران لە سەدەکانی دووەم و سێیەمدا بووە، کە زۆربەی یا بە واتەیەکی تر هەموو ئەو جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و فیکرییانە جگە لەوانەی کە لە ژێر ناوی عەلەوییەکاندا بەردەوام بوون لە تێکۆشانیان و تا ئەم سەردەمەش ماونەتەوە: وەکو (یارسان، ئیسماعیلییەکان، دروزییان) و چەند دەستەیەکی بچووک و کەمبایەخی تر هەموویان لەم چەند سەدە دواییانەدا لەناو براون و بەرەو نەمان ڕۆیشتوون.

کاریگەریی بیروباوەڕ و ئاکاری مانەوییان لەم بزاڤانە و دڵنەوایی عەلەویگەلی تۆندڕەو کە بە ڕافزی ناوبانگیان دەرکردبوو، لەلایەنگرانی دینە کۆنینەکان و بانگەشەی ئەوان بەتایبەت خوڕەمدینان کە ئاوێنەیەک لە بیروباوەڕ و ئەندیشەی مەزدەکییان و مانەویان بوون و وەک لەمپەڕێک لە بەرانبەر بانگەشەی خەواریجدا دەهاتنە ئەژمار، کە ناوچەی بانگەشەکردنیان بەرفراوان کردبوو، بەشێوەیەک کە تا خوراسان و سیستان و کرمان، پەلی هاوێشتبوو، بووە هۆی ئەوەی کە زانایانی دەوران باسی کاریگەرییە باوەڕییەکانی مانەوییان لە نێو ڕەوافیزدا بکەن و بۆ

ڕەتکردنەوەی باوەڕی ئەوان لە بابەتی دووناودوون، نووسینگەلێکی سەربەخۆ بنووسن، یەک لە ڕێساکانی مانەوییان کە لە شێوەی خورەمدینان و پاشان یارسان دزەی کرد و خزاوەتە نێویان، ئەمە بوو کە مانەوییە ڕاستەقینەکان، مرۆڤگەلێکی پارسا و خۆپارێز و ڕۆخسارێکی جوانیان هەبووە و لە خراپە دوور گرتووە و بیری ڕۆژی قیامەتیان کردووەتەوە و لە خواردنی گۆشت خۆیان بەدوور گرتووە و ئاویان پاک ڕاگرتووە و باوەڕیان بە دوو ئەسڵی نوور و زوڵمەت بووە. [طبری، حلقە سوم، ٥٨٨]. بەتایبەت بۆ ئەوەی کە ئاینەکەیان ئەوان لەسەر پەرستنی جوانی و نمانا جۆربەجۆرەکانی بووە، خۆیان لە دەربڕینی بەندەوارییان بەهەر شتێکی جوان و جوانکەڵە ڕانەدەگرت و هەروەها جلوبەرگی جوانیشیان کە بە عەتر و بخوور بۆنخۆش کرابوو لەبەر دەکرد... و خۆش زەوقی و جوامێری، دەربڕینی زەوق و زمانپاراوی و جوانیی مانەوییە لە ئاخافتن و هاودەمی لە نێوان موسڵمانانیدا ناوبانگی دەرکردووە. [اقبال آشتیانی، سخنی چند در باب عبدالله بن المقفع، ل ٧ و ٨ ؛ ثمارالقلوب ثعالبی، ل ١٣٨ و ١٣٩] [ل١٣٤]. پاشان کاریگەرییان لەسەر عەلەویگەلی توندڕۆ دەخەنە بەرباس کە؛ (... بیر و هزری مانەوی لە نێو ڕافزییەکاندا کاریگەرییەکی زۆر و بەرچاوی بووە و زۆرێک لەوانەی کە بە زەندەقە و مانەوی بوون، تۆمەتبار دەکران، دەناسران. نزیکی و پێوەندییان لەگەڵ ڕافزییەکانیش بووە. لەوانە ئەبوعیسا ئەلوەڕاق و قوتابییەکەی ـ ئیبنی ڕاوەندی ـ و نەعمان و ئیبنی تالووت لە شێخەکانی ئیبنی ڕاوەندی [ انتصار خیاط ١٤٩، ١٥٠، ١٥٢، ١٤٢ و ٩٧، و ١٥٥] لەو کتێبانەی کە بۆ ڕەتکردنەوەی مانەویان نووسراوە: کتێبی، الرد علی اصحاب التناسخ و الخُرميّة لة ابو علي محمد بن عبدالوهاب، الجُبّائي (لەدایکبوون ٢٣٥، کۆچی دوایی ٣٠٣) [ التنبیە و الاشراف مسعودی، ل ٣٩٦]. چونکە مانەوییەکان باوەڕیان بەدووناودوون بووە، وێدەچێ لەم کتێبەشدا ئاماژەگەلێک بە ڕەتکردنەوەی ئەمانیش کرابێت. کتێبێکیش بەناوی الرد علی اصحاب التناسخ لە نووسینی ئەبو محەمەد حەسەن مووسا نەوبەختی هەیە کە دوور نییە لەم کتێبەشدا دووناودوون ڕەت کرابێتەوە... [ ل ١٣٦] وێکچوویی و هاودەقی لە یاسای باوەڕی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و جوگرافیاییی خورەمدینان لەگەڵ عەلەویگەلی توندڕۆدا بەجۆرێکە کە مامۆستا غوڵام حسێن سدیقی ئاماژە بەوە دەکات کە: (خورەمدینان بە شایەتی ئەو

شتانەی کە وتراوە و ئەوانەی کە لێرەدا جێیان نابێتەوە، دیار دەکەوێت کە ئەوەی مەزدەکیانن. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیردرێت، بۆ ئەوەی کە مەجبوور بە شاردنەوەی بیروباوەڕیان بووگن و بە حوکمی بڵاوبوونەوەی ڕوو لە زیاد و بەرفراوانی ئاینی ئیسلام و نەبوونی توانای پێکهێنانی پەرسگەیەکی هاوبەش و دانانی گەورەپیاوانی ئاینی کە هەموویان قبووڵیان بێ و لە دواییدا بڵاو بوونەوەیان لەناوچەگەلێکی جۆراوجۆری ئێران و نەبوونی پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا، دابەشبوونە سەر دەستگەلی بچووکتر و هەر دەستە و ناوێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا و جیاوازی لە ڕێنوێنییە ئاینییەکاندا لەگەڵ باقیی دەستەکان سەری هەڵدا. بە تێپەڕبوونی زەمان کەوتنە ژێر کاریگەریی بڕیار و ڕێنوێنییەکانی ئاینی ئیسلام و بەرابردنی کات لە ئەنجامی بەهێزبوونی بنەماکانی ئیسلام و تێکەڵاوی نەوەکانیان لەگەڵ موسڵمانان خۆبەخۆ وێکچوویی دینەکەیان دەگەڵ دینی حاکم و سەردەست زۆرتر دەبوو. نموونەی ئەم حاڵەتانە لە نێو کەمایەتییە دینییەکاندا هەموو کات بینراوە و دەبینرێت، بەتایبەت کە لەم بابەتانەدا سەروکارمان زۆرتر دەگەڵ خەڵکی ئاساییدایە کە کاتێکی زۆر دەبات تا دەست لە یاسا کۆنەکان و باوەڕە دینییەکانیان بەردەن و هەروەهاش بەهۆی نەبوونی وشیارییەکی ئەوتۆ و توانای ناسین و دەرکپێکردن بەبێ زانابوون، تەقلیدی دەوروبەرەکانیان دەکەن و توخمگەلێکی جۆراوجۆر و ئەسڵگەلێکی جیاواز دەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکەن و باوەڕێکی دروستکراو لەوانە دروست دەکەن، نزیکی ئەم دوو دینە گەیشتە ئاستێک کە ئەو نووسەرانەی وا زەحمەتی توێژینەوەیان بەخۆیان نەداوە، خورەمدینانیان بە لقێک لە شیعەکانی غولات دادەنا. [ ل ٢٤٣]

لە حاڵێکدا چاوخشاندنێک بەسەر ئەوەی لەم پێوەندییەدا نووسراوەو هەروەها ئەم توێژینەوە و لێکدانەوەی مێژوویی، جوگرافیایی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە باقیی بەشەکانی ئەم کتێبەدا دەکەونە بەرباس. دەردەکەوێ کە ئەو خورەمدینانەی کە لە ژێر کاریگەریی مانەوییان و مەزدەکییاندا بوون، بنچینەیان بۆ ئاینی زەردەشت دەگەڕێتەوە و دەڤەرە شاخاوییەکانی کوردستان، کرماشانات، لوڕستان، هەمەدان و ئازەربایجان و خووزستان شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکی ئەوان بووە و پرۆسەیەکی گۆڕانی مێژوویی، مەزهەبی بە دەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی عەلەوی ئێستاکەش دوای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ بە پاراستنی دروشمە بنەماییەکانیان

و قبـوولّكردنی ڕێنوێنیی سـەرانی عەلەوی بە نـاوی یارسـان، ئالی حـەق، بـوونێکی بەرچاویان هەر لەو شـوێنە جوگرافیـاییەدا هـەیە. لەحـاڵێکدا هیچ ئاسـەوارێک لە خـوڕەمـدینان نەمـاوە، هەروەهـا نـاتوانرێت ئاوڕێک لـە وتەی خـاوەنـی مـێـژووی هەورامـان نەدرێتـەوە و ڕەخنەی لـێ بگیـردرێت؛ چونکـە نە سـەرچاوەگـەلێکی تایبـەتیان لەسـەر ئاینی یارسان لـە لابووە و نە بەراوردێکی مێژوویی، کۆمـەڵایەتی، سـیـاسـی و مـەزهەبی، یارسـانیـان کـردووە و بـەهۆی نـەبوونی سـەرچاوە و لەبارنەبوونی زەمـان و بـابەتیـانـە نەبـوونی بـاسـەکـە بـۆ ئەوەی تـا ڕادەیەک ڕاستییەکانیان ڕوون ببێتەوە و ئاشکرا بێ کە نزیکی هزری خوڕەمدینان لەگەڵ عەلەوییەکاندا هۆکاری بە هەڵەداچوونی نووسەرانی پێشوو نەبوو، بەڵکو یەکگرتنی خوڕەمدینان و سـەرۆکە شۆڕشگێڕەکانی عەلەوییـەکان و قبـوولّکردنی ئەندیشـەی ڕێفـۆرمـخـوازی سـەرۆکـەکـانـی عـەلەوییـەکـان لەبیـروبـاوەڕی ئەوان کـە لابردن و لەناوچوونـی زۆرێک بابەت، خـوو و ناو و کـەسـایەتییـەکانی لێ کـەوتـەوە، هۆکاری بوون بە یەکی خـوڕەمـدینان لـەگەڵ عەلەوییـە توندڕۆکاندا و گـۆڕانی یەکجـارەکیی ئەوان بـەشـێـوەیەکی گـشـتـی لە مـێـژوودا بـەجـۆرێک کـە ئەمـڕۆکـە نـاوێ لە خـوڕەمـدینانێک کـە بوونیـان هەبێ نییـە، ئەوەی کـە هەیە شـوێنکەوتوانی ئـەهلی حەقن و شوێنەکانی خۆیان کە مەڵبەندی لە مێژینەیان بووە و بە شایەتیی دیرۆک و دژواربوونـی شـوێنـی ژیانیـان بە کـەلتـوورێکی وەک خـۆی بـەشـداری بزاڤی عەلەوییـەکان بوون و هەوراز و نشێوی زۆریان لە هەر شـوێنێک ئاڵای دادخوازی لە بەرانبـەری حـاکـمـانی زۆردار و سـتـەمکار کـە لەناوبردنـی وڵات و سـەرکـوتکردنی عەلـەوییەکان لە مێشکیاندا بوویێت، بەدەوریدا کۆ دەبوونەوە و شـۆڕشیـان دەکرد. بەجۆرێک کە ئەبوموسلیم کورد خوراسان بەبیروباوەڕ لە سەرجەم ئاینە دادەنرێ و دەنووسن: (ڕەزامـییـە لە شـوێنکەوتـوانی ڕەزا من کـە ئیـمـامـەتیـان لە عـەلییـەوە بۆ ئیبراهیمی کوڕی گواستـەوە بەداخوازی ئەبوموسلیم.) دەڵێن ناوبراو لەم چاخەدا لە خـوراسـان دەرکەوتووە و ئـەبومـوسلیم لەسـەر بـاوەڕی وی بووە، بۆیـە ئەویان بە ئیـمـامـی خـۆیـان دانا و باوەڕیان بە خـزانـی ڕۆحی خـوا لـە لەشی ئەودا بووە و هـەروەهـا باوەڕیان بەوە بووە کە خوا پشـتی گرتـووە بۆ لەناوبردنی بەنی ئومەییـە و هـەروەهـا بـاوەڕیـان بـەدوونـاودوون بـووە. بابـەتـی دوایـی واتـا بـاوەڕ بـە دوونـاودوون لەلایەن دەسـتـەیەک لە نووسـەران دراوەتە پاڵ ئەبومـوسلیم؛ بەڵام لە ئەنجـامی ئەم

باوەڕە لەسەر بیر و ئاکاری ناڵێن [طبری، حلقەی سوم، ل ١٢٩، ابن الاثیر، ب ٥، ل ٣٨٣: ابن حزم، ب ١، ل ٧٧ اطبع قاهره ١٣٤٧] بڕوانە دەستنووس لە مێژوو و ئەحواڵی ئەبوموسلیم و پێوەندیی ئەو لەگەڵ سەنبادی مەجووسی] [جنبشهای دینی ایرانی در قرن دوم و سوم، ل ٢٥٢] خورەمدینان یەکەمین هەنگاویان بۆ یارمەتیدانی پاشماوەکانی ئەبوموسلیم هەڵێنا. هەروەک هاتووە: (... لە نێو خورەمدینان دەستەیەک ئەبوموسلیمیان بەئیمامی خۆیان داناوە و بەدەوریدا کۆ بوونەتەوە. لە ئەبوموسلیم سێ منداڵی لە پاش بەجێ مان، دوو کچ بە ناوەکانی فاتیمە و ئەسما و بە گوتەی نیزامولولک، کوڕێک بەناوی ئەبولغەرا (غەرا بە مانای مەیلی زۆر و هەڵپە). دوای مەرگی ئەبوموسلیم دووبەرەکی کەوتە نێوان شوێنکەوتوانی خورەمدینی ناوبراو، دەستەیەک باوەڕیان وابوو کە ئەو نەمردووە و قەت نامرێ تا سەر هەڵبێنێ و دونیا پڕ لە داد و یەکسانی بکات، بەڵام بەڕای دەستەیەکی تر مردووە و فاتیمە کچی، ئیمامە و بە فاتیمیە ناسران: ئەم دەستەیە دوای مەرگی فاتیمە، ئیمامەتیان دا بە نەوەکانی ئەو [نام ولد فاطمه در اخبار الطول، مطهر نووسراوە، ل ٣٩٧، و لە کتێبی البداء (ب ٤، ل ٣١) مێهدی و فیرووز (مهدی بن فیروز) و لە سیاسەتنامە ( ل ٢٤، دەقی ٢٩٨ وەرگێڕدراو) مێهدی و فیرووز (مهدی بن فیروز)، ابن اثیر، (ب٥، ل ١٩٠) دەڵێ: فاتیمە منداڵی نەبووە و ئەمە لەگەڵ ڕای چەند مێژوونووسێکی تر جیاوازیی هەیە].

بۆیە چاوەڕوان بوون تا پیاوێک لە نەسڵی فاتیمە دەرکەوێت و بەسەر وڵاتاندا زاڵ بێت و حکوومەت لە دەستی بەنی عەباس دەربهێنێ [کتاب البلاء، ب ٦، ل ٩٥، و ل ١١٥: مسعودی، ل ٦، ل ١٨٨ و التبیە و الاشراف، ل ٣٥٤] و مەزهەبی مەزدەک زیندوو بکاتەوە و شکۆ و گەورەیی بدات بەوان [فهرست ابن الندیم، ل ٣٤٤] [ جنبش های دینی ایرانی، ل٢٥٥] و دوای مەرگی ئەبوموسلیم بانگەشەکارانی بیر و هزری ناوبراو کە لە خورەمدینانی پێشوو بوون، خۆیان بە ڕێنوێنی منداڵی زانا، یان بە وتەی پیر شالیار هەورامی زانای سیمیار خەریک کرد و لە ڕووی سیاسی و مەزهەبییەوە خۆیان بە ڕێکخراوە کرد و لەم کارەش سوودیان لە ڕێنوێنیی عەولەوییە توندڕەوەکان وەرگرت. لەسەر خورەمدینانی دوایی کە ڕوویان کردە ئەبوموسلیم و بە قبووڵی ئیمامەتی ئەو بە ئەبوموسلیمیە ناسران: وتراوە، ئەبوموسلیمیە، شوێنکەوتوانی ئەبوموسلیم خوراسانی بوون و

باوەڕیان وا بوو کە ئەو نەمردووە و زیندووە و ئەنجامدانی هەرکارێکیان بە ڕەوا دەزانی و دەستیان لە هەموو فەرزەکانیان هەڵگرتبوو و تەنیا ئیمان و باوەڕیان بە ناسینی ئیمام دەزانی، زێدەڕەویی لەمەڕ ناوبراو گەیشتە جێگایەک کە وایاندەزانی ڕۆحی خوا خزاوەتە لەشیەوە و ئەویان لەجێ خوا دانا. ئەویان بەرزتر لە جبرەئیل و میکائیل و باقیی مەلائێکی ئاسمانی دەزانی و لایان وابوو کە ئەو کەسە کە بە دەستی مەنسوور کوژرا، شەیتان بووە کە خۆی لە ڕواڵەتی ئەبومسلیمدا دەرخستووە. وەک دیارە ئەبومسلیم پێش ئەوەی کە ڕوو لە ئیبراهیمی ئیمام بکات، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کیسانیە و مۆغیرییە کە دوو دەستەی غولاتی شیعە بوون، بووە و باوەڕی دووناودوون هەر لەو کاتەوە لەوانەوە کاریگەریی لەسەر بیر و باوەڕەکانی ئەو بووە و باوەڕی بەوە بووە کە ڕۆحەکان دوای جیا بوونەوە لە لەشەکانیان دەگوازرێنەوە، بۆ لەشەکانی تر، ئەگەریش ئەو لەشانە جیاواز بێ لە پێشووەکان. [«فرق الشیعە، ل ٧٥، المغنی فی ابواب التوحید و العدل، ب ٢، ل ١٧٨، المقالات و الفرق، ل ١٩٨».] خوڕەمدینان بە پاراستنی بنەما ئاینییەکانیان و وێکچوویی و هەمبەری ئاینی لەم جیابوونەوەیە ڕێبازی ئەبومسلیمیان پەسەند کرد و دوای ئەوە بەشداری سوپای ئەبومسلیم بوون لە کرماشان و حەڵوان و کوردستان [ب، جغرافیای تاریخی و تاریخ کرمانشاهان ب ٣، ل ١٢٠ـ١٢٢] و ئەبومسلیم بە فێڵ بانگێشتی بەغداد کراو کوژرا، بەبڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی ئەبومسلیم و ئاگاداربوونی شوێنکەوتوانی، ئەوان خۆیان لە کێو و قەڵاکانی دەوروبەر کە شوێنی سەرەکی زۆربەیان بوو، حەشار دا و پاشان کە جاویدان کوڕی شەهرەک شۆڕشی بوون بە تەڤلی ئەم جووڵانەوەیە. جاویدان کوڕی شەهرەک لە چیا بەزرەکانی ئازەربایجان جێی گرتبوو، دوای ئەوان خوڕەمدینان، بابەکیان وەکو سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد و بەم بۆنەوە بە «بابەکییە» ناسران. لێرەدا دوو پرس لە سەر بابەک و شەهرەک سەرنجڕاکێشن.

یەک لەو پرسانە ئەوەیە کە ئایا تایفەکانی شەهرەک لە هەمەدان و کرماشانات لە ویلایەتی کەلهوڕ و وەند پێوەندی و تێکەڵییەکی مێژووییان لەگەڵ شەهرەکی باوکی جاویدان هەیە و ئایا لە توێژینەوەی زمانەوانی و هۆی ناونانی تایفە ئاماژە بۆکراوەکان لە ئەنجامدا ناگەنە وابەستەیی و پێوەندی؟

پرسێکی تر ئەوەیە کە دەستەواژەی بابەک کە بەشێک لە زانایان و بیرمەندانی

یارسان، پێشگری دەستەواژەی (بابە) لە تەنیشتی ناوی مەزنانی یارسان دەزانن و پێیان وایە کە لەمەوە گیراوە و(ک) یەکەیشی وەکو (ک) خۆشەویستی (تحبیب) دادەنن و ئەم شیعرەی مەولانای بۆ دێننەوە.

کاف رحمت گفتمش تصغیر نیست

جد که گوید؛ بـابکم، تحقیر نیست

کە ناکرێت وتەیەکی بێ بنەما بێت و هەروەها هەمبەری کردنی ڕێوڕەسمی ئاینی خورەمدینان لەگەڵ یارسان لەوانە پێکهێنانی کۆمەڵ و قوربانیکردن و ماچکردنی دەست و ڕەیحانگرتن ـکە لە یارسانەوە گەیشتووەتە دەروێشەکانی خاکسار گەیشتووە ـ و... لە کاتی چوونە سەر حوکمی بابەک، ئەم نەریتە بەجێ هێنراوە. بەجۆرێک کە هێناویانە، ئەوەی کە دەستمان دەکەوێت ئەمەیە: دوعاگەلێکیان بۆ کوڕی فاتیمە بووە و هەرکات کۆمەڵێکیان پێک هێنابێت یان لەسەر شتێکی گرینگ ڕاوێژ و بەشدارییان بکردبایە یەکەم سەڵواتیان بۆ ئەبوموسلیم دەنارد و هەروەها بۆ کوڕی فاتیمە کچی ئەبوموسلیم کە بە منداڵی زانا بانگیان دەکرد و بە شەراب و شەربەت پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد. ئیبنی نەدیم لە زمانی واقد کوڕی عومەر و تەمیمیەوە دەڵێ: کاتێک شوێنکەوتوانی جاویدان بابەکیان وەکو جێگر دیاری کرد، ژنی جاویدان فەرمانی قوربانیکردنی مانگایەکی دا کە دەبێ پێستی بگرنەوە و بەڕاخستنی پێستەکەی لەسەر زەوی تەشتێک لێوانلێو لە شەراب لەسەری دابنێن و بە دانانی نانێک لە تەنیشتی دەفرەکە هەموو بەشداربووانی یەک بە یەک بانگ کرد و فەرمانی دا کە دوای کوتانی پێ لەسەر پێستەکە، لەتێک لە نانەکە بژەننە شەربەتەکەوە و دوای خواردنی بڵێن ئەی ڕەوانی بابەک! ئیمانمان بە تۆ هێنا، هەروەک چۆن ئیمانمان بە ڕەوانی جاویدان هێنابوو و لە ئاخردا سەردانەوێنن و ماچی دەستی بابەک بکەن. هەموو ئەمریان بەجێ هێنا تا کاتی ئامادەبوونی خواردن و لە کاتی خواردندا بە ئاشکرا لە تەنیشتی بابەک دانیشت سێ بە سێ شەرابیان خوارد و ئەمە لە ڕەسم و دابی ژیانی هاوبەشیانە. پاشان خەڵکی، خاکەساری و وەفاداری خۆیان پێ ڕاگەیاندن. [هەمان، ل ٢٥٧] دوای دەرکەوتنی موبارەکشای عەلەویی کوردی (شاخۆشین) و بەتایبەت لە سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجیدا

کە گۆڕانی تەواوی بەسەر سیستەمی سیاسی و مەزهەبیدا هێنا و پێکهاتەیەکی نوێی ساز دا، ڕێوڕەسمی ئاماژە پێکراو گۆڕدرا بە جەم و قوربانیکردنی گا بە جێ مانگا و لابردنی شەراب کە شێوازێکی وەکو نەریتی مەسیحییەکان، بە ڕەسمەکە دەدا و زیادکردنی شتگەلێکی تر، ڕەسمێکی نوێ ساز درا کە تا هەنووکەش بەردەوامە و خاڵی سەرنجڕاکێش کە دەکرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ تا ببێتە هۆی ڕووناکی لە بەردەمی توێژەرانی بیری هونەری و کەڵکوەرگرتن لە ئامێرەکانی مۆسیقا و هەماهەنگی لەگەڵ سروشت و ڕێزدانان بۆی و هەوڵدان بۆ فێربوونی مۆسیقای ڕەسەن کە زۆرێک لە توێژەرانی پێشینەی ئادابی یارسانی بە بنبەست گەیاندووە و تەنیا بە ئاماژە بەوەی کە شاخۆشینی موبارەکشای عەلەویی کوردی تەنبووری ژەنیوە لە بوون و دژەی ئەم ئامێرە موقەدەسە لە نێو یارساندا شتێکیان نەگوتووە و بە هیچ نەگەیشتوون، بەڵام هەروا کە دەزانین و لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئاماژەی پێ کراوە، ئەم شێوە واتا تەنبوور ژەندنە لە نێو خورەمدیناندا باو بووە، لەوانە والێد دەڵێ: بابەک لەگەڵ شێبل ئیبنەلئەزدی لە گوندی سەرا بووە و خەریکی ئاژەڵداری بووە و لە غولامەکانەوە فێری ژەنینی تەنبوور بووە...[پێشوو، ل ٢٨٨]

کەڵکوەرگرتن لە کات و شوێن (وەرزەکان و سروشت) و مەیل بە چێژ وەرگرتن لە بیستن لە کاتی پێویستدا. وەکو موقەدەسی دەڵێ لە تایبەتمەندیگەلی ئەم فیرقە بووە و لەلای بابەک لایەنێکی ئاینی هەبووە [کتاب البلاء و التاریخ، ب٤، ل ٣١، متن و ل ٢٩ ترجمە؛ اخبار الرسل، حلقە سوم، ل ١١٧٧ و ل ١٢٥ و ل ٢٢٦ و کتاب العبر، ب ٣، ل ل ٢٦٠]

مەیل بەبیستنی ساز و ئاواز لای ئەو، بەهێز بووە و بەپێی وتەی ئیبنونەدیم، خۆی ژەنینی تەنبوور فێر بووە و وا دیارە کە مەیل بە مۆسیقاش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فیرقە بووە. [هەمان، ل ٣١٨] ئەم تێبینییانەی دەرکەوتنی موبارەکشای عەولەوی کوردی (شاخۆشین) بەلابردنی ئەو شتانەی کە پێویست نەبوون و دەبوونە هۆی لەشپەروەری و سەرگەرمی و خەمساری و لادانی فیکری و بەلاڕێداچوون، ئاینەکە ڕێفۆرمی تێدا کراوە و ڕەهەندێکی قودسی و مەعنەویی سەرخۆشی و زیکری پەیدا کرد.

دروشمی خوڕەمدینانیش لە سەردەمی پێوەندییان بە عەلەوییەکانەوە گۆڕدرا کە لە بەشی داهاتوودا باس دەکرێت. جووڵانەوەی خوڕەمدینان لەڕووی بەردەوامی و زۆریی بەشداربوون و گرفتێنانەوە بۆ حاکمەکان و دارودەستەکانیان لە جووڵانەوەکانی سەردەمی خۆی گرینگتر بووە. چونکە کۆمەڵێکی زۆر لە هەرێم و شارەکانی ڕۆئاوا و ناوەند ڕوویان لەو دینە کرد و لە دەور و بەری هەمەدان لەشکرێکیان پێک هێنا.

موعتەسەم چەندین لەشکری کردە سەریان. [طبری، حلقه سوم، ل ١١٦٥] بەڵام کوژرانی بابەک لە ٢٢٣ ک.م خەسارێکی گەورەی لەمانەوە و هێزی ئەوان دا و ئەم فیرقە دوای ئەم کارەساتە [هەروەک کە ئاماژەی پێ کرا] بەیەکجارەکی لە نێو نەچوون و وەک پێشتر بینیمان، لانی کەم تا دوا ساڵەکانی سەدەی چوارەم لەسەر باوەڕەکانی خۆیان بوون [«اصطخری» المسالک و الممالک، ٢٠٣ ل، ابن حوقل، المالک و الممالک ٢٦٦: مسعودی، التنبیه و الاشراف، ل ٣٥٣، مقدسی، ب ٤، ل ٣٠ بشاری مقدس، ل ٣٩٨»].

بەڵام هێدی هێدی بەهۆی ئۆگریی ئاینی و زاڵبوونی ئیسلام، بوونە موسڵمان وردە وردە لە نێو موسڵماناندا توانەوە [یان لە هەورامان و لوڕستان و کوردستان ڕوویان لە عەلەوییەکان کرد] و تایبەتمەندیی خۆیان لەدەست دا و دەستەگەلێکیان ئاینی ئیسماعیلییەکانیان هەڵبژارد. ئەبوجەعفەر ئەحمەد کوڕی حسێن کوڕی سەعید ئەهوازی ناسراو بە دندان (کۆچی دوایی ٢٥٠ ک. م) [پیاوی ئاینی ئیسماعیلییە] کۆمەڵێک لە کوردەکانی شاخێ بەرز [بدین]ی کە خوڕەمدینی بوون بەرەو مەزهەبی خۆی راکێشا و بەبێ گومان پێشکەوتنی ڕێنوێنەنی قەرمەتییەکان لە ڕۆئاوا و باشووری ئێران تا ئاستێک بەهۆی لەباربوونی بواری کاری ئەوان بوو و ئەم بوارە لەلایەن ڕێنوێنی خوڕەمدینییەکان بۆ شوێنکەوتوانی قەرمەتی لەبار کرابوو. وتارەکەی نەفیسی (مهر، شماره ١٠ سال اول) ل ٧٥٣، [هەمان، ل ٣٢١] و ناوەندی سەرەکیی ئەوان بە گوتەی بەشاری موقەدەس کە کتێبی (احسن التقاسیم)ی پاش ساڵی ٣٧٧ ک. م نووسیوە لە بابەتی ئیقلیمی جەبال کە لە کێوە دژوارەکانی خوڕەمدینان بووە، ناو دەبات [هەمان، ل ٢٦٦] هەر بەم شێوە و ئاینە لە شاخە بەرزەکانی هەورامان، کوردستان و لوڕستان و... تا دەرکەوتنی موبارەکشای عەلەویی کوردی (شاخۆشین) مانەوە و زۆربەیان وەفاداری خۆیان بۆ

ئەو دەربڕی، ئەوانەش کە مـابوونەوە، هێدی هێدی لە قۆناغەکانی دواتردا ملکەچی بوون تا لە سەردەمی حەزرەتی سـوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، دواین پاشماوەکانی خوڕەمدینان و باقیی جووڵانە هاوشێوەکان، دوای شۆڕشی سەید مووسا عەلەوی بەرزنجی سەریان بۆ حەزرەتی سوڵتان دانەواند و وەرزێکی نوێیان لە مێژووی جووڵانەوەکانی عەلەوی، کوردی دەست پێ کرد کە لەم کتێبەدا لەسەری باس دەکرێت.

## بزووتنەوەی موبارەکشای عەلەویی کوردی (شاخۆشین)

حسێن کوڕی مەسعوودی کوردی ناسراو بە موبارەکشا و شاخۆشین، پێشڕەوی سەرهەڵدانی عەلەوییەکانە لە پێدەشتەکانی زاگرۆس لە هەمەدان و کوردستان و کرماشانات و لوڕستان و ئازەربایجان و خووزستان و... کە جیاواز لە حیکایەتگەلی ئەساتیری و مەزهەبی کە زۆر جاران لە دەفتەرەکاندا و کتێبگەلێکی زۆردا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام هێشتاکە رووپەکی ڕۆشن و شەفاف لە کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیی ناوبراو تا کاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراوە و چاپکراودا نیشان نەدراوە، چونکە هەروا کە دەزانین دەقگەلێکی چاپکراو لەسەر شۆڕشگێڕانی عەلەوی لە ڕۆئاوای ئێران، حیکایەتگەلی دەماودەم و سینە بە سینەیە کە بێجگە لە قووڵکردنەوەی سەرلێشێواوی، لێکۆڵەرانی مێژوو لە دۆزینەوەی بنەمای گونجاوی بیروباوەڕە تایبەتەکانی جووڵانەوەی عەلەوییەکان ڕێ ڤەکر نەبووە و نابێ و تەنیا بە مەبەستی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕواڵەت و تایبەتمەندییە ڕواڵەتی و گشتییەکانیان هەروەکو خەزێنەیەکی سەربەستە لە دەستڕەسدایە و تەنیا بۆ ئاشنایەتیی شوێنکەوتوان لە چۆنیەتیی شێوەی پێشین بەکار دێت، ناسینی بیر و ئەندیشە و کەسایەت ئەم پێشڕەو و خۆڕاگرانە لە نێو گۆشە تاریکەکانی مێژووی ئێران نادیار ماوەتەوە کە تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، ڕێڕەوانی ئەم ڕێبازە پێی نەگەیشتوون و بە هیوای ئەوەی کە ئەم هەوڵە ڕۆشنگەرە لە ناسینی پێشینەی مێژوویی و سیمای گونجاو و نووسراوی فیداییەکانی عەلەوی بە کەڵک بێ، بۆ توێژەران لە داهاتوودا.

بۆ زۆرتر ناسینی جووڵانەوە و کەسایەتیی موبارەکشای عەلەویی کوردی (٣٢٠ـ٤١٠ ک م) پێویستە تیشک بخەینە سەر دۆخی مێژوویی، سیاسی و مەزهەبیی پێش ناوبراو، هەروا کە وترا [ئەگەر بالوولی ماهی و سەرسەختییە کەم هاوتاکەی] یەکەمین کەسایەتیی مێژووییە کە وەک مەلیکی دیاریکراو بۆ خولێک و

حاکمی سیاسی و مەزهەبی لەسەر بنەمای ئەندیشەی عەلەوییە شۆڕشگێڕەکان، بوو بەسەرۆک و موقتەدا و ڕێفۆرم و گۆڕانی لە ئایینی خوڕەمدینان، بەدی هێنا و بەرەیدا عەلەوییە توندڕەوەکانی لە بەرانبەری جوولانەوەی عەباسییاندا لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسدا پێک هێنا. هەروەها ئەو بوو کە دروشمی سپی پۆشیی کە ئێستاکەش لە نێو پەیڕەوانی یارساندا باوە لە بەرانبەر ڕەش پۆشیی عەبباسی وەکو ئاڵایەکی بزووتنەوەکەی دانا.

دەفتەرەکان، شوێنی لەدایکبوونی ئەویان بە لوڕستان زانیوە و وتراوە کە لە کچێک لەدایک بووە؛ بەڵام چۆن ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت دەبەستێ لەسەر بەڵگە مێژوویییەکانە لەباسکردن و شرۆڤەیکەماندا چاو لە ناوەڕۆکی بیروباوەڕەکان دەپۆشین. ڕێز بۆ ئەم باوەڕانە دائەنێین و ئەوەی کە لە بەڵگە باوەڕپێکراوەکانی مێژووەوە لەسەری نووسراوە، دەهێنین. ناوی باوکی، مەسعوود بووە و نازناوی نەسەبی کوردی بەشێوەیەکی بەردەوام و بەداکۆکیکردنی لەسەر ناوی عەلەوی نێو براوە. خاوەنی مێژووی هەورامان شوێنی لە دایکبوونی دیاری کردووە و ئەوی وەکو کەسێکی نزیک بە پیر شالیار داناوە و داکۆکیی لەسەر عەلەویبوونی کردووە، بەناوی سەید محەمەد ناوی هێناوە.

نیو سەدە پێش دەرکەوتنی موبارەکشا لە کوردستاندا، تایفەی ئەبودۆلف عەجلی، سەدەیەک (١٨٥ـ ٢٨٥ ک.م) حوکمیان لەسەر بەشێکی زۆر لە سەرزەمینی شاخاوی، ویلایەتی پەهلە و عێراقی عەجەم بووە. ناوەندی سەرەکیی حکوومەتی ئەوانیان بە کەرەج ناو بردووە کە بەکەرەج ئەبوودۆلف ناسێندراوە کە «کەرە»ش نووسراوە، ئەم دەڤەرە بە ڕەوایەتێک بە کەرەجی دینوەر یان کەرەی سەلاس و هەروەها کەرەجی نزیکی ئەراک و نەهاوەند نووسراوە کە بە هۆی زۆربوونی شوێنەوار و بیناگەلی مێژوویی دوور نییە کە هەر کام لەمانە بن. ئەم بنەماڵەیە ئەگەرچی لە لایەنی خەلیفەکانەوە دیاری کرابوون، بەڵام بە هۆی کاریگەریی کەلتوور و ئەدەب و سروشتی دەڤەری حوکمڕانییان، ئۆگرایەتییان بەرەولای کەلتوور و داو و نەریتی ئێرانی بوو. بەشێک لە مێژوونووسانی کۆن و تۆژەرانی سەردەم، قەڵەمڕەوی حکوومەتی ئەوانیان بە کوردستانی ئیمڕۆ زانیوە، بەجۆرێک وەکو حاکمانی بەنی دوڵفی کوردستان ناویان هێناوە و بەشێوەیەکی سروشتی دەسەڵاتی جوولانەوەی شاخۆشین لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بووە. کۆمەڵێک لە

کوردەکان لەگەڵ حاکمانی بەنی دوڵف پێوەندیگەلێکیان هەبووە و وێ دەچێ بەشێک لە سەربازانی لەشکری بەنی دولفیان پێک هێناوە. (فرمانروایان گمنام، ل ۱۰۳)

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ماڵباتە، گرینگیدان بە عەلەوییەکان و پیاوە ئاینییەکانیان بووە. لەوانە ئەمیر ئەحمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی ئەبی دوڵفەی عەجلی (٢٦٥ـ٢٨٠ ک. م) کە لە پشتیوانانی ئەم جووڵانەوەیە دەهاتە ئەژمار و ڕێزێکی زۆری بۆ ساداتی شیعە و ئیمام زادەکان دادەنا، بەجۆرێک کە لەسەر بانگەشەکردنی محەمەد دندان (ئیسماعیلی) نووسراوە کە... لە هەر کوێ کە ویلایەتی شیعەکانی ئووسوڵی بوو، ئۆقرەی نەدەگرت، چونکە دەیزانی کە بانگەوازی ئەو لەگەڵ دوو دەستەی حەنەفی و شیعەی ئوسووڵی نابێتە هۆی تێکهەڵچوونیان، کاتێک گەیشتە هەرێمی نەهاوەند و کەرە و گەرپایگان پەی بە نەزانی و بێ ئاگایی و کەم باوەڕی موشەبەهیان (ئەهلی لێکچواندن) لەوێ برد. لەوێ مایەوە و نیشتەجێ بوو. ئەو لە گوندێکی نزیکی نەهاوەند هاتبوو و لە خزمەتی ئەمیر ئەحمەد کوڕی عەبدولعەزیزدا بووە... (النقص علی بعض فضائح الروافض) (فرمانروایان گمنام، ل ٨٢)

لە سەردەمی ئەو و پاش ئەو سەردەمە بوون بە یاوەریی جێگرەکان و نزاکارانی عەلەوی بۆ بانگەواز و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی. ئەمیر ئەحمەد لەگەڵ سەرکردەکانی ئیسماعیلی دیداری هەبووە و محەمەد دندان هەموو هەوڵی خۆی بۆ بانگەواز بوو، بەتایبەت کە ئەندیشەی (موشەبەهیان) لەم بوارە باو بووە و دانیشتووانی پێدەشتەکانی زاگرۆس بە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم فەلسەفەیە تەقلی نزاکارانی عەلەوی دەبوون و لەمپەرێکی فیکری و مەزهەبی و سیاسی لە بەرانبەر خەلافەتی عەباسی پێک دەهات و زۆربەی باوەڕهێنراوان بەم بزاڤە لە ڕۆژئاوای ئێران، کوردان بوون. مەرداویج زیاری بەو هێرشە خوێناوییانەی کە کردیە سەر ڕۆژئاوای ئێران هەمەدان و کەرەجی [= کرە] لە ساڵی ٣١٩ ک. م، داگیر کرد و دواتر عیمادودەولە عەلی بوویە (٣٢٠ ـ ٣٣٨ ک م) کە لە سەرەتادا لە سەردارانی مەرداویج بوو لە کاتێکی زۆر کەمدا هەستی کرد بە دۆخی گرینگی سیاسی شاری کەرەج کە کێوەکانی دەوروبەری لە ژێر دەسەڵاتی خورەمدینان و باقیی دەستە سیاسییەکانی شیعی و زەردەشتی بوو، تەنانەت بە هاوکاریی ئەوان توانیی

دەسەڵاتێکی زۆر بە دەست بهێنێ و هەموو ئەو دەڤەرانە بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی [the cagmbrid, e History of IRAN '4 pp.2545] فرمانروایان گمنام، ل١١٤].

ئەگەرچی پاش کوژرانی مەرداویج (٣٢٣ ک. م) لە کۆشکی حاکمانی بەنی دولف لە ئیسفەهاندا، تا سەردەمانێک، شاری کەرەج کەوتە دەستی کوردانی (حەسەنوویە) [مجمل التواریخ و القصص، ل ٣٩٦]؛ بەلام دلفراوانی، هێز و جوامێریی سەردارانی بوویە بووە هۆی یەکگرتنیان لەگەڵ حاکمانی کورد کە هەرێمەکانی لورستان، کوردستان و کرماشانات و پێدەشتەکانی هەمەدان و ئازەربایجان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. سەیری: [جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، ب ٣، ل ١٤٤ـ١٧٣] تا خۆیان بخەنە پاڵی سەردارانی ئالی بوویە. لەم سەردەمەدا بەتێکشکانی هێزی خەلیفە لە بەغدا و جێگیربوونی هێزی سیاسی، لەشکری و مەزهەبیی ئالی بوویە لە پایتەختی خەلافەتی عەباسی و ئازادیی باوەڕ و ڕادەربڕین و باوەڕە هزری و فەلسەفییەکان، ژیان و بانگەوازی نزاکارانی عەلەوی ئاشکرا بوو و ئالی بوویە کە خۆیان سەر بە مەزهەبی شیعەی زەیدی بوون بە هاندانی باوەڕمەندانی ئەم مەکتەبە لەگەڵ هەر ئەندیشەیەکی ئوسوولی و تەنیا بەپەسندکردنی بنەماکانی سەرچاوەی عەلەوی، خۆیان خەریک کرد، خانەدانی بوویە (ل ٤٤، ـ ٣٢٤ ک.م/ ١٠٥٥ـ٩٣٢)، هەرێمەکانی ڕۆئاوای ئێرانیان تا بەغداد داگیر کرد (٣٦٦ ک. م) باوەڕە دینییە سەرکوتکراوەکانی پێشوو وەکو خورەمدینان و مانەوییەکان، مەزدەکیان و زەردەشتییەکان لەم چەرخەدا توانییان زات و ورەی خۆ دەرخستنیان بەدەست بێنن، بەجۆرێک مانەوییەکان کە ناوەندی سەرەکییان عێراق بوو و بەهۆی ئەو گوشارانەی کە لە سەدەکانی پێشوو لە سەریان بوو، ژیانێکی نهێنییان دەبردە سەر و بڵاو بوونەوە، لەم چەرخەدا بەتایبەت سەردەمی موعێزودەوڵەی بوەیهی (٣٣٤ ک. م) وەکو تری دینەکان ئازادییەکی زۆرتریان بە دەست هێنا. بەجۆرێک کە ئیبنی نەدیم؛ تەنیا لە بەغداد سێسەد کەسیانی دەناسی، کە دوای لاواز و گۆشەگیربوونی بووئیان، دووبارە گوشار و سەرکوتکردنی باوەڕی لە سەریان دەستی پێ کرد و ئازاردانیان بەخەستی بەرێوە دەچوو و ئیبنی نەدیم لە کاتی نووسینی کتێبەکەیدا (بەر لە ساڵی ٣٧٧ کە ساڵی کۆچی دواییە] دەڵێ: (ئا پینج کەس لە ئەو مانەوییانە ناناسیتەوە و بەوتەی ئەو بە (ئاجاری) ناویان دەر کردووە) [جنبشهای دینی

ایرانی، ل ١٣٨]

لەم سەردەمەدا واتا لەو کاتەی کە دەسەلاتی سیاسی و لەشکریی ئال بوویە لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بوو و هاتنی خانەدانی عەلەوییە بۆ رۆئاوای ئێران دەستی پێ کرد و خانەدانی حەسەنوویەی کورد، کوردستان و لوڕستان بوروجێرد و شووشتەر و پێدەشتەکانی هەمەدان و زەنجان و ئازەربایجان و شارەزوور و هەورامان کە تا ئەو کات لە ژێر دەسەلات و بانگەوازی عەلەوییە توندڕەوەکاندا بوون، «یارسان» هێنایانیانە ژێر ڕکێفی خۆیان و حکوومەتی سیاسی و مەزهەبیی خۆیان بەشێوەیەکی کاتی تا سەرهەڵدانی سەفەوییەکان لە هەرێمگەلێکی تایبەتی ئەم دەڤەرە بەرپا کرد.

بەسەرنجدان بەو دۆخە کولتووری و کۆمەلایەتییە کە لە بەغدادا حاکم بووە و بەپێی وتەی سیووتی لە تاریخ الخلفاء وێ دەچێ شاخۆشین بانگەوازی خۆی لە بەغدادەوە دەست پێ کردبێ، چونکە بە پێی وتەی سیووتی لاوێکی عەلەوی لەساڵی ٣٤١ ک. م، لە بەغداد بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕۆحی عەلی (د.خ) گوازراوەتەوە بۆ لەشی و هەروەها ژنەکەشی بانگەشەی گوازرانەوەی ڕۆحی فاتیمەی کرد بۆ لەشی و کەسێکی تر خۆی بە ناوی جیبرەئیلەوە ناساند [تاریخ الخلفاء، ل ٢٦٥] [تشیع و تصوف، ل ٣٠٨] بەڕاستکردنەوەی وشەی هاوسەر بە دایک، ئەم وتەیە لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر شاخۆشین وتراوە دەقاودەق وەک یەکن؛ بەلام بەهۆی ئەوەی کە ئەم شتانە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی سیووتی یەکیان نەگرتووە، لەسەر چۆنییەتی ئەوە باسی نەکردووە، بەهەرحاڵ ئەوەی وا لەئەنجامدا پێ دەگەین، جوولانەوەی موبارەکشا بەپشتیوانیی حاکمانی (بوویە) پەرەی ستاندووە و ڕێبازی خۆی بەردەوام کردووە. موبارەکشا خوێندنی خۆی لە بەغدا تەواو کردووە و دوور نییە بەهۆی پێوەندی توندوتۆڵی هزری و مەزهەبی و سیاسیی دوو دەڤەری هەورامان و لوڕستان و تەنانەت ئەو شوێنەی کە ئێستا بە بەختیاری ناسراوە لە سەردەمی حکوومەتی حەسەنوویە کە حکوومەتی لوڕستان لە دەستی بن ئامۆزاکانی حەسەنوویە واتا بنەماڵەی برسق (٣٤١ـ٥٧٠ ک م) بووە، دەڤەرەکانی ژێر دەسەلاتی ئەم ماڵباتەیان، یان یەکسەر بە لوڕستان نووسیوە یان زۆرێک لە نووسەرانی کتێبەکانی یارسان، وەکو ناوی شوێن و کەسایەتی، لەم بابەتەش بەئەنقەست هەڵەیان نووسیبێت و زێد و شوێنی گەورەبوونی شاخۆشین کە بەپێی

وتەی خاوەنی مێژووی هەورامان ــ [بەیازی خەتی، بەشی سێ، ل ١٠] هەرێمی بانگەوازی و ڕێنوێنی پیرشالیار واتا هەورامانی ئیمڕۆژییە کە بەپێچەوانەوە لوڕستان نووسراوە. هەرچۆنێک بێت هەردوو هەرێم لە سەردەمی شاخۆشین لە بازنەی هزری و مەزهەبیی ئەودا بووە.

لە زنجیرە وتارەکانی باباتاهیرنامە، شتگەلێک لەسەر موبارەکشای عەلەوی نووسراوە کە بەکەڵکن، هەرچەندە کە ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شاخۆشین لەم وتارانەدا بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە وترا لەم نووسینەدا دەبێ سەرلەنوێ توێژینەوەی لەسەر بکرێت و ئەم باسەش کە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە مەزهەر(دوون)ی خوایە، بەپێی وتەی سیووتی و ئەوەی کە لە خشتەی ماوەیی یارساندا هاتووە، ئەو وتارانە پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە و هەروەها لەسەر ماماجەلالە کچی میرزا ئەمانوڵڵا، نیشانەکانی دایکی سوڵتان هاتووە، لە حاڵێکدا لە سەردەمی شاخۆشین جافەکانیان بە ناوی جاوانی دەناسی و باسی کچی سەرۆکی عەشیرەتی کوردی جاف، پێوەندی بە سوڵتان ئیسحاقەوە هەیە، نە شاخۆشین.

لە کۆمەڵە وتاری ئاماژە بۆکراو لەسەر شاخۆشین هاتووە: (ئەو شتانەی کە پێوەندی بە شاخۆشینەوە هەیە و لە ڕەوایەتەکانی یارساندا هاتووە، کەم تا زۆر تێکەڵاوی ئەفسانەیە. بەپێی (نامەی سەرئەنجام) ناوی ئەو موبارەکشا لوڕستانییە کە ٣٦٦ ساڵ دوای حەزرەتی عەلی لە کچێک بە ناوی (ماما جەلالە) کچی سەرۆکی عەشیرەتی کوردی (جاف) لە ناوچەی شیروانیە (کەرتی ڕاستی ڕووباری دیالە (سیروانیە) لەدایک بووە و گێڕەوە یان نووسەرانی دەقەکە بە گشتی شەهادەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیبیان بە ساڵی ٤٠ ک. م داناوە و بەزیاد کردنی ٣٦٦ ساڵی لە دایکبوونی ئەو دەبێتەوە ٤٠٦ ک. م، کە ئەم ڕێکەوتە بەهۆکارگەلێک کە ئێستا باس ناکرێت بە دڵنیاییەوە ڕاست نییە و لە ڕاستیدا ساڵی لە دایکبوونی شاخۆشین (موبارەکشای لوڕستانی) یە، کە بەدڵنیاییەوە ئەمیر حسێن کوڕی مەسعوود سیروانی گۆرانییە [لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤٠٥ ک. م، هاتووە] هەر ساڵی ٣٦٦ ک م، یان دەکرێت ساڵی ٣٧٦ بێ: دەڵێن شاخۆشین لە تەمەنی ٦١ ساڵان لە کاتی مەلەکردن لە ڕووباری «گاو ماسیاو» نزیکی هەرسینی کرماشان خنکاوە، کەوا بوو دەتوانین ساڵی کۆچی دوایی ناوبراو ٤٢١ ک. م

دابنێین. شاخۆشین (مەسعود/ موبارەک) سیمەری / سیروانی خولی منداڵیی خۆی لە لوڕستان بەسەر بردووە. پاشان ڕووی لە هەمەدان کردووە و قۆناغی خوێندنی لەوێ تێ پەڕاندووە و دوای ماوەیەک کە گەڕایەوە زێدی خۆی، لە تەمەنی ٣٢ساڵیدا ناوی مەزهەروڵڵای لە خۆی ناوە. کۆمەڵێکی زۆر لە دەوریدا کۆبوونەوە و ئاینی یارسانی لە بەشێکی لوڕستاندا پەرە پێ دا، ڕەوایەتگەلێک باس لەوە دەکەن کە کارەکانی شاخۆشین لە لورستان و هەمەدان نووسراوە و لەوانە هاتنی ئەو لەگەڵ یاران و شوێنکەوتوانی (نۆ سەدە) خۆی بۆ هەمەدان و پێشوازیی مەزنان لەو و دیداری لەگەڵ باباتاهیر هەمەدانی لە خانەقاکەیدا لە دەرەوەی شار (ڕەنگە بوقعەی خزری ئێستا؟)، خانەخۆیی «فاتیمە لوڕە» بیری/ باراشاهی (گۆرانی) هاوسەری باباتاهیر لەو بە چارەکێک برنجی لێ نراو زۆرتر لەمانەش کە مینۆرسکی لە بەشی ئاخری ژیاننامەی باباتاهیر ئاماژەی پێیان کردووە و گوتوویە کە ئەفسانەی دیداری (شاجەهان) «باباخۆشین» و شاخۆشین لەگەڵ باباتاهیر لە هەمەداندا دەبێ لە بیرەوەری دیداری تۆغرۆلی سەلجووقی و باباتاهیر (بەپێی گێڕانەوەی ڕاوەندی) گیراوە [هەروا کە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرا، دوور نییە باقیی نووسراوەکانیش هەر بەم شێوەیە تێکەڵاو کراوە و گۆڕدراوە و کەسایەتییەکان گۆڕدراون و ڕەنگە شێوەی گێڕەرەوەکان ئاوەها بووە کە قەت ڕاستییەکان تەنانەت بابەتە بەڵگەمەندەکانیان بەهۆی ڕێکخستنی نهێنی - سیاسی و مەزهەبییەوە نەهێناوە و جێی سەرسوڕمانە کە ڕۆهەڵاتناسانیش و هەروەها توێژەرانیش پەرەیان بەمە داوە؟!!]

بەهەرحاڵ سەردەمی سۆفییانەی شا (بابا شاخۆشین) هاوکاتە لەگەڵ پلەی «مەعریفەت» لە ڕوانگەی (ئەهلی حەق)، کە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەیانە (لە لوڕستان و هەمەدان) لە کتێبێک بە ناوی «سەردەمی شاخۆشین» نووسیوە کە بەشێک لە دووبەیتییەکانی خودی شاخۆشین و یارانی بە زاراوەی گۆرانی دەگرێتەوە خۆی، کە نزیکی شێوەزاری شیعرەکانی باباتاهیرە. لەوانە کە شاخۆشین لەسەر کەلاوەی قەڵای کەنگاوەر (پەرستگەی ئاناهیتا) داخ و کەسەری خۆی دەردەبڕێت کە وێ دەچێ نیشاندەری جۆرێک لە پێوەندی دنیایی یان دینیی ئەوە لەگەڵ ئەوێ [سەیری بۆ وتاری مینۆرسکی بە ناوی «فیرقەی یارسان» لە TWENTY Articles by V. Mihorsky. IRAN JCA. 1964. pp. ٣٠٦-, ٣١٦] کۆمەڵە

هۆنراوه و نووسـراوەکانی یارسـان ئیوانۆف، تاران ١٣٣٨، ل ٣٦ـ٤٢/ شـانامـەی حـەقیـقـەت، جـەیحـوون ئـابادی، تاران ,١٣٤٤ پێشـەکیی مـوکری لە سـەردەمی هەفـتـەوانە (سـەرەنجـام) سـەخـیـزادە، تاران ١٣٦١، لە ٣٥/ مـەزنانی یارسـان، سـەخـیـزادە، تاران ١٣٦١، ل ٢٧ـ٤٢/ دەفـتـەری سـەرەنجـامی یـارسـان و باباهـەمـەدانـی، دانشـپـەژووهـ، ڕێنمـای کـتـێب، سـاڵی ,١٨ ژ ١٠ـ١٢، بەفـرانبـار، ڕەشەمەی ١٣٥٤، ل ٩٤١ـ ٩٤٨ (باباتاهیر نامە، ل ١٤٩)]. بەو جۆرە کە نووسراوە خاوەنی مێژووی هەورامان شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوی بە هەورامان داناوە.

حسێن کوڕی مەسعوود عەلەویی کوردی، لە هاتنەوەی بۆ ناوچە، هەورامانی وەکو ناوەندی بانگەوازی خۆی دیار کردووە و چۆن لە بانگەوازەکەی (پیر شالیاری هەورامی)دا و بە وتەی خاوەنی مێژووی هەورامان، خەلیفەی زانا و باوەڕمەندی، بابەک بووە، سەرکەوت و زۆرێک لە خوڕەمدینان، شوێنی کەوتن و بەو جۆرەی کە ئاماژە کرا لە داو و نەریت و ئەحکامی خوڕەمدینان ڕێفۆرمگەلێکی ئەنجام دا و ڕوویەکی ئیسلامیی پێیان دا، لەوانە کۆمەڵێکی گەورە و بەهێز کە لە کوردستان و کرماشانات و لوڕستان لە دەوری کۆ بوونەوە و باوەڕیان پێ هێنا، گۆرانەکان، قەڵانشینانی شەڕکەر و بەهێزی کورد بوون و هەن، کە لە هاوسەنگیی هێز لە سەردەمی بوویە کاریگەریی بەرچاویان بووە و لە ڕاستیدا باڵێکی بەهێزی سیاسی و لەشکری بوون لە هەرێمەکەدا و بنەماڵەی حەسەنوویەی کورد لە تیرەی کوردانی بەرزیکانی کە هەر ئەو کوردە بەرزەنگی یا بەرزەنگییەکانی وڵاتی فارسە بوون کە وەکو ساسانییەکان، هەرێمەکانی ڕۆئاوای ئێران لەڕێی کۆچی هەسۆیی و میان بەندی خۆیان بۆ ناوەندی حکوومەت دیاری کرد و پاشان لە بەرزنجە تەڤلی شۆڕشی سەید مووسا بەرزنجی بوون کە باسی دەکەین، ئەمان ئیمارەتی کوردستان، بە پایەختی دینەوەرە، لوڕستان بە پایەختیی شاپوورخواست واتە خوڕەمئابادی ئێستا و جەبال بە پایەختیی هەمەدان لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو. [بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شوێن، پێشینە، سیستەمی سیاسی سوننەتی گۆرانەکان، بڕوانە: ئەیالات و تایفەکانی کرماشانات، ب ٢/١، ل ٣١٧ بەدواوە] لەو سەردەمەدا حسێن کوڕی مەسعوود عەلەویی کوردی لە هەوراماندا سەربەخۆ بوو و چونکە لە لایەن حکوومەت و بەرفراوانبوونی لایەنگرانی هەلی بۆ لەناوچوونی حەسەنوویە ڕەخساند.

لەمەڕ ناوەندی حکوومەتی شاخۆشین (حسێن کوڕی مەسعوودی عەلەویی کوردی) لە سەفەرنامەی ئەبودوڵف مەسعوود کوڕی مەهلهەل یەنبوعیی خەزرەجی ئاماژەی بەکۆمەڵێک خاڵ کردووە و شوێنەکەی بە بەشێک لە شارەزوور داناوە، هەروەها ئاماژە بە نموونەگەلێک دەکا کە لە دەفتەر و کەلامەکانی (یاری)ی سەردەمی سوڵتان ئیسحاقدا، تۆمار کراون، ناوبراو دەنووسێ: لە نێوان دوو شاردا «نیم از ڕای و پیر» [لە دەوروبەری شارەزوور] شارێکی بچووک بەناوی دژدان هەیە، [مەبەست نەوسوودە] بیناکانی بە شێوازی بینای ((شیز))، [بیر]ن و لە نێویدا (دەرپاچەیەک کە بەرەو دەرەوەی شار دەڕوات و دیوارەکەی ئەوەندە ئەستوورە کە ئاژەڵ بەسەریدا هاتوچو دەکەن، نابێ کورد و سەردار و ڕەعییەتەکان بچنە ئەوێ ناچن، چەندین جار سەرۆکی ئەوێم کە بە ناوی ئەمیر بانگی دەکەن دیوە، چەندین جار دیومە کە لەسەر بورجێکی بڵند لەسەر دەروازەی شار دانیشتووە، ئەوانەی کە لەوێ بوون دەیانتوانی تا مەودایەکی چەند فەرسەخی ببینن. ئەمیر شمشێرێکی لەدەستدا بوو بە بیبینی هەر سوارێک لە دوورەوە شمشێرە درەوشاوەکەی ڕادەوەشاند و دەسبەجێ ڕەعییەتەکان و مەڕوماڵاتەکەیان کە لە دەشتدا بوون بە ترسەوە کۆ دەبوونەوە و ڕوویان لە شار دەکرد، لە دژداندا مزگەوتی هەینی هەیە. کە نوێژی هەینی تێدا دەکرێ ئەوێ شاری پیرۆزی (مەنسوورە) یە کە دەڵێن داوود و سلێمان بۆ سەرکەوتوویی شار و خەڵکەکەی نزایان دەکرد، هەروەها وتراوە کە شوێنی تالووت بووە و بەنی ئیسرایل لەو شارەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بەجۆرێک کە جالووت لەلای ڕۆهەڵات و داوود لەلایەنی ڕۆئاواوە بەڕێ کەوتوون و خوا، داوودی بەسەر جالووتدا سەرخست. بابەتی دوایی بەپێ دەفتەرەکانی یاری، دراوەتەپاڵ بە سوڵتان محەمەدی گەورە سوار و داوود کەبودسواری خوراسانی. ئەبودۆلف ئاماژە بە بەشیعەبوونی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکات و هەروەها دانیشتوانی قەڵای پیر کە بۆچوونی مینۆرسکی، بنکەی شاخۆشین بووە و بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕواڵەتی شەرعەوە لەلایەن دراوسێیەکانیانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان ئاماژە دەکات و دەنووسێ...(لە شارەزوور، شارێکی تر هەیە کە خەڵکی دەیلەم لەوان ئازاتر و بزورترن. ئەم شارە «بیر» «پیری» ناوە و خەڵکەکەی شیعەی ساڵحی زەیدین کە لەسەر دەستی زەید کوڕی عەلی: پیر، شوێنی خەڵکێکی توندڕەوە، خەڵکی (نیم ئەزرای) جارێک هێرشیان کردووەتە سەریان و لە

ڕووی ڕکەی داکۆکیکردن لە شەریعەت ئەوانیان کوشت. دوایی، ئاگریان دا و ماڵ و سامانەکەیان بە تالان بردن، ئەم ڕووداوە لە ساڵی [٣٤١ ک. م ڕووی دا] [سفرنامە ابودلف، ل ٥٦ ـ ٥٧] کە ئەم ڕێکەوتە هاوکاتە لەگەڵ بانگەشەی لاوی عەلەوی لە بەغدا کە لەلایەن سیووتی باس کراوە و وا دەردەکەوێ کە بەهۆی ڕاگەیاندنی هاوپەیمان، دانیشتوانی پیر لەگەڵ حسێن کوڕی مەسعوود تووشیاری هێرشی دراوسێکان هاتبێتن.

مینۆرسکی کە لەسەر کتێبی ئەبودولَف پەڕاوێزی نووسیوە و لەلایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا موجتەبا مینوویی وەرگێڕاوە، لە پەڕاوێزی خۆیدا لەسەر نووسینەکەی ئەبودولَف دەنووسێ: ئەم (بیر)ە (لە کتێبی یاقووت، ب ١، ل ٧٨٤ ڕاست نووسراوە؛ بەڵام لە، ب ٢، ل ٣٤٥٠ بە هەڵە شیز نووسراوە) دانیشتوانی شیعەی زەیدین. ئەم ناوە دەبێ بە «پیر» (پێشەوای ئەوان کە لە عەرەبیدا شێخی پێ دەڵێن) ڕاست بکرێتەوە، لەلایەن باشووری ڕۆهەڵاتەوە (شارەزوور) بارەگایەکی پیرۆز بەناوی «کۆسەی هەجیج» هەیە کە یەکێک لە ناوەندەکانی سەر بەگرووپی توندڕەوی یارسانە (سەیری «دایره المعارف اسلامی» بکە، [مینۆرسکی هەڵەی کردووە، گوندی کۆسەی هەجیج قسنێکی هەر بەم ناوە لێیە و دانیشتوانی سەر بە مەزهەبی شافیعین کە داو و نەریتی تایبەت، جلوبەرگی تایبەت و ئابووریی تایبەتی خۆیان هەیە]. ئەم شوێنە لەلای باکوری ملەیەکەوەیە کە ڕووباری سیروان (دیاله) لەوێ لە کێویکەوە دێتە دەرێ، وێ دەچێ کە (کوسج) سەنگەرێک بووبێت. لە ساڵی ٤٠٥ ک. م. ١٠١٤ زاینی «حەسەنوویەبەدر» لە کاتی گەمارۆی دژی «کووشد» یان «کووشخد» کە هیی حسێن کوڕی مەسعوودیان «خەشین کوڕی ماسوود» بووە، کوژراوە (مینورسکی، گوران، ل ٨٢ ـ, ٨٣.. [سفرنامە ابودلف، ل ١١٧]

گوایە بۆ یەکەمین جار مینۆرسکی بە ورد بوونەوە لە (مجمل التواریخ و القصص)دا، کەسایەتیی موبارەکشای عەلەوی لە مێژووی نووسراودا دۆزیوەتەوە کە بەمەبەستی ئاگاداری و کەڵکوەرگرتن لە دەقەکە بەشێکی (مجمل التواریخ و القصص) کە هەموو ڕووداوەکانی تێدایە، دەهێنین کە نووسراوە: (فەخرودەولە لە پاش براکەی مۆئەیێدودەولە بۆ ماوەی چواردە ساڵ حوکمڕانیی کرد و لەپاش ئەو شاهەنشا مەجدودەولە ئەبوتالیب ڕۆستەم کوڕی فەخرودەولە هاتووەتە سەر حوکم و کچی مەحموود سەبوکتەکینی مارە کردووە. سەیزادە ئۆمولولووک ڕاوێژکاری

ناوبراو بوو و شـەمسـودەولە شـا خوسـرەویان نارد بۆ هەمەدان بۆ حـوکمڕانی و عەینودەولە ئەبومەنسوور بوویەیان ڕەوانەی ئیسفەهان کرد. ئەگەرچی عەینۆدەولە بە تەمەنتر بوو لە شـەمسودەولە؛ بەڵام سۆزی شـاهەنشـا بۆ شـەمسـودەولە زۆرتر بوو. ئەبوئیسـحاق موعێزودەولە لە میسـردا کۆچی دوایی کرد. دوای ئەوەی کە لەوێ هـاتەدەر بۆ ئازەربایجـان و ئەرمــەنسـتـان و دەیلەمــان، بۆ لای قــابووس وەشـمگیر، ڕۆیشت بۆ ڕەی و دووبارە ڕووی کـردە خوراسـان بۆ لای مـەحـمـوود و دوایی بـەرەو کـرمـان و پاشـان بۆ وڵاتی بـەدری حـەسـەنوویە بۆ خـزمـەتی ئەو. لەدواییدا دووبارە ڕووی کردە میسر و جێ سەرسوڕمانە ئەم هەموو سەفەرە لە مـاوەی دوو سـاڵدا: لە دەمی ڕۆیشـتنی بۆ مـیسـر، کـۆچی دوایی کـرد و چۆن سەیزادە هات بۆ هەمەدان، شەمسودەولە بە لەشکری هەمەدانەوە بەرەو ڕەی چوو بۆ خزمـەتی، سـەیزادەی دایکی شـوێنی کـەوت و بەدری حەسـەنوویە، ئەبوعیسـا شادیی لەگەڵ لەشکرێکی گەورە و بەهێزدا بەگەڵ خست. ئەبوبەکری ڕافیع یەک لە نزیکان و جێ باوەڕانی حەسەنوویە بوو، بەهۆی ئەوەوە پۆسـتی وەزارەتی بەدەست هێنا. لەمانگی چواری سـاڵدا بە فەرمـانی سـەیزادە شـاهەنشـا مـەجـدودەولە [بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە تاریخ ابن اثیر حوادث ٣٦٧، ب ٩، ل ٧٠ـ٧١ یان ب ٤ تاریخ مفصل کرمانشاهان، محمد علی سلطانی، ١٤٩ـ١٥٢] یان هێنا و شـەمسودەولە لە دەرەوەی شـار بە لەشکرێک چاوەڕوانی گـەیشـتنی بەدری حـەسـەنوویە بوو، بۆ یـارمــەتیــدانی ئەو، کــاتێک هەواڵی گــەڕانـەوەی بەدری حــەســەنوویە هـات، شـەمسـودەولە گـەڕایەوە هەمـەدان و عـەینودەولەیان کە بابی عەلائودەولە بوو لە قەڵاوە هەنارد بۆ ئیسفەهان. محەمەد کوڕی دوشمەن زیار کە هۆکاری گەڕانەوەی بەدر بوو، بۆ یاریدەریی شەمسودەولە ڕووی کردە [شـاری] ڕەی، کاتێک گەیشتە برزینجرد، هەواڵی یاخیبوونی کوڕەکەی بەناوی هەلیل = هلال هـێنا کە کوردێکی زۆر لە دەوری کۆبوون و لە دینەوەر خەزێنەی بەدری ان تاڵان کردبوو و بۆ خۆیشیان دەستبەسەر کردبوو، بەدر بە (هەلیل «هەلال»)ی گوتبوو کە دەست لە سەڵتەنەت و خـەزینەکەی هـەڵدەگرێ و بە بـەهانەی پیـربوونی، خـوازیاری ئەوە بوو، بمنێـرە بۆ درازینە (لە قەڵاکانی دینەوەر و کوردستان)، تا لەوێ نوێژ و نزا بکەم و ئیدی ئەوە خۆت و ئەوەش پاشاییەکەت.

هەلیل (هلال) وای کرد و بەم قسـەی لەخـشـتـە برا و هیچ لە دەسـتی باوکی

نەهات، بەدر لە قەڵای درازینە نامەگەلێکی بۆ بارەگای بەغداد، بۆ بەهائودەولە کوڕی عیزودەولە و شەمسودەولە و ئەبوبەکر ڕافیع و ئەبوعیسا شادی نارد و داوای سوپای لێ کردن و شەماعی دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچەیەی وەبەرنان، هەروەها نوێنەرانێکیشی نارد بۆ لای گۆرانەکان و خوازیاری یارمەتی بوو. هەڵبژاردنی ئەو قەڵایە بە ئەنقەست بوو، بۆ ئەوەی کە نزیکی سێ شوێنەکە بووە. دوای ئەو کارە وەزیر ئەبوغالیب بە لەشکرێکەوە لەلایەن بەغداوە هات، شەمسودەولە و ئەبوبەکر ڕافیعی لەشکرێکی هەنارد و ئەبوعیسا شادیی کوڕی محەمەدیش وەکو ئەوان لە بەر دەروازەی نەهاوەند دامەزران و چاوەڕوانی فەرمانی بەدری حەسەنەوویە. هەروەها لە گۆرانەکانیش لەشکرێکی زۆر بەهێز بەدەم داواکارییەکەوە هات و هەلیل (هلال) بێ خەبەر لە هەموو ئەم ڕووداوانە کاتێک ئاگاداری ڕەوشەکە بوو، هێرشی بردە سەر نەهاوەند، زۆرێکیان لە دینەوەر کوشت و بەدیل گرت، کە عەبدوڵەلیک ماکان و ئیسماعیل سەعلۆک و ئەبولعەباس حاجیب لە نێو دیلەکاندا بوون.

پاشان ئەبوبەکر ڕافیع و ئەبوعیسا شادی هەردووکیان هەڵاتن و پەنایان بۆ قەڵای نەهاوەند برد. بەڵام قەڵاکە وێران کرابوو. هەلیل [هلال] پەیکێکی نارد بۆ لای ئەبوبەکر ڕافیع و پێی ڕاگەیاند گەر دەیەوێ زیندوو بمێنێ، دەبێ ئەبوعیسا بدات بەدەستەوە. ئەبوبەکر ڕافیع قازانجی لە خۆ بەدەستەوەدان و نەمانی عیسادا بینی و داواکارییەکەی ئەوی بەجێ هێنا، کاتێک ئەبوعیسایان بە دەستی هەلیل (هلال) سپارد، بۆ کوشتنی ڕادەستی برزیکانانی کورد [برزیکانان کوردانێک بوون لە عەشیرەتی بەدرو هیلال بە برزینییەش بانگیان دەکردن]. دوای کوشتن هێنایان بۆ ئەسەدئاباد بۆ توربەت [...]. کاتێک بەدر لە هەموو لایەکەوە هاوکاریی بەدەست هێنا و گۆرانەکان هاتن، ئەو لە قەڵا وەدەرکەوت و لەگەڵ هەلیل (هلال) شەڕی دەست پێ کرد و دەستبەسەری کرد و...، سەرۆک وەزیر ئەبوغالب ماڵ و سامانێکی زۆری لە قەڵای خواست [شاپوور خواست] لە زێڕ و زێو و کوتاڵ و پارە و جەواهیراتی بێ وێنە بەدەست هێنا. بەجۆرێک هەموو چوارپێیەکانی لەشکری عێراقی ئەو سامانەیان بەرەو بەغداد برد. دوای چوونی ئەوان، هاتەوە شاپوور خواست و کوژرانی ئەبوعیسا شادی لەلای زۆر سەخت و دژوار بوو و دوای ئەوە هەر برزیکانییەکی بدیبای، فەرمانی کوشتنی دەدا و تۆرەمەی ئەوان زۆر لاواز بوو

و گۆرانەکانی هەڵکشاند و ئەم ڕووداوە لە مانگی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی ٤٠١ ڕووی دا. شەمسودەوڵە... تاهیر کوڕی هەلیل (هلال) لە باوکی یاخی بوو و بێدەسەڵاتی کرد و بەدر شەڕی لەگەڵی دەست پێ کرد و زۆرێکی لە هێزەکەی کوشت و تاهیر لە مەیدانی شەڕ هەڵات. بەهائودەولە ئەبونەسری کوڕی عێزەدەولە لە ساڵی ٤٠٣ لە بەغدا، کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی کە بە ناوی ئەبوشوجاع سوڵتانودەوڵە دەناسرا، جێی گرتەوە و بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ لەسەر حوکم بووە و شەمسودەوڵە، ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ بەدری حەسەنوویە دادەنا و پێوەندیی بە ناوبراوەوە، هۆی ئەو بوو؛ و ئاوەها ناوی دەبرد: مەوللا و ڕەببی ناسرەدینودولە ئەبونەجم، مەولا ئەمیرەلمولئمنین لە ساڵی ٤٠٥ لە نێوان بەدری حەسەنوویە و خوەشین مەسعوود لە نزیکی سپیدڕوود بوو بە شەڕیان [ابن اثیر، ب ١، ل ١٨٥، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، ب ٣، ل ١٥٣] شەمسودەوڵە هەڵسا بە یارمەتیدانی بەدر؛ بەڵام کاتێک هەواڵی شکانی هێنانی خوەشینی لەسەر دەستی بەدر بیست، گەڕایەوە و خوەشین کەوتە گەمارۆی بەدرەوە، دوای ئەم ڕووداوە چەند کەس لە گۆرانەکان سوێندی کوشتنی بەدری حەسەنوویەیان دا، کەس گومانی لێیان نەدەکرد، چونکە چەند کەسێکیان زۆر لە بەدر نزیک بوون، ڕۆژێک لە کوش خدا [کوسجد، کوسج، کۆسەی هەجیج] لە نزیکی سپیدڕوود [سیروان] لە خێوەتەکەیدا لە ناکاو بە لێدانی ڕمبێک کوشتیان. تەرمەکەی لە [مشهد علی، نجف] نێژرا [ابن اثیر، ب ٩، ل ٨٥، فنزل العین بن مسعود نرأی ملقبی علی الارض فامر به تجهیزه و حمله الی مشهد علي علیه السلام لیدفن فیه ففعل ذلك و كان عادلا كثير الصدقة و المعروف كبير النفس عظيم الهمة...] باوەڕمەندانی، دوای مەرگی دەچوون بۆ سەرمەزاری. لە مانگی زیحەججە کاتێک شەمسودەولە لەم ڕووداوە ئاگادار بوو، ڕۆیشت بۆ (شاپوورخواست) و زۆر سامان و ماڵی زۆری لە خەزێنەی بەدر هێنا، هەلیل (هلال) کوڕی بەدر لە زیندان هەڵهات، بۆ یارمەتی وەرگرتن ڕووی لە بەغداد کرد و دوای پێکهینانی لەشکرێک ڕۆیشت بۆ شەڕ، شەمسودەولە لە شەڕدا سەرکەوت و هەلیل (هلال)ی دەسبەسەر کرد و سپاردیە دەستی پولادوەندان [کە ئێستا تیرەیەکی بچووکی ئەلوارن کە لە نزیکی نەهاوەند و چاپلق گوندنشینن] تا لە تۆڵەی خوێنی عەبدولەلیک ماکاندا بیکوژن و ئەوانیش کوشتیان و شەمسودەولە مزگێنیی نارد بۆ سەیدە و شاهەنشا گەڕایەوە

هەمـەدان و لە ڕۆژی دووشـەمـەی مـانگی سـەفـەر سـاڵی ٤٠٩ی کـۆچیـدا، کـۆچی دوایـی کـرد. لە کـاتـی گـەڕانەوەی لە نـەهاوەندەوە بـۆ هـەمـەدان. سـەمـائودەولە ئەبولحـەسـەنی کـوڕیان لەجـێی دانا و لەگـەڵی پەیمـانی وەفـادارییـان بـەست. شـەمسـودەولە بیست و هـەشت سـاڵی تەمـەن بوو و پۆستی وەزارەتی بە ئەبووعـەلی سینا دابوو... بە ماوەی چوارده ساڵ حوکمڕان بوو) [مجمل التواریخ و القصص، ل ٣٩٧ـ٤٠١] لەوە بەڵگەی مـێژووییـە جیـاواز لە نیشـاندانی کەسـایەتیی حسـێن کوڕی مـەسعوود کوردی و گرینگی و هێزی سیاسی و لەشکری و مەزهـەبیی ئەو و یاوەرانی، خـاڵگەلێکی گرنگ و سـەرنجـڕاکێش لە نووسینـی ڕووداوەکانی خـاوەن مـجـمل التواریخ وەکـو: ڕێزگرتنی حـاکمـانی ئـالی بوویە بۆ ئەو کـە دەبینین دوای کـوژرانـی بەدری حـەسـەنوویە، هیچ نیشـانـەیەک لە دەسـتـدرێژی بۆ سـەر ناوچەی ژێردەسـەڵاتی ئەو نابینرێت و شـێـوەی ڕەفـتـاری ئەو لەگـەڵ تەرمـی بەدری حـەسـەنوویە نیـشـانـەی ڕەفـتـاری گـەورە دینیـیـەکانە و هـەروەهـا شـوێنی بەخـاک سپاردنی تەرمـی بەدرحەسـەنوویە جیا لە ڕێز و حورمـەت لەلایەنی (حسێن کوڕی مـەسـعـوود) دوو شت ڕوون دەکـاتەوە، یەکـەم: ئیـدیعـای شـاخـۆشین وەکـو ئەو بانگەشـەکارانەی دوایی ئەوەنـدە توند نەبووە کە باوەڕی بە مـەرگ و مـەزارگەی بۆ حـەزرەتی عـەلی نەبووبێت و بە هۆی (تجـسم و حلول)ەوە بایـەخی بـەبارەگـای پیـرۆزەکـەی نەدابێ و هـەروەهـا بردنـی لاشـەی بەدری حـەسـەنوویە بۆ نەجـەفی ئەشرەف نیشاندەری ئەوەیە کە ماڵباتی بەرزیکانی سەر بە مەزهـەبی شیعە بوون و ڕەنگە پشتگیری لە بوویەکانیش، بەهۆی ئەم خاڵە هاوبەشەوە بووبێ.

کەوابوو حسـێن کوڕی مەسعوود کوردی کە پاش جێگیر بوون و سەربەخۆیی لە هـەورامـان و شـارەزوور کـە شـوێنی حـوکـمـڕانیی ئەو بوون دەسـەڵاتی هزری، مـەزهەبی و بانگەوازکـارییـەکـەی هـەمـوو ناوچـەکـانی شـارەزوور، کـرمـاشـانات، لوڕسـتـان، برووجێرد و شـووشـتـەر و بەتایبـەت هـەمـەدانی گرتبـووەوە کـە ناوەندی بڵاوکردنەوەی پەیامـەکەی بوون و وا دەردەکەوێ کـە بەمەبەستـی دوژمنایەتی لەگەڵ بیـری ناوبراودا ئەبـووعـەلی سینا ڕەسـالەی (ئەزحـوویە)، کـە نووسـراوێکی وردە لەسـەر ڕەتکردنەوەی دووناودوون و بـەناوی شـێـخـی وەزیـر ئەمین ئەبووسـەعـد هـەمـەدانیی نووسیـوە و خستـوویەتە بەرچاوی خـەڵکەکـەوە، یەکـەتی و یەکـانگیـریی هزری، پیری شـالیاری هـەورامی کە لە ناوچەکەدا بە پلەیەکی سیاسی و مەزهـەبی

دەهاتە ئەژمـار، چونكە دوو ناوی پیـر و شـالیـار كـە یەكـەمـیـان نیـشـاندەری پلەی مـەعنەوی و ڕەنگە ناونـانی لەسـەر هەرێمـەكە لەلایەن ئەبودۆلفیـش هـەر بەم بۆنەوە بووە، و دووەمـیـان واتا شـالیـار كـە نیـشـاندەری پلە و پایەی سـیـاسـییـە، چونكە ئەسڵی ناوەكە خوداداد نووسراوە، ئەمـانە بوو بە هۆی ئەوەی كە ئەوانەی سـەر بە ئاینی خورەمدینان بوون، بە پێوەندیگرتنی شوێنكەوتوان و لایەنگرانی ئەم نزاكارە عەلەوییە و سەپاندنی ڕاو بۆچوون و ڕێفۆرمـەكانی لە داو و نەریتەكان و دەستوورە ئاینییـەكـانیـان. ئـاینی خـورەمـدینان دوایـن قـۆناغـەكـانی ژیانی تـێ دەپەڕاند و بەپێچەوانەی بۆچوونەكەی محەمەدی مەردۆخ، پیرشالیار یەكەمین پیری هەورامان و كوردسـتـانە، نـە پیر خـزر و لەم سـەردەمـەدا بە خـزان بۆ نێـو بازنەی فـیكری و فـەلسـەفی شـاخـۆشین، بە یارسـان نێـویـان گـۆڕدرا. ئەگـەرچی زۆرێك لـە بنەمـا ئاینییـەكـانیـان لە قـبـوولكردنی ئاینی نوێدا وەكو ئـەسڵگەلێكی نەگـۆڕاو لەگـەڵ ڕێنوێنی و ئـەو یاسـاگەلەی كـە حسـێن كوڕی مـەسـعـوود داینابـوون ڕێزیان لێـیان گـرت، بەڵام هـاتـنەسـەر ئیـسـلام و هـەر بەو بـۆنەیەوە نێـوی ئـەم قـۆناغـەیان وەكـو قۆناغی مـەعریفـە ناسـی و لەڕاسـتـیـدا لەم وامـگـیرییـە ڕەهبـەری و ئاینییـەدا دەبێ حسـێن كوڕی مـەسـعـوود دامـەزرێنەری ئەم ئاینە (ئێرانی، ئیـسـلامی)یە لـەسـەر بنـەمــای ســەرەكـیـی وڵایەتـی عــەلەوییــەكــان بێـتــە ئەژمــار، بـەم بۆنەوە لـەلایەن شـوێنكـەوتوانی بە شـاخـۆشین (مـوبـارەكـشـا) ناسـراوە كـە نیـشـاندەری پێگەی سـیــاسـی و لـەشكری و مــەزهـەبیی ئەوە. لەم ســەردەمــەدا هـەمــەدان لە گــشت ڕوویەكەوە، مێـژوویی، جوگرافـیـایی، پێوەندی، لەشكری، كۆمـەڵایەتی و هزرییـەوە گـرینگـیــەكـی زۆری بووە و یەكــەمین وێسـتـگەی دیار و بەرچاو لە دەســەڵاتی بانگەوازی و ڕاگەیاندنی عەلەوییـە توندڕەوەكانی ڕۆئاوای ئێران دەهاتە ئەژمار و پێگەیەكی تایبەتی بەدەست هێنا و پێوەندییەكی بنەڕەتی لەگەڵ هەورامان بەدەست هێنا. بەجـۆرێك كـە ئەو پێشـینە و ڕەوایەتییـە كـە ئەبودۆلف لە سـەفـەرنـامـەیەكدا لەسـەر هـەورامـان هێنـاویە، هـەر ئەوەشـی بۆ هـەمـەدان هێنـاوە و بیناكـەی بۆ دارای كــوڕی دارا وەكــو پـەناگــایەك لـە بەرانبـــەر ئیـــسكەندەر ناو بـردووە. (ل ٦٦، ســەفــەرنامــەی ئەبودۆلف) هـەروەهـا دەنووسێ: [ئـەم شــارە لەلایـەن دارا بن دارا بنیـات نـراوە و ئیـسكەندەر زەفـەری پـێ نەبردووە و خـەڵكی شـاریش سـەریان بۆ دانەنەواندووە، مـوسڵمـانانیش نـەیانتوانیـوە دەسـتی بەسـەردا بگرن، بەڵام خـەڵكی

شـار دوای نائومـێدبوونیـان لە تێکشکاندنیـان خـۆیان بە ویست و ئیرادەی خـۆیان چوونە سـەر ئیـسـلام. بەپێی ڕەوایەتەکانی خـەڵکی ئەوێ، کـە ئێسـتـاکەش لەسـەر حـوکـمن لە نەوەی تـالووتن (saul)، وڵاتیـان لـە تەنیـشـتی «خـانەقین» و لە «کـرخ جـدان» ترێیـەکی تایبـەتی بەناوی «سـوتایا» هەیە. ئاڵەکـێش و هەوڵە لـەوێ کـەمـە [«کرخ جدان» شـوێنێکە لە نێوان شـارەزوور و عێـراقدا] [سـفرنامـە ابولدولف، ل ٥٧] کـە پێـوەندی و تێکەڵبـوونێک لە کـاتی کـۆچکردنی عـەلەویگەلی سـەوزپۆشی هەمـەدان و هەورامـان و سـەرهەڵدانی سـەید مـووسـا هەمـەدانیی بەرزنجی کـە لە بەشـەکـانی داهـاتوودا باسـی لـەسـەر دەکـەین، ڕوونتـر دەبێـتـەوە، لێـرەدا بیـر هێنانـەوەی دوو خـاڵ پێـویسـتـە: یەکـەم ناوچـەی دەسـەڵاتی سـیاسـی و مـەزهەبیی موبارەکشـای عەلەوی کە لە نووسراوەکەی ئەبودوڵف دیارە و ناوچەکانی خانەقین، واتا بەشـێکی زۆر لە پێـدەشـتـەکـان و دەشـتـاییـیـەکـانی دەوروبەری شـارێگای خوراسان دیاری دەکات و دووەم ناودەرکردنی هەورامان وەکو زیندانی ئێسکەندەر کە هۆکاری پێوەندایەتی و هاتنی خاجەی شیراز بۆ هەورامان بە مەبەستی دیتن و ڕێزگـرتن لە سـوڵتـان سـەید ئیـسـحـاق عـەلەویی بـەرزنجی کـە پێـوەندیـی هەیە بە شیعری بەناوبانگەکەی ناوبراو سەربەم ڕێبازە ئاینییە و بنیامین دەزانن و ئەهێننە ئەژمار؟ [خاکسار و اهل حق، ل ١٦٠] کە لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە حەقیقەتەوە واتا دەرکەوتنی حەزرەتی سوڵتان سـەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی ئاماژەی پێ دەکەین.

یەکێکی ترلە لایەنە بایەخدار و گرینگەکانی جـووڵانەوەی مـوبارەکشای عـەلەوی لەم چەرخـەدا بەو جـۆرەی کە باس کرا، دوای مـەرگی بابەک، خـوڕەمـدینان بەسـەر دەستە و تاقمگەلێکی جیاوازدا دابەش بوون و هەر کـامیان ڕێبازێکیان هەڵبژارد و تەنانـەت بەبوونی پیـاوانی ئاینیـشـەوە بەرەو هەڵدێری گۆشـەگـیری و لـەناوچوون هەنگاویان هەڵێنا، بەجـۆرێک کـە لە کـاتی هـاتنی عـیـمـادودەولە عـەلی بـوویە بۆ ڕۆژئاوای ئێران، زۆرێک لە خوڕەمدینانی هەرێمەکانی کرماشانات و کوردسـتان و لوڕسـتـان لە حـاڵێکدا کـە خـاوەنی سـوپا و قـەڵای قـایم بوو. و بە هۆی نـەبوونی سـەرۆکایەتیـیـەکی یەکگرتوو، کـە لە سـەر ئـەم بابەتە ئیبن مسکویـە دەڵێ، (کاتێک عـەلی کـوڕی بوویـە گـەیشـتـە کـەرەج [ئـەبودڵف] یا [کـەرەجی دینوەر] بینا و قەڵاگەلێک کە لە بەر ئەو ناوچەیەدا لە دەستی خوڕەمدینان بوو، بە هۆی ئەوەی کە

خەلافەتێکی یەکگرتوو لە نێویاندا لەناوچوو بوو، دەستی بەسەریاندا گرت، یەکیان ڕۆیشت بۆ لای عەلی بوویە و خەزێنەگەلێکی زۆر کە لەوێ شاردرابوونەوە بۆی ئاشکرا کرد و عەلی بوویە دەستی بەسەریاندا گرتن و بۆ دڵنەوایی و دڵخۆشیی هێزەکەی لە نێوانیاندا دابەشی کرد. هەڵگرتنی دروشمێکی یەکگرتوو لە نێو بەشداربووانی جووڵانەوەکەی موبارەکشای عەلەویدا، هەروەک لە بەراوردکاریی مێژوویيدا دەردەکەوێ، ئالا و جلوبەرگی سپی بووە و نیشانەی نوور لە بەرانبەر تاریکی خەلیفەکانی عەباسی هەوڵێکی تری شاخۆشین بووە، چونکە خورەمدینان سەردەمێک لە دەوری خەلافەتی مەهدی لە ساڵی ١٦٢ ک. م، نەهاوەند و دینەوەر و باقیی ناوچەکانی کوردستان و کرماشانات دروشمی سووریان هەڵبژارد و بە مەحمەرە ناوبانگیان دەرکرد. [ب ـ بەغدادی، ل ٢٥٢، تبصره العوام، ل ١٨] [جنبشهای دینی ایرانی، ل ٢٦٤ و ٢٦٦] ڕەنگی سپی کە عادەتی مووبەدانی زەردەشتی بووە بە دوو هۆکار دانراوە؛ یەک لە بەرانبەر عەباسییەکان کە (سیاجامە) بوون و دوو: لە بەرانبەری (خەواریج)دا کە ڕەنگی سووریان هەڵبژاردبوو. بۆ باوەڕمەندانی بزاڤەکە ناسین و قبووڵکردنی پێشەوای ئاینی و سەلماندنی دڵپاکی لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکان بووە و هەرکەس کە ئەم دووانەی بەجێ بهێنابا دەگەیشتە کەماڵ و ئەرکەکانی لەسەر نەدەما کە ئەم دروشم و بۆچوونە تا هەنووکەش لە نێو عەلەوییەکانی توندڕۆی (یارسان)دا باوە. بێجگە لە هێمای سپی، کە دوابەدوای دەرکەوتنی سەید محەمەدی نووربەخش بە نیشانەی شینگێڕیی هەتا هەتایی بۆ حەزرەتی حسێن و ئەو ڕەهەندە قووڵانەی کە لە سۆفیگەریی ئیسلامیدا بوویەتی، گۆڕدرا بە ئالای ڕەش. و جلوبەرگی ڕەش بوو بە شتێکی باو لە نێو شوێنکەوتوانی شاخۆشین (ئاتەش بەیگی) کە جیاوازیی سەرەکیی عەلەوییەکانی توندڕۆ لە سەردەمی سەفەوییە و دوای ئەو بووە و ڕەوشی عەلەوی سەفەویی موشەعشەعیە. لەم ڕووەوە کە بەپێی بۆچوونی نووسەر و بە پشتبەستن بە بەڵگەگەلێ کە لەبەردەستدایە جووڵانەوەکەی موبارەکشای عەلەوی و بەردەوامبوونی بزوێنەری هەموو سەرهەڵدان و جووڵانەوەکانی عەلەوییەکانی پاش خۆی بووە، چونکە بەرگی سپی بوو بە هێمایەک کە وەکو سمبولی پاکی و نوور و دژایەتی لەگەڵ عەباسییان، بوو بە نرخێنەر و نیشاندەری شوێنکەوتوانی قەرمەتیانی بەحرەین و فاتیمییەکانی میسر و ئیسماعیلییەکانیان [قرمطیان

بحرين و فاطميان، ل ١٧٩]

موبارەکشای عەلەوی بنەمای ئەندیشەی شوێنکەوتوانی لەسەر سەرچاوەبوونی کەسایەتیی حەزرەتی عەلی و بنەماڵەکەی لە هەر سەردەمێکدا بنیات نا و هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە بیر و زەینی شوێنکەوتوانی ئەودا جێیان گرتبوو وەلا نا و عەلی وەکو کەسایەتییەکی تەواو و خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکان وەکو کەماڵ و جەلال و جەمال دەناساند و لە نێو کەسایەتییە بەرچاوەکانی پێش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران لای کوردووەتەوە لە زەردەشت، زەروان و چەند کەسێکی تر وەکو نموونەگەلی ئاکار و گوتە و هزری چاک، بەڵام بنەمای سەرەکیی بیری باوەڕمەندانی لەسەر پایەی هەتاهەتاییی سەرچاوەبوون و ویلایەتی عەلی و دەرکەوتنی ڕزگارکەر (مەهدی بەڵێندراو) بووە، ئەوەی کە ئەو بۆ ڕاهێنانی شوێنکەوتوانی وەکو وێنە بۆ پلەی خواییی عەلی دەیهێنایەوە ئەمە بوو کە خوای وەکو ڕووناهیی کوورەی زێڕینگەران کە هێمای نوور و ڕۆشنایی و گەرما و بەرهەمهێنانەوە و زاتی عەلی وەکو پارچەزێڕێک کە لە نێو ئەو کوورە توێنەرەوەدا لە ئەزەلەوە بوونی بووە، کە لە بوون و دەرهێنان تا کاتی ئایسانی کوورەکە، ئەو زێڕە و ئەوەی کە لێی جودا دەبێتەوە، هەمووی چاکە و نوور و ڕووناهی و گەرمی و بەرهەمی مادییە [تاریخ اورامان، بەیاز خەتی، بەشی سێ، ل ٢٣] و دەرکەوتنی ڕزگارکەر لە دەرەوەی زنجیرەی عەلەوییەکان بە درۆ و ناڕاست دەزانێ کە ئەمەش عەلەویبوونی شاخۆشین دەسەلمێنێ.

پرسی دەرکەوتنی ڕزگارکەر لە ئاینی پێشووی باوەڕهێنەران بە جووڵانەوەکەی موبارەکشای عەلەویدا وەکو هۆکاری دووبەرەکی، بەدی دەکرا؛ واتا ئەوانەی کە وەکو خوڕەمدینان باوەڕیان هێنا بوو و کاریگەیی مەزدەکی و مانەوی لەسەریان بوو، ئاشنایەتی و باوەڕێکیان پێی نەبوو، بە تەقلی بوون بە موبارەکشای عەلەوی وەکو باوەڕێکی بنەمایی و بونیادی یەکبیری شوێنکەوتوانی خۆی دەرخست، تا ئاستێک کە لە نێو ئەو باوەڕانەی کە تەقلی نەبووبوون زەردەشتییەکان کە شارەزایی و باوەڕیان بەم مەسەلەیە بووە کاریگەریی خۆی دانا و ئەو خوڕەمدینانەی کە لەسەر ئاینی خۆیان مابوونەوە کەوتنە بەر کاریگەریی بیری ڕزگاریکەری بەڵێندراو.

له هەوڵەکانی تری موبارەکشا بە ڕێکخستنی شوێنکەوتوانی خۆی بوو لە هەموو ناوچەکانی عەباسیان وەکو پێکهاتەیەکی سیاسی، مەزهەبی و هێزی، چونکە شوێنکەوتوانی موبارەکشای عەلەوی کە زۆریان کورد بوون لە پانتایەکی گەورە لە کەنارەکانی کەنداوی فارس و هەرێمەکانی باشوور و ناوچەی بەرفراوانی فارس [هەرێمەکانی شوانکارە و دەوروبەری شیراز] ئابادە و کرمان و شاربابەک و شاری کورد و چوارمەحاڵ و بەختیاری و ئیزەدخواست تا ئازەربایجان و دەوروبەری بەغدا، گەرمێنیان دەکرد و بە مەڕ و ماڵاتەکانیان کە بە هەزاران بوون بەرەو باکور کۆچیان دەکرد. کە زۆرێکیان لە سەردەمی سەربەخۆیی ئالی بوویەدا و هەروەها لاوازبوونی خەلیفەکانی عەباسی و حکوومەتی خانەدانی حەسەنوویە لە بەشێکی زۆر لە هەرێمگەلی نێوبراو لە ڕۆئاوای ئێراندا نیشتەجێ بوون. دوو باڵی بەهێزی ئەوان، بەرزەنگییەکان و گۆرانەکان بوون، موبارەکشا بە پلانی یەکگرتنەوەی بیری و هێزی، بوو بە هۆی یەکگرتوویی و پتەوبوونی پێوەندیی نێوانیان، پیاوان و بانگکارانی جووڵانەوەکە بەهۆی جۆراوجۆری ئاینییەوە لە نێوان ئەواندا هاتوچۆیان دەکرد و بەم پێوەندەییانە بانگەشەیان بۆ پەیامە ئاینی و سیاسییەکان دەکرد. هەورامان کە شوێنی سەرەکیی موبارەکشا بووە وەکو بنکەی نهێنی و دایرەی ناوەندی بۆ قەڵاکانی دەوروبەر و بینا لەشکرییەکان و هەروەها بۆ داو و نەریتی تایبەتی کۆمەڵایەتی و شێوەی ئابووریی پێشکەوتوو و ئیش و بەرهەمهێنانی هەموو شتەکان کە پێویستیی ڕۆژانە بوون، خەڵکی ئەوێ سەربەخۆیی تەواویان بووە و دانیشتوانی ئەوێ بۆ پێداویستییەکانیان ڕوویان لە هیچ شوێنێک نەدەکرد و تەنانەت لە ناو ئەو ناوچانەی کە شوێنی یارسان بوون، ناو و ڕێی هەورامان نهێنی بووە. بەجۆرێک کە بۆ ناوهێنانی ئەو شوێنە کەڵکیان لە نێوی لورستان وەردەگرت کە ئاماژەی پێی دەکرێن، ڕەنگە بە هۆی لاوازی ئال بوویە و چۆنیەتی بەرفراوانبوونی جووڵانەوەکە و فاکتەرگەلێکی تر کە مەترسیی بەرفراوانبوون و پێکدادانی بەرانبەر لەگەڵ سەرۆکەکانی دروست دەکرد، نێوی ئەو شوێنەیان دەشاردەوە. هەروەها هەمەدان وەکو ناوەندێکی بانگەوازی ئاشکراکراو هەورامان بە نهێنی مایەوە بەجۆرێک کە باباتاهیری هەمەدانی و یاوەرانی کە لە نێردراوانی موبارەکشای عەلەوی بوون لەم شارەدا لەگەڵ عالیمان و زانایان و خەڵکدا بۆ سەلماندنی باوەڕی خۆیان گفتوگۆیان دەکرد لە ئیزەدخواست= (خوڕەم

ئاباد)، دینەوەر، سەحنە (سیسەر)، کرماشانات، زەهاو خانەقین و بەتایبەت هەموو شارەزوور، ویلایەت و تەڤلی موبارەکشای عەلەوی بوون. عەشیرە کوردییەکانی دەڤەری فارس کە بە خۆسرەوییە دەناسران [مقدسی بشاری ٤٤٦] خێلەکانی شوانکارە کە حکوومەتێکی سەربەخۆیان هەبووە و بە پێی لێکۆڵینەوەی ژوکوفسکی سەربە ئاینی یارسان بوون و لە ڕەوتی مێژوویییان دەردەکەوێ کە لە هەمان سەردەمدا ڕوویان لەم ئایینە کردووە و چووبێتنە ژێر سێبەری باوەڕی موبارەکشای عەلەوی. کوردان لە دەڤەری فارس پێشینەیەکی دوور و درێژیان هەیە و بەرخودانی زۆریان لە بەرانبەر عەرەبەکاندا کردووە، بەجۆرێک کە خاوەنی (مجمل التواریخ والقصص) دەنووسێ: (لەسەر کوردانی دەڤەری فارس؛ ئەم کوردانە کۆمەڵێکی زۆر بوونە و ڕەنج و مەینەتییەکی زۆریان لە دەڤەری فارس و ناو موسڵمانانندا کێشاوە: عومەر، موسلم کوڕی قەیسەلئەشجەعی لە مەدینەوە ڕەوانەی ئەوێ کرد تا لەناویان ببات؛ بەڵام زەبرێکی گەورەیان لێ کەوت، موسڵمانان خۆیان لەوێ ڕزگار کرد و لە ساڵی بیست و سێ کە عومەری خەتاب (د.خ) ڕۆیشت بۆ حەج لە کاتی گەڕانەوەدا، کەعبەتولئەخبار (هەواڵی مەرگ و بەسەرهاتی خەلافەتی پێ دا. (ب = تاریخ طبری) [مجمل التواریخ و القصص، ل ٢٨٠ـ ٢٧٩ [بەگرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە پێوەندیی نهێنیی موبارەکشای عەلەوی بەسترا و وا دیارە کە هزری سیاسیی موبارەکشا، بووبێتە هۆی ئەوە کە بۆ بەرفراوانبوونی جووڵانەوەکە و پێکهێنانی دەسەڵاتی لەشکری و سیاسی و هاوکات بەشداربوون لە ڕیزی هاوپەیمانانی دژبەری حکوومەتی عەباسی، لەڕێ بەشێک لە شوێنکەوتوانی لەگەڵ پیاوانی مەسیحی بیزانس پێوەندی بووە، چونکە خاوەنی مێژووی هەورامان ئاماژە بە ڕۆیشتنی خەلیفەکانی موبارەکشای عەلەوی بۆ سەرزەمینی ڕۆم و فەرهەنگ و هاتنی باوەڕمەندانی ئەو دیارانە دەکات بۆ ئەوێ [تاریخ اورامان، نسخە خطی، باب سوم، ل ٢٤] باباتاهیری هەمەدانی و عەینولقوزات هەمەدانی لە گەورە زانایان و عالمانی عیرفان و سۆفییەتی ئیسلامی، دوو کەسایەتیی باوەڕمەند و نزیک و بەجۆرێک لە جۆرەکان بانگەشەکاری جووڵانەوەی موبارەکشای عەلەوی بوون، کە بەپێی نووسراوەکانی یارسان و کەلام و کتێبە دۆکومێنتارییە مێژوویی و توێژینەوەییەکان باباتاهیر و یارانی لە نێردراوانی موبارەکشای عەلەوی بوون. عەینولقوزات هەمەدانی گیانی لە پێناوی

ئەم جـووڵانەوەیە بەخت کـرد و خـاوەنڕایانی وردبین پێـوەندییـان لەگەڵ بنکەیەکی نهێنیی هزری و ئاینیی یارسان لەسەر جووڵانەوەی مـوبارەکشای عەلەوی زانیوە و داکۆکی لەم ڕایە دەکەن. بۆ سەلماندنی وتەی خـاوەنی مێژووی هـەورامـان ئەو بەڵگە و باسـانەی کـە تا ئێـسـتـا هـاتووە، خـاڵگەلێکی بەرچـاو لە وتارە بەنرخـەکـانی باباتاهیـرنامـە لە نووسـینی کـۆڵەری پایەبەرز، پەروێز ئـەزکـاییـی هەمـەدانـی لە وەرگێـران و کۆڵەرانی خـاوەن ڕایە لـە سـەر باباتاهیـر لێکۆڵینەوەی پێک هێناوە و ڕێنیشاندەری بەشەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە و پاشان باسی دەکەین.

بە ئاماژە بەوەی کە لە بەشەکانی تری کتێبەکەدا خـاڵگەلێکی سەرنجڕاکێش لە سـەرچاوەگـەلێکی باوەڕپێکراو و دەگـمـەن دەهێنرێت کـە ڕوونـاکـی دەخـاتە سـەر خـاڵگەلێکی گرینگ و ئـاڵۆزییە مـێژوویی و هزری و کۆمـەڵایەتی و مەزهـەبییـەکـان و کەسایەتییـەکانی هەمـەدان کە پێوەندییـەکی توندوتۆڵ و لەپسـاننەهاتوویان لەگەڵ جـووڵانەوەی موبارەکشای عـەلەوی و ئاینی یارسـاندا هـەبووە و هـەیە. سـەبارەت بە پێوەندیی باباتاهیری هـەمـەدانی و عـەینولقوزات لەگـەڵ جووڵانەوەی عـەلەوییەکاندا ئەوەی کـە وترا گومـان و شـتـە باوەڕپێنەکراوەکـانی تۆژەرانی ئـەو وتارانە ڕاست دەکاتەوە، چونکە نووسـیویانە کە: (ناوهێنانی بـاباتاهیر وەکو یەکێک لە یاوەرانی چوار مـەلیکی شـاخـۆشـین، بەپێی ئەو شـتـانەی کە وترا بـە دڵنیاییـیـەوە دوای ئەو پەیمانە پێک هـاتووە [کە ئەم شـتە هەڵەیە] بەڵام سێ یاری فریشـتـە یـان سێتری سـەردەمی ئـەو: بابابوزورگ، بـابا فـەقی، بـاباحـەسـەن، بوونـە کـە باباتاهـیـر لە دەسـتـەی مـەلیک عـیزرائیل و مـەلیکی ((نۆسـەیر))ە و «نۆسـەیر» کـە فـیرقـەیەکی بەناوبانگی «نۆسـەیرییـە»، (هـاوئاین لەگـەڵ دروزییـە دەڵێن نۆسـەیر غـولامی عـەلی کــوڕی ئـەبی تـالیب بـووە) [مــذاهب الاســلامین، بدوی، ب ٢، ل ٤٢٦] هـەروەهـا پیـرخـزریان وەکـو یەکـێک لەیارانی شـاخـۆشین و لە وێکچـووانی باباتاهـیـر ناو بردووە. [«بزرگـان یـارسـان»، ل ٣١] کە نووسـەر وا بۆی دەچـێ: ئـامـاژەی ڕاوەندی بە کێوێکە لە هەمەداندا کە بە ناوی «خـزر» بانگی دەکـەن. [راحة الصدور، ل ٩٨] کـە دەیدەنە پـاڵ ناوبراو [لـە بەشی داهـاتووی ئەم کـتـێـبـەدا ئـامـاژە دەکـەین بە سەردەمـی ڕێنوێنی پیرخـزر]. شوێنێ کە سوڵتـان تۆغـرۆلی سـەلجووقی لەگـەڵ سێ پیری وەلی (باباتاهیر و باباجەعفەر و شێخ حـەمشاد) دیداری کرد و ئێستـاکەش گومبەزی خزر لەسـەر ئەو کێوە لە باکوری ڕۆهەڵاتی شاردا بەبینایەکی سەردەمی

سەلجووقی، لەسەری دەبینرێ [ب. هگمتانه، مصطفوی، ل ٢٠١ـ ٢٠٤]؛ بەڵام لە ڕووی پێوەندییەوە، باباتاهیر لەگەڵ تیرەی کوردان و لوڕانی ئارمەندە یا کۆچەر لە نێوان هەمەدان تا سیروان و لوڕستان (کە ناوەندی ئەوێ شاپوور خواست (خوڕەم ئابادی ئێستا) پێوەندی بووە. ڕاستە کە نە تەنیا شاخۆشین لوڕستانی [حسێن مەسعوود کوردی] هاتووە بۆ هەمەدان و لەگەڵی دیداری ئەمجام داوە؛ بێ گومان باباتاهیریش هاتوچۆی ئەو دەڤەرەی کردووە، بەجۆرێک کە ڕەنگە خانەقاکەی لە شاپور خواست (خوڕەم ئابادی ئێستا) لە دواییدا ناوی «مەحەلله» یان مەزاری باباتاهیری گرتبێت. هۆنراوەکانی باباتاهیر و قسە نەستەقەکانی هەم لە ڕووی شکڵی و هەم لە ڕووی ناوەرۆکەوە لەگەڵ سروودەکانی زەروانی یان مانەوی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام پێوەندییەکی بەرچاویان هەیە و شێوەی کۆنتریان زۆرتر نیشاندەری زنجیرەیەکی سونەتگەلی ئەدەبی ـ ناوچەییە لە ناوچە شاخاوییەکاندا [جستجو در تلّوف ایران، ل ١٨٨، ١٨٩، ٢٠٥] ئەوەی کە مینۆرسکی ناوەرۆکی ئەم دوو بەیتە دزراوەی «مو آن بحرم... ڕەنگدانەوەی بیری بەرزی باباتاهیر زانیوە، لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کە ناوەرۆکی ئەم هۆنراوە ڕەسەنە:

«من آن اسپیده بازم همدانی

به نام من کنند نچیروانی...

بەرزترین نموونەی عیرفانییە لەمەڕ خۆیدا؛ ئەم خاڵەیە کە خۆی ئەو «شاهباز ئەزەلییە و نێچیری خواوەند»ە وێنا کردووە، کە ئەمەش بۆ خۆی، دەربڕینێکی زروانییە کە لە باوەڕەکانی ئاینی یارساندا هەیە. لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە باباتاهیر هەمەدانی (نیوەی دووەمی سەدەی چوارەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەم) لە کاتی دەسەڵاتداریەتیی دەیلەمان و کوردان لەسەر ویلایەتە شاخاوییەکانی ئێران دەرکەوت، ئەو، سەربە تەریقەتی گەنووسی ئێرانی «دینی حەق» بووە کە ڕەگوڕیشەی بیروباوەڕەکەیان لەگەڵ باوەڕەکانی زروانی ـ مانەوی و حیکمەتی فەهلەویی باستانی یەکە، لەم ڕووەوە دواتر لە باوەڕەکانی فیرقەی گۆرانی ـ لوڕی، یارسان کە لەگەڵ فیرقەکانی حوروفیە، جەلالیە، خاکساریە و نوقتوویە (هاوپێوەندی غالیە و ئیسماعیلییە هاو ئاینی و پێوەندی بووە، لە دەستەی مەلائێکی ئەدواری هاتووەتە ئەژمار و هۆنراوە یان دووبەیتییەکان و

بنەمای ئەو قسە نەستەقانەی کە دراونەتە پاڵی زاراوەی فەهلەوی ـ واتا زمانی هەمگانە و دانشتوانی جەبال بووە کە لەوانە زاراوەکانی گۆرانی، هەورامانی و هەمەدانی ئەو زمانە لەگەڵ زمانەکانی ناوەندی ئێران و کەم تا زۆر لەگەڵ ناوچەگەلێک لە فارس نزیکی و پێوەندیی بووە. [پێشەکیی فقە اللغە ایرانی] ارانسکی ل ٢١٣ـ٣٣٠ـ٣٢٢ (ایرانیکا مینورسکی) س٣١٤] [بابا طاهر نامە، پرویز ذکایی، ١٤٢ـ ١٤٤]

... ئەوەی کە تەنیا بەڵگەی مێژوویی بەو جۆرەی کە ناسراوە و «کۆن»ترین ئاماژە بە باباتاهیر هەمەدانییە، بابەتەکەی راحة الصدور راوندیە (ح ٦٠٠، ق) لە بەشی دیداری ئەو لەگەڵ توغرۆلی یەکەمی سەلجووقییە، ئێستە ناتوانین ئاوەها شتێک بڵێین چونکە، لە نامەکانی عەینولقوزات هەمەدانی [طبع علینقی متروی عفیف عسیران، بنیاد فرهنگ ایران، ب ١، ١٣٤٨ ش/ ب ٢، ١٣٥٠) کە لە ساڵەکانی ٥٢٠، ٥٢٥ ک. م، نووسراوە ئاماژەگەلێک بە «تاهیر»ی عارف و مەزاری ئەو لە هەمەدان کراوە، بەجۆرێک لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو کەسی ترا لە عارفانی گەورەی ئەو شارە واتا شێخ «بەرەکە» و شێخ «فەتحە» لە ناوەرۆکی نامەکاندا ناوی هاتووە کە هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە کە مەبەست باباتاهیری هەمەدانیی عارفە. ئەم باسە یەکەمین جار لەلایەن «پ. ئەزکایی» هاتووتە گۆڕێ [ب: هنر و مردم، ژ ١٥٢، جۆزەردان ١٣٥٤، ل ٧٦] دوایی «ع.زەڕین کووب» ئاماژەی پێ کردووە [ب. جستجو در تصوف ایران، ل ١٩٣]

عەینولقوزات بە بێ ئەوەی کە ناوی «بابا» بهێنێ دووبارەی دەکاتەوە کە: «لە بەرەکە (قدە) بیستم کە تاهیر گوتی کە خەڵک دێن و بە بۆنەی ئێمەوە ڕیش دادەنێن ئەفسووس ئاخ هەڵدەکێشن [نامەکان] یان فەتحە (ر. خ) دەڵێ: حەفتا ساڵە لە هەوڵی ئەوەدام پێوەندییەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی لەگەڵ تاهیردا دامەزرێنم، بەڵام پێم نەکراوە...» ((هەمان؛ ٢٥٨)) [نامەکان، ب, ١ ل ٥٤]

یا « ئازیزم!... ئەم نووسراوەشم لە سەر گۆڕی تاهیر نووسی لە ڕۆژی شەنبەدا و داواکارم گەردنمان ئازاد بکات... (٣٥١/١) لەسەر گڵکۆی فەتحە و هەم لەسەر گڵکۆی تاهیر، وام پێ باش بوو کە شتێکی دی بنووسم...» (٤٣٣/١). ئەوەی کە لەم نموونانە دەردەکەوێت، جیا لەوەی کە نیشاندەری هێنانەوەی مێژوویی

ڕاوەندییە لە سەر باباتاهیری هەمەدانی بە سەردەمێک (نزیک حەفتا ساڵ) پێش لە بیست ساڵی سەرەتایی سەدەی شەشەمی کۆچی مانگییە، پێوەندیی باوەڕی یا تەریقەتی عەینەلقوزات (کوژراو لە ٥٢٥ ک. م) بەدەستی مامۆستایانی خۆیەوە (فەتحە) و (بەرەکە) لەگەڵ بابا تاهیر ڕوون دەکاتەوە. بێجگە لەمە نموونەگەلێکی تر لە پێوەندیی عەینولقوزاتی هەمەدانی لەگەڵ تاهیری عارف هەیە، بەڵام خودی بوونی باباتاهیر لە ئاوەها شوێنێکی پیرۆز کە گەورەیییەکی داپۆشراوە و ناسینی ڕاستینەی حاڵی ئەو زۆر ئەستەمە.

بێ ناونیشان و مانەوەی حاڵ و بارودۆخ و ڕەوشی ناوبراو و کەسانی تر وەکو ئەو (باباجەعفەر و بابا حەمشاد) لە مێژوو و نووسراوەی سۆفیگەلی کۆن «بە دڵنیاییەوە بە هۆی نزیکی و سەر بە فیرقەیەکی شاراوە بووە» وێنەیەکی تر وەکو ئەم، بێ ناو نیشانییەی بابا، لە سەر شێخ «بەرەکە»ی هەمەدانی مامۆستا و پیری عەینەولقوزات ڕاستە. ئەم شاراوەییە و بێدەنگییە سەلمێنەری ئەوەیە کە تەریقەی باباتاهیر و «بابا» و پیرەکانی تر و شێخ بەرەکە و... لە لایەنی شێخی تەریقە سۆفییەکان جێی پەسەند نەبووە و دانیان نەناوە پێیدا.

وا دەردەکەوی کە ئەم کەسانە [بەرەکە، فەتحە] لە پێشینانی یارسان بوون [بەرەکە لە نێو یارساندا وەکو براکە ناوی لێ براوە] و دوور نییە کە پێوەندییان بە قرمتی و ئیسماعیلییەکانەوە بووبێ. و هەر ئەم پێوەندییە بووبی بە هۆی فەتوای کوشتنی عەینەلقوزات لەلایەن موفتیی ئەهلی شەریعەتەوە لەم دوایانەدا کۆڵەران هۆکاری کوشتنی قازی هەمەدان و هەروەها خراپە بێژی و بەدناوکردنی پیر و موریدانی ئەو، واتا شێخ ئەحمەدی غەزالی و کەسانی وەکو ئەو لە پێوەندی لەگەڵ فیرقەیەکی نەناسراو زانیوە. [ب. جستجو در تصوف، ل (١٨٩-١٩٣- ١٩٩)] وا دیارە هەر بەم هۆیەوەیە لە ئەو سەرچاوە کۆنانەی کە ئێستا لە بەردەستدان و بابەتەکانیان باسی بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی سەدەی پێنجەمی هەمەدان دەکەن زانیارییەکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەو کەسانەی کە «تاهیر»یان ناو بووە، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ناسینی شوناس و کەسایەتیی بابا تاهیر نادەن بە دەستەوە. جاروبار لەناو ژیننامەی سۆفییەکاندا باسی ئەم جۆرە پیرانە و ئەوانەی سەر بە فیرقەیەکی نەناسراو بوون وەکو «مەستووران» (= پۆشراوان) کراوە. هەرچەند کە لە سەدەی هەشتەمی (ک. م) مەزاری بابا تاهیر «دێوانە»ی هەمەدانی پیرۆز بووە.

[«تاریخ گـزیده، ل ٦٧٧ نزهة القلوب، ل ٧١»]، لەوانەیە تەنیـا بە هۆی کـاریگەری نامیلکەی عەینەلقـوزات هەمەدانی، ناوی تاهیـر لە ئەدەبی زارەکی سـۆفـیـزم بڵاو بووبێـتـەوە، لێرەوەیە کـە بە تایبـەت لە سـەدەی نۆیەم بە بڵاو بوونەوەی وتـارەکانی حرووفیان و یارسـان، ئەو ناوی عـارف و قدوە العارفینی گرتبێت [«در جسـتجوی تصوف» ل ١٨٩] ـ [بابا طاهرنامە، ١٢٧ـ ١٢٩]

بە بوونی ئاوەها یار و بـانگەشەکارانێ، موبارەکشـای عەلەوی؛ حسـێنی کوڕی مەسعوودی کوردی (شا خوەشین) بنیاتنەری بزاڤی عەلەوییەکان لە ڕۆئاوای ئێران و پێدەشتەکانی زاگرۆس، توانیی کە شـوێنکەوتوانی بە ڕێفۆرم لە باوەڕ و بیری و ئەندیشـەکانی پێشـوو و کـارتێکەریـی خـۆی کە لـە خـۆیندن لە بەغدا و هەمـەدان لە ئەنجـامی ئاڵوگـۆڕی ڕاو بیـری فـەیلەسـووفـانی یۆنانی و... پـێ گەیشـتـبـوو و بە بنەمـاگرتنی دوو ئـەسڵ: ویلایەتی عـەلی و دەرکـەوتنـی ڕزگـارکـەر بـەرەو لای خـۆی ڕابکێشـێ و بزاڤێکی بەربڵاو بە کەڵکوەرگرتن لە ڕەوشـی ئـاشتیخـوازانە و خەباتی کولتووری کە لە قـۆناغەگەلێکدا ڕێبـازی جووڵانەوەی سـەربـازیی لە سـەرۆکەکـان و نەوەکــانـی داهـاتووی ئەو بزاڤــە دروسـت کــرد، پێک بێـنێت و شــوێنکـەوتووان و باوەڕمەندانی لە دروشم و ناو، هێمای بزاڤ و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی داو و نەریت و بۆنە تایبـەتەکان وەکو کۆبوونەوە و نیاز و ژەنـینی مۆسـیقـا و... ڕاهێنـانی بنەمـا فیکری و فەلسـەفییەکانی بزاڤ لە هەموو سنووری بانگەشەی بۆ کردنی، وەک یەک و یەکپارچە بکات و بەم کارە دیوارێکی گەورە و لەمپـەرێکی مەزن لە بەرانبەری بیر و ئەندیشـەی سـیـاسـی، فکری و باوەڕی خـەلیـفـەکـانی عـەبباسـی سـازدا. کـە لە ماوەیەکی نزیک بە یەک هـەزار سـاڵ و شـێوەگەلی جۆراوجۆر لە دژی دزەی فـیکری بێگانە بۆ ناوەندی ئێران راوەسـتاون کـە ڕەوتی گـۆڕان و کـامـڵبوون و بـەرهـەڵسـتی سـیـاسـی و لـەشکری و هـزریی ئـەم بزاڤـە زینـدوو و جـاویدانە بـەسـەرهـەڵدان و سەرکردایەتیـی: سـەید ئیبراهیـم (باباناوس) و سـەید محەمەد (پیـرخزری شاهۆ)ی بەردەوام دەکەین.

## سەردەمی سەید ئیبراهیمی عەلەوی (باباناوس)

بەپێی گێڕانەوەی کتێب و کەلامەکانی یارساندا، موبارەکشا عەلەوی (شاخۆشین) وێڕای ئاماژە بەهەندێ نیشانە، هەواڵی دەرکەوتنی سەید ئیبراهیمی لەپاش خۆی بۆ سەرۆکایەتیی سیاسی و مەزهەبی بزاڤەکە و شوێنکەوتوانی دابوو، کە هەر بەو جۆرەی کە بەڵێن درابوو، لایەنگرانی لە دەوری بانگەشەکارێکی تر کۆبوونەوە و بوون بە شوێنکەوتووی. چونکە باوەڕو متمانە بە ڕێنوێنییەکانی موبارەکشا و ئەو کەسایەتییەی کە لەناو شوێنکەوتووانی بەدەستی هێنابوو و پێگەیەک کە لە بیروباوەڕەکانیاندا هەیبوو، شۆێنکەوتووانی لە دووبەرەکی و پێوەستبوون بە ئەغیار و ڕۆیشتنەوە سەر باوەڕەکانی پێشوویان دەپاراست.

موبارەکشای عەلەوی لە مەکتەبی فیکری و فەلسەفی بۆ پیرۆزییەکان و (توتێم) گەل و ئوسوولی ئاینی باوەڕمەندان و گرنگیدان بە شوێنە پیرۆزەکانی ئەوان، جێی خۆی کردووەتەوە و لە پێکهات و روخسارێکی نوێدا بەجێ ئەو شتە ناپێویست و زیادانە کە دەبوونە هۆی دووبەرەکی و لێکترازانی ریزەکانیان، بیروڕاگەلێکی چاک و باشتری دانابوو و کاریگەریی باوەڕ بە ئەسڵی ویلایەتیماڵباتی عەلەوی و دەرکەوتنی ڕزگاریکەر لە چوارچێوەی ڕێباز نوێیەکەیاندا دیتبوو، کەوابوو بە باوەڕی تەواو بە مەکتەبی فیکری و فەلسەفی بزاڤەکە، یەکدەست و یەکدەنگ بە شوێن دۆزینەوەی جێگرێکەوە بوون سەرۆکایەتی، کە پەیامی دەرکەوتنی سەید ئیبراهیم عەلەوی (باباناوس) یان وەرگرت و لە هەموو لایەکی قەڵەمڕەوی بانگەوازی موبارەکشاوە پەیمانی وەفاداریی خۆیان پێی ڕاگەیاند.

سیستەمی بەڕێوەبەریی سیاسی- مەزهەبیی موبارەکشای عەلەوی لە ڕووی قەزایی و بەڕێوەبەری و لەشکرییەوە گوێڕایەڵ و لەژێر فەرمانی بنکەی ناوەندی بزاڤەکە، واتا هەورامان بنکەی تایبەتی موبارەکشادا بوو و وادیارە کە شوێنکەوتوانی لە ناوچەگەلی بەرفراوانی ژێر دەسەڵاتیاندا، واتا هەورامان، شارەزوور و کوردستان لە پاڵدانی خەرایج و باج و پەیرەوی لە حکوومەتی

ناوەندیدا گـۆڕایەڵی بڕیاری قـەزایی و بەڕێوەبەری و کـۆمـەڵایەتی بزاڤـەکـەش بوو‌بێتن، چونکە لە جێبەجێکردنی کاروبار و پێڕاگەیشتن بە ژیانی دانیشـتووان باری سـەرشـانـی لە دەزگـای سـەڵتـەنەتیـان کـەم دەکـردەوە، ڕەوتی بەڕێوەبردنی وڵاتانی دەس نەکەوتوویش بۆ کارگێڕان ئاسـانتر دەبوو، کەوابوو نەوەد و نۆ پیر کە پەروەردەکـراو و ڕێڕەوی ئاینی مـەکتـەبی مـوبـارەکشـای عـەلەوی بوون و ژمـارە و پەروەردەیان بـەو جۆرەی کـە وتراوە لە پـیرشـالیـاری یەکـەمـە کە لـە لایەن ئەوەوە بنیـات نراوە و ئەم پلانە سیـاسی، مـەزهـەبیـە لە نیشـانەکانی پێگەیشـتوویی پیـر شالیارە کە وەکو بانگەشـەکار بە قەڵەمڕەوی بزاڤەکە بڵاو دەبوونەوە، نەوەدو نۆ پیر کـە مــەزاریان لە زۆرێک لـە شـوێنەکـانی کـوردسـتـان و لوڕسـتـان و هـەمـەدان و ئازەربایـجـان و... بەدی دەکرێ، دانیـشـتـوان وەکـو شـوێنی پێـروز و جـێگیـری عـەلەوییـەکان دەس بە داوێنیـان دەبن و ڕێز بۆ گومبـەز و مـەزارەکانیـان دادەنێن. ئەوان لـە شـوێنی بەڕێوەبردنی ئەرکـەکـانیـاندا جگە لە ئـەرکی پەروەردەکـردن و بانگەشە و فێرکردنی بنەماڵەکانی سەر بە بزاڤ لە باوەڕداران خۆیان بە کارگەلی قـەزایی و شــەرعی و دینـی ئەوانەوە خــەریک دەکـرد و تەواو ســەربەست بـوون لە ڕاییکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسی و مەزهەبی دانیشتواندا.

بەداخەوە لەمـەڕ شـێواندنی مێژووی ناوچەکە بە تایبـەت پێشـینەی نووسـراوی کوردسـتان، زێد و سەرچاوەی ئەم بزاڤە، وێڕای ئەم سیـستمـە ئیداری، سیـاسی و مـەزهـەبییـەی، تەنیـا بارێکی سـۆفیگەریی و ئـاینی دراوە کـە لـە بەشـی چۆنیـەتیی حـوکم و حکوومـەتی ئەردەڵانەکـان لە کوردسـتـاندا لە ناخی بـزاڤی عـەلەوییـەکان، ســـەری هـەڵێنـاوە [لە درێژەی ئەم کــتــێــبــە] لە ســـەری بـاس دەکــرێت و وەرگـەڕاندنـەوەکـان ڕوون ئـەکـرێتـەوە. بوونی تـەریقـەتە گـەورە و بـەهێـزەکـانی سـۆفیگەریی ئیـسلامی، وەکو قـادریە و... لە سـەردەمی سـەید ئیبراهیـمی عـەلەوی (سەدەی پێنجـەم) و نەقشبـەندی لە سەدەکانی دوایی کە بـەرهەمگەلێکی نووسراوە و ڕێنوێنیـگەلێکی بەرچاو بوون، ڕوخسـاری عـەلەوییـەکانی یـارسـان لەژێر پەردەی تەمـومژاویدا دەشـارێتـەوە و لە نـووسـراوەکـاندا بەجۆرێکی دی پیشـانی دەدا، بە تایبـەت تـەریقـەتی نەقـشـبـەندی کـە لە ســەردەمی (تـەیموریان)دا دەرکـەوت و پشتیوانییەکی زۆری سیاسی و مەزهەبی لە دەڤەری خوارسانی گەورە لێ دەکرا و سەردەمی تەیمورییەکان کە خـەباتی سیاسی و لەشکریی عەلەوییـەکانی یـارسان

لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بوو، چالاکییە سیاسی و مەزهەبییەکانیان تۆمار نەکراون لە بیرچوونەتەوە. کە لەم کتێبەدا بە دەرسوەرگرتن لە مەیدانی بەرفراوانی مێژووی ئێران، ڕووناکی دەخەینە سەر ژیانی مێژوویی ئەم پارێزەرانەی ئێران و فیدائیانی ویلایەتی عەلی.

هەروەک لەم کتێبەدا دەبینین لە ئەنجامدا سیلسیلە سەرەکییەکانی ساداتی عەلەوی، لە چەرخەکانی دواییدا بە بەرزبوونەوەی ئاستی بانگەشە و ڕێوشوێنی نەقشبەندییەکان لە کوردستاندا بەشداری ئەو تەریقەتە بوون. بە جۆرێک هەنووکە لە ناوچەی دەسەلات و قەڵەمڕەوی مەکتەبی عەلەوییەکاندا (یارسان) بە تایبەت لە کوردستانی ئێران و هەروەها لە زێد و شوێنی پێگەیشتنی ئەم باوەڕە فیکرییە کە دەڤەری هەورامان بووە بێجگە چەند نموونەیەکی بچووک شوێنەوار لە شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە دەست ناکەوێت، بەڵام کولتووری دەوڵەمەند و بەهێزەکەی پارێزراوە.

لە مەڕ ڕێبەرایەتی و هەقیازی سەید ئیبراهیمی عەلەوی «بابا ناوس» مامۆستای پایەبەرز، مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس لە لێکۆڵینەوە لە سەر سیلسیلە بە جێماوەکانی ئەو حەزرەتە دەنووسێ:

ساداتی سەرگەتی کوردستان کە بلیمەتانی زانستی ئەوان لە ١٢٥٠ ک. م لە سەرگەتی ناوچەی خورماڵی کوردستان، کەم نەبوون و لە سەردەمی دەرکەوتنی مەولانا خالید بەشداری ڕێبازی نەقشبەندیی بوون، کە ئەم بنەماڵەیە لە نەوەکانی عارفی گەورە بە ناوی سەید ئیبراهیم بوون کە بە «باباناوس» ناوبانگی دەرکردووە.

باباناوس لە سەدەی پێنجەمی ک. م ژیاوە، لە سەردەمی سەید مستەفا (عەریزی) ناسراو بە پیرشالیار، پیری هەورامی و نزیکی و دۆستایەتیی لەگەڵیدا بووە. سەید مستەفا لە خەلیفەکانی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە حەزرەتی گەیلانی وتوویە: (برام مستەفا پیاوێکی ساڵحە) و لە سەرزارانە کە دەڵێن بە ڕەوشت نەوەدو نۆ پیری پێ گەیاندووە و گەیاندوویانییە پایەیەکی بەرز کە هەرکامیان موریدگەلێکی زانا و لێهاتووی زۆریان گەیاندووە بەپایەی ئەهلی دڵ.

باباناوس لە دۆست و برایانی تەریقەتی، قازی بەنی و شێخ عەلی خان بووە،

قازی بەنی لەگوندی شیوی قازی لە ناوچەی قەرەداخ ژیاوە و شێخ عەلی خان لە گوندێکی بە ناوی خۆی (شیلە خان) کە کورتکراوەی شێخ عەلییە و لە هەرێمی سووورداشی سلێمانی دانیشتووە.

[و هەروەها بەردەوام دەبێ].

دۆستێکی کۆڵەر، چەند نامەیەک کە غەزەلیاتێک لە نووسراوەکانی باباناوس و قازی، بە نێو شێخ عەلیخان بۆیان ناردووە کە بە شێوازی هەورامی ئەو سەردەمە (سەدەی پێنجی ک. م) نووسرا بوو و مێژووەکەی بۆ (٤٧٥ ک. م) دەگەڕێتەوە کە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ سالآنی ژیانی باباناوس و لە ساڵی ١٤٠٠ لە مانگی زیقعدە لە لایەن شێخ خالید کوڕی شێخ عابید خەڵکی گوندی (کال) سەر بە مەریوان کە سەربە ساداتی سەرگەتن، شەجەرەنامەی ساداتی سەرگەت گەیشتە دەستم کە لە لایەن زۆربەی لە مەزنانی سادات و عالیمانی ئاینی کوردستانەوە وەکو شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی و شێخ نەجمەدین و مەولانا مەلا عەبدولقادر مودەڕیسی بیارە و سەید موحسینی کوڕی سەید عەلیی بەرزنجی دۆڵ پەموو و سەید عەبدولسەمەدی بەرزنجی و... کە هەموویان خەڵکی سقەن، مۆر کراوە و لە سەری نووسراوە و ئەم عالیمە پایەبەرزانە تا لە سەر بابەتێکی ئاوەها گرینگ و هەستیار بگەینە یەقین و دڵنیایی و بە پێی بەڵگەی سەلمێندراو و شوهوودی دەروونی نەبێت. قەت دانی پێدا نانێن. ڕیزی شەجەرەنامەی ساداتی سەرگەت (نەوە کانی باباناوس) دوای بسم الله و سلاو و ستایشی گیانی پاکی حەزرەتی ڕەسوول (د. خ) و... بەم جۆرەیە:

السید المحقق المدقق السالك الناسك العالم بالعلوم العقلية والنقلية: السيد عثمان بن السيد خالد، ابن السيد حيدر، ابن السيد محمد الحسيني، ابن السيد علي، ابن السيد احمد، ابن السيد ابا ويس، ابن السيد يحيى، ابن السيد امير الشيخ، ابن السيد نبي، ابن السيد اباويس، ابن السيد ابراهيم، ابن السيد عيسى، ابن السيد يوسف، ابن السيد عبدالله ملقب به بابا غيب الله المدفون في قرية سرگت، ابن السيد سليمان، ابن السيد بابا، ابن السيد محمود، ابن السيد صلاح الدين، ابن السيد مقصود، ابن السيد ابراهيم، ابن

السيد سعيد، ابن السيد داود، ابن السيد محمود، ابن السيد محمد، ابن السيد داود، ابن السيد سرهنگ، ابن السيد سعد، ابن السيد محمد، ابن الامام جعفر الصادق(ع)، ابن الامام محمد الباقر، ابن الامام زين العابدين، ابن الامام حسين، ابن الامام علي ابن ابي طالب [بنەماڵەی زانیاران، ل ٣٨٨]

هەروەها رێبەرانی ئەم سیلسیلەیە لە سەردەمی ڕێنوێنی. سیراجەدین عوسمانی نەقشبەندی (١١٩٥ـ ١٢٨٣ ک. م) لە هەورامان و کوردستان و... سەرسپێریی خۆیان پێی ڕاگەیاند و شێخ عەلی و شێخ عەبدولکەریم و کوڕی سەید عوسمان کە لە خەلیفەکانی شێخ سیراجەدین نەقشبەندی بوون و وەکو زاوای پیر هەرکامیان کچێکی ئەویان کرد بە هاوسەری خۆیان و خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵە نەقشبەندیی هەوراماندا کرد کە لە سەر ئەم پێوەندییە فیکری و تەریقەتی و خزمایەتی و ژنخوازییە بنەماڵەییە کە لە ڕەوتی دەرکەوتنی نەقشبەندییەکانی کوردستان لەگەڵ سیلسیلەی ساداتی قائیدی عەلەوییەکانی یارسان، دووبارە بوونەتەوە، بە هەرکامەیان لە جێی خۆیدا ئاماژە ئەکرێت.

## سەردەمی سەید محەمد زاهیدی عەلەوی (پیرخزری شاهۆ)

سەردەمی پێشەوایی و سەرۆکایەتیی سەید محەمەد زاهید ناسراو بە (پیر خزری شاهۆ) کە لە ڕێبەرانی مەزنی پێشووی یارسانە، و نمانای هەبوونی ئەو لە دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی لە کەسایەتیی (بنیامین) پیرخزری دووەم دەبینین. لە هەڵگەڕاندنەوە و پاکانەکانی مێژوویی بەرهەمە نووسراوەکانی کوردستان وەکو موریدی شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی نووسیوە (٦٣٢ ک. م) و دەوترێ کە لە ٦٢٠ ک. م واتا نزیکەی هەشتسەد ساڵ پێش ئیستا هاتووەتە کوردستان، بەڵام بە پێی ئەو شتانەی کە لە بەردەستدان و ئەوە دەسەلمێنن کە سەرۆکایەتیی ئەو بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان و ماوەیەک پاش ئەوان هەڵدەگەڕێتەوە. سەید محەمەد زاهید لە ساداتی ڕەزەویی خوراسانە کە دوور نییە یەکێک لە نەوەکانی ناو واتا سەید مەحموود سەبزەواری کە زۆرێک لە شەجەرە نامەنووسانی کوردستان ناویان نەهێناوە، لە کەسایەتییە نهێنییەکانی جووڵانەوەی سەربەداران بوبێت کە شایەنی لێکۆڵینەوە و تێڕامانە، سەید محەمەد زاهید، لە خوراسانەوە بەرەو ڕۆئاوای ئێران هاتووە: کۆچی ناوبراو هاوکات بووە لەگەڵ چەرمەسەرێ و ئازاری عەولەوییان، لەلایەن حاکمانی سەلجووقییەوە کە زۆرێکیان بە تایبەت ئیسماعیلییەکانیان نەیشابوور لە سەردەمی حکوومەتی برکیارق سەلجووقی (٤٩٨ ـ ٤٧٨ ک. م) کۆمەڵکوژ کران و دوا بە دوای ئەوە لە سەردەمی حوکمڕانیی سوڵتان محەمەدی سەلجووقی (٥١٤ ـ ٤٩٨ ک. م) هەموو هەوڵ و توانای حکوومەت بۆ لە ناوبردنی عەلەوییەکان بووە، و کاردانەوەی حاکمانی دواییش بووە بە هۆی گۆشەگیریی بزاڤی فیکری، مەزهەبی و سیاسیی عەلەوییەکان بەگشتی. [ب. دین ومذهب در عصر صفویه، ل ١٤] لەم کاتەدا بوو کە سەید محەمەد زاهید ڕووی کردە پێدەشتەکانی زاگرۆس و ئەمەش دەری دەخات کە پێوەندیی دوو بزاڤی عەلەوی، ئیسماعیلی و یارسان و کارتێکردنەکانی هەردوو لا لە سەریەک، لە ڕووی فیکری و فەلسەفییەوە لەم سەردەمەوە دەستی پێ

کردووە. سەید محەمەد لە کۆچی سیاسی ـ مەزهەبیی خۆی، ڕەنگە بە بڕوای خاوەنی «راحة الصدور»، لە هەمەداندا هێمایەکی بەجێ هێشت (؟) و بەشێوەی بانگخوازانی ئیسماعیلی لە سەر زاڵبوونی لە سەر ناوچەی کوردستان، هەورامان و شارەزوور و... لە نووسراوەکاندا بە شێوەیەک باس کراوە کە ئەم شێوە جێگۆڕکێیەی دەسەڵات و حکوومەت، ناچنە عەقڵەوە. چونکە لە دەقی شەجەرەنامەیەکدا کە لە دەستی نەوەکانی ساداتی پیرخزرە و ئەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس وتوویە کە دەسەڵات لە لایەن حاکمی ئەوکاتەی ناوچەکەوە دراوە ناوبراو، کە هێناویانە... شیخ المشایخ الزمان قطب دائرة الدوران، غوص الامن والامان، الولي الكامل المكمل الواصل المجاهد، السيد محمد زاهد وقطب الارشاد المعنوي، المعروف ببير خضر شاهوئي. قدس سره افيض بره! ووجه تسميته على ما قاله العالم الرباني والاعلم الصمداني، مقبول المستعف والمنصف، المولى ابي بكر المصنف هو: ان الامير مقرب الدين امير زمانه، فاوقد نارا عظيمة لتجربته وامتحانه، فأمر بايقادها بحيى تحرق كل من يدانيها، والقاء السيد محمد زاهد فيها. فلما كملت حية وراية الجليلة كمالا تماما، صارت النار في حقه برداً و سلاماً، فتحيرت اركان دولته و قالوا له بفارسية:

«پادشات بینی کە چە کەسایەتییەکی گەورەیە؟!» فقال بها: «من پاشا نیم، شا ئەوە» فمن ذلك الوقت لقب بـ(پیر خزر شاهۆ) وايضاً الجبل الموسوم بـ(شاهو) كان اسمه في الاصل (گنجويه) فلما اتخذه السيد المذكور محلا لنفسه و سكنا ليومه و غدة وامسة، سمي بـ(شاهو) تسمية للمحل باسم الحال، كما هو دأب اهل اللسان و الكمال.

حسن الگوراني الشاهويي الكردي ناسراو بە (مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕی) کە لەم شەجەرەنامەیەدا ئاماژی بۆکراوە لە زمانی ئەوەوە وتراوە: خۆی لە نەوەی بەناوبانگی پیرخزری شاهۆیە و لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سراج الطريق) ئەم گۆڕانەی دەسەڵات لە زمانی خەڵکی ئەوێ دەگێڕێتەوە و دەنووسێ؛ بە جۆرێک کە لە کتێبی جامع الكرامات هێناویە: (سەید محەمەد کە لە بنەماڵەی عەلی کوڕی مووسای ڕەزا و لەم سەردەمە ناسراوە بە پیرخزری شاهۆ و ئەو کاتەی کە لە مەککەوە هاتووە بۆ گەنجوویە کە ئێستا بە پیرخزری شاهۆ دەناسرێت و ڕۆیشت بۆ قەتلوود ئاباد کە هەنووکە پیرخزرانی پێ دەڵێن: لەوێ چەند ڕۆژێک مایەوە و

نیشانەگەلێکی سەیر و سەمەرەی لێ کەوتەوە و کەرامەتێکی زۆری لێ دەرکەوت. ئەم هەواڵە بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە. هەموو شوێنەکان ڕۆیشت کاتێک هەواڵەکە گەیشتە ئەمیر موقەڕیبەدین کە ئەمیری گەنجوویە بوو و لە پاوە دادەنیشت. چەند کەسێکی نارد بۆ ئەوەی ئەو کەسە بێنن کە کەراماتێکی وا دەنوێنێ، بزانین کەراماتە یان شتێکی تر و ئیتر هاتن و ئەویان برد و لە بەرانبەر ئەمیر موقەڕیبەدین دایان نا، ئەمیر چەند پرسیارێکی لێ کرد و ئەو وڵامی دایەوە، قازی ئەو دەمە کە ئەبونەجیبەدین بووە، ئیرەیی پێ برد و گوتی: (ئەی ئەمیر! دەروێشگەل بە شتی نا ئاسایی تاقی دەکەنەوە، بەڵام تۆ، ئەو لە بە بابەتی زانستی تاقی دەکەیتەوە. ئەمیر گوتی: (چی بکەین)؟ قازی لە وڵامدا گوتی: ئاگرێکی گەورە ساز دەکەین و دەیخەینە ناوی: گەر نەسووتا هەموومان دەبینە موریدی و گەر سووتاش هەرایەکمان لە کۆڵی خۆمان کردووەتەوە). ئەمیر ڕاپەڕاندنی ئەم کارەی بەناوبراو سپارد.

قازی فەرمانی دەرکرد دووسەد خەروار پووشکە کۆ بکەنەوە و ئاگردانێک تەیار بکەن و سەید محەمەد و سێ موریدەکەی بخەنە نێویەوە. پووشکەکەیان کۆ کردەوە و ئاگریان تێ بەردا و سەید محەمەدیان لەگەڵ سێ موریدەکەی خستە ناوی و ئاگر وەکو ئاوری نەمروود گڕی دەستاند و گەورەتر دەبوو، سێ ڕۆژ گوزەرا. دوای ئەوە ئەمیر گوتی: چەند کەس بڕۆن تا بزانن ئەو چەند کەسە چییان بە سەرهاتووە. کاتێک گەیشتنە نزیکی پووشکە، بینییان کە ئاگرەکە بووەتە نوورێکی گەورە. وتیان (سبحان الله. سەیرکەن ئاگرەکە چۆن بووەتە نوور). لەو کاتەوە پووشکەی کۆ کراوە بە پووشکەی نوور ناو دەبەن. کاتێک کە نزیکتر بوونەوە سەید محەمەدیان بینی کە لەگەڵ موریدەکانی خەریکی نوێژ و نزا بوون. گوتیان (پادشا ئەوە، نەک ئەمیر موقەڕیبەدین). بەم هۆیەوە ناوی گەنجوویە بوو بە شاهۆ و کاتێک گەیشتنە لایان دیتیان کە لە ئەو جێیەدا کانیاوێک دەرکەوتووە و سەوزاییەکی جوان بەدەوریدا دروست، دەست و پێی سەید محەمەدیان ماچ کرد و گوتیان (سبحان الله، ئەمە نیشانەکانی خزرە کە لە تۆوە دەرکەوتوون). لەم ڕووەوە سەید محەمەد بە پیرخزر ناوبانگی دەرکردووە. بەم جۆرە هەواڵ گەیشتە ئەمیر و بە هەموو لەشکرەکەیەوە هات بۆ ئەوێ و ڕێزێکی زۆری لێیان گرت و قەتلووئاوا [پیرخزران لە دەوروبەری کوردستان]ی بۆ ئەو و نەوەکانی وەقف کرد کە چوار دەورەکەی برێتین

لە: یەکەم قەبری فیرووز، دووەم بەردەی چوکین، سێیەم سەردەرەی بیداد و چوارەم بازووی شورتە. [سراج الطریق، نسخە خطی، ل ٩٨ـ ٩٩]

گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە عیرفانی و بەدەر لە عادەت و نائاساییانەی سۆفییانە کە نموونەی لە بەرهەمی بەجێماوی وێژەی فارسی لەو سەردەمە، کەم نین، لە سەر ئەولیای موجاهیدی لەم چەشنە، زۆر باس کراوە. و دەتوانرێ ئاماژە بە بەرهەمگەلێک وەکو: مقامات شیخ ابو سعید، تذکرة الاولیاء عطار نیشابوري، مقامات ژندە پیل، نفحات الانس جامی و... بکرێت. بەڵام لە سەرەتادا، لایەنی سەرنجڕاکێش لەم چیرۆکەدا، شێوەی تاقیکردنەوەی حەزرەتی سەید محەمەد و زاهید (پیر خزرە) کە لە داستانی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل (د. خ) دەچێ، وەک چۆن قورئان باسی کردووە کە وەحی نێردراوە و لە یاسای کوردان و بە تایبەت تۆژەرانی دواتر، ئیبراهیم و زەردەشت بە یەک کەس دەزانن و نیشاندەری داستانی سیاوەشی شانامەیە.

بابەتی تر لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو، سێ کەسی تر هەن کە نێویان نەبراوە و بە حەزرەتەوە دەبنە چوار کەس و ئەمەش نیشانەی دووەمە بۆ بوونی چوارمەلیک و لایەنێکی تر لە باوەڕی یارسانە و شتێکە باباتەکانی تر سەرنجڕاکێشترە بڕوا هێنانی خەڵک و حکوومەتی ئەو کات و شوێنەیە بە نیشاندانی کەرامەتێک لە لایەن حەزرەتی پیرخزر و دەبێ بڵێت کە ڕەوایەتی ئەم کارەی بەدەر لە عادەتە عیرفانی، سیاسی و مەزهەبییە و ڕۆح و ڕەوایەتیی ئاینە کە ڕاستییە.

بە لێکدانەوە و تاوتوێ چاخی دەرکەوتنی حەرزەتی سەید محەمەد زاهد (پیرخزر شاهۆی) لە ڕەوتی گۆڕانی بزاڤی هزری، مەزهەبی سیاسی یارساندا، ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ ڕوون دەبنەوە.

١ـ پێوەندیی ڕاستەوخۆی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆس لەگەڵ جووڵانەوە فیکری و مەزهەبییەکان خوراسانی گەورە تا کۆتایی دەرکەوتنی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق بەردەوام بووە.

٢ـ سەردەمی تێکەڵبوونی ئەندیشەی عەلەوییە تونڕەوەکان لەگەڵ یەکتری بە تایبەت ئیسماعیلییە و یارسان.

٣ـ گـواسـتنەوەی فـەرمـیی دەسـەڵاتی سـیـاسی و لەشکری لە ناوچەکـەدا بۆ پێشەوایانی بزاڤی یارسان.

ئەم سـەرۆکایەتییە سیاسی و لەشکری و مـەزهەبییە لە ناو بە شـوێنکەوتووان و نەوەکانی سەید محەمەد زاهید (پیر خزر شاهۆ)دا تا چەند سەدە دواتریش ئەو لە ناوچەی کوردستان و کرماشانات و شارەزوور و... هەر بەو شێوە بەردەوام بوو و شـوێنکەوتووانی ئەم زنجیرە فەرمانرەواییـە بۆ یاسای ئیلی و عەشیرەتی ملیان دانەواند و بۆ سـپـاردنی دەسـەڵات بڕیاردان لەسـەر مـاڵ و مـوڵک و سـازدانی ئابوورییەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بۆ نەوەکانی پیرخزر، باسی دەسەڵاتی ئەوان لە پانتـاییـیـەکی بەرفـراواندا دەکـرێ و کـەم کـەم نەوەکـانیـان، وازیان لە ئاینی و مەزهەبی هێنا و بوون بە خان و بەگزادە.

[بـ: ایلات و طوایف کـرمـانشـان. ب ٢/١، ٢/٢، مـحـمـد علي سلطاني] و کەمایەتییەک هـەر بەو مۆرکە مەزهەبییەی خۆیانەوە مانەوە کە لە ماوەی سێسەد و پەنجـا سـاڵەی دواییـدا بەپێی گـۆڕانکاریگەلێکی سـیـاسی و مـەزهـەبی کـە لە کـوردسـتـانی ئەردەڵان ڕوویاندا، بە تەواوەتی بوونە پەیڕەوی مـەزهەبی حـەزرەتی ئیمـام شـافیعیی موتەلیبی و سـەر بە دوو تەریقەتی قادرییە و نەقشبـەندییە کە گـەورەکـانیـان زۆر سـەربە تەریقـەی نەقـشـبـەندی و خـەڵکی ئاسـایی پەیڕەوی قادرییەن.

لە نەوەکانی حـەزرەتی سەید محەمەد زاهید (پیر خزر شاهۆی)، کەسایەتیی تر هـەر بەم نـاوە هەبـووە (پیـرخـزری دووەم) کـە نـاوبانـگێکی زۆرتری لەوانی تر دەرکردووە.

بەردەوامـیی سـیـسـتـەمی ئابووری و سـیـاسی و مـەزهەبیی ئەم چەرخـە بە دەرکەوتنی حـەزرەتی سوڵتان سـەید ئیسحـاقی بەرزنجی بە تەواوی گۆڕدرا و دوور نییـە هۆگرایەتیی زۆرێک لە پەیڕەوان و نەوەکـانی بنەماڵەکانی پیرخزری بەرەو لای لایەنەکانی بەرانبـەر، بە هـۆی دژایەتیی حـەزرەتی سـوڵتـان سـەید ئیسحـاق لەگەڵ ئەشـرافیـەت و سـەرۆکایەتیی تەواو بووبێت کە ڕێفـۆرمی ئابووریشی لەگەڵدا بوو. هەروەها کارەکانی میرانی ئەردەڵان بە پشتیوانیی سوڵتانەکانی ئیپمراتۆرییەتی عوسـمـانی سـەرباری دەردان بووبێت. لێـرەدا ڕوونکردنەوەی دووبارەی ئەوەی کە

میرانی ئەردەڵان لە نێو بزاڤی عەلەوییەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە و گەیشتوونەتە حکوومەت و سەربەخۆیی، پێویستە کە دوای ئەوەی کە گەیشتنە دەسەڵات بە هەموو هێزەوە بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردن و تێکشکاندنی ئەم بزاڤە لەو سۆنگەیەوە باس کرا، هەوڵیاندا و سەرکەوتوو بوون لە بەهێزکردن و بەرهێزکردن و بانگەوازی ئیسلام و مەزهەبی سوننەت و جەماعەت لە کوردستانی ئەردەڵان کە لە شوێنی خۆیدا دێتە سەری. لێرەدا شەجەرەی پیرۆز و موبارەکی حەزرەتی سەید محەمەد زاهید عەلەویی ڕەزەوی (پیر خزر شاهۆیی) کە لە بەڵگە و سەرچاوە باوەڕپێکراوی چاپ و دەستنووسەکانی کوردستاندا زۆر جار ئاماژەی پێ کراوە: دەهێنین کە پێوەندیی بەردەوامی بزاڤی باسکراو لەگەڵ سیلسیلەی سیادەتی عەلەوی، ڕوونتر باس کرابێت:

و سيد محمد زاهد جناب بير خضر خلف المرحوم المسعود: السيد محمود، صانه عن الحساب الملك المعبود. ولد المطهر المظفر السيد جعفر، غفره الله العلي الاكبر. ولد من ارتفع عنه حجاب البين: السيد حسين، عفا عنه رب العالمين. ولد المرحوم المسعود السيد محمود، حفظه يوم الجزاء الملك المعبود! خلف مشمول نعم الله: السيد رحمت الله، رحمة الله! ولد المتصف المصابرة علي موجب الاسى: السيد موسى، حفظه يوم الجزاء عما اسا. خلف رافع حجاب البين! السيد حسين. عفا عنه بعز جده منور المشرقين. ولد الخلي عن العلل السيد بدل. المتصف بالعز المتمادي، المشهور بالعادل الهادي. عفا عنه الهادي. خلف المرحوم ذي اللطيفة، المشهور بالخليفة: السيد خلف، حشره في زمرة السلف، ولد مطلع الافضال. السيد منذر المعروف بالمنهال، عفاعنه ذو الجلال والجمال. ولد شمس فلك اليقين السيد ماجد الدين، رحمة رب العالمين، ولد سالك مسالك الدين القويم. السيد عبدالرحيم، رحمه الرب العظيم، خلف مدرس مدرسة التقديس: السيد ادريس حفظه رب المرؤس و الرئيس. والد المزكي المطهر السيد جعفر. رحمة الله عليه، وايابه مما لديه، ولد من هو على مدارج حق اليقين مرتقي، الامام الهمام الامام علي النقي، خلف الامام التام الوفي الوقي الامام محمد التقي، خلف المتصف بمقام الرضا و الارتضاء الامام علي موسى الرضا.

ولد من عجز عن مناقبة الناير والناظم الإمام موسى الكاظم. خلف من هو بالحق ناطق، الإمام جعفر صادق. خلف ذي العرفان الوافر والمجد المتكاثر، الامام محمد الباقر، ولد من هو ملجاء الاسلام والدين، و منبع العرفان واليقين. الإمام الهمام زين العابدين. ولد فلصة كبد نور المشرقين و المغربين وقرة عين سيد اليقلين كاشف الغطا بنور القلب عن البين، البسط النجيب الحسيب السعيد الخائف عن يوم الوعيد. مع ما حواه من النور المزيد. الامام حسين الشهيد من طلب امير المؤمنين و امام المتقين اسد الله الغالب علي ابن ابي طالب و ترائب سيدة نساء العالمين، حائزة اعلى درجات القبول (فاطمة الزهراء البتول). ابنة من بظهوره ظهر البهاء و منه كشف عن الاعيان غطاء الخفاء، روح الوجود وحبيب المعبود، صاحب المقام المحمود، سيدنا وسندنا، ملاذنا في معاشنا ومعادنا، حضرت محمد المصطفى سيد الانبياء. على جماله وكماله واصحابه بعد آله ازكى صلاة وسلام و ثناء...

مەرقەدی حەزرەتی سەید محەمەد زاهید (پیر خزر) لە بەرزترین شوێنی لووتکەی شاهۆدایە و ناسراوە بە (پیر خزر) و زیارەتگەی عاشقان و هۆگرانیەتی، لە هەموو شوێنەکانی هەرێم و نەوەکانی لە قەتلوئابادی کوردستان ناسراو بە (پیر خزران)، نێژراون.

## سەردەمی سەید باباعەلیی هەمەدانی

حەزرەتی سەید بابا عەلیی هەمەدانی لە گەورە پیاوانی خوا و مەزنان و سەرۆکەکانی بزاڤی عەلەوی لە ڕۆژئاوای ئێراندا بووە، کە تائێستاش بە هەڵە بە هۆی کاریگەریی ئەمیر سەید عەلیی هەمەدانی (عەلیی دووەم) لە بزاڤی عەلەوییەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا ئەم دوو کەسایەتییەیان بە هەڵە وەک بەیەک کەس زانیوە. بەدەرکەوتن و هاتن و سەرۆکایەتیی (عەلیی یەکەم) ئەم بزاڤە بەرەو بەرزترین ئاست و لووتکەی مەکتەبی و سیاسی و لەشکری، هەنگاوی هەڵێنا و نەوەکانی خۆیان بۆ شۆڕش و خەبات دژی داردەستەکانی حاکمانی ستەمکار هان دا و ئالای سەربەخۆییان هەڵێنا، کە بەدەرکەوتنی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، نەوەی مەزن و پایەبەرزی سەید باباعەلی (سەردەمی حەقیقەت) شۆڕشەکە دەستی پێ کرد. نیشانەگەلێک لە پێوەندیی حەزرەتی سەید بابا عەلی هەمەدانی لەگەڵ حەزرەتی سەید محەمەد زاهید پیرخزر شاهۆ - ڕەحمەتی خوای لە سەربێ، - بە شێوەی گێڕانەوە لە زنجیرەماڵباتی سەیدەکانی باباعەلی دەبینرێ، کە دانیشتنە بەردەوامەکان لەگەڵ مەزنان و سەرکردەکانی ئەم سیلسیلانە ئەم بابەتەی ڕوون کردووەتەوە لە سەرەتاوە ئەوەی کە نیشانی سەوزەپۆشی کە هێمای ساداتی پیرخزرییە و دوای دەرخستنی کەرامەت (گۆڕانی گڕ بۆ گوڵستان) و لە مەقامی حەزرەتی خزر لە بەر چاوی خەڵکی دەرکەوتن بوو بە نیشانە و تایبەتمەندیی ئەم بنەماڵەیە.

حەزرەتی سەید بابا عەلی هەمەدانیش کە بە ڕەوایەتی خانەدان یەکێک لە یارانی سەید محەمەد زاهید و یەکێک لە سێ کەسی نزیک و لە موریدەکانی ناوبراو بووە کە لەلایەن قازی نەجیبەدینەوە خرانە ناو ئاگرەوە. بە بوون و خۆ دەرخستنی لەم پێگەیەدا، دوای ئەم ڕووداوە بوونەتە سەوزە پۆش، لە حاڵێکدا کە موریدەکانی سەید بابا عەلیی هەمەدانی لە ئاینی یارسان کە پلەدارانی زۆرینەی حەفتەوانە و مندالانی سەید بابا عەلین و دەروێشەکانی قادریی بەرزنجی کە لەگەڵ

شێخەکانی تەریقەتی قادریە لە وەچەی سەید بابا عەلیی هەمەدانیان، سوێندی وەفادارییان خوارد و بە بەرزنجی ناوبانگیان دەرکردووە، هەموویان هێمای سپییان هەیە، بەڵام هێمای سەوز لە نێو سەرکردەکانی ئەم بەرەبابەدا باوە. کە هەم چۆنیەتیی سەوز پۆشیی سەید باباعەلیی هەمەدانی و هەم پێوەندیی ئەم کەسایەتییە ڕوون و ئاشکرا دەکات، هەبوونی نیشانەی بوون و نیشتەجێبوونی سەید محەمەد زاهیدی عەلەوی (پیر خزر) لە هەمەدان و هەروەها پێگە و پایەی حەزرەتی سەید باباعەلی سەوزە پۆشی هەمەدانیدا کە مەزاری لە هەمەدان، شوێنی زیارەتی عاشقان و ئەهلی دڵە و بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری، بێجگە لە بەڵگەگەلێکی لە بیرکراو و پشتگوێخراو کە بوونەتە بنەما بۆ ئەم بەرهەمە، چ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە و تەنانەت چ جۆرە نیشانەیەکی ناوی و ناوبراو لەگەڵ ئەمیر سەید عەلیی هەمەدانی، خاوەنی خانەقای سریناگاری هیندوستان وکە لە خەتلان (کوولابی هەنووکە) خانەقا و کاریگەرییەکەی ئەو لە هیندستان بە ناوبانگ بووەتە. بۆتە هۆی ئەوەی کە مێژوونووسانی سەردەم و مەقامات نووسانی دوایر ئەم دوو کەسایەتییە بەیەک کەس بزانن و باسەکان لەگەڵ یەک تێکەڵ بکەن. لە حاڵێکدا کە ئەم دوو پایەبەرزە بەسەرنجدان بە کات و شوێن و شوێنی ناشتنیان و بەرهەم و میراتەکانیان، زۆر ڕوونە کە یەک کەس نین و دوو کەسایەتیی جودان و ئەگەر هۆی ناونانی (عەلیی ثانی) کە نازناوی حەزرەتی ئەمیر سەید عەلیی هەمەدانییە تاوتوێ، بکەین ڕەنگە ئامانج لە «ثانی». سەید باباعەلی بێت. (؟) سەید بابا عەلی دووەمین پێشەوا لە ڕێبەرانی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆسە کە دوای بابا ناوس بە پێشگری (بابا)وە بانگ کراوە؛ یەکەم بە هۆی پێگەی ڕێبەریی فیکری و سیاسیی ناوبراو و دووەم بە هۆی خۆشەویستی لە نێو خەڵکدا و ئەوەی کە ڕێبەران و شۆڕشگێڕانی دواتر وەکو شێخ مووسا و شێخ عیسا و سوڵتان ئیسحاق و... لە نەوەکانی ئەو بوون و لە ڕاستیدا (بابا)ی خانەدانەکانە کە ئێستاکەش موریدانی قادریە، منداڵانی بابا عەلی و پێشەواکانی خۆیان بە بابا بانگ دەکەن و جافەکان پێیان دەڵێن «باوکە» و دوایی شێوەی پەیڕەوانی سەرەتاییی عەلەوییەکان لە وتنەوەی وشەی بابا، کە باسی لێ کرا. سەید بابا عەلی سەوزپۆش هەمەدانی: لە سەردەمی پێشەوایەتیی خۆیدا بەو جۆرەی کە پاش تۆژینەوە و تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و

فـیکری و مـەزهـەب ســەردەمی ئەو دەردەکـەوێ، لـەو سـۆنگەیەوە کـە پاشـمـاوە و نەوەکانی حەزرەتـی سەید مـحـەمەد زاهـید کەم کەم ڕوویان لە دەرەبەگایەتی کرد. (پیـر خـزر شـاهۆی) لـە ناوچەی بزاڤـێک کـە پەرەی دەسـتـاند و سـەردەمـانی گۆشەگیری و گتیی خـۆی لە حکوومەتی سەلجووقیە تێ پەڕاند بوو، هەروەها بوون و پشـتیوانیـی بەڕێوەبەری و وابەسـتەییی حکوومەتی (عـەلەوییـەکانی عـەباسی) لە هەمـەداندا، بە هـۆی ئەوەی کـە ڕێبەرایـەتیی بزاڤی عـەلەوییەکان لە دەسـتی ئەواندا بوو، دوای کـۆچی دوایی و کـۆتاییـهـاتن بە ڕێبـەری، سـووربوونی سـەید مـحـەمـەد زاهـید (پیر خـزر شـاهـۆی) بوو بە هـۆی ئـەوەی کە هـەمـوو شـوێنکەوتوانی بزاڤـەکە ڕوو بکەنـە دەرگـای سـەید بابا عـەلیی هـەمـەدانی (عـەلیی یەکـەم)، ئەو پێـوەندیی هەمــەدان وەکـو نـاوەندی فـیکری و مــەزهـەبیی بـزاڤی لەگـەڵ باقـیـی ناوچەکـانی بانگەشـەکەدا، بە تایبـەت هـەورامـان و کوردسـتـان بـەهێزتر کـرد. بەم شـێوەیە لە سـەردەمی حکوومـەتی ناوبـراودا هـەمـەدان بوو بـە ناوەندی سـەرەکی و ئـاشکرای بزاڤەکە.

سـەردەمی ڕێبەرایەتیی حەزرەتی سـەید بابا عـەلیی هەمـەدانی ناوبراو، زۆرترین سـاڵانی تەمەنـی ناوبراو هـاوکات بوون لـەگەڵ هێرشـی مـەغوول بۆ ئـێران و بزاڤـێک کە لە خەباتی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ داو و دەزگای پێنسەد ساڵەی خـۆیدا لەگەڵ عـەباسییـەکان هەوای نەدابوو، تێکۆشـانی بێ بەرخـودانی بێ وچانی ســەربازی و سـیـاسـی و مــەزهـەبی لەگـەڵ مـەغـوول و تەیمووریـیـەکـاندا و دوای ئەوانیـشی بەڕێوە بـرد. دۆخی فیـکری و فـەرهـەنگیی هەمــەدان لەو سـەردەمــەدا لە ڕووی فرەیی و جیـاوازیی بیرو ڕا و باوەڕەوە وەکو ئیسـلام و مەسیحی و مێهری و زەردەشتی و... ئـاوێنەیەک لە بەغداد بووە و گوایە زۆربەی دانیشـتوانی مـوسڵمان لە شوێنکەوتوانی بزاڤی عەلەوییەکان و لە ڕووی کەلامییەوە بە ناوی (مـوشـەبەهـە) دەناسران. ئەبولفەتح محەممەد کوڕی عـەبدولکەریم شەهرستانی کە لە ساڵی ٥٤٨ ک. م، کـۆچی دوایـیی کـردووە لـە کـتـێـبی (الملل و النحل) لە ســەر مـوشـەبەهە دەنووسێ: (گومانەکانی ئەوان لە مەزهەبەکانی (حلولیە) و (تناسخیە) پەیدا بووە... بەجـۆرێ کە شوبهاندنەکانیان بە بنەما و دانان لە شیـعەدایە... کـە چوار فیـرقەن: تاقــمی لێکچــواندن، تـاقـمی بداء، باوەڕمــەندان بە گــەڕانەوە بـاوەڕمــەندان بە دوونـاودوون. بە نـاوگـــەلێکی زۆر دەنـاســـرێن و لە هـەر شـــارێکدا بـەنـازناوێک

دەیانناسن. لە ئیسفەهاندا پێیان دەڵێن: خورەمییە (کوردیە و کوودیھ) و...

(توضیح الملل، ترجمەی الملل و النحل. (ل، ٢٣١ـ٢٣٢)). چونکە هەروەک کە لە کتێبی (النقض)دا دەردەکەوێ (ل ,٥٧ ,٧٩ ٤٠٤ و...) لەو ڕۆژگارەدا (سەدەی شەشەم). خەڵکی هەمەدان زۆرتر بە (موشەبەهە) دەناسران. تووسی هێناویە کە ئەبونەسری کشانی، لە زانایانی گەورە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە هەمەدان وانەی وتووەتەوە و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە خەڵکی هەمەدان موشەبەهەن و ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە «نەقیب»یان هەر ئەو «سەرۆک عەلەوییە» ئەم وتەیە بەڕاست نازانێت (عجایب المخلوقات: ل ٢٨٠ـ٢٨١). و عەبدولجەلیل قەزوێنی (ساڵی ٥٦٠ ک. م)، بۆ وێنە دەڵێت: لەوێ ]هەمەدان] زۆربەی دانیشتوانی موشەبەهەن. بۆ هەبوونی بەیداخی سوڵتان و لەشکری تورکان (النقس، ل ٤٠٤) کە دوو سەدە دواتر ئیبنەلفەوتی، لەسەر شیعە بوونی خەڵکی ئەوێ نووسیویە (کە دەبێ ساڵی ٧٦٠ ک. م) بێ تلخیص مجمع الآداب. ب ا. ق ,٢ ل ١٠١٨ [فرمانروایان گمنام].

ئەوەی کە لە سەرچاوەگەلی باوەڕ پێکراو باس کرا، چەند خاڵ لەوانە؛ ترسی سپای فەرمی لە موشەبەهە، شاردنەوە و خۆ نەبانکردنی نەقیبی عەلەوییەکانی عەباسی لە هۆگرایەتیی زۆربوونی دزەی نیری (مشبهە) لە نێو خەڵکی هەمەدان کە نیشاندەری دژایەتی لەگەڵ ساداتی عەلەویی حسێنی [ماڵباتی سەید باباعەلیی سەوزەپۆشی هەمەدانی] ڕوون دەبێتەوە، چونکە عەلەوییەکانی عەباسی کە لە ساڵی ٣٢٠ ک. م هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی موبارەکشای عەلەوی و بانگەوازی ناوبراو لە بەغدا وەکو سەرۆکی هەمەدان و دیاریکراو لەوپەڕی دژایەتیی خەڵک لە پیلانی مەغوول لە ٦١٨ ک. م لە ناوچوون. نووسەری حاکمانی ون لە سەر پێگەی ئابووری و چینایەتی ئەوان دەنووسێ: لقێک لە عەلەوییە (حەسەنی) کە لەگەڵ عەباسییەکان هەڵیان کرد و تەنانەت بەسامانی پشتگیرییان کردن، لەلایەن ئەوانەوە سەرۆکایەتیی شارەکان و زەویوزاری خۆڕاییان پێ درا، ڕەنگی کۆمەڵگایان (ڕەش) واتا (عەباسی) هەڵبژارد، یەکەمین کەس لە سادات کە دروشمی عەباسیی هەڵگرت و هەڵی بژراد. بەرگ ڕەش، ئەبو محەمەد حەسەن (کۆچی دوایی ١٦٨ ک م] کوڕی زەید کوڕی ئیمام حەسەن موجتەبا بوو کە مەنسوور دەوانیقیی عەباسی حکوومەتی مەدینە و ڕەساتیقی پێ بەخشی [ عمدە

الطالب، ل ٤٨/ حبیب السیر، ب ۲، ل ۳۲/ بحر الانساب، ل ۱۰۲/ منتهي الامال ب ۱، ل ۲٤٤] عەلەوییەکانی هەمەدان لەم لقەی حەسەنینە. لقێ کە عەباسییەکان پێکیان هێنا و بەرگی ڕەشیان لە بەر دەکرد و سەرۆکایەتیی هەمەدان و ڕەساتیقیان بەدەستەوە گرت. کەوابوو، لەڕاستیدا دەبێ ناوی (عەلەوییەکانی عەباسی) یان لێ بنرێ...(بە موڵک وسامانەکەیان [سەرکردەگەلی عەلەویی هەمەدانی] لە مێژوودا بەناوبانگ بوون. و هەروەها هۆی گیروگرفتیان ـ واتا (دەستبەسەر داگرتنە بەردەوامەکانی لە لایەن ڕێبەرانی سەلجووقی: کە ئەبو هاشم زەیدی بێ ئەوەی کە «مخده از پشت بجنباند یا ملکی جفروشد وەک ئاو خواردنەوە» یەک جێ حەفتسەد هەزار دیناری زەڕی سووری (باژ) دا، هەروەها عەلائودەوڵەکانیش بەبێ جیاکاری بە تایبەت کاتێک کە سوڵتانێکی سەلجووقی دەهاتە سەرحوکم، یان وەکو دیاریی بەردەوامی سەرۆکایەتی لەو زنجیرەی دەسەڵاتداریتیی بۆ بەکارهێنانی خۆماڵی، دەستیان بە سەریاندا دەگرت. ئاشکرایە کە ئەم ماڵ و سامانە گەورانە، دەبووایە لە شوێنێکەوە بە دەست بهاتبایە؛

١ـ لە موڵک و زەویوزاری بەخشراو (ڕەنگە ماڵ و دوکانی شاری مەبەست بێ).

٢ـ لە ماڵی خەڵکی زەحمەتکێش و دەستکورت. بەجۆرێک کە ئەمانە بەتایبەت لەکاتی هێرشی مەغوول بۆ هەمەدان ئاشکرا بوو، و هەم لەوەی کە ئیبنەلفەوتی بەم ئاماژەیە «قررما ادعاه البلد» نێوی بردووە. (واتا ئەوەی کە خوازرابوو، لە سەر خەڵکی شاردا سەپاندی). [فرمانروایان گمنام. ل ، ٢٨٤ ٢٩١]

(سەید بابا عەلیی سەوزە پۆشی هەمەدانی) و نەوەکانی، لە قەیرانیترین کاتدا سەروەرییان کرد و لە بەرانبەر ڕەکابەرەکانیان و دوژمنەکانیاندا ئاوەها بەهێز، ڕێبەرایەتیی چەواشەکردنی و بزاڤەکەیان گرت بەدەستەوە، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بێجگە لە بەدرۆ ناساندنی مێژووی کوردستان لە سەدە دواییەکان و ئاوەژۆکردنی ئەحواڵی عەلەوییە بە تایبەت عەلەوییە توندڕۆکان و تەنانەت نووسەرانی (بحرالانساب) لە پیشاندان و بەردەوامیی سەروەریی نەوەکانی سەید بابا عەلیی هەمەدانی، لەوانە سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی و

نەوەکـــانیـــان، دووریـان گـرتووە و خـۆیان لا داوە و تەنانەت لەم دوایانەشـــدا خـوالێخـۆشـبـوو بابامـەردۆخی ڕۆحـانی لە کـتـێبی (تاریخ مـشـاهیـر کـرد)دا، [ناودارانی کـورد] دا چاوی لە نووسـینی ژیاننامـەی ئەوان چاوپۆشی کـردووە، تا ئاستێک ئەم کەمتەرخـەمی و چاوپۆشینە بەرفراوان بوو کە مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس بە هەموو وردبینی و پێگەی ئاینی و تەریقەتی کە بوویانە، نووسیویانە:

زۆر جێی داخـە کە نووسـەران و کـۆڵەرانی (بحـر الانسـاب)ی بەرزنجییـەکان، ئەوەی کـە بەدەسـتی ئێمـە گەیشـتووە، بێجگە لە ناوبردن لە سـیلسـیلەی نەوەکانی سـەید عیسـا (بەرزنجی) کـە لە مـەزنان و گەورەکانی سـیلسـیلەی تەریقـەت بوون، بەهیچ جۆرێک ئاماژەیان بەناوی نەوەکانی تری نەکردووە. لە باقیی نەوەکانیان. وەکو نموونە هێنانەوە، ڕیزی نەوەکانی سەید سـادق، سـەید محـەمەدی ڕوودخـانە، سـەید ئیسـحـاقی سیروان [سـوڵتان] سـەید ویسـاڵ، سـەید جەمـال، سـەید کەمـاڵ، سـەید عەباسـیان نەنووسـیوە و ڕەنگە باوەڕیان بـەوە بووبێ کە دەبێ تەنیا و تەنیا باسی جێگرەکان بکرێت و بەس. لەوانـە سەید ئیبراهیم ناسراو بە (کابل) کـە بەو جۆرەی کـە وترا و مامـۆسـتـا و وانەبێژی حەمـزەی بابان لە قـەڵای مـەریوان بووە و دەڵێن کـە؛ ئـەو [ســەید ئیـبــراهیم] لەنـەوەی ســەید مــەحـمــوودی کـوڕی ســەید عەبدولکەریمی کوڕی سەید عیسایە و هیچ کام لە نووسـەرانی بەحرولئەنسـابەکان ناوێکیـان لێ نەبردووە، هەروەهـا سـادات، سـوورداش و... [بنەمـاڵەی زانـیـاران، ل ٢٧٧]

ئەگـەر ئەوانیش بێ شـێــواندنی مــێـژووی عــەلـەوییــەکــان بەهەڵە دووبارەی کردووەتەوە؛ چونکە دووەم کەسایەتی واتە شا ئیبراهیم ناسراوە کە لە سەردەمی دەرکـەوتنی سـوڵتـان ئیـسـحـاقـیـدا باسی ڕێبـەرایەتی و حکوومـەتی سـیـاسـی ـ مـەزهـەبیی ناوبراودا باسی دەکەین و لە مـێژووە دەست تێوەرداوەکانـدا بە جێی هێنانەوەی ڕاسـتینـەی سیاسـی و مەزهەبیی شا ئیبراهیـم، ناوبراویان تەنیا وەکو کـەسـایەتیـیـەکی مـەزهـەبی ناسـاندووە، تا ڕێ لە سـەر نووسـینی حکوومـەتی ئەردەڵانەکان ئاوەڵا بێ و جوولانەوەی مێژوویی عەلەوییەکانی زاگرۆس کە نزیک پێنج سـەدە لە سـەر هەمـوو ناوچەکە سـەرۆکایەتیی سـیاسـی و مـەزهەبییـان بوو، تەمی لە بیرکردن دایان بگرێ. سەردەمی ڕێبەرایەتیی سەید بابا عەلی لە هەمەدان گـەیشـتـە ئاکام و بە ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە بەسـالاچووان و بیرمـەندان، بە پێی

نیشانه و گێڕانەوه و ڕەوایەته بەردەوامەکان خانەدان و بەجێماوان له گومەزی عەلەوییەی سەوزەپۆشی هەمەدان نێژراوه و بارودۆخی نالەباری سەردەمی ئەو بێ خەبەر له داهاتوو بووه، هۆی ئەوەی که کەسایەتیی ئەو لەگەڵ ئەمیر سەید عەلی هەمەدانی تێکەڵ بکرێت و له تاریکیدا بمێنێتەوه و دوای هەشتسەد ساڵ، ئەمڕۆ ئەم تۆزی لەبیرکردنه لا ببرێت. له سەر شوێنی مەزارێ کە دەڵێن هی ئەوه نووسراوه (... ئەم گومەزه چوار گۆشەیه، له بیناکانی سەردەمی سەلجووقیەیه که له ڕووی نمای دەرەوه وەکو «گومەزی سووری مەراغەیه» (دروست کراوه له ٥٤٢ ک. م) و وەکو بیناکانی نیوەی یەکەم- یان دووەمی سەدەی شەشەمە. له ساڵی ١٣١٧ ک، به ویستی خوالێخۆشبوو موستەفەوی نۆژەن کرایەوه، ناوبراو دەڵێ: «له ژێر گومەزەکەدا، ساردارێک هەیه که له بەشی ناوەندییەکەیدا مەزارێک دەکەوێته بەرچاو، که به کاشیگەلێکی خشتی پیروزەیی داپۆشراوه [هگمتانه (آثار تاریخی همدان)، ل ١٦٥]. ئەم قەبره به هی دوو کەسیان زیاتر له کەسایەتییەکانی عەلەوی دەزانن [گۆچار، آموزش و پرورش ٩، ٢، ٣٦]. هەروەها، گوتراوه کە: گومەزی عەلەوییەکان، هی یەکەمین کەسایەتییه بەرچاو و دیارەکانی خانەدانی عەلەوییه له سەدەی شەشەم، و خانەقایان وەکو مزگەوتێک ـ «شوێنی» نزاو پەرستشی ئەوان دەهاته ئەژمار کە پاشان گورگان «دووکەس» لەوانیان له ساردای ئەوێ ناشت...) [فرمانروایان گمنام، ل ,٢٦٧ – ٢٦٨ [هەرچەند کە سەلماندنی به بەڵگەی ئەم ڕەوایەته مێژووییه کات و شوێنی پێویستی دەوێ. بارودۆخی نالەبار و شێواو. شەڕه بەردەوامەکانی سەرەتایی هێرشی مەغوول بوو به هۆی گواستنەوەی دووبارەی ناوەندی بانگەوازی و بەهێزکردنی بزاڤ بۆ هەورامان و کوردستان، که نووسراوه بەجێماوەکانی ئەو سەردەمه، سەرەتای ئەم کۆچه سیاسی و سەربازییه وشەی خوف (خەوف)= ٦٨٦ ک. م نووسیوه. لەم ساڵەدا سەید مووسا عەلەوی و براکەی سەید عیسا عەلەوی که کوڕانی سەید بابا عەلی هەمەدانی بوون، بۆ بەرزنجه کۆچیان کرده له دەوروبەری کوردستان.

## ڕێبەرایەتی و سەرهەڵدانی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجی

## (٦٨٦ -٧٠٧ ک. م)

سەید مووسا عەلەوی لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بەوردبینی و بیرێکی باش هەڵسوکەوتی کردووە و پێگەی لە هەورامان و شاهۆوە بە هۆی بوونی سیلسیلەی پیرخزریان گواستووەتەوە بۆ بەرزنجە، بەڕای نووسەر، بەپێچەوانەی گەڕان بەدوای مانای بەرزنجەدا بەشێوەی لەڕێگەی نازانستی و لێکچوونی پێوەندیی مێژوویی و ڕەوتی گۆڕانی وشەی بەرزنجە لەرووی زمانەوە، دەری دەخات کە بەرزنجە هەر ئەو ڕواڵەتە کورتکراوەی بەرزینیە - بەرزیکانی - بارزەنگی - بەرزەنگییە کە بەم جۆرە لە کاتی کۆچەوە لە شیراز و سەربەخۆیی حکوومەت لە ڕۆژئاوای ئێران بە ناوی گشتی (حەسەنوویە) کە یارمەتیدەر و لە ژێر پشتیوانیی ئالی بوویە و لە کۆتاییدا عەلەوییەکان بووە، گۆڕاوە و ڕەنگە دوای لەناوچوونی حەسەنوویە، لەو شوێنە نیشتەجێ بووبێتن. و ئەو شوێنە بە هۆی بوونی ئەوان بە بەرزنجە ناوبانگی دەرکردبێت و پاشان لە سەردەمی هاتنی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجی ٦٨٦ ک. م دانیشتوانی ئەو دەڤەرە کە بەرە دوای بەرە، لایەنگری عەلەوییەکان بوون، سەید مووسای عەلەویدا و بنەماڵەی ئەویان قبووڵ کرد. کوڕ و کوڕەزاکانی سەید محەمەد ئەبولوەفا تاجەلعارفین لە سەرکردەکان و مەزنانی پێشووی عەلەوی بوون کە بەپێی گێڕانەوەیەک گۆڕی ئەو لە تەنیشتی مەزاری بابا تاهیری هەمەدانی بووە و ئەم بەیتە شیعرەی (شەمسی مەغریبی) لە سەر بەردی گۆڕەکەی هەڵکەندراوە:

این کردي پریچهره ندانم که چه کُردست

کز جملهء خوبان جهان گوی ببرده است

قەبری ئەویش هەر وەکو قەبرەکانی تر کاتی نۆژەنکردنەوەی مەزاری بابا تاهیر لە نێو براوە.

بەهەرحاڵ سەید مووسا هاتووە بۆ کوردستان و لەگەڵ سەیدە فاتیمە کچی شێخ خالید، باپیرەی ساداتی کاژاوی کوردستان زەماوەندی کردووە، کە شەجەرەی پێوەندیی ئەم سەیدە عەفیفە ئاوەها لە شەجەرە نامەکەیدا، هاتووە:

السيد خالد، ابن السيد احمد، ابن السيد حسين، ابن السيد محمد [ابو الوفا تاج العارفين]، ابن السيد سليمان، ابن السيد احمد، ابن السيد داود، ابن السيد محمد المختفي، ابن السيد محمد المجتبي، ابن السيد محمود المظفر، ابن الامام محمد الباقر (ع)، ابن الامام زين العابدين (ع)، ابن الامام حسين الشهيد، ابن الامام الهمام علي ابن ابي طالب و فاطمة الزهراء البتول بنت حضرة الرسول(ص). [بنەماڵەی زانیاران ل ١٧٩-١٨٠].

ئەم سەیدە کچی شێخ خالد دوای شەهادەتی سەید مووسا عەلەوی، لەگەڵ براکەیدا سەید عیسای گەورە (یەکەم)، ژیانی هاوسەریی پێک هێناوە و چەند منداڵێکی لە ناوبراو بووە. تەنانەت عەبدولقادر محەمەد لە کتێبی (بحر الانساب) و (رساله سادات برزنجيه)، حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی بە کوڕی ئەم سەیدە زانیوە (؟!) نەک کچی حسێن بەگ جلد/ پێشینەی ئەم هاتنە و دەستپێک و سەرهەڵدانی شێخ مووسا عەلەویی بەرزنجی، لە نووسراوەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی گۆڕدراوە و لە لایەنی مێژوونووسانی مەغوول بە ناوی مەهدیگەری ناسراوە.

لە حاڵێکدا کە دۆخی نالەباری ئابووری و زۆربوونی موڵکداری و دروستبوونی تەریقەتگەلی سۆفیی و دەستدرێژی و هێرشی هۆڤانەی مەغوولان هۆکاری سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە بەرفراوان و ڕیشەدارەی پێک هێناوە کە سەرۆکی عەلەویی ئەو سەردەمە، ئەنجامدانی ئەو کارە بە ئەرکی خۆی زانیوە، نووسەری (تاريخ الجايتو) بە بۆنەی بەر فراوانیی ئەم سەرهەڵدانەوە ناچار بە تۆمار و گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە بووە و باقیی مێژوونووسانی سەر بە دەرباری مەغوول، تەنانەت ئاماژەکردن بەو ڕووداوە خوێناوییە، خۆیان بواردووە و چاوپۆشییان لێ کردووە. بەرخودانی لایەنگرانی بزاڤی عەلەوی، لە بەرامبەر داگیرکەرانی مەغوول، کە پشتیوانی سەربازی و پارێزەری بەرژەوەندی حکوومەتی داگیرکەر بوون، لە

بەرانبەر ئەم سەرهەڵدانە وەستانەوە، چێچێنەکان کە قەومێکی سەربە مەغوولان لە وڵاتی داگیرکەر جێگیر کرابوون و لە نووسینەکانی یارساندا بە ناوی (چیچەک) ناوبراون و هێشتاکە لە وڵاتی کوردستان نیشتەجێن و لە چەرخەگەلی دوایی تایفەگەلێک لە وڵاتی خۆیان تەڤلی ئەوان بوون [ـ ب، ب کردها، ترکها، عربها، ادمـوندز، ل ٣٠١، ٣٠٠] کە ئەرکی ئەم سەرکوت و لەناوبردنەکەیان پێ ئەسپێردرابوو. چێچێنەکان لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست زۆرتر دانیشتووی دەشت و بەشگەلێکی تایبەت لە دەڤەرە بنارییەکان کە بەشێک لە یەکەتیی ئالانەکان بوون، بەڵام لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە لای باشوورەوە کەوتنە بەر هێرشی سوارانی مەغوول و بۆ ماوەیەک بەشێکی گرینگ لە پێکهاتەی قەومیی ئیمپراتۆریەتی ئوردو زەڕینیان پێک دەهێنا و بێجگە لە هەرێمە شاخاوییەکانی نیشتمانی ئەوان، باقیی زەوینەکان بوونە بەشێک لە خاکی ئولووس جووجی... [چچنها درگذر تاریخ، ل ٨] ئەبولقاسم عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد ئەلقاشانی، نووسەری (تاریخ الجایتو)، لە ڕیزی ڕووداوەکانی ساڵی ٧٠٧ ک م، دەستپێک و بەڕێوەچوونی سەرهەڵدانی سەید مووسا عەلەویی بەرزنجی بەتۆمەتی مەهدیگەری و سووکایەتی نەزانی و... بەلایەنگرانی ئەم سەرهەڵدانە بەشێوەی مێژوونووسانی سەربەدەسەڵات، لە سەر ئەوان دەنووسێت: (و هەروەها لە ڕووداوەکانی ئەم ساڵە [٧٠٧] ک. م، دەرکەوتنی کەسێک بە ناوی مووسا کە لە شاخەکانی کوردستانەوە هاتووە و بنەمای داوای مەهدیگەریی دانا و تا سی هەزار کەس لە سەربازە گومڕاکانی کورد لە دەوری کۆ بوونەوە و بە هۆی بێ ئاگایی و نەزانی و گومڕایی داوا و ئاینی پڕوپووچی ئەویان خێرا قبوول کرد، بەجۆرێک کە لە مانگەکانی ساڵی حەوتەمدا بانگەوازەکەی ئەو لە نێو خەڵکیدا ئاشکرا بوو و دەنگی بانگەواز و داوای ئەو گەیشتە دوور و نزیک و تورک و تازیک. لە حاکمانی مەغوول؛ تایفەیەک کە دانیشتووی ئەو دەڤەرە بوون کاتێک لە بڵاوبوونەوەی بشێوی و خراپەکاری ئەو ئاگادار بوونەوە، هەوڵیان دا لە شەڕی خەلاسییان بێت و لە ناکاو هەمووانیان دەستبەسەر کرد و زۆربەی پەیڕەوانی ناوبراویان کوشت و تاقمێکیشیان دوور خستەوە و پەرتەوازەیان کردن لە سەردەمی ئاژاوە و فیتنەکەدا، مووسا کوژرا و سەرەکەیان ڕەوانەی سپاکە کرد و ئاگری فیتنەکە کوژایەوە...) [تاریخ الجایتو، ٧٦ـ٧٧] نووسەری (تاریخ الجایتو) خۆی لە ئاماژەکردن بە سەیدبوونی، شێخ

مووسـا کە لە مـەرجە سـەرەکییـەکانی بانگەشـەی مـەهدەوییـەتە بواردووە سـستی نواندووە و سەرچاوەکانی تورک و عەرەب، سەبارەت بەم سەرهەڵدانە مێژووییە کە بە دانپـیـانـانی مـێـژوونووسـێکی راسـپـێـردراو و لایەنگر تا سـی هەزار کـەس لە یەکەیەکەی کەسان... بەشداری بوون، بەشێوەیەک کە ئاماژەی پێ کرا لە خوارەوە زۆر بچـووک و لە بێـدەنگیـدا وەکـو شـەڕ و تێکهـەڵچـوونی دوو گـوند، ڕواڵەتێکی سـۆفیـیـانەی داوە و دەنووسێ (ئەبو مـەسـعـوود موفـتی ئەسـتـەنبـول لە نامـیلکەی (روضة الجنان) دەنووسێ: کاتێک ناوبانگی سەرکەوتن و هیمەت و کەرامەتی شێخ مووسا و شێخ عیسا بڵاو بووەوە تاقمێک لە موسڵمانان چوونە نێو تەریقەتەکەیەوە و هـەروەهـا دەسـتـەیەکی (نوسـەیری) گـەیشـتـنە خـزمـەتی و ڕێبـازی سـوننەتیـان هەڵبژارد [!!] چونکە ژمارەی نوسەیرییەکان لە شارەزووردا زۆر بوو، هەروەها لەو سەردەمەدا مستەفا خان نوسەیری بە فەرمانی دەسەڵات فەرمانداری شارەزوور بوو، سیـخـوڕەکان پێیـان ڕاگەیاند کە دوو کەس لە سادات هاتوونەتە شاربـاژێڕ (شـارەزوور) و خـەڵکێکی زۆر لە دەوریان کـۆ بـوونەتەوە و کـە ئەگـەر بـەم پێـودانە بڕۆن و پەل باوێن و ڕاپەڕن و ناوچەکە بخەنە دەستی خۆیان. ئەویش کە هەستی بە مـەترسـی کرد، چوار کـەسی بۆ تیرۆری ئەوان [سـەید مـووسـا ـ سـەید عـیسـا] نارد. هەرلەو شەوەدا سەید مووسا لە خەودا گەیشتە خزمەتی حەزرەتی ڕەسووڵ، حەزرەت فەرموویان (ئەولادی من! شـەهیدبوونی تۆ و گەڕانەوەت بۆ لای من نزیکە) لە کـاتی بێـداری خـەوەکـەی بۆ براکـەی سـەید عـیـسـا گـێڕایەوە، شـێخ مـووسـا شـــوێنێکی تـایبـــەتی هەبـوو کـــە لـەوێ خـــەریکی نزاو زیکری خـــوا دەبـوو، داروەدستەکانی حکوومەت ئەویان لەو شوێنە شەهید کرد.

لە کتێبی (ترجمة الاشراف) هاتووە: سەید مووسا بە دەستی تیرەی (نیل خاس) کە لە ناوچەی (ئاغجەلەر) دەژیان، شـەهید کرا و سەید عیسای برای تەرمەکەی برد بـۆ بەرزنجـە و بە خـاکی سـپـارد؛ لە سـەر بـابەتی بـزاڤی عـەلەوییـەکـان لە پێدەشتـەکانی زاگرۆس هەڵە و نادڵسۆزیی نووسـەران و کۆڵەرانی (!!) کوردستـان بە تەنیا ئەمانە نین. بەڵکو سەید محەمەد نووربەخشی بەناوبانگیـان وەکۆ برای سـەید عیـسا و سـەید مـووسـا (!!؟) داناوە و تێکەڵکردنی شـێخ عیـسـای یەکەم و دووەم لەگەڵ یەک و... کە نووسراوەکانی ڕەجـالی و بگرە مێژوویی و... یارسـانیش لەم هەڵە مـێـژووییـیـانە بە دوور نەبێ و لێوانلێو لە تێکەڵاوی هەڵەیە، بۆ زانیـاری

زیاتر له جـــۆرگـــەلێکی تر لـه بەدرۆ نـاســـاندن و تێکەڵکردنـی دیار و بـەر چاوی مێژوویی، بڕوانه ـ [الشیخ معروف النودهی البرزنجی، ل ٧٢، محمد خال، دار المبطعة التمدن، بغداد، ١٣٨١ه ١٩٦١ م ـ تاریخ تصـوف در کردستان، ل ١٣٤٠، ڕئوف توکلی/ بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس ٢٧١ـ ٢٦٦] و بەم جـۆرەیه ســەرهەڵدانی ســەید مــووســا عــەلەویی بەرزنجـیی هەمــەدانی له دژی مەغوولەکان غەڵتانی خوێن و تووشیاری ئەم داگرتوویی بوو.

## سەردەمی سەید عیسای عەلەویی بەرزنجیی هەمەدانی

## (٧٠٧ ـ ٧٥٤ ک. م)

لە ئێرانی دیلی دەستی مەغوول لە سەدەی هەشتەمدا کە شار و گوندنشینان، ماڵ و گیان و ناموس و شەرافەت و ناسنامە نەتەوایەتی و ئاین و مەزهەبی خۆیان لە مەترسیی دەستدرێژیی بەردەوام و بێ ئەمانی ئیلچیان و باجگران و ئیلخانان و خاتوونان بینی، بە تایبەت لە هەمەدان و کرماشان و کوردستان و لوڕستان و شارەزوور... بەگشتی پێدەشتەکانی زاگرۆس کە وڵاتی پارێزراوی فەرهەنگی ئێرانی و ئیسلامی بوو و تەنانەت خاجە ڕەشیدەدین فەزلوڵلا هەمەدانی کە، سێ هەزار جووت زەوینی کشتوکاڵی ئیلخان و نزیک بە سێزدە هەزار جووت زەوینی کشتوکاڵی خۆی لەم ناوچانە لە سەرشانی زڵم لێکراوانێ کە بە ناوی ڕەعیەت لە ژێر کۆیلەتی و زوڵمی زاڵمانی چەوسێنەردا بە کولەمەرگی دەژیان خەریکی کشتوکاڵ و ڕەنێوهێنان بوو. ڕواڵەتی ترسێنەری گوندە کاولکراوەکان کە دانیشتوانەکانیان بەرەو پێدەشتەکان هەڵاتبوون و شارگەلێک کە هەموو کۆڵان بە کۆڵانی کاول بووبوون و هیچ دەرکە و پەنجەرە و شوێنی هاتنە دەرەوە و چوونە ناوەوە نەدەبینران چونکە لە ترسی سەربازانی خوێنڕێژ و چاوچنۆک و دڕندەی مەغوول سەرجەم چین و توێژەکان لە ڕێگای ماڵەکان و لەسەر بانەکانەوە لەگەڵ یەکتری پێوەندییان هەبوو و کۆڵان و گەڕەکەکان کە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر بوون و بێجگە لە سێبەری ئاڵای عەلەوی لەسەر لووتکە بەرزەکانی ئەم وڵاتە پەناگەیەکی تر بەدی نەدەکرا نەبوو کە لە ساڵی خەوف = ٦٨٦ ک. م بە سەرهەڵدانی خوێناویی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجیی هەمەدانی کە بوو بە دەستپێکی سەرهەڵدانی سەربەداران، ڕێی ڕزگارییان دۆزییەوە و باوەڕیان بە بەرخودان لە بەرانبەر مەغوولان بەدەست هێنا.

## سامانی ناز خاتوون لە کوردستانی سەردەمی مەغوولدا

لەو زوڵم و زۆرە کە حاکمانی مەغوول لە جووتیاران و سنووردارانی کوردستان لە سەردەمی سەرهەڵدانی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجی و سەید عیسای برایدا دەیانکرد، مەسەلەی (شلتاق ناز خاتوون) بوو کە دەنووسن: لە کۆتای حکوومەتی ئولجایتوو، محەمەد ناوێک کە خەتیبی هەمەدان بوو، قەباڵەیەکی کۆنی بە ناوی نازخاتوون کچی ئەمیری کوردستان بە دەست هێنا و بردی بۆ لای ئەمیر چووپان و گوتی باوکی ئێوە لە سەردەمی هەلاکودا نازخاتوون کچی ئەمیری کوردستانی دەستبەسەر کرد و موڵک و سامانی ئەو بە پێی فەرمانی هەلاکو خان دراوە بە باوکتان و ئێستا وەکو میرات دەگا بە ئێوە. ئەمیر چووپان کە لە پێکهاتەی حکوومەتدا گەیشتبووە لووتکەی دەسەڵات و زوڵموزۆری ناوبراو و بنەماڵەکەی، ڕۆژی ڕۆشنی لە خەڵکی ئێرانی کردبووە تاریکەشەو، بە پشت بەستن بەم بەڵگە، زەویوزارێکی زۆری لە قەزوینەوە تا خەرقان و هەمەدان داگیر کرد و کار گەیشتە جێگایەک کە «هەر وەرزیارێ کە ڕقی لە مالیک بووبایە دەیگوت، ئێرە موڵکی نازخاتوونە، ئەمەش دەروونی خەڵکی پەریشان کردبوو» [حبیب السیر، ب ٣، ل ٣٠٧] لە سەردەمی ئەبو سەعیددا کە دەسەڵاتی ئەمیر چووپان بەهێزتر بوو، دووبارە هەمان قازی محەمەد «لەگەڵ دەستەیەک لە ئەهلی دین» کیسەیەکی کۆنیان کە دووسەد قەباڵەی سێ وڵایەتی تێدا بوو، بۆ خزمەتی ئەمیر برد و گوتیان:

«ئێمە لە فلان شوێن خەریکی کردنەوەی خانوو بووین کە لە ناکاو ئەم قەباڵانەمان کە هیی نازخاتوونە دۆزیوەتەوە» گزیرەکانی ئەمیر چووپان دەستیان گرت بەسەرموڵک و زەویوزاری جووتیاراندا و کار گەیشتە جێگایەک کە مەزرا و موڵکێ کە بایی دوو سێ هەزار دینار بوو، خەڵکی لە ترسی ئەوەی کە نەڵێن هیی نازخاتوونە بە دوو سێ دینار دەیانفرۆشت، بە ناچار ئاگر کەوتە خەرمانی جووتیارانەوە (تاریخ مغول، ل ٣٣٤). [دیوان حافظ، انجوی شیرازی ل ٧٨]. و

خەبات و سەرهەڵدان لە ژێر ئاڵای عەلەوییەکان بەردەوام بوو.

سەید مووسا بە خوێنی خۆی نەمامی ئەم تێکۆشانەی ئاویاری کرد و دەسەڵاتی پڕ لە زەبروزەنگ و تۆقاندنی ئەوانی تێک دا. پاش ئاوڕدانەوەیەک بۆ بارودۆخی ئێران لە سەدەی هەشتەمدا، گرینگی و گەورەییی ئەم سەرهەڵدانە مەزن و مێژووییەمان بۆ دەردەخات. دوای شەهیدبوونی سەید مووسای عەلەوی کە نزیک هەفت سەد ساڵە لە ژێر تارماییی و درۆدا ماوەتەوە. شوێنکەوتووانی ئەم سیلسیلە ڕوویان لە برا و جێگری ناوبراو: سەید عیسای عەلەوی بەرزنجی هەمەدانی کرد و دڵسۆزیی خۆیان بۆ ناوبراو ڕاگەیاند. سەید عیسا لەگەڵ سەیدە ـ هاوسەری سەید مووسا ـ پەیمانی هاوسەرییان بەست و لەبەردەوامی ڕێگا، پێی نایە ڕێبازی براکەی. منداڵ. گەلێکی لێهاتوو و ناودار و شارەزا لە شەریعەتی نەبەوی و تەریقەتی عەلەوی لەپاش خۆی بەجێ هێشت. زۆربەی زۆری تەریقەتەکانی کوردستان و کرماشانات و ئازەربایجان و شارەزوور، سیلسیلەکانی، سۆهرەوەردییە، خەڵوەتییە و قادرییە و هەروەها لایەنگرانی یارسان دەچنەوە سەر حەزرەتی سەید عیسای بەرزنجیی هەمەدانی بە تایبەت حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجیی عەلەوی زیندووکەرەوە و موقتەدای عەلەوییە توندڕۆکان (یارسان). سەید عیسای بەرزنجی هاوکات لەگەڵ ڕێنوێنیی شێخ سەفیەدین ئەردەبیڵی و لەو سەردەمەی کە ناوبانگی شێخ لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بوو، دەژیا و بە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی ئەو دەهاتە ئەژمار... لەم سەردەمەدا عەلەوییەکانی توندڕۆ هاوپەیمانەکانیان بۆ بەرخودان و شەڕ لەگەڵ ئیلخانانی مەغوول پێوەندییان بە سوڵتانی عوسمانییەوە گرت، بە چەشنێک کە دەڵێن ئەلجایتوو، خانی مەغوول کە فەرمانڕەوای ئێران بوو، دوای نۆژەنکردنەوەی پایتەختی سوڵتانیە (نزیکی ساڵی ١٣٢٠ ز = ٧٢٠ ک. م) جلی سووری خۆی پێک هێنا و گەورە پیاوانی ئاینی و ڕێبوارانی ڕێی حەقی بانگهێشت کرد. کاتێک کە لە نەهاتنی شێخ سەفی ئاگادار بوو، نێردراوێکی تایبەتی نارد بۆ لای بەڵام شێخ پیری و بە ساڵاچوویی کردە بیانوو و فەرمانەکەی بەڕێوە نەبرد. [تاریخ عالم آرای امینی، ل ١٣٤، نووسینی وەرگێڕ: لە کورتە وەرگێڕدراوێکی ئەم ٧٧ـ کتێبە کە لە نووسینی مینۆرسکی لە ساڵی ١٩٥٧ چاپ بووە، ئاوەها هاتووە کە شێخ خواردن لە خۆراکی سوڵتانی بە کارێکی ڕەوا نەدەزانی و لە لایەکی ترەوە چۆن دەیزانی کە

وادیاره پاشـا لە خـۆ پارێزیی ناوبراو تووڕە ببێ، بە ناچار پیـریی خـۆی کـرد بە بیانوو و نەڕۆیشتە خزمەتی پاشا. ل ٦٢] هەروەها کوڕی شێخ سەفی، سەدرەدین ۹۲ـ ١٣٣٤ ز، نەوەی خـواجـە عـەلی ١٢٢٩ـ١٣٩٢ و نەوەزای شـێخ ئیـبـراهیم ١٤٢٩/٤٧ ز (لە سـەر بابەتی کەشف و موراقیـەبە، کاریان کردبوو، بە بێ ئەوەی کـە بە ئارەزوو و خـواسـتـەکـانیـان ئازاری خـەڵک بدەن)، و ناوبـانگی پاکی و لە خواترسیی ئەوان گەیشتە دەرباری سوڵتانی عوسمانی کە لە ئەنجامدا لەوێ ڕا هەموو ساڵێک دیاری و پێشکێشییەکی زۆر و کیسەگەلێکی پڕ لە پارە (کە ناوی بە زمـانی تورکی «راغ آغـچـەسی» واتا پارەی ڕۆشنایی و چرابوو) دەنێـردرا بۆ ئەردەبێڵ [فرانتس باینگر در موضع مذکور، ل ١٣٧ و بدرالدین، صفحه ٨١؛ لئون کلاویوس laun clavias 647/ s p؛ عاشق پادشازاده، ل ٢٦٤ ] [تشکیل دولتهای ملی در ایران، ل ٢] و لەم سـەردەمـە بە دواوە پێوەندی سـەفـەوییـە و پارسـان بزاڤەکانی عەلەوییەکان لەگەڵ وڵاتی عوسمانی پچڕا، ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و ڕێنوێنی و بانگەوازی سەید عیسای عەلەویی بەرزنجی بووبوونە لەمپەرێکی بەهێز لەهەمبەر دزەی داردەست و پیاوانی مەغـوولدا بۆ وڵاتەکەیان، و لە ژێر فـەرمانی نوێنەرانی دەستنیشانکراوی سەید عیسا کە میری ناوچەیی بوون، ڕۆژگاریان دەبردە سەر.

لە سـەردەمی سەرکردایەتی سەید عیسـای عەلەویدا، کوردێک لە شاری تەورێز دەرکەوت کە بانگەشەکارانی بەکرێگیراو و قەڵەمفرۆشی حکوومەتی مەغوولی هیچ کـامـەیان ئامـاژەیان بە ڕووداوی بانگەوازەکـەی ناوبراو نەکـردووە، بێـجگە لە نووسـەری (تاریخ الجـایتـو)، کە ئەویش بە تۆمـەتگەلێکی باوی ئەو سـەردەمـە کـەسـایەتی ناوبراوی بەشـێـوەیەکی نادروست و نـاڕەوا وێنا کـردووە؛ بەڵام، هەر جـۆرێک بووبێت لە سـەری نووسـیـویەتی و کـات و شـوێنی ڕووداوەکـەی ڕوون کردووەتەوە و یەکەتی قەومی و مەزهەبیی خەڵکی ئێرانی دیار و ڕوون کردووەتەوە کە کوردێکە لە تەورێز سەری هەڵداوە و شۆڕشی کردووە و خـەڵکی ئەوێ قبـووڵی دەکـەن و تەڤلی دەبن، هەمـووی ڕاسـتـیگەلێکە کـە ئاوەژووکـردنی مـێـژوو و ڕەسەنایەتیی جووڵانەوەی عەلەوییەکان لەم چەرخەدایە. دەکرێت ئەم ڕووداوە بە ئاوڕدانەوە لە کـات و شـوێنی بزاڤی عـەلەوییـەکان بە ڕێبـەرایەتیی سـەید عـیسـا دابنێین، چونکە کـاشـانی دەنووسێ: (لە ڕووداوەکـانی ئەم سـاڵە [٧١٥ ک. م])

کەسێک دەرکەوت و بانگەشەی کرد کە کوڕی ساحب سەعید یەحیام کە لە سی و دوو ساڵ پێشتر لە مەیدانی تەورێزدا شەهید کرابوو... و بانگەشەی کرد کە منیان لە زیندان وەدەرخستووە و بە جێ من کەسێکی نەناسراویان کوشتووە و من هەڵاتووم بەرەو مازەندەران و کەڕبوونی خۆمم لەوێ دەرمان کرد و پازدە ساڵی تر لە نێو عەرەب بووم و هەرچەند لە ماوەی لاوەتی لە زمانی عەرەبی و سەرف و نەحوو بە تەواوەتی زانا بوو و قسەزان و زمانپاراو بووە. هەر کە چوو بۆ کوردستان لەژێر کاریگەری زمان و شێوەی کوردیدا عەرەبییەکەی لە بیر چووبووەوە و خۆشنووسێکی بەتوانا بوو و هۆنراوەی دەهۆنییەوە و ئێستاکە هیچ کامی نەماون و بە موعەلیم دەیگوت مالم! لەناو تاقمێکی تازە پێگەیشتوو و ژناندا لایەنگیری بۆ خۆی پەیدا کرد و دەستەیەک کە ئەویان لە سەردەمی لاویدا بینیبوو، ئەوکات چ پێویستی بوو کە ئەو لەم سەردەمەشدا هەیە و ئەو لاو و گەردنبەرز بوو، ئەو گەردنی بەرز نەبوو، بەڵام لە تەورێزدا هەر بانگەشەیەک کە بکرێت، هەموو کەس باوەڕی پێ دێنێ، بە بێ ئەوەی ڕاستییەکەی بۆیان بسەلمێ و بەڵگەیەک بۆ ڕاستیی ئەوە بیننەوە! بەیتی:

گاو را دارند باور در خدایی عامیان

نوح را باور ندارند از پی پیغمبران

[تاریخ الجایتوو، ل ١٩ و ١٩٨]

## سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی

## (٧٥٤-... ک.م)

«سەردەمی حەقیقەت»

دوای سەید عیسای عەلەویی هەمەدانی، کوڕەکەی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی، ڕێبەری سیاسی و مەزهەبی و سپای سەربازیی عەلەوییە تۆندڕۆکان و لە ڕۆژئاوای ئێران لە ئازەربایجان تا ئاورێژی ئەروەندڕوودی بەدەستەوە گرت و عەلەوییەکانی ئێرانی ناوەندی و خوراسان و ئەوبەری ڕووبار و هیندستان بەئاگا بوون لە دەرکەوتنی ئەو و تەقلی بزاڤ بوون و گوێڕایەڵیی خۆیان پێ ڕاگەیاند.

زنجیرەی نەوەکانی سەید باباعەلیی هەمەدانی کە سەروەری و ڕێبەرایەتیی ئەوان بە هاتن و دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاق گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی لە بەڵگە باوەڕ پێکراوەکان و شەجەرەنامەگەلی جێی متمانە لەلایەن مەزنان و نەسابەی کوردستان و ئازەربایجان و میزۆپۆتامیا دانی پێدا نراوە و چەسپاوە و بڵاو بووەتەوە، ئەگەرچی لە سەردەمی بەدرۆ دەرخستن و لەناوبردنی مێژووی عەلەوییە توندڕۆکانی زاگرۆس وەکو باقی کەسایەتییەکان، کەسایەتی سوڵتان سەید ئیسحاق و ڕەگوڕیشەی ئاوەژوو کراوە؛ بەڵام سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بەجۆرێک کە لە مێژووی کوردستان هەرچەند کە ئاماژە کراوە بە پێوەندیی نێوان باوک و کوڕ واتە سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی و حەزرەتی سەید عیسا بەرزنجی؛ بەڵام، دووبارە نووسراوە کە: (... لە نزیکی ڕووباری سیروان لە لای پردی (کوران) کەسێک نێژراوە کە پێی دەڵێن سوڵتان ئیسحاق) و دەڵێن: برای حەمزەی نەجارە (!؟) کە هەردووکیان منداڵی ئیمام جەعفەری سادقن و لە عەلی کوڕی ئیمام جەعفەر لە دایک بوون، حەمزەی نەجاڕیش لە گوندی نەجاڕ نێژراوە. لە لای چەپی ڕووبارەکەوە، واتا لای باشووری (سوڵتان عوبەیدوڵا) برای

ئیمامی هەشتەم عەلی ڕەزای کوڕی مووسای کازم (د.خ) لە گوندی هەجیج نێژراوە کە بەو شوێنە دەڵێن کۆسەی هەجیج [تاریخ کردستان، مردوخ، ل ٧٣]. کە هەر لەم بەشەدا شەجەرەی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی، بنەمای فیکری و حەرەکەتی هەموو بزاڤەکانی عەلەوی سەدەی هەشتەم و پاش ئەو تا سەربەخۆییی سەفەوییە، لە گیلان و خوراسان و ئازەربایجان و کوردستان و لوڕستان و خووزستان و تورکیەی ئێستا، سووریە و مێزۆپۆتامیا وەکو حرووفیە، بەکتاشیە، سەفەویە بووە و سەرهەڵدانەکان بە جۆرێکە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ بنکەی سەرەکی واتا جووڵانەوەکەی ئەو، شەجەرەنامە نووسانی کوردستان دایکیان سەیدە فاتیمە کچی سەید خالید لە نەوەکانی تاجولعارفین ئەبولوەفای بەناوبانگ نووسیوە و کتێبەکانی یارسانی حیکایەتی ڕەوایی، دایکی سوڵتان سەید ئیسحاقیان بە کچی حسێن بەگی جەلد لە میرانی جاف (جاوانی) بە ناوی دایراک و ناسراو بە ڕەمزبار= خەزێنەی ڕەمزەکان نووسیوە، کە لە تەمەنی پیریدا بە پێی داستانێ کە دەیگێڕێتەوە سێ کەس بە ناوەکانی بنیامین و پیرمووسا و داوود (!؟) کە لە پێشڕەوانی بزاڤەکە لەم سەردەمەدا بوون، هۆکاری ئەم پێوەندییانەن ـ [دائرة المعارف الاسلامیة. ب ١٢ ل٩١ـ٩٢/ مینورسکی، فرقة اهل حق IRANICA. ل ٣١٢، ٣١٣/ مشاهیر اهل حق، ل ٥٧، ٥٤/ بزرگان یارسان ل٥٣ ـ٦٣] زێدی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی کە لە دەوروبەری هەڵەبجە لە ڕۆهەڵاتی سلێمانی پارێزگای کەرکووکە ـ پێشینە و هۆی ناونانی ئەم شوێنە پێشتر وترا، دۆخی زەمانی و ڕەوتی گۆڕانی بزاڤی عەلەوییەکان بە هۆی ئەوەی کە کەسایەتی و ئەندیشە و بیرو هزری حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق کۆکراوە و یەکانگیریی هەموو ولایەتەکانی عەلەویی پێش خۆی وەکو، ئیسماعیلییە، فاتمییەکان و سەربەداران و... بێت کە پێش ئەم سەردەمە لە سەردەمەکانی پێشوو لەگەڵ پێگەی ناوەندیی هەوراماندا پێوەندییان گرتبوو.

بەسەرنجدان بە ئەوەی کە ساڵی کۆچی دوایی سەید عیسای عەلەوی (د.خ)یان ٧٥٤ ک. م نووسیوە و نزیکە لە ڕاستی و چونکە سەید ئیسحاق لە تەمەنی پیریی باوکیدا هاتووەتە دنیا، بەو جۆرەی کە نووسیویانە دوور نییە کە لە ٧١٦ ک م = ١٣١٦ ز، لە دایک بووبێت. لە سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی، ناوی یارسان بە فەرمی ناسرا و ناوگەلێک وەکو کاکەیی، یاری و تایفە پێکهاتەی

سیاسی، سوننەتی، کە بە پاراستنی دوو ناوی پێشوو یەکسانیی کۆمەڵایەتییان هەبوو و لە ئەنجامدا یارسان= یاری سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی کە نیشانەی جەماوەریبوونی سەروەری و ڕێبەرایەتیی سەید ئیسحاقە. هەر لەم سەردەمەشدا مەغوولەکان بە هەموو زوڵم و بێ دادییانەوە لە ناوچەی بانگەوازی سوڵتان ئیسحاق بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینران و ئەو عەلەوییانەی کە لە شاخەکاندا دەژیان لە هەمەدان و کوردستان و کرماشانات و لوڕستان و... لە ژێر دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لەلایەن بنەماڵەی عەلەوی دانرابوون لە داگیرکەران پارێزراو بوون.

هزری گەورە و دەسەڵاتی داهێنەرانەی فیکری و سیاسی و مەزهەبیی سوڵتان سەید ئیسحاق بوو بەهۆی ئەوەی کە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کارەکانی دانیشتوانی سنووری ژێرکاریگەری بزاڤەکە، لەم قۆناغەدا پێکهاتەگەلێکی سیاسی، ئابووری، و سەربازی و بەڕێوەبەری لە کۆمەڵانی باوەڕمەند لە سەر ئەو بنیاتە بەرتەسکانەی پێشوو، بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕێک بخرێت و بنەمای ئەو ڕێکخستنانە بەتێکەڵاوی باوەڕی و دینی، ڕواڵەت و شێوەیەکی هەتاهەتایی بگرێتە خۆی کە پاشان لەگەڵ ژیانی نەوەکانی ئەم خەڵکە تێکەڵ ببێ.

دوکتۆر حیشمەتوڵڵا تەبیبی لە کتێبی ژێدەری کۆمەڵایەتیی کوردانی یارسان لەم بارەوە دەنووسێ: (وا دیارە کە هۆکاری سەرەکیی هەوڵەکانی سوڵتان ئێسحاق بۆ یەکگرتوویی و هەماهەنگیی خێڵەکانی یارسان دوو شت بووبێت: یەکەم هەڕەشەی هێزی مەغوول لە سەر خێڵەکانی یارسان کە ئەو سەردەمە لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئێران واتا کوردستان و میزۆپۆتامیا جێگیر بووبوون. [بـ. جامع التواریخ رشـیـدی، ل ,٧١٦ بە دواوە] و دووەم بە مەبەستی پاراستنی داو و نەریتی نەتەوەیی ڕێگرتن لە دووبەرەکی و بڵاوبوونەوەی تایفەکانی یارسان، چونکە تا ئەو جێگایەی کە لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمەی یارساندا دەردەکەوێت، بوونی هێزی مەغوول لەو هەرێمانەدا کە شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان بوون، بە تایبەت دوای داگیرکردنی بەغدا لە لایەن هۆلاکوخان و لەناوچوونی داو و دەزگای خەلافەتی عەباسی، شوێنکەوتووانی ئاینی حەقیقەت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆرتر هەڕەشەیان لێ دەکرا و دوا بە دوای ڕووداوێک کە بەپێی ڕەوایەتی یارسان لە لایەن سپایەک بە ناوی چیچەک کە وێ دەچێ سەر بە مەغوولان بووبێتن

[سرودهای دینی یارسان، ترجمه ماشاء الله سوری، ل ١٩٠ـ١٩١] و بە پێی ئەوەی کە وترا، وێ دەچێ کە چێچنەکان بووبێتن: بۆ سوڵتان ئیسحاق و سێ کەس لە یارانی نزیکی ڕوو دەدات و ڕزگاربوونی ئەوان دەکەوێتە مەترسییەوە، سوڵتان بۆ خۆی بنکە و ناوەندێک ڕێک دەخات و بۆ بەرخودان و شەڕ و لەگەڵ دوژمنانی ئێران دەکەوێتە بیری پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینیی ڕێکوپێک و چوارچێوەدار کە لە سەر پایە و ئەساسی ژیرانە دادەنرێت تا یەکانگیری و هەماهەنگی لە نێوان هەموو خێڵەکانی یارساندا دروست بکات.

یەکێک لەو فاکتەرانە کە تا ئێستاکەش ڕێگەی لە پرش و بڵاوی و لێکترازانی ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی یارسان گرتووە، ئەوە بوو کە بە فەرمانی سوڵتان ئیسحاق بڕیاردرا کە هەموو یارسانەکان لە حەوت ماڵباتدا جێ بگرن. [منشاء اجتماعي معتقدات كردان اهل حق. حشمت الله طيبي. ل ٦] و دواتر دەرکەوتنی بنەماڵەکانی شامێهمان کە بە پێکهێنانی ماڵباتی ئاتەش بەیگی کە دوای دەرکەوتنی سەید محەمەد نووربەخش و سەرهەڵدانی سەید محەمەد موشەعشەع و هاوپەیمانی لەگەڵ سەفەوییە، سەرجەم بنەماڵەکانی یارسان و عەلەوییە توندڕۆکان بنیات نرا و کۆتایی بنەماڵەکان ڕاگەیەندرا.

پێکهێنانی خانەدانی حەقیقەت لە لایەن سوڵتان ئیسحاقەوە بە شوێن دۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت کە لەشکری مەغوول لە هەرێمەکانی ڕۆئاوا دروستیان کردبوو و ئاماژەمان دا کە سوڵتان ئیسحاق پاش تێپەڕاندنی مەترسییەک کە لە لایەن لەشکرێک بە ناوی (چیچەک) بۆ سەر ئەو و سێ کەس لە یارانی [یارانی پیرخزریش لە ئاگردا سێ کەس بوون] بڕیاری پێکهێنانی بەرەباب و ماڵبات و دانانی پێودان و یاسا و فەرمانگەلێکی دا کە یەکەتی و هاوئاهەنگیی هەموو تایفەکانی یارسانی پاراست. لە لێکدانەوەی ئەم بابەتە ئاماژە بەم خاڵە بکەم [دکتۆر حیشمەتوڵڵا تەبیبی] کە لە سوننەتی یارساندا هاتووە کە سوڵتان ئیسحاق سێ زڕبرای هەبووە بە ناوەکانی قادر، خدر، سەلامەت، کە دوای کۆچی دوایی باوکیان شێخ عیسای بەرزنجی، چونکە نەیانتوانی لە بەشکردنی میراتی باوکیان پێک بێن. لە نێوان ئەوان و سوڵتان کێشە ساز دەبێ و لە ئەنجامدا سوڵتان بۆ پەیداکردنی پەناگایەک شوێنی خۆی بە جێ دێڵێ و ڕوو لە ناوچەی هەورامان دەکات و لە گوندی شێخان دەکەوێتە بەر ڕاوەدوونانی برا و سوپایەکەوە

بە ناوی چیچەک کە دەڵێن نزیک بە پەنجا تا شەست هەزار کەس بوون و سوڵتان لەگەڵ سێ کەس لە یارانی نزیکی، پەنا دەباتە غارێک بە ناوی «مرنەو» واتا غاری نەو و سێ شەو و ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و کاتێک مەترسی لەسەریان زیاد دەکا، سوڵتان بە یەکێ لە یاوەرانی بە ناوی داوود دەڵێ، کە مشتێک خاک لە ژێر قاڵیچە هەڵبگرێ و بەسەرچاوی سوپای چیچەکیدا بکاو، داوود ئەو کارەی کرد و بە ئیزنی خوا لەشکری چیچەک دەگۆڕێن و یەکتری دەکوژن و خوێنی یەک دەڕێژن و سوڵتان و سێ یارەکەی ڕزگار دەبن. [تذکره اعلی، در مجموعه رسائل و اشعار اهل حق، ل ٧٣] بە شوێن ئەم ڕووداوە سوڵتان ڕۆژووی سێ ڕۆژە دادەنێ کە یارسان لە دواین ڕۆژیدا بە شوکرانەبێژی ڕزگاربوونی سوڵتان و هاوڕێیەکانی و ئاینی یارسان لە مەترسیی لەناوچوون جەژنی شاییان جەژنی (خاونگاری) دەگرن، کە خۆی باسێکی زۆر هەڵدەگرێ ـ [برهان الحق، ل ١٣٢] لە سەر لەشکری چیچەک و سێ برای ناتەنی سوڵتان و شەڕی ئەوان لەگەڵیدا خاڵەکانی ژێرەوە جێی شک و گومان و وردبوونەوەیە.

یەکەم: لە ئەفسانەی ڕاوەدوونانی سوڵتان لە لایەن سێ زڕبراکەیەوە، باسی ئەوە کراوە، کە براکان لە یەکێک لە خزمەکانیان بە ناوی (چیچەک) ـ [تذکره اعلی، در مجموعه رسائل و اشعار اهل حق، ل ٦٨] یارمەتی دەخوازن و ئەو بە لەشکرێکی گەورە لە عەشیرەتەکەی خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ سوڵتان ئیسحاق دێ بۆ یارمەتیدانیان، خاڵی جێ باس ئەوەیە کە چیچەک ناوێکی فارسی نییە و ناوی کەسیش نییە بەڵکو (چیچەک) وشەیەکی تورکییە و ماناکەی لە فەرهەنگی (آنندراج) ئاوەها هاتووە: «چیچەک لە سەر کێشی پیچەک و گوڵە و ئەمە تورکییە و لە فارسیدا بە مانای هاوڵە هاتووە کە دوور نییە لەم مانایەشدا، تورکی بێ» ـ فرهنگ آنندراج، ل ١٤٧١] لە فەرهەنگی نەفیسیشدا ئاوەها هاتووە: «چیچەک Gigak هاوڵە و جەدرییە، ئەوەی چیچەک دەگرێ تووشیاری هاوڵە و مەجدەر بووە. [فرهنگ نفیسی، ل ١١٨٦]

قامووسی دێهخودا، وشەی چیچەکی بە پێی «منتهی الارب» ئاوەها مانا دەکاتەوە: چیچەک، جەدری بە یای نسبەت، نەخۆشییەکە کە ئەمڕۆ بە هاوڵە دەناسرێت. غوزاب بە (ز) بۆر یان ژێرەی (غ)، زەوینێک کە خەڵکی لەوێ زۆر تووشی چیچەک دەبن، جەدر: کەسێک کە چیچەکی دەرهێنابێ. چیچەک زەدە:

کەسێک کە بە نەخۆشیی چیچەک تووشیار بووبێت. هەروەها بە پێی «غیاث اللغە»: چیچەک واتا ئاوڵە و وشەیەکی تورکیە ـ [«لغت نامە دهخدا، شمارە ١٤٦»] لە فەرهەنگەکانی ئوردوودا چیچەک بە یای نادیار، وشەیەکی هیندی و مانای هاوڵە دەدات و چیچەک ڕوو واتا هاوڵە ڕوو. ـ [فیروز اللغات، زبان اردو، ل ٥٠٤] لە زمانی تورکی و ئازەربایجانی سووریژە و خاڵەکانی بە چیچەک دەناسن.

بەم ڕوونکردنەوەیە لە سەر ئەفسانە، ئەمەی کە چیچەک ناوی یەکێک بووبێ لە زڕبراکانی سوڵتان ئیسحاق بووبێت، دەستکرد و هەڵەیە، هەروەها لەو سەردەمەدا هیچ عەشیرەتێکی کورد ئەوەندە حەشیمەتێکی نەبووە کە بتوانێت لەشکرێکی پەنجا تا شەست هەزار کەس ساز بدات و ئەمە خۆی ئاماژەیەکە بۆ نادروستبوونی حەکایەتی چیچەک و لەشکرەکەی، بەڵام ئەوەی کە لەشکرێک کە سوڵتان ئیسحاق بە ناوی چیچەک ناوی لێی بردووە و بە شوێن ئەو و یارانیەوە بووە. ڕاستە بەسەرنجدان بە قسەکانی سوڵتان جێ گومانێ نامێنێتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاق کە هۆلاکۆخان هێرشی بردووەتە سەر بەغدا و دوای تێکدانی خەلافەتی عەباسییەکان [«لەناوچوونی خەلافەتی عەباسی لە ڕۆژی چوارشەممەی ١٤ مانگی سەفەر ٦٥٦ ک م جامع التواریخ، ل ٧١٤»] لە ڕێگای کوردستانەوە بەرەو دەریاچەی سەڵماس (ورمێ) دەڕوات، بەسەرنجدان بە لەشکرکێشی هۆلاکۆخان لە کاتی تێپەڕبوونی لەشکری مەغوول بە کوردستاندا، مەترسی دەکەوێتە سەر سوڵتان ئیسحاق و یارانی، بە جۆرێک لە قسەکانی سوڵتان بە جوانی ئەم بابەتە دیارە کە ئەڵێ:

یاران مەگەردێ ئەوسۆ ئەوسۆیێ
قوشوون چیچەک پەری داودوێ
سێ ڕۆژێ پەرێ تەنانم ئەو مەڕنەوێ

واتا: ئەی یاران بڵاو مەبنەوە، بەم لاو و بەو لا ـ لەشکری چیچەک بۆ شەڕ ئامادەیە، سێ ڕۆژە سێ کەس لە یارانم هان لە ئەشکەوتی نوێدا.

دەستەواژەی چیچەک لە وتەکانی سوڵتان ڕەنگە بە مەجاز و ئاماژەیەک بێ بەزۆربوونی لەشکری مەغوول و یا ئەمەی کە نەخۆشیی هاوڵە لە نێو لەشکری مەغوول تەشەنەی سەندووە و بووەتە هۆی لەناوچوونیان، چونکە بە گوێرەی

گێڕانەوەیەک دوای ئەوەی کە داوود بە ئەمری سوڵتان مشتێک خۆڵی پژاند بەڕووی لەشکری چیچەکدا، نەخۆشی تاعوون (کولێرە) کەوتە نێو لەشکرەکە و هێزەکە دەکوژێت. [دووەم، ئەوەیە کە زڕبراکانی سوڵتان و ناوەکانیان دروستکراو و هەڵبەستراوە و نادروستە] ـ [منشاء اجتماعی معتقدات کردان اهل حق ٦٠ـ٦٣].
بەو شتانەی کە لە سەر دەستەواژەی چیچەک هاتووە و ڕوون کراوەتەوە زۆر پێ دەچێ (چیچەک) هەر ئەو وشەی چێچن بێ کە لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا بۆ بەکەمزانین و تەنبێ و توورەیی (ک) سووکایەتی پێوە لکێندراوە و چێچن بووەتە چیچەک، هەر وەک چۆن بە شەهریار: شارەک/ ساڵح= سالەک بەهرام= بارەک/ قادر= قارەک و... دەوترێ. جیا لەمەش (چیچە) لە زاراوەی هەورامی، زاراوەی ئاینیی یارساندا بە مانای مەمکی ژنە، بەڵام ئەوەی کە بە هۆی خزمایەتیی دایکی، بە تایفەیک (چیچەک) وترابێ، زۆر لە ڕاستی دوورە، چونکە بوونی چێچنەکان لە ناوچەکەدا کە ئەندامی سوپای زەرینی ئیمپراتۆری مەغوول بوون و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئیلخانییەکان و شەڕی پێشووتریان لەگەڵ سەرهەڵدانی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجی، مامی سەید ئیسحاق، زۆرتر نزیکە لە ڕاستی. ئەم جیاوازییەی کە لە ساڵەکاندا هەیە، دەبێ ڕاست بکرێتەوە، هێرشی مەغوول (٦٥٦ ک. م) تا لەدایکبوونی سوڵتان نزیکەی هەشتا ساڵ بەگوێرەی ساڵی کۆچی، جیاوازیی هەیە و ئاماژەی سوڵتان بەیاران لە نەچوونە دەرەوە لە ناوچەی بانگخوازییەکەی و ڕێنوێنی و بنکەی ناوەندیی بزاڤەکە، بە هۆی هاتوچۆ و گەڕانی بەردەوامی باجگران و ئیلچیانی مەغوول بووە کە لەوێ دارەدەست و گزیری سپای ئیلخان بوون.

## هەڵکەوتی جوگرافیایی پێگەی بزاڤەکە

ئێدمـۆندز: کە پێگەی ناوەندیی بزاڤەکەی (هەورامـان) لە نزیکەوە بینیـوە: لەمەڕ هەڵکەوتی جوگرافیاییەکەی دەنووسێ: «هاوار» لە بەرزاییەکی نزیک ٢٥٠٠ پێ لە لای ڕۆژئاوای دۆڵەکەوە هەڵکەوتوو، و دوو شـاخی بچـووک کە زنجـیرە کـێوەکـانی هەورامـان لە نزیکی بەرزترین شـوێنـی (٩٨٠٠ پێ) جـیـا بووەتەوە و «هاوار»ە کـە لەونیوانە گیرساوەتەوە.

ئەم دوو شاخە سەرەتا بەرەو لای ڕۆژئاوا و پاشان ڕوویان لە باشووری ڕۆژهەڵات کـردووە و بەم جـۆرە دوو زنجـیـرە دابڕانی هاوتەریب پێک دێنن، لای خـوارەوەی بڕاوییەکەی ڕۆژئاوایی، کە لە «ملە چاڵان» لە شانەکەیەوە تێ پەڕین، (شنروێ). و لای ڕۆژهەڵاتی کە هێڵی سنوور دیاری دەکا «قەڵاگا»یە. «تەوێڵە» لە بەشی ژووری ئەم دۆڵە هەڵکەوتووە و ئەم ڕووبارە «تەوێڵێ»یە کە دوای ئەوەی کە لە نزیکی هەوار چۆمێکی بچووک لە «بەڵخە» تێی دەڕژێ، دەڕژێتە دۆڵی بەرتەسکی «گـریانە» و بەرەولای سیروان دەبێتەوە. لە پشتی (هاوار)ەوە کەندەڵانێکی گەورە لە قووڵاییی شنروێ دەردەکەوێ کە لەلای باشووری قەڵای سەرەکی شنروێ بە بەرزاییی ٦٧٠٠ پێ و لەلای باکوری ڕۆژئاوا، قەڵای دووەم بە بەرزاییی ٦١٠٠ پێ بە ناوی «بەفـری میری» بەسەریا زاڵە. ئەم کەندەڵانە بنە هێڵی شیوەکە پێک دەهێنێ.

شـیندرووی (شنروێ): وادیارە کـە هەمـووکـات هەواری گـوندییـان بووبێت و دۆستانی کاکەیی لە نیشاندانی بیناو شوێنە پیرۆزەکانیان چێژیان دەبینی.

وزیار Wezyar: شوێنی خێوەتی تایبەتی سوڵتان ئیسحاق. سێ قەڵاتان se-qalatan کە لەوێ بۆ حەوتەوانە (حەوت فیرق) نەزر دەکەن. کانی پیرۆزە kani pi-roza کە وەقفی بنیامینە، قودسلئەقدەس لە قەمەری کەلام Qamari kalam نەزرگەی شاخۆشین، بەو جۆرەی کـە دەیانگوت لە سـەر دۆڵێکە لە پەڕاوێزی لای ڕاستی کەندەڵانی ناوبراو و نەزرگەی پیر مووسیا ڕاست لە دەرەوەی گوند و لە سەر ڕێ تەوێڵێ، پیـرە گـوڵڕوون یەکـێک لەو حـەفـتـا و دوو پیـر بوو: نەزرگـەیی دووەم

هەڵکەوتبوو، بە ناوی نەزرگەی میرە سوور، لە شارەزوور (هەورامان) لە گوندی تەشارکە لە دەفتەرە کۆنەکاندا ئاماژی پێ کراوە. «هەوراکۆن» کە چەند گومەز و مەزارێکی تێدایە بۆ ڕێزگرتن لە میر ئەحمەد سوور، حەفتەوانەوە و ئەحمەد هەوار دروست کرابوو: ئەم ئەحمەد هەوارییە، کەسایەتییەکی گرینگ بوو کە زۆر یادی دەکرا، بەڵام من نەمتوانی جێگە و پێگەی ئەو لە سیلسیلەی ئەولیای ئەم مەزهەبەدا دیاری بکەم، دوو سێ بنەماڵەیەک کە لێرە دەژیان وەکو هەمووان بۆ هەوار ڕۆیشتبوون بۆ پێدەشتەکانی شیندرووی (شنرویّ).

باکوری ڕۆئاوا خورماڵ بوو، خەڵکی زۆرتر سەربە میرە سوور بوون و دەلیلیان، پیری نەریمان بوو. بەیانی ڕۆژی دوایی هاتینە خوارەوە و بە گوندی... تێ پەڕین و گەیشتینە ڕووبارە سەرەکییەکە و لەسەر پردێکی تازە نۆژەنکراوە لە نزیکی مەزاری پیر ئیسکەندەر کوری سەیدخامۆش و پیر ئیسماعیل ـ لە حەفتاو دو دوو پیر گەیشتینە گردوو زار «دەرەی توو» و نەزرگەی سەیدە باوە عیسای حەفتەوانە... و لە کۆتاییدا لە خاڵێک بە بەرزایی ٥٠٠٠ پێ گەیشتینە لووتکەی براوەی «قەڵاگر» بە ناوی «ملە گاکژە» کە لە سەر هێڵی سنوورییە. هەنووکە کە لە پشتی سەرمانەوە «شین درووی» بوو و لە بەردەمماندا «پردی وار» لە ڕاستیدا لە نێو ناخی خاکی پیرۆزی کاکەییەکانین ـ [مینۆرسکییش کە ١٩١٤دا پەردیوەری کردبوو. هەرلەو دیدارەدا، لەو نزیکییەوە گومەزەکانی پیر زربر و مستەفا داوودیان پێ نیشان دابوو] ـ [ترکها، کردها، عربها، ادموندز، ل ٢١٨ـ ٢١٩ [و مەڵبەندی هەنووکەییی شوێنکەوتوانی بزاڤەکە لە دەوروبەری ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەو دیوی سنووری دەستکردەوە، ئاوەها باس دەکا: لە عیراقی ئێستادا سەرەکی و ناسراوترین ناوەندی کاکەییەکان، کۆمەڵە گوندێک کە ژمارەیان دەگاتە هەژدە گوند لە خۆ دەگرێ. [گەورەترینی ئەم گوندانە برێتین لە: ئەلبوسراج (٥٠ بنەماڵە). عەلی سەرای (٦٠ بنەماڵە) ئەلمحەمەد بادلیس گەورە (٩٠ بنەماڵە) عەرەب کووی (١٠٠ بنەماڵە)، لاسین باتوپزاوا (١٢٠ بنەماڵە)، متیک (٤٠ بنەماڵە) و گوندە بچووکەکان برێتین لە: بن شاخ، دلیس بچووک، محەمەد خاجیک، ڕبێدە، سیوەیل، تەرەبا، زنجیر، زەعال ئاوا، بە دڵنیاییەوە لە خودی تەوقیش، تاقمێک کاکەیی هەن. وێ دەچێ کرێدەرانی، مۆڵکدارانی کاکەیی هەموویان کاکەیین] لە بەشی ناوەندی ناحیەی تەوق (ناوچەکانی کەرکووک). ئەم هەژدە گوندە لە بەشی

ڕۆئاوای ڕێگە سەرەکییەکەیان. ئەم مەڵبەندە تا ڕادەیەک نوێن. زەوینەکانیان سەید ڕوستەم و سەید خەلیل و سەید وەلەد [ساداتی مەسنەدنشین] کڕیویانن. کەوابوو ساڵی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم. زەویندارانی نوێ موریدەکانیان لە گوندەکانی ئەوپەڕی ڕێگە سەرەکییەکە: [ئەو گوندانەی کە زۆرتر نێویان دەبەن، ئەمانەن: بادئاوەر، حەسار، کلەکانی، تەپەلووی گەورە و بچووک، چورکە زیارەت، شۆر ئاوا و سەنگوور] و نزیکی پێدەشتەکان، واتا ئەو گوندانەی کە لە ناحیەی قەرەحەسەن، گوڵ و تەوق، جێیان گرتووە. بەشێک لە مەزارگەکانیان لەم ناوچانەن و هێشتاکە زەوین و سامانیان لێرەدا هەیە. یەک لە زیارەتگەکانیان، واتا زیارەتگەی باوە قەتاڵ، نزیک گوندی تاڵەبانی کۆرمۆر (kormor) ئێستاکەش عەشیرەتی مارگەستوانە. کاکەییەکانی ئەم مەڵبەندە نوێیە و یەکسانە، لەگەڵ مالیکانی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداراندا ئێستاکە لە هەموو بارێکەوە یەکێک لە سێ قەبیلەی تەوق پێک دێنن. دوو عەشیرەتەکەی تر تاڵەبانی و داوودەن، گوندنشینان زۆرتریان لەڕووی بنچینەوە، ئیبراهیمین. یەکێکی تر لە گرووپە گرینگەکان لە دوولایەنی سنووری نێوان ئێران و عێراقن و برێتین لە، دە، دوازدە گوندێک لە قەزای خانەقین و ناحیەی قەسری شیرین؛ [گوندەکانی هەڵکەوتوو لە خاکی عیراق ـ ئەمین باپیرە، باوە ئیسماعیل، باریکە، چەم چەقەڵ، دارە خورما، گابیە، کانی شاباز، مەرکەز حودوود، قلمە، قەرە پۆڵە، تەپەقەیسەر] گوندنشینانی بەشی عێراق زۆرتریان ئیبراهیمن. بەڵام میرییەکان و باوەیسەییەکان هەرکامیان دوو گوندیان هەیە... لە سەر لێوارەکانی زێی گەورە، نزیکی نەزەرگای خزر، حەوت گوندی کاکەیی دەبینرێن کە سێیانیان لەلای چەپەوە و چواریان لە لایەنی ڕاستەوەن ـ [ئەم گوندانە بریتین: لەلای چەپ: سۆفییە، مترت. لایەنی ڕاست: تەلوولبەیان، گزەکان، وردک، قرقشە] لێرەدا زۆرتر بە سرلی ناسراون،... [(Sarli)] (سارلی) یەکان لە کەمینەی تری کورد بێجگە لە مووسڵ جیاوازن و ناسراون بە شەبەک shabak، کە کوردی قزڵباشن.

لە شارۆچکەی «تەلەعفەر» کە زۆرینەی دانیشتوانی تورکمان و لە چل میلیی ڕۆئاوای مووسڵە. بنەماڵەیەکی ناسراو بە تایفەی وەهاب ئاغایەک، لە دەستچووترین بنەماڵەکانی ناوچەکەیە و لە سەردەمی عوسمانی، شارەوانانی شار زۆرتر لەوان هەڵدەبژێردران. ئەم بنەماڵەیە سەید کاکەیی و ئیبراهیمی نەسەبن،

ژمارەی کاکەییەکانی دانیشتووی تەلەعفەر لە نێوان (٣٠٠ یان ٤٠٠) ماڵبات دەبن، جیا لە ئیبراهیمییەکان چەند ماڵێکی ئاتەش بەیگینیش لە تەلەعفەر نیشتەجێن. وەک دیارە لە دەرەوەی ئەم گرووپە، گوندگەلێکی کەم تا زۆر وەک یەک، بنەماڵەگەلێک بە تاکوتەرا لە بەغدا و شارە گەورەکان، لەوانە: مووسڵ و کەرکووک و خانەقین و سلێمانیدا دەبینین، بنەماڵەی ناسراو بە کوبلەزادە لە سلێمانی پێگەیەکی شیاویان لە نێو بنەماڵە دەوڵەمەند و ئەشرافییەکانی شاردا هەیە، ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەدا (شمشێر هاوردە) و سەر بە مستەفایین. باس لەدەستەگەلێک لە بەدرە و زرباتییەش کراوە... [ئەم ئامارانە هیی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ ز. ١٣٣٢ ک. م یە] لەم دیوی سنوورەوە چاوخشاندنێک بەسەر بە کتێبی جوگرافیای مێژوویی و مێژووی تێروتەسەلی کرماشانات، محەمەد عەلیی سوڵتان: ب ١ ـ ٦/ جوگرافیای هەمەدان/ مێژووی ئازەربایجان؛ دکتۆر مشکور / مێژووی خووزستان؛ ئەحمەد کەسرەوی/ مێژووی گیلان؛ میرفەخرایی، مێژووی تاران و... دەتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان ببینرێت. بەرێکخراوەکردنی نوێ و پایەدار لە بزاڤەکە، سەید ئیسحاقی عەلەویی ناوی سوڵتانی بەخۆ گرت و ڕێبەرایەتی کە لە باپیرانیان سەید باباعەلیی هەمەدانی پێی گەیشتووە بە پێی ئەم بڕیارە، ئێستاکەش لە ناو بنەماڵەی ئەودا بە میرات ماوەتەوە و شتێکی میراتییە. لە حکوومەتی سیاسی و مەزهەبی و لەشکریی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی کە لەناو دڵی دەسەڵات و هێزی مەغوولدا سەری هەڵدا بە زۆر هۆ و بە پێی سیاسەتی نهێنی بزاڤەکە ڕێ لە لێدانی سکە گیرا و پێی ئابووریی کشتوکاڵی، کە تا ئێستاش بەردەوامە، مامەڵەکان و بازرگانی بە شێوەی کالا بە کالا بەڕێوە دەچوو و بەم شێوە بەڕێوەچوونی پلانی سەربەخۆ بوون لە لایەن لایەنگرانی بزاڤەکەوە و نەبوونی پێوەندی لەگەڵ مەغوول بە گشتی و بەرهەمهێنان و بەکاربردنی تایبەت و بەو ناوچەی سنووردارە، زەربەیەکی ئابووری بۆ سیستەمی ماڵی حاکم دەهاتە ئەژمار.

شوێنکەوتوانی بزاڤ کە لە قەڵا شاخاوی و دژوارەکاندا دەژیان و بۆ دەرفەتێک دەگەڕان تا هێرش بکەنە سەر داگیرکەران و لە دروستکردنی کەرەستەی شەڕدا گەیشتبوونە بەرزترین ئاست لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، لەو سەردەمەدا و ئێستاکەش ناوچەکانیان لە بواری پیشەییدا بەناوبانگن.

## سەرهەڵدانی تەیموورییەکان، دەستپێکی خەبات و شەهادەتی

## سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار)

قـەڵاکـانـی سـەر بەگـۆرانەکـان بە تەواوەتی لـەژێر فـەرمـانـی سـوڵتـانـدا بوون و (پاڵـەنگان) بـەپێگـەی سـەربازیی ئـەم بزاڤـە دەهـاتە ئـەژمـار کـە فـەرمـانەکـانی سەرۆکەکانیان باشتر و جوانتر لە فیداییانی ئیسماعیلی بێ فرتوفێڵ بە ئەنجام دەگەیاند. چونکە گۆرانەکان شوێنکەوتوانی سەرەتایی بزاڤەکە و باوەڕمەندانی گیانباز و فیدایی موبارەکشای عەلەوی و ڕێبەرانی پاش ئەو بە تایبەت سەید باباعەلیی هەمەدانی و نەوەکانی بوون، بەڕادەیەک کە سەید عیسا بە ناوی (گۆرانیی بەرزنجی) لە بەڵگە و نووسراوەکاندا ناسراوە. سەردەمی حەقیقەت دەستی پێ کرد، و بە دوو ئەسڵی ناسینی ئیمام و بەجێهێنانی ئەمانەتی ئەبەدی، کە ئەم کارە وەکو ئەرکی مرۆڤ دیاری کرابوو، تاقمە شوێنکەوتوانی گۆران و... لە ژێر فەرمانی نێردراوانی ناوەندەکانی بانگەوازی (هەورامان) دەستیان کرد بە دژەی هزری و لەشکری لەم هەرێمانەوە دەستپێکی بەشداربوونی «شمشێر هاوردەکان» دەستی پێ کرد. بەسەربەخۆبوونی سیاسی، مەزهەبیی بزاڤ، حەزرەتی شا ئیبراهیم، لە نەوەکانی سوڵتانی ڕەوانەی بەغدا کراو، بابا یادگار (حەزرەتی سەید ئەحمەد) بوو بە بەرپرسی کوردستان و بە پێی باوەڕی باوڕمەندان بەجێگیربوونی ئەوان لە شوێنی ئامادەبوونیان کانیاوێک لە نوور و ڕووناکی و ئاوەدانی دەرکەوت (غوسلان و هانیتا) بە جۆرێک کە لە کتێبەکەدا هاتووە:

یادگـار جـە تـەنوور هۆرێزا وەپـا<br>
وە لـەفـز شـیـریـن سـەلام دا وەشـا<br>
بـەرگ خـودڕەنگی کـرد وە خـەڵاتش<br>
تەمـام (کـوردسـتـان) کـرد وە بەراتش

بەم شـێـوەیە حکوومـەتی کـوردسـتـان درا بە سـەید ئەحـمـەد یادگـار، کـوڕی ڕۆحانیی سوڵتان سەید ئیسحـاقی عەلەوی، کە لە دوای دەرکەوتنی کەراماتی (شـا ئیـبـراهـیم)، لە بەغـداوە ڕووی لە (بان زەردە)ی یەزدگـردی کـرد و لە تەنیـشـتی غوسـڵان یان قـوسـڵان، بابـا یادگـار، کانیی (هـانی تا) دەرخـسـت کـە ئێسـتـاکـەش زیارەتگەی پەیڕەوان و زیارەتکەران و دڵڕوونە کە لە کتێبەکەدا هـاتووە:

دەسـتت نەڕێزو سـوێرەی زات سـەمـا

پەی دەعـوای نگین ئامـای وە دومـا

پەی جوفت غوسـڵان، کەندی هـانی تا

ڕکـەبەرایـەتی سـیـاسـیی و مـەزهـەبی و مـەعنەوی کـەوتە نێـو فـەرمـانبـەرانی حکوومەتی سوڵتان سەید ئیسحاق و تەشەنەی کرد، نیشانەکانی ئەم ململانەش لە دەفتەرە ئـاینییەکانی (یارسـان)دا ڕەنگی داوەتەوە و بە جۆرگەلێکی جیاواز ڕاڤە و پاسـاوی بـۆ هێنراوەتـەوە، و لێـرەدا بەپێـی سـەرچاوەیی باوەڕپێکراو و بە بـەڵگەی مـێـژوویی بە دوور لە بانگەشـە و گـێڕانەوەی جـۆربەجـۆر ئەو ڕەنگدانەوە دەڵێین و شرۆڤـەی دەکەین بەشێـوەیەکی ڕاست و دروست. ئەم سەردەمە هـاوکات بوو لەگەڵ هێـرشی تـەیمووری لەنگ و جـیـهـان گـرییـەکـانی ئـەو و لەناوچوونی سـیلسـیلـەی شوانکارەی فارس، کە شوێنکەوتوانی، بزاڤەکە بوون بەپێی سیستەمی عەشیرەتی سیـاسی، مـەزهـەبی لەگەڵ دەسـتـەگـەلێکی تردا لە عـەشـیـرەتی کۆچەر لە نێوان پێـدەشـتـەکـانی زاگـرۆس تا کـێـوی گـیلویە و دەوروبەری ئیـسـفـەهـان تـا نزیک شـووشـتـەر، لە ژێر دەسـەڵاتی سـیلسـیلەگـەلی نـاوچەیی و سـەروەری تیـرەگـەلی تێکەڵاو و ڕەنگە جـیـاوازی خـۆیـان، ژیانی شـوانکارەیی تایبـەتی خـۆیـان، لەگـەڵ گـوندنشـینی و خێـوەتنشـینی و... دەبردە سـەر. [روزگـاران، دکـتـر عـبدالحـسـين زرينكوب، ل ٢٨٠].

کوردسـتـان و مێـژۆپۆتـامیـا لەژێر دەسـەڵاتی سـەید ئەحـمـەد عـەلەویی بەرزنجی (بابا یادگار) و شا ئیبراهیم بوو کە بە داڕشتنی پلانێکی زیرەکانە لە دوو لایەنی لەشکری و دیپلۆمـاسـییـەوە لە بەرانبـەری سـپـای تەیمووردا وەسـتـانەوە، کـە لە ئەنجامـی ئەم پلانەدا بە دوای تێـرۆری شـێخ عـەلی بەهـادور، بەدەسـتی ئەحـمـەدی عەلەوی (بابا یادگار)، لیدەر شـەهید بوو، بەجۆرێک خواندمیر دەنووسێ: (لە ڕۆژی بیـسـتی مـوحـەڕەمی سـاڵی ٧٩٥ی کـۆچی... حـوکـمی هومـایون ڕاگـەیەندرا کـە

شازادەگەلی پایەبەرز؛ ئەمیرزادە محەمەد سوڵتان، ئەمیرزادە پیرمحەمەد، کوڕانی ئەمیرزادە جەهانگیر، فەرماندەییی لەشکر بکەن و بەرەو عیراق بڕۆن و ئەوان... لە ڕێگای سوڵتانیە، روویان لە کوردستان کرد و بۆ لەناوبردنی هەڕەشەی جەردەی ئەو شاخانە شۆڕشیان کرد و لەو دەڤەرە شێخ عەلی بەهادور بە خەنجەری کوردێکی قچزچی کوژرا و شازادەکان لەگەڵ ئەمیری ئەوکاتەی کوردستان، ئەمیر ئیبراهیم شا پێک هاتن) [حبیب السیر، خواندمیر ب ٣، ل ٢٥٦] تەرمی پاکی سەید ئەحمەد عەلەوی بەرزنجی (بابا یادگار) لە لایەنی شوێنکەوتوان، موریدان و لایەنگرانی لە سەر لووتکەی (بان زەردە)ی دالاهۆ بە خاک سپێردرا و بوو بە ژوانگەی خەباتگێڕانیەوە دژی داگیرکاری تەیمووریان و هەڵکوتانە سەری ناوەناوەو و شەڕی بێ وچانی هێزە چەکدارەکانی عەلەوی و دانیشتوانی ناوچەکە لە بەرانبەر سپای لەژمارەنەهاتووی داگیرکەراندا، ئێمەش چۆنیەتیی ئەم پێکدادانانە بە جیاوازانە و چۆنیەتیی شەڕەکان و بەرخۆدانی پەیڕەوانی ئەم بزاڤە هەمیشە خوێناوییە کە ڕێبەرایەتیی شا ئیبراهیم و بابا یادگار دەگرێتەوە، لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی مێژوویی دەهێنینەوە؛ نیزامەدین شامی دەنووسێ: (لە ڕێکەوتی ٧٩٥ ک. م کە بەرانبەر بە داقوق بیلی تورکمانی بوو، لە سوڵتانیە، بەرەو بەغدا ڕۆیشت. کوردستاندا تێ پەڕی، ئەمیر تەیموور مەولا لە لایەن ئەمیر خاوەنی قورئان، گەیشتنە خزمەتی ئەمیرزادە محەمەد سوڵتان و فەرمانی ڕاگەیاند لەگەڵ ئەمیر زادە پیرمحەمەد لە ڕێگای چەمچەماڵ بەرەو دەربەندی کوردستان بەرێ بکەون و هەرکەس دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕی و شۆڕشی کرد، مەڵبەندەکەی تێک بدەن و هەرکەس کە لەگەڵیان پێک هات و ملی بۆ ڕاکێشان، ڕێزی بگیردرێت و لەگەڵ خۆیان بیبەن و هیچ خەسارێک نەگەیەننە وڵاتەکەی، لە سەر بنەمای فەرمانی ڕاگەیەندراو گەیشتنە دەڤەرەکە و دژی سونقوڕ و دەغڵی ئەوێیان برد و سونجک بەهادور و تەیموور خواجە بەهادوری فەرمانی دا بە لەشکرێکی گەورە تا لە لایەکی ترەوە بەرەو کوردستان بڕۆن و خۆیشی کەوتە ڕێ و گەیشتە دەربەند، یەکێ لە سەربازانی سپای ئەو دەڤەرە هەڵاتبوو و گەیشتە خزمەتی ئەمیرزادە محەمەد سوڵتان و پێی ڕاگەیاند کە شارەزای هەموو ڕێوکون و قوژبنی ئەم ناوچەیەیە. ئەمیرزادە خەڵاتی کرد و ڕێزی گرت و فەرمانی بۆ وەڕێکەوتن بە شێخ عەلی بەهادوری دا و قچرچی لەگەڵی نارد، ئیبراهیم شا کە لە

حاکمانی گەورەی کوردستان بوو بە پلەوپایەی عەشیرەتیی خۆیەوە هاتە ژێر فەرمان و سەرسپێری و کورەکەی سوڵتان شا بوو بە فەرمانبەری ئەمیرزادە ئەعزەم و زۆر دیاری و پێشکێشیی هێنا، ئەمیرزادەی عالەم، پەیکێکی نارد بۆ لای شێخ عەلی بەهادور و ئەوی بانگێشت کرد. شێخ عەلی خۆی بۆ گەڕانەوە تەیار کرد و ئەسبابی گەڕانەوەی ساز دا و لەو کاتەدا ئەو قچرچییە کە ئاماژەی پێ کراوە، دەرفەتی لێ هێنا و بە خەنجەرێک گیانی ستاند و هەر لەوێ ئەویان بە سزای خۆی گەیاند و کوشتیان) [نظام الدين شامی، ظفرنامە، ل ١٢٩]. ئەم پلانە لەشکری و دیپلۆماسییە کە لە لایەن مەزنان و سەرکردەکانی بزاڤەکە و ئەمیرانی حکومەتەوە بەڕێوە دەچوو، میرخواند لە کتێبی (روضة الصفا) بە ڕوونی و ڕاستی لەسەری نووسیویە، کە ڕاستی و ڕەهەندی سیاسی و مەزهەبی دەسەڵات و ڕێبەرایەتی، حەزرەتی شائیبراهیمی عەلەویی بەرزنجی و سەید ئەحمەدی عەلەویی بەرزنجی (بابا یادگار) دیاری دەکات، ئەو دەنووسێ: (... کاتێ کە شازادەکان ئاگاداری ئەوێ بوون و گەیشتنە کوردستان، مەولا لە لەشکری هۆمایوونییەوە هات و هەواڵی هێنا کە شازادەکان دەبێ لەڕێی چەمچەماڵەوە بێن و ئەمیرزادە محەمەد سوڵتان و ئەمیرزادە پیرمحەمەد لە کوردستان گەڕانەوە و گەیشتنە قەڵای سونقوڕ و دەڤەرەکە بە دەستی سوپاکە تالان کراو سووتێنرا، دووبارە هەواڵ لە لای حەزرەتی سوڵتانەوە گەیشت کە شازادەکان دەبێ کوردان بهێننە ژێر فەرمان و هەرکەس سەری دانەنەواند و یاخی بوو، بە توندی سەرکوتی بکەن و ماڵ و سامانی عەشیرەتەکەی داگیر بکرێت و دەڵێ هەموو ئەو وڵاتە لە یاخی و جەردە و خراپەکار پاک بکرێتەوە، شازادەکان بە پێی فەرمان، دووبارە ڕوویان کردەوە کوردستان و هەرکە گەیشتنە چەمچەماڵ و کێوی بێستوون، سونجوک بەهادور و تەیموور خواجە و ئاق بوقا و بەهادوریان وێڕایی بەشێک لە لەشکری مەنسوور بۆ هێرشبردنە سەر بەشێک لە ناوچەکە نارد و شازادەکان چوّن لە بەرانبەر باجی خاتوون [تاج خاتون] نشوستییان هێنا و لاواز بوون و لە دەستی ئەو ڕزگاریان بوو، یەک لە سەردارانی کوردستان بەمەبەستی بەدەست گرتنی حکوومەتی ئەو دەڤەرە، هات بۆ لایان و پێیانی ڕاگەیاند کە شارەزای هەموو کون و قوژبنێکی ئەو دەڤەرەیە، گەر فەرمانی پێ بدرێت، ڕێبەری بکات و خاکەساریی خۆی بە جێ بهێنێ، ئەمیرزادە محەمەد بە کەمەر و شمشێر و خەڵاتی تایبەت سەرفرازی کرد و

شێخ بەهادور ڕادەسپێرێت و فەرمان دەدات کە سەرداری کورد عجزچی ئەو بێ و عەلی بەهادور بە پێی فەرمان لەگەڵ عجزچی وەڕێ کەوت و لەم نێوەدا؛ والیی کوردستان ئیبراهیم شا، سوڵتان شای کوڕی بە دیاری و خەڵات و ئەسپی تازی و کاڵای بەنرخ نارد بۆ خزمەتی شازادەی عالەم پەنا، ئەمیر شێخ عەلی بەهادوریشی بە ڕێزلێنانی شیاو دڵخۆش کرد و ئەمیرزادە محەمەد سوڵتان دیارییەکانی زۆر بەدڵ بوو و پێیان کەیفخۆش بوو، کەسێکی نارد بەدوای شێخ عەلی بەهادور و ئەویش بە زووترین کات گەیشتە خزمەتی و بۆ خواردن بانگهێشت کرا. عجزچی کاتێ ئەوەی کە دەیویست نەهاتە دی، لە ناکاو خەنجەرێکی لە شێخ عەلیی بەهادور دا و کوشتی و هەر ئەو کاتە عجزچیش کوژرا و ئەم وتەیە «کماتدین تدان» لێرە مانای خۆی پەیدا کرد) [میرخواندە، (روضة الصفا)، ب ,٦، ل ٢٠٨و ٢٠٩]. سەرەنجام تەیموور، عومەر شێخی کوڕی لە سەر ئەم سەودایە لە دەست دا و لە سەرکوتکردنی جووڵانەوە سەربازییەکانی سەر بە سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی بەدەستی لایەنگرانی بابا یادگار، عومەر شێخ لە ناوچەکەدا کوژرا. کە نووسیویانە... فەخرەدین عومەر شێخ لە ڕێگای بەغدا بە هۆی برینی تیرێک کە نەزانراوە لە لایەن چ کەسێکەوە پێوە نراوە، کوژرا (٧٩٦ ک. م). گوتوویانە تیرێکی ناکاو بووە، لە حاڵێکدا تیری جەردەکان بووە... (!!) کە مامۆستا عەبدولحسێن زەڕینکووب نووسیویەتی: کاتێک [تەیموور] سێیەمین هێرشی بۆ سەر ئێران دەست پێ کرد (٧٩٤ ک. م) پەنجا و هەشت ساڵی تەمەن بوو کە زۆرتر لە نیوەی لە سەر پشتی ئەسپ و لە شەڕاندا دەرباز کردبوو بوو. ئەم سێیەمین هێرشەی ماوەی پێنج ساڵ درێژەی هەبوو و مێژوونووسان وەکو هێرشی پێنج ساڵەی تەیموور نووسیویانە. کوڕەکانی عومەر شێخ و میران شا و نەوەکەی پیرمحەمەد کوڕی جەهانگیر لە ماوەی ئەم شەڕەدا بۆ لەپێناوی سەرکەوتنیدا هەوڵی یەکجار زۆریان دا... [دوای کوشتن و لەناوبردنی ئالی موزەفەر لە فارسدا بە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٧٩٥ ک. م] فارسی سپاردە دەستی کوڕەکەی عومەر شێخ و خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ سوڵتان ئەحمەد جەلایر کە قەرەیوسفی تورکمان، ڕێبەری تایفەکانی قەرەقۆیوونلوو بوو، بوو بە هاوپەیمانی، لە ڕێگای ئیسفەهانەوە بەرەو بەغدا ڕۆیشت (شەوال ٧٩٥ ک.م) و پایتەختی لە مێژینەی عەباسییانی بە بێ بچووکترین بەرخۆدان داگیر کرد. سوڵتان ئەحمەد ژن و منداڵەکەی لەوێ لە

باوەشی دوژمن بە جێ هێشت و خۆی بەرەو شام و میسر هەڵات. قەرەیوسفیش لەم هەڵاتنە لە گەڵیدا بوو. تەیموور ماوەیەک لە بەغدا مایەوە و ئاسایش و ئەمنییەتی لەوێ دابین کرد. ئەم مانەوە بۆ حەسانەوەی لەشکرەکەی و سازدان و دابینکردنی کەرەستە و ئەسپی پێویست بۆ هێرشبردنە سەر شام و میسر پێویست بوون. لەم نێوەدا کوڕەکەی شێخ عومەر کە لە فارسەوە بۆ دیداری باوک بەرەو بەغدا دەهات لە ڕێگای بەغداد لە نزیکی شار لە لایەنی یاخییانەوە، کوژرا (رەبیــعولئــەوەڵ ٧٩٦ ک. م) تەیموور کـە ئەم کارەساتەی زۆر بەلاوە گران بوو، حکوومەتی فارسی دا بە نەوەکەی خۆی - پیرمحەممەد جەهانگیر - و خۆی بۆ سەرکوتی یاخییەکان لە بەغداوە بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەکانی باکوری مێزۆپۆتامیا کەوتە ڕێ.

قەڵای ئامەد و مووسڵی داگیر کرد و لە وڵاتی کوردان کەوتە کوشتن و برین... [روزگاران، ل ٣٠١] بە پەرەگرتنی جموجۆڵی لەشکری، بەشێکی زۆر لە سوپاکەی جەهانگیر ڕووی لە ناوچەی دەسەڵاتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی کرد و سەبارەت بە هاوڕێیەتیی هێزەکانی نیزامەدینی شامی، دەنووسێ (... لە لایەکی ترەوە ئەمیرزادە جەهان محەمەد سوڵتان لە کوێستان و دەربەندی کوردستان [بیلوار] لەشکریان هێنا و زۆرێک لە دوژمنانیان لەناو برد و کوشتیانیان و بەشێکیشیان هێنایە ژێر فەرمانی خۆیان و لە بەغداد گەیشتنە خزمەتی ئەمیری بەختەوەر) ظفرنامە، ل ٤١]. پێکدادانە کاتییەکان و شەڕەکان هەروا بەردەوام بوو تا کاتێک کە لەشکری تەیموور لە بەغداوە ڕووی کردە تەورێز و دووبارە لە نێو ڕێدا تووشیاری هێرشی کوردان هات و خەسارێکی گەورەی وەبەر کەوت [دوودمان آریایی، ل١١٧] و لەم کاتەدا تەیموور بڕیاری کۆمەڵکوژی و وێرانی و لە ناوبردنی ناوچەکە و خەڵکەکەی دا و لەشکرەکەی بە فەرمان و داکۆکیی تەواو بۆ بنەبڕکردنی جووڵانەوەکانی خەباتکارانی عەلەوی بەرەو کرماشانات و کوردستان و لوڕستان و شارەزوور بەڕێ کرد؛ کە نووسەری زەفەرنامە لەم بارەیەوە دەڵێت: (... ئەمیری خاوەن قورئان لە ڕووی تووڕەیی و غیرەتەوە فەرمانی بە سەربازانی خوێنڕێژی دا؛ لەوانە ئەمیرئەعزەم جەهان شا بەهادور ئەمیر سلێمان شای بەهادور و ئەمیر بەرەندووق بەهادور و باقیی فەرماندەکان بەرەو کرماشانات و کوردستان و شارەزوور و...) برۆن و زۆرێک لە لەشکری مەنسوور و ئەمیر و

سەردارانی لەگەڵ ئەوان نارد و فەرمانی دەرکرد کە سەرەتا لە کوردستان دەست پێ بکەن، هەموو ئەو چەتە و جەردە کوردانەی کە لە کاتی گەڕانەوەی لەشکری مەنسووردا لە شام و چوون بەرەو بەغدا ئاژاوەیان نابووەوە و لە بەرانبەر لەشکری مەنسوور و هێزەکانی تردا، بە پێی فەرمان، سەرەتا ڕوویان لە کوردانی دەربەند [باکوری ڕۆئاوای کرماشان] و ئەو ناوچانە کرد، زۆرێکیان بە هۆی سەرما و سۆڵی دژوار و ئەستەم لە پێدەشتەکان جێگیر ببوبوون، لە ناکاو هێرش کرایە سەریان و ئەو شەیتانانەیان وەکو جنی مردوو بە تیری شەهاب و شمشێری بڕندە گەیاندن؛ دەستەیەکیان ویستیان لەو بەلا هەڵبێن و لە گڕوکڵپەی ئەو ئاگرەی غەزەبە خۆیان بپارێزن بەلام داخم، يداك إوكَتَا وَفُوك نُفَخَ بيي شەڕێ کە بە دەستی خۆیان چاندبوویان، میوەی پەژیوانیی وەبەر هێنا و ئاگری فیتنەیەک کە خۆیان دایان گرساندبوو سوزاندیانی و لە ناویانی برد. تاقمێکیان پەنایان بردە کێوەکان بەلام بە هۆی زۆر و سەختبوونی سەرما و بەفرەوە، ڕێی ڕزگارییان نەدۆزییەوە و خوازیاری لێبوردن بوون و بە خواستی پەنادان گەڕانەوە و دەستە دەستە کەوتنە بەر تێخی بێ ئەمان و دونیا لە پێش چاویان ڕەش بوو، و بەفری زستان بە خوێنیان وەکو دەندووکی کەو سوور هەڵگەڕا.

ز بس کشتە کافکند بر کوە و دشت

جهان گفت بس کن کە از حد گذشت

[ظفرنامە، ل ٢٤٥] دوابەدوای کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێ پەنا و سەرکوتی تەواوی خەباتکاران، ئەمیر تەیموور لە ٨٠٢ ک. م، سەرزەمینی عێراقی عەرەب تا واسیت و بەسرە و کوردستان و ماردین و قەلاکانی سەربەم ناوچانەی، سپاردە دەستی ئەمیرزادە ئەبوبەکر، نەوەی خۆی کە کوڕی جەلالەدین میران شا بوو. [ظفرنامە، ل ٢٧٨/ حبیبالسیر. ب٣، بەشی ٣، ل ٥١٦]

ئەمیرزادە ئەبوبەکر کە بە تەنیا، باشاری خەڵک و جووڵانەوەی سپای سەربازی عەلەویەی نەدەکرد، بۆ سەرکوتی خەباتکاران لە براکانی و باقیی میرانی تەیموور داوای یارمەتیی کرد و هێزەکە بە تەواوی گەمارۆ دراو. لە مانگەکانی ساڵی ٨٠٤ کۆچی، ئەمیرزادە خەلیل سوڵتان، برای ئەمیرزادە ئەبوبەکر بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدان و شۆڕشی خەڵک هات بۆ یارمەتیی و دەستی لە هیچ خوێنڕژاندن و و وێرانکارییەک نەپاراست. نووسەری (روضة الصفا) دەنووسێ: (لە مانگەکانی

٨٠٤... میرزاده خەلیل سوڵتان لە ڕێگای چەمچەماڵەوە بەرەو مەندەلی ڕۆیشتووە، لەوێ دەستی کرد بە تالآن و کوشتن و برین و خەڵکی ئەوێی لەناو برد و ئەمیرعەلیی قەلەندەر [کوڕی شا ئیبراهیم] کە پێش سوڵتان ئەحمەد [بابا یادگار] والیی ئەوێ بووە، هەڵاتبوو و لە ڕووبار پەڕیوە و ئیل و عەشیرەتی ئەوێی کۆ کردبووەوە [بەرخۆدانی کردبوو]...) میرخواند، روضة الصفا، ب ٦، ل ٣٩٥].

پێوەندیی ئەم نەخشە دیپلۆماسی و هێزە سەربازییەی سەرکردەکانی سیاسی و مەزهەبی عەلەوییەکان لە بەرانبەر هێرشی تەیموورردا بەم شێوەیە لە نووسراوەکانی یارسان ڕەنگی داوەتەوە؛

سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) دەفەرموون:

نوور ئیمان بیم، نوور ئیمان بیم
یادگارەنان، نوور ئیمان بیم
یوسف فەرزەند، پیر کەنعان بیم
حوسنێ کە داشتم، مەولا مێوان بیم
کاکام ئیبراهیم، مالیک بی، ئاما
تاجر باشی بی، بەرم کەرد نە چا

( لێرەدا حەزرەتی سەید ئەحمەد، شوێنی خۆی لە نێو نەوەکانی حەزرەتی سوڵتان سەید عیسای بەرزنجی وەکو داستانی حەزرەتی یوسف هێناوە و حەزرەتی شائیبراهیم بە هۆکاری ئازادیی خۆی دەزانێ.).

لە سەر ئەم ڕووداوە شا ئیبراهیم دەفەرمێ:

ئیبراهیم نە سەر، ئیبراهیم نە سەر
بەقای دەور دین، یاریم کەفت نە سەر
ئیبراهیم بیانی، فەرزەند ئازەر
بتم شکست دا، بیم وە پێغەمبەر
کاکام یادگار ئیسماعیل بیانی
سەرش بی وەڕای حەق وە قوربانی
ئیبراهیم هەم دەست ئیبراهیم هەمدست
چەنی یادگار، هەر دوو بیم هەمدەست

کـاکـام یادگـــار نـەڕووی تەخت نـشـــەست
جـەمــشــیــد بیـانـی، جـەم جــەهـان بـەست
ئــەز فـــەرەیدوون بـیم، کـــە ئـەو ســـەرودەست
سلسلـەی ســـــپـــای زوحــاکم شکـەست

حەزرەتی شائیبراهیم عەلەوی بە ڕوونی ئاماژە دەکات بەهاوداستانبوونی خۆی لەگەڵ حـەزرەتی سـەید ئەحـمەد و فیـداییبـوون و شـەهادەتی ناوبراو. زوڵم و زۆری تەیموورییـەکان بوو بە هۆی تەقلیبـوونی بەرەی میـانەڕەوی عەلـەوی بە لەشکریانی توندڕۆ. لە نـاوچەی حکوومـەتی سیـاسی، مـەزهـەبی و مـەعنەویی سـوڵتـان سـەید ئیـسـحـاقی عـەلەویی بەرزنجـیـدا؛ تورکـمـانەکـانی قـەرەقـۆیوونلوو کـە لە بـابەتی مـەزهـەبی و فیکری سـەر بە سـوڵتان سـەید ئیـسحـاق بوون، بوون بە بەڵای گیـانی تەیموورییەکان.

تەیـموور؛ بە دوای قـــەرەیوسف ســـەرکـــردەی عـــەشـیـــرەتە شـــوێنکەوتووەکـانی قـەرەقـۆیوونلوو بوو کە وەکو سـەرکردەی چەتەی کـاروانەکـان ناوی لێ دەبرد، و بە بیـانـووی تەسلیـمکردنی ئەو لـە شـام و ڕووم، ڕووباری خـوێنـی دروست دەکـرد... مـاوەیەک دواتر مـیران شـا [یان بە وتەی حورووفییـەکان ماران شـا] بابی مـیرزا ئەبوبەکـر، بە پێداگری و کـوڕەکـەی واتا ئەبوبەکـر گـەڕایەوە ئازەربایـجـان و لە شەڕێک کە لە نێوان ئەودا و قەرەیوسف قەرەقۆیوونلووی تورکمان ڕووی دا، میران شـا کوژرا. (ذي القعدة ٨١٠ ک. م) تەورێز کـەوتـە دەسـتی قـەرەیوسف تـورکـمـان، کوڕەکـەی کـە ناوی پیربوداغ بوو، لەوێ لە سـەر حـوکم دای نا و مـیرزا ئەبـوبەکر پاش ئەم دۆڕاندنە هەڵات بـۆ گـورگـان و لـەوێ کـوژرا، لەم ڕووداوانە نـاوچەکـانی ڕۆئاوای ئێـران لە دەسـتی خـانەدانی مـیـرانشـای تـەیمووری دەرهـات، چونکە لە کێشەیەک کە کەمێک دواتر لە نێوان قەرەیوسف و سوڵتان ئەحمەد جەلایر لە سەر تەورێز هـاتە پێش، ســوڵتــان ئەحــمــەد کـوژرا. (٨١٣ ک. م) ئازەربـایجـان کـەوتە دەســتـی قــەرەیوسـف [ف ٨٢٣ ک. م] (کـە پاش چـەند ســاڵ جـــەهانشـــا کــوڕی قــەرەیوسـف خــۆی بە ناچار دی بـۆ ســەرســپــێــری و پەیڕەویکردن لە شــاڕۆخ). [روزگاران. ل.ل ٣١٦ ـ ٣٢٠ ـ ٣٢١].

و بەم چەشنە ناوچـەیەکی بـەرفـراوان، پاش چەندین ســەدە خــەباتی نهـێنی و ئاشکرا کـەوتە ژێر دەسـەڵات و فـەرمـانی عـەلەوییـە توندڕۆکـان و بە ڕێبـەرایەتیی

سیاسی و مەعنەویی سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و بە پشتیوانیی هێزە سەربازییەکانی قەرەقۆیوونلوو و تایفەکانی تری سەربەوان بە تایبەت گۆرانەکان و... بە مەرکەزییەتی سەرەکیی هەمەدان و تەخت نشینی حکوومەتی بەغدا و تەورێز کە حوکمداری قەرەقۆیوونلوو بوو و پێگەی سیاسی و مەزهەبیی هەورامان پێک هات کە «شمشیر آورده» (شمشێرهێنەرەکانی) ئەم سەردەمە زۆرن.

## ڕێبازی فیکریی سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی

ڕێبـازی فـیکری و فـەلسـەفـیی عـەلەوییـەکانـی زاگرۆس بەپێـچـەوانەی هەمـوو ئەو بزاڤـانەی کـە لـە سـەردەمی ئەواندا دروست بوون و زۆرتر لـە جـوولانەوە و بـیـری مەکتەبی عەلەوییەکانەوە ئیلهامی دەگرت، لە پێشاندانی بیروباوەڕە فیکرییەکانیان لە سـەر پەروەردە و بێدەنگی و لە سـەربەخـۆیی و پشـوودرێژی و هێمنـایەتی بوو. بانگەشەکارانی بزاڤەکە هەرچەند لە پێکدادانە چەکدارییەکاندا دەستیان بۆ تیر و شمشیر برد و توێژێکی بەناو شمشیرهێنەر لە کۆمەڵی فیکری عەلەوییەکان پێک هێنا، بەڵام لە ڕاهێنان و بڵاوکـردنەوەی باری فـیکری بزاڤـەکـەدا بە ڕێز دانـانی تەواو بۆ پیرۆزییەکانی لایەنی بەرانبەر، ڕای خۆیان دەردەبڕی. لە بیری شاردراو و باوەڕی نهێنیی خۆیان هەر جوولانەوە و بیرێ کە دژی نەمریی مەکتەبی عەلەوی و ویلایەتی بنەماڵەی هاشمی و فاتمی ببای، وەلایان دەنا و دوورییان لێ دەکرد و بۆ ڕەفـزی ئەو بیـرە هەوڵیـان دەدا، و سـێـرەی فـیکری و ئاینیی خـۆیان، لە سـەر سەلماندن و سەربەخۆیی رواڵەتی و مەعنەویی عەلەوییەکان دانابوو.

لە لای سـوڵتان سـەید ئیسحاقی عەلەوی، ئەوەی کـە دەبێتـە هۆی باشـتربوونی کۆمـەڵگا، ڕێزی هەیە، وەستـان لە بەرانبەر بێدادی و داگیرکەری و فێڵەکاری بۆ پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان تا گیانفیدایی و لە خوێنی خۆ خەڵتان، شێوەی فێربوونی فیداییانی عەلەوییەکان بووە.

لە ناوچەی جوگرافیایی بزاڤەکەدا، خەڵک سەربە هەر دەستە و گرووپ و چین و ڕەنگ و ڕەگەزێک بووبێتن، ئازادیی تەواویان بووە و لایەنی مەزهەبی هیچ کەس و لایەنێک سـەرتر لە هی ئەوانیتر نەبووە و نییـە، ئەوەندەی کە حـەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق بە هێنانە زمانی فەلسەفەی هەڵپەرتاوتنی درەخت کە دەبێتە هۆی بەرهەمـهێنان و بەهێز و بەپیتبـوونی باخ و گوڵزار، بە بەیانی شـوبهێندراو کە باشیی لقێک لە سەر لقێکی دی، ڕێکوپێکی، جوانی، بەرهەمهێنان، کەڵک وەرگرتن لە نوور و ئاو و ڕووناکی و... لـە سـروشـتـدا دەشـێـوێنـێ، و لە کـۆمـەڵگای

مرۆڤایەتیشدا، لە هەموو ڕووەکانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی شێواوی و نادادپەروەری. بەم جۆرە، ڕوونە کە لە بیری تاک بە تاکی شوێنکەوتووانی کە زۆرینەیان بە کاری باخداری و کشتوکاڵەوە خەریک بوو. سەر و ئەم وێنەیە هێناوە و ماهییەتی کۆمەڵایەتی، ڕووبەر و حکوومەتی مەعنەوی و مادیی خۆی وێنا دەکرد.

دەستوپێوەند و یاران و ڕاوێژکارانی خەڵکی ئاسایی و جووتیار و ئاسنگەر... بوون و بەگەواهیی (يد الله مع الجماعة)؛ بایەخ و گرینگیی ڕاو بۆچوون و هەوڵی کۆی باشتر و سەرتر لە هیی تاک دەزانی، تەنانەت ئەگەر ئەو تاکە خودی سوڵتان بووبایە و ئەم بابەتە لە حیکایاتی ئایینی نووسراوەکانی (یاری)دا، زۆر هاتووە.

چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا گەر لە ڕێبازی ئامانجەکانی بزاڤەکە هەنگاویان هەڵهێنابایە، تەنانەت ئەگەر باوەڕی بە بنەما دینی و فیکرییەکان نەبووبای، ماڵ و گیان و ناموس و ئابڕوویان پارێزراو بوو، بەجۆرێک لە هێرشی تەیموردا فیداییەکان گیانیان لەدەست دا و زۆرێک لەوان ڕۆژگاریان بردەسەر.

سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، بەو جۆرەی کە وتراوە پێش لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی و فیکری لە وڵاتانی ئیسلامی، شام و بەغدا و جەزیرەی عەرەب و ناوچەکانی ئێران، گەڕاوە و بە ڕەوشتی پەروەردە و سروشتی خانەدان و هەروەها بۆ خوێندنی زانست تا ئەو ئاستەی کە توانیویەتی و دەستی داوە قۆناغەکانی تێ پەڕاندووە و جیا لەم بابەتە دیارانە، پلەوپایەی ڕۆحانی و مەعنەویی ئەو لە ئاستێکدایە کە بە باوەڕی شوێنکەوتووانی هیچ شتێک لە لای ئەو داپۆشراو نییە، شارەزاییی قووڵ لە بنەما هزرییەکانی عەلەوییەکانی پێشوو و پەیڕەوانی موبارەکشای عەلەوی و... کە لە سەریان باس کرا، سەرکەوتووی کرد لە دیاریکردن و دانان و نووسینی بنەماکانی مەکتەب و پێکهێنانی بیروباوەڕێکی نوێ، ئەوەی کەوا ڕەوتی جیهانبینی وەکو باوەڕ بە ئافراندانی یەکەمین لە وێنە هێنانەوە، وەکو دوڕ هێناویە بەوتەی مینۆرسکی: هێزی خودایی قەتیس بوو لە دوڕدا باوەڕێکی مانەوییە؛ کە وەکو باوەڕ بە ڕەسەن بوون و نوورانی بوون لە قۆناغی گواستنەوە لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر ـ [وتارەکانی مینۆرسکی و...، ل ٤٩] و بە وتەی دوکتۆر سەعیدخان کوردستانی؛ سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی، پەیڕەوی دوونادوونی ڕۆحەکان و فەلسەفەی فیساغۆرس بووە و ئەوەی فێر

کـردووه ـ [وتارەکـانـی مـینـۆرسکی و...، ل ٢٨] کـاریگیی ئەندیشـەی بیـرمـەندانی پێشـوو، لەوانە عـەینولقـوزاتی هەمـەدانی و وەکـو فـەلسـەفـەی فیکری و باوەڕی مـوبارەکـشـای عـەلەوی کـە بـەرهـەمی ڕێفـۆرم و گـەیاندنی ڕاو بۆچوونەکـانی خورەمـدینان بوو، حەزرەتی سـوڵتان سەید ئیسحـاقی عەلەوی لە سـەر دوو بنەمای ویلایـەت و مـەهدەوییـەت [دەرکـەوتنی ڕزگـارکـەر] بـوو. بەشگەلێکی بەرچـاوی لە ئیلهـام و مەعنەویاتی وەرگیـراو لە مەکتەبی زەردەشت، مـانەوییـەت مێـهرپەرسـتی، فـەلسـەفـەی یووگا و هـەروەها لە مـەکتـەبی فیکری مـوبارەکشـای عـەلەوی نووسـی و پێوەندیی مـەکتـەبی ئێرانی و ئیسـلامی مـەکتـەبەکـەی لە جـووڵانەوەی سـیـاسـی ـ مـەزهەبی عـەلەوییـەکانی زاگـرۆسـدا هەتاهەتایی کردەوە، هێـمـای سـپـی پۆشی پێـشین، هەروا بـەردەوام مـایـەوە و عـەلـەوییـەکـان هـەمـوو وڵاتـانی ئیـسـلامـی بە یەکـیـەکی سـەرتاسـەریەوە، بەشـداری دەرکـەوتـنی سـەردەمی حـەقیـقـەت بوون و بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لە تەریبی حـەرەکەتی نوێ، سـوڵتـان سەید ئیسحـاق، بە پشـتـبـەسـتن بـە پشـتـیـوانیی سـیـاسـی، مـەزهەبی، جـوگـرافـیـایی و مـەعنەویی عەلەوییەکانی زاگرۆس پێک هات: هەروەکو حورووفییەکان کە ئەوانیش بە یارسان دەناسران و بەکتاشییەکان و سەفەوییەکان و... کە بەرانبـەری و پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەک و لە دواییدا لەگەڵ عەلەوییـەکانی زاگرۆس هەر لەم کتێـبەدا تاوتوێ دەکرێت/ باوەڕە فیکری و فەلسـەفییـەکانی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاقی عەلەویی بەرزنجی، هـەروەکـو باقـیی عـەلەوییـە توندڕۆکـانی تر، زۆرتر لـە ژێر کـاریگەریی مـەحیەدین عـەرەبیدایە و ئەم بەشـە کە لە ئیبنی عـەرەبی هێنراوە، وەکو ئەوەیە بۆ ڕاڤە و شیکردنەوەی بـاوەڕەکانی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاقی عـەلەویی بەرزنجی و هـاوبیـرەکـان و شـوێنکەوتوانی ئەو (حـورووفیـیـەکـان و...) وتراوە. ئیبنی عـەرەبی دەڵێ:

خـوا ئەم پلـەو پایەی کـەمـاڵەی تەنیـا لە بەر ئەوەی دا بە مـرۆڤی تەواو کـە نیشاندەری سیمای خواییـە کە خەلیفەی خوا بێ و بەم پێیەش بە نێوی خـەلیفەی خۆی، ناوی هـێناوە و مـاناکـانی تری دوای ئەو، خـەڵیـفـەی ئەم خـەڵیـفـەنە و تـەنیا یەکەمینە کە خەڵیفەی خوایە. ئەو نیشـانە یەکەمینەی خوا بەشێوەی خۆی ئافراند و بۆ هـەر ئەوکەسـەی کە دەیەوێ خوا ببینێ ـ نە بە شێوەی عەقڵ و بەڵگە هێنانەوە، بیناسێ کردوویەتییە هۆکار ـ [فتوحـات مکیە ٣٦٩/٣]. ئیبن عـەرەبی بێجگە لـەمە

پێش له [دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و شوێنکەوتوانی تری هاوبیری، پێش ئەو] ڕاشکاوانە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە وەبەرچاوهێنانی قورئان و جەوهەری سەبعەلمەسانی و ڕۆحی جاویدانی خواییە، لەوێ کە دەڵێ: ئەمنم قورئان، منم سەبعەلمەسانی، ئەمن جان جانانم نەڕۆحی شتەکان [فتوحات مکیە ١/١١]

... ڕاستی ئەمەیە کە بە چاوخشاندنێک بە لە سەر چل و حەوت بەشی سەرەتایی فتووحاتی مەکییەی ئیبن عەرەبی بە ڕوونی دەردەکەوێ کە باوەڕە هزرییەکانی (عەلەویەی توندڕۆ) هەموویان لەوێ دەرکەوتوون و نموونەی بەرچاوی یەکبوونی توندڕۆیە و بەپێچەوانەوە بیرۆکەی ئیبنی عەرەبی، داواکاری کۆتایی ویلایەت نییە ـ [تشیع و تصوف، کامل شیبي، ل ٢١٨ بەولا] لە دەستە فیکرییەکانی توندڕۆی پێشوو، تا ئەو جێگایەی کە تاوتوێ کرا، سێ گرووپی مۆغەیریە، مۆخەمەسە، خەتابییە لە ڕووی باوەڕە بنەماییەکانەوە لەگەڵ عەلەوییە توندڕۆکان (یارسان) وێکچوویییەکی تەواویان هەیە کە جێی تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە ـ [سەیری المقالات و الفراق، ل ٥٦ ـ ٥٩, / الملل و النحل، ب ١ـ / الحور العین/ الفرق الاسلامیة/ الکامل، ب ٥/ میزان الاعتدال، ب ٤/ لسان المیزان، ب ٦/ النجوم الزاهرة، ب ١/ تاریخ طبري، ب ٤/ الفصل، ب ٤/ قاموس الرجل، ب ٩/ رجال کشي، ب ٢/ الانساب، ب ٥/ الکنی و الالقاب، ب ١/ تاریخ المذاهب اسلام/ منهاج السنة، ب ١/ ].

له کۆتاییدا نابێت ئاماژە نەکرێت بە بوونی شێخ ڕەجەب بورسی، نووسەری کتێبی «مشارق الانوار» کە عەلامە مەجلیسی زۆر ئاماژەی بە وتە فیقهییەکانی ئەو کردووە و لە نێو عەلەوییە توندڕۆکانی پێدەشتەکانی زاگرۆسدا زۆر لە لایەنە فیکرییەکانی شوێنکەوتوانی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی بەهێز و جێگیر کردووە.

## سیلسیلەی سەروەریی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی

هۆنراوەی هێـژای ئـەم شــەجــەرە پاکـە لـە هۆنینـەوەی عـارفـی تەریق و دیناوەر، مامۆستا حەزرەتی شێخ سەید مەعرووف نودەهیی بەرزنجی، لە نەوەکانی پایەبەرز سەید عیسای عەلەویی هەمەدانی ئەلگوورانییە کە لە نووسینی خانەدانی هاشمی هۆنیویەتەوە و هەڵگەڕانەوەی ڕۆحی و جیسمی و سووری و مەعنەویی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی بە سەید عیسای هەمەدانییش لە ڕیزی سیلسیلەی سەروەری ڕوونە و لە دەفتەرگەلی کۆنی یاریدا، نووسراوە و پارێزراوە و لە سەرچاوەگەلێکی زۆر و بەڵگەگەلێک و شەجەرەنامەگەلێکی باوەڕپێکراو نووسراوە. ئەگەرچی نووسراوەگەلی جۆراوجۆر لە شەجەرەی و دێکۆمێنتاری و باوەڕپێکروای ساداتی عەلەویی بەرزنجی بە تایبەت حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی لە دەستدایە، بەڵام نوسخەی ناوبراو بە هۆی بایەخی ئەدەبی و مێژوویییەوە، لێرەدا نووسرواە.

ئێستا دەقی شەجەرەی موبارەکە:

بسم الله الرحـــمن الرحـــيم
الحـــمـــد لله المليك البـــررة
على هدايتي لنظم الشـــجـــرة
يـم من الصـــــلاة والســــلام
اترعـــها على النبي التـهـامي
والآل والعـتـرة والاصــحـاب
هم لســمـاء الدين كـالاقطاب
و بعد...
... السيد المعروف سيد عيسي
كـان اخـا ثقـة سـيـد مـوسى

اعني ابني صدق السيد بابا
علي الهمداني، فطوبى
لمن تشبث بأذيالهم
حيا و ميتا، اهنا لهم
من التحيات، من سلام
عليهم اذكاة بالدوام
ثم لسيد يوسف قدير تقي
نسبهم و هو ابن المتقي
السيد المنصور، ابن السيد
عبدالعزيز ذي التقي والرشد
خلف صدق السيد النبيل
عبدالله ابن السيد اسماعيل
من مفخرالكبار والاعاظم
اما منا المحق موسى الكاظم
يا ربنا بحق ذا الامام
اعط بنا الغني عن الانام
وابة المشهور في المشارق
وفي المغارب المحق الصادق
اعني الامام جعفر بن الباقر
بن زين عباد الطهور الطاهر
نرجو بزهد زين العابدين
تشبثا بالعروة المتين
وبشهادة الحسين نرجو أن
يحفظنا الله من أنوا ع المحن
وبعلي حيدر الكرار
نرجو النجاة من عذاب النار

وبالنبي المصطفى التـــهــامي
اســـأل غـــفـــرانا من الاثام
رب! بحــرمـــة النبي العــربي
وكل من ذكـــرتهم في النسب
اعدد في من خدام نسل فاطمة
واختم أمورنا بحسن الخـاتمة

## عەلەوییەکانی زاگرۆس و سەربەدارانی خوراسان

لە سـەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تـا ئەم وتارە ڕەوت و پێـوەندیی زۆر نزیکی دیاری خوراسـان و ئەوپەری ڕووبار لەگەڵ بزاڤەکەی عەلەوییە توندڕۆکانی پێدەشتـەکانی زاگرۆس لە قۆناغ و سەردەمانی جیاواز بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا ڕوون و دیاری کـراوە، بە تایبـەت پێـوەندیی پیـری شـالیـار و دانـا و هەروەها لە کـاتی کـۆچی حـەزرەتی سـەید مـحـەممەد زاهید شـاهۆیی (پیرخـزری یەکەم) لە خـوراسـانەوە بۆ ناوچەی ڕۆئاوای ئێران و گرتنە دەستـی ڕێبـەرایەتیی عـەلەوییەکان کە سـەروەری ناوبراو بە شێوەگەلی جیاواز لە نەوەکانی ئەودا، بەردەوام بوو، پاشـان لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامـەکـانی دێرین و سـەرچاوەی باوەڕپێکراوی عـەلەوییـەکـانی ناوچەکـە، پێـویست دەکات تا بـە خستنـە ڕووی بەڵگەگەلێک و ڕاستکردنـەوەی ئەو هەڵانەی (سەهوی یان بە ئەنقەست کراون، نیشانەگەلێک لە پێوەندی دیار و ڕوون لە بزاڤی عـەلەوییـەکـانـی خـوراسـان و ڕۆئاوای ئێـران پیشـان بدرێت و ئەم کـارە ببـێتـە ژێرخانێک بۆ توێژینەوەیەکی گەورەتر لەم بوارەدا.

شەجەرەنـامەی ساداتی تایجووزی کە لە سەردەمی سەید عەبدوڕەحیم مەولەوی ناسراو بە (مـەعدووم) لە پیـاوانی ئاینی و هۆزانڤان و عـارفی سیلسیلەی ناوبراوە (١٢٢١ـ ١٣٠٠ ک م) نووسـراوە و ئامـانج لە نـووسـینی بەپێی ئەو بەڵگانـەی کە وا لەو سـەردەمـەدا بە دەست کـەوتوون، ترس لە فـەرامـۆشی و کـەتمان و شـاردنەوە بووە، دەقی خـوارەوەیە کـە بە دەسـتـەواژەگـەلێکی پاراو و ئـەدیبـانە ئامـاژەی بە خـاڵگەلێکی مێـژوویی کردووە و ڕێڤـەکری ئێـمـە بووە لە توێژینەوە و تێڕامـان لە پێوەندی بزاڤی سـەربەدارانی خوراسان و عـەلەوییەکانی زاگرۆسدا، بە ئاوڕدانەوە بە پێشینەی ئاماژە پێکراو لە دەقی شەجەرەنامەکەدا هاتووە:

طالما کانت شجرة نس بالسادات التاي جوزية يابسة مختفية في الزاوية الکتمان، کأنما نسجت عليها عناکب النسيان. فاتخذها الايام ظهريا،

وجعلها نسياً منسياً واخفاها الانام في مجهول الزوايا فكأنما استغنوا عنها بما فيهم من الكمال والمزايا، بينما كانت كذلك اذا ورقت اغصانها ونمت وبرزت افنانها، فوجدت من طرف السادة الجورية والجوار تائية اولاد قطب عصرة عند المنصف والمتعسف الموالي المعروف بملا ابي بكر المصنف قدس الله تعالى سره! وافاض علينا بره وزيادة على اشتهار الانتساب عند اولى الالباب صحت شجرة السادة التاي جوزية بشهادة ذوى الاقدر العليه، والشرف والسيادة الجلية، السادات اولى السعادات الجورية، حيى قالوا في شهادتهم واصح روايتهم: ان جناب جدنا الامجد الاعلم الارشد، قدوة علماء الدين، صاحب وراية سيد المرسلين ـ ص ـ العالم الرباني والعارف الصمداني صاحب التاليفات الفائقة والتصنيفات الرائقة، مقبول المعاند والمصنف: السيد حسن المعروف بملا ابي بكر المصنف ـ قدس سره! قد تزوج درة درج العصمة والخدارة، ودرية برج العفة والطهارة: بنت جناب القطب الرباني والغوث الصمداني الشيخ ميكائيل الدوداني (قدس السرة)! التي ما سمح بمثلها الزمان المسماة. ب (خاتون جهان)، [بنەماڵەی زانیاران، ل ٥١٩].

ئەوەی کە وا لە سەرەتاوە لە دەقی شەجەرەنامەکەدا، سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ: دەستەواژەی «جۆر»ە، کە لە بێژەی کوردیدا بە (چۆڕ) دەخوێندرێتەوە و بۆ هۆی ناونانی پاکانەیەکی عەوامانە دەهێننەوە کە بۆ ئەوەی کە کانییەک کە لەو دەوروبەرەدا ئاوێکی کەمی بووە و لە کوردیدا پێی دەوترێ (چۆڕ) و لە فارسیدا (شُر)ی پێی دەڵێن ئەمە دوورە لە ڕاستی و بەو شتانەی کە دیارە و لە بەردەستدان وادەکەوێتە پێش چاو، کە ئەم (چۆڕ)ە، هەر ئەو (جور)ەی فارسییە کە لە بێژە کوردییەکەیدا بە شێوەی (چۆڕ) دەرهاتووە و شوێنی نیشتەجێبوونی (شێخ حەسەن جوری) لە کاتی هاتنی بۆ ناوچەکە بووبێ، چونکە بە دانپیانان و ڕوونکردنەوەی مێژووناسانی بزاڤی سەربەداران، شێخ حەسەن لە سەردەمی ئاوارەیی و پەلامارادان و هەلاتنەکانی لەبەر بیرو باوەڕەکانی خۆی گەیاندووەتە عێراقی عەجەم و ماوەیەک لە پێدەشتەکانی زاگرۆس لەگەڵ موریدەکانی ژیانی بردووەتە سەر، بەجۆرێک کە پێتروشفسکی لە توێژینەوەکەی لە سەر مێژووی بزاڤی سەربەداران دەنووسێ: «شێخ حەسەن ڕۆژی دوای مەرگی مامۆستاکەی

(٢٣ ڕەبیــعــوئەوەڵی ســاڵی ٧٣٦ ک) شــەوانە لە ســەبزەوار هەڵات و ڕۆیشـت بۆ مـەشـهـەدی ڕەزەوی و لەوێوە ڕووی کردە ئەبیوەرد و خـەبـووشـان و لە مـاوەی پێنج مانگ لە شوێنێک بووبایە، خەڵکی ڕوویان لێ دەکرد و هـاتوچـوو بۆ لای دەگەیشـتە ئەوپەڕی خۆی، ڕۆژی یەکەمی شەوالی سـاڵی ٧٣٦ کۆچی= ١٣ مـایی سـاڵی ١٣٣٦ ز، شێخ حەسـەن جۆری خوراسانی بەجێ هێشت و ڕووی کردە عێراق و یەک ساڵ و نیـو لەوێ مـایەوە و دووبارە هـاتەوە بۆ خـوراسـان. دەسـتـەیەک لە قـوتابییـانی لەگـــەڵی ڕۆیشـتن بۆ عـــێـــراق و لەوێوە هاتـنەوە بـۆ خـــوراســـان و لە هۆکـــاری بەدواداچوون لە سـەر چۆنیـەتیی مـەرگی ناوبراو بەراوردکردنی باوەڕی و فیکریی ئەو لەگەڵ عەلەوییـەکانی ئەم دەڤـەرە و هـاتنی بۆ عێراقی عەجـەم زۆر لە حـەقیـقەت نزیک دەکـاتەوە و نووسـیـویەتی: چ پێـویسـتـییـەک بوو کـە شـێخ حـەسـەن خـۆی بشـارێتـەوە، کەس بە دوایدا نەدەگەڕا، مـەگەر ئەم جۆرە وتارانە و بانگەوازانە لە هەمـوو مینبـەر و مزگەوتەکاندا نەدەخوێندرانەوە و بۆ سـەر نیزام و ڕێکخراوەی دەسەڵاتدار قەت مەترسیی نەبوو و لە ئەنجامدا لەلای کەسێکەوە قەدەغە نەکرابوو، هیچ گـومـانێکی تێدا نییـە کـە شـێخ حـەسـەن جـۆری ڕافزی بووە واتا پەیرەوی مـەزهـەبی شیعـەی ئیمـامیـە بووە، بەڵام ڕافزیبوون، تاقـە هۆکـاری نەبوو، بۆ ئەوەی کە شێخ و فەقێیەکان خوازیاری مەرگی ناوبراو... وا دەردەکەوێ کە پیاوانی ئاینی و ناودار، چەندین جار بەشـێوەیەکی بەرچاو هەوڵی کوشـتنی شـێخ حـەسـەنیـان دابێ...

شێخ حەسەن بە ناچار لە ڕێی کوێستانی (قەهستان) کۆچی کردووە بۆ عێراقی عـەجەم و لە دەسـتـجردان نیشـتـەجێ بووە. شێخ لـەم سەفـەرەیدا بە تەنیـا نەبووە و زۆرێک لە موریدگەلی لەگەڵی بوون و وەک خـۆی دەڵێ: «تایفـەیەکی زۆر لەگـەڵ منی هـەژاردا بوون»...

شێخ حەسەن خۆی پەلەیەکی نەبوو کە تێیدا بەشدار بێ و وا دیارە کە هۆکاری ڕەفتاری ئەو ئەمە بوو کە جڵەوی سەرهەڵدان زووک ەوتە دەستی کەسانێک کە جێ باوەڕی شـێخ نەبوون واتـا دەرەبەگـە بچـووکـەکـانی، ئەم کـەســانـە لە ئاینـدەدا دوژمنییـەکی زۆریان لەگەڵ ئەو و تـەریقـەتەکەیدا کـرد. ڕەنگە شـێخ ویسـتبێتی لە ناوچـەیەکی تر و لە ســـەرووی بزاڤـێکی گـەورەتر بێ و ڕەنگە بە تـەمـای ئاوەها بزاڤـێک لەگـەڵ ئەرغوون شـا دەسـتی کـردە نامـە ناردن تـا لەسـەر خـۆی بکات و

هەروەها پەیامی ئاشتی و تەبایی پێی ڕابگەیەنێت. بەڵام ئەمە بێجگە لە فرتوفێڵ و فریوی سیاسی شتێکی تر نەبوو، تا لەو ڕێگەوە، دوژمنێک کە ئاشتی و پێکهاتنی ڕاستەقینە لەگەڵی بە دوور بوو، فریو بدات [نهضت سربداران خراسان، ل٣٩ـ٤١ـ٤٢] کە لێرەدا چوونی شێخ حەسەن بە کوێستاندا بۆ عێراقی عەجەم، نیشانەی نزیکایەتی فیکری ناوبراو لەگەڵ عەلەوییە توندڕۆکانە، هۆکاری دەرچوونی فتوای کوشتنی ئەو بوو لەلای پیاوانی ئاینی ئەو سەردەمەوە: ئامانجی دیکەی، دۆزینەوەی وڵاتێک بوو کە بتوانێ بزاڤەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەوێ ڕێک بخات، خاڵگەلێکە کە بوونی ئەو لێرە نزیک لە یەقین دەکاتەوە. دووهەم: بابەتی زۆری تێکەڵکردن و بەهەڵەگرتنی کەسایەتییەکانە کە لە بەدرۆ ناساندنی مێژووی عەلەوییەکان، بە ئەنقەست یان بە هەڵە ئەنجام دراوە کە نموونەکانی ساغکراوەی ئەم کەسایەتییانە وەکو سەید باباعەلی هەمەدانی و ئەمیر سەید عەلی هەمەدانی، سەید عیسای هەمەدانیی گۆرانی و سەید عیسای ئەحمەدی نوور بەخشی، سەید محەمەد زاهید پیرخزری یەکەم و سەید محەمەد زەهیرەدین، پیر خزری دووەم و... لەم گوتارانەدا ببینین، نموونەگەلێکی وەک یەک و ئەوانەی کە دەردەکەون و لە بەردەستدان ئەم گریمانە دێنێتە پێشەوە کە ئایا سەید حەسەنی جۆری کە بە نازناوی مەلا ئەبوبەکر موسەنیف لە دەقی شەجەرەنامەکەدا ناوی لێ براوە، هەمان شێخ حەسەن جوری نییە؟ بەم ڕوونکردنەوە کە مەلا ئەبوبەکر موسەنیف لە پیاوان لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە عارفان و فەقییەکانی ئاینی سەردەمێکی دواتر لەم سەردەمانە لە گوندی (چۆڕ) ژیاوە و بە چۆڕی ناسراوە، هەر چەند ژیان و ئاوارەیی و باری ئاڵۆزی ژیان و بارودۆخی سەردەمی سەید ئەبوبەکری موسەنیف جیا لە بابەتی فیکری و باوەڕی، وەک یەکییەکی تەواو و هەمبەرییەکی وردی لەگەڵ شێخ حەسەن جۆری هەیە.

هەروەها تەنیا نموونەیەکە لە ناوچەکانی کوردەواری کە سەیدێکی زانای ئاینی بە (کونیەوە) ناوبانگی دەرکردووە، و لێرەدا کە ئایا مەلا ئەبوبەکری موسەنیف (رحمة الله علیە) خۆی منداڵێکی بەناو بەکر بووە؟! و ئەوەی کە ئەم شیمانەیە بەهێزتر دەکات، هاوچاخی شێخ میکائیل دەودانی لەگەڵ دەرکەوتنی سەید عیسا هەمەدانی و سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزاڤی سەربەدارانی خوراسانە، چونکە شێخ میکائیل لە ساڵی ٧٣٨

ک. م له (دودان) نیشتەجێ بوو (ب. ب یادی مەردان، ب ١، ل ٢٢) و مەلا ئەبوبەکر موسەنیف له سەدەی یازدەم ١٠١٤ ک. م، کۆچی دوایی کردووە کە ساڵەکانی ٩٩٩ و ٩٩٤یشیان بۆ پێشینەی ئەم پێوەندییە بۆ کۆچی دوایی ئەو نووسیوە و بەو جۆرەی کە له نووسینەکان و بەڵگەکان و کتێبگەلی کۆن نووسراوە، حەزرەتی پیرمیکائیل دەودانی (٧٣٨ ک. م). (داداساری)، کچی خۆی بۆ سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی مارە کردووە کە حەزرەتی سەید ئەحمەدی عەلەویی شەهید (بابا یادگار) منداڵی ئەوە و بەم شێوەیە سیلسیلەی ساداتی پیرخزری لەگەڵ ساداتی بەرزنجیی عەلەوی دەچنەوە سەریەک ریشە کە مەلا عەبدولڕەحیم تاوگۆزی (مەعدوومی) بە هەبوونی ئەم پێوەندییە و باوەڕە لە قەسیدەی بە قەوەتی کوردیی خۆی دەس بە داوێنی حەزرەتی بابا یادگار بووە. [ب. دیوانی مەولەوی، ل ٢٨٨ـ٢٩١] کۆ بەندی ئەم باس و تۆیژینەوەیان، ئەمەیە کە بە پشتڕاستکردنەوە و باوەڕ بە بەڵگەییبوونی شەجەرەی موبارەکەی ناوبراو و کەسایەتیی عەلامە مەلا ئەبوبەکر موسەنیفی چۆڕی، خاڵە مێژووییەکانی نێو دەقی شەجەرەنامەی ناوبراو ئەوە پێشان دەدات کە:

١- نیشانی شێخ حەسەن جۆری لە ولاتی عەلەوییەکانی زاگرۆس هەبووە؟

٢- پێوەندی موساهێرەت لە نێوان سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی و شێخ حەسەن جۆری و گەر بسەلمێت پێوەندی و ئاڵوگۆڕی فیکری و ئاینی ئەم دوو جوولانەوەیە. جوولانەوەی سەربەدارانی خوراسان و عەلەوییەکانی زاگرۆس دەسەلمێنێت.

٣- تێکەڵاوبوونی ژیان و نیشانەکانی شێخ حەسەن جۆری و مەلا ئەبوبەکر موسەنیف چۆڕی یەکێکی تر لە تێکەڵاوی و هەڵەی مێژوویی، دیرۆک نووسانی کوردستانە.

هەروەها ئەوەی زۆرتر دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەم گریمانەیە، هەبوونی داوود ـ ناسراو بە کەبوودسوار ـ لە دەوران و ڕۆژگاری دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجییە کە لە کتێب و سەرچاوەگەلی دەسنووس و بڵاوکراوەی یارسان بە ڕوونی ئاماژە کراوە و بە (خوراسانی) بوونی ئەو دوور نییە کە هەمان شێخ داوود سەبزەواری، سەربەداری بەناوبانگ بێ کە لە هاتنی

تەیموورییەکان بۆ ڕۆئاوای ئێران گەورەی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆس بووە (؟) [قیامهای مردم، ل ٧٢] جێی ئاماژەیە کە بە دەرکەوتنی حەزرەتی مەولانا خالید میکائیلیی شارەزووریی نەقشبەندی: لە نەوەکانی شێخ میکائیل دەودانی (٧٣٨ ک م) ناوبراو بە هاوردنی تەریقەتی نەقشبەندییە لە دەڤەری خوراسانی گەورەوە بۆ کوردستان (١٢٢٦ ک.م) بێجگە لە ڕاکێشانی زۆرێک لە شافیعی مەزهەبەکان کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانیان پێک دەهێنا، کاریگەریی خستە سەر ناوچەی جوگرافیایی و شوێنی دەسەلاتی عەلەوییە توندڕۆکانی زاگرۆس.

## پێکهاته سیاسی و مەزهەبییەکانی سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی

حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی لە سەردەمی دەرکەوتنی، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی فکری و ئاینی لە ناوچەی جوگرافیایی ڕێنوێنی و بانگەوازەکەیدا، بناغەی پێکهاتەی مەزهەبی باوەڕمەندانی بەشێوەیەک دانا کە لە پاڵ ئەنجامدانی کار و ڕێوڕەسمی مەزهەبی لە هەموو ناوچەکە، مەسەلەکانی ئیداری، بەڕێوەبەری و قەزایی و دەستوورەکانی تاکی بەگشتی دەگەڕایەوە ئەو شێوە دانراوانە کە دیاری کرابوون کە باوەڕێکی ڕوون و ئاشکرا و بەردەوامی بە درێژای کات لەگەڵی بوو و پێوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ باوەڕو بۆچوونی مەعنەوی و ئاشکرای شوێنکەوتووانی پەیدا کرد و پلەوپایەگەلی جیاوازی گرتەبەر، مەرجی تایبەت بۆ چوونە ناو دەستەی یاران و چۆنیەتیی پێکهاتەی ڕێکوپێکی سووری و مەعنەوی، لەلایەن خوالێخۆشبوو حاج نوور عەلیوڵلایی لە کتێبی (برهان الحق)دا بە باشی باس کراوە و بێجگە لە لایەنی مەعنەوی، وریایانە لایەنی سیاسی و بەڕێوەبەریی لە ڕووی سوورییەوە هێناوەتەوە کە بە شێوەی خوارەوە ڕیزبەندیی کردوون:

١- هفتن، کورتکراوەی «حەفت تەن» (حەوت کەس)... بە بڕوای یارسان پێوەری مەعنەوییە [ئەم پلەیە بەگشتی لایەنی مەعنەویی هەیە]

٢- حەفتەوان ـ کورتکراوەی «هفت تن وان» پێشتر دیار بوو و وشەی «وان» لە فارسیدا لە سەر کێشی جان بەم مانایە هەیە: وەک (ئاسا، هاوچەشن، هاوتا، پاسەبان، ڕاگر، پارێزەر، پاسەوان، کانی، شوێنی ئاو) کە هۆی ناونانی لێکدراوی ئەوە لێرەدا ئەمەیە؛ حەوت کەسی تر هاوچەشنی (یان وەک یان هاوتا) حەوت کەسی یەکەم پاسەوان و پارێزەر و مافخواز و ڕاگری ڕازن. وەکو حەوت کانیاوی ڕەحمەتن لە شوێنێکی تاک کۆ بوونەتەوە تا تینوویەتیی

تینووانی سـەرزەمـینی حیـرمـان بشکێنێ [... لە دەزگـا کولتـوورییـەکانی ئەم خولە زمانی گۆرانی وەکو زمانی ڕەسـمـیی ناوچەی بانگەشـە هەڵبژێردرا، کە نزیک چوار سەدەیە، وەکو زمانی وێژە، بەکاردەبرێت].

٣- حەوت کەس ئەهلی قەووەل تاس [لە ڕێورەسمەکانی بزاڤ بووە].

٤- حـەفـت حـەفـتـوان: چلوچوار کـەس بـوون و هـەر حـەوت کـەسـیـان خـاوەنی پلەو پایەیەکی تایبەت بوون بە حەفت حەفتەوانە ناسراون.

٥- چل کەس.

٦- چلچـل کـەسـان و بە کـۆ هەزار و شـەشـسـەد کـەس کە هـەر چل کـەسـیـان بە بوونەیەکەوە سپاردەی یەکێک لە چل کەسی پێنجەمە.

٧- حەفتاد و دوو پیر، ـ پیر پلەی ڕێنوینییە ـ

٨- نەوەد و نۆ پیری شـاهۆ. [نەوەد و نۆ پیـری بـانگەشـەکار و بەرپرس لە ناوچەی یارسـان و شـوێنـێ کـە دەنێـردران بۆ ئەوێ، لـە بابەتـەکـانی باوەڕی، ئاینی، قـەزایی و بەڕێوەبەری لە شـوێنەکـاندا بووبێتن و وەکـو بەرپرسـانی حـوکـمی جێگۆڕەکێ و جێگرتووییان بووە و لەکن شـوێنکەوتووانیان زۆر بەچاوی ڕێز و پیـرۆزییـەوە سـەیر دەکـران، ڕاو بڕیار و پەسـەندکـراوەکـانی ئەوان دەبووایە بەڕێوە بچووبایە و لەسـەرووی کەسـایەتیی ئەوانە لە هەر شـتێک پتـر خـاوێنی مـەعنەوی و ڕیازەتی زاتی بە ئامـاژەی سـوڵتـان و دواتر حـەوتوان هۆکـاری سـەروەری سووری ئەوان دەبوو] (شـاهۆ پێتـەختی سەید محەمەد زاهید (پیر خزر) و لە کێوە بە ناوبانگەکانی کوردستان و کرماشاناتە).

٩- شـەست و شـەش غـولامی پشـتـوێن زەڕین مـەبەست لە. غـولام لێـرەدا بێ گرێوگۆڵی و، گوێڕایەڵییە بۆ فەرمانی حەق، نەک کۆیلەتی. پشتوێنی زەڕینیش واتا قـۆڵ هەڵمـاڵین بۆ لە فـیـداکـاری و گـەیشتن بە حـەق کـە ئەو ویست و بڕیاردانە وەکو ڕێ بێ خەوش و تەواوە و خەوش و ڕازاندنەوە و زینەتی دنیای قەت لەو دەزگایە شوێنێکی نەبووە. [ئەمە ڕوونکردنەوەی خوالێخۆشبوو حاج نوورعەلیی ئیلاهییە، بەڵام جگە لە ڕاهێنان و پاککردنەوەی دەروونی غولامان، ئەم کەسانە لە بابەتە سوورییەکانی دەزگاکەدا، فەرمانبەر بوون و خزمەتی پێ سپێـردراو لە دەزگای سەرۆکایەتیی وەکو بەندایەتی زانیوە و وادیارە کە لە

بابەتەکانی، تەشریفات، بەڕێوەبردنی کاری هەژاران و کەم ئەندامان و نەخۆشانی یارسان، گەیاندنی نامە و پەیام بە پیرانی بەرپرس، ئاودێری و باخداریی گشتی و... ئەرکیان بەڕێوە بردووە کە نووسەری مێژووی هەورامان ئاماژەی بە ئاسنگەری، دارتاشی، بەردتاشی و بیناسازی... کردووە]

١٠- هەزار و یەک غولامی پیرخوو: مانای غولام لێک درایەوە، خواجە واتای ورەی حەقە کە بە خواجەی مەعنەوی دێتە ئەژمار. بە تەواوەتی نوقمبوون، بەجۆرێک تەسلیم ببێ لە هەموو ڕوویەکەوە و ببێتە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێ کە سەمبولی ئیرادەی حەقە لەو دایە. [ئەم غولامە پیرخووە، پەیڕەوانی پاک و ماڵدار دەگرێتە خۆ، کە شک و گومانی حەرامبوون لە سامانی زۆری ئەواندا نەبووە و لە ناوچەی بانگەواز و ڕێنوێنیی یارسان وەکو سندووقی خێرات، کاریان دەکرد و بە خاکەساری و بێ دەماری لەئەوپەڕی خزمەتگوزاری بە ئاشکرا و نهێنی دەستی دەستکورتان و نەدارانی دەگرت و لە سەروەری تەواودا، بەندیان دەکرد].

١١- بیوەر هەزارغولام ــــ بە فارسی واتای دە هەزار غولام دەگەیەنێت [نیشاندەری ڕێکخراوەی لەشکری و هێزی خەڵکی دەگەیەنێت].

١٢- بیوەن غولام [بیوەن؛ هەزار غولامیشی پێ دەڵێن]. واتا هەزارانی بێ ئەژمار [کە هەموو کۆمەڵگای دەگرتە خۆ] و پاشان مەزنان و پایەبەرزانی چینەکانی سەرەوەی ئەم ڕێکخراوانە ناسێنراون و لە بارەی پلەوپایەی سووری ئەوانەوە دەنووسێ... پیر بنیامین و یارداوود و پیرمووسا و مستەفا (چوار مەلیک) هەروەها (چوار)یشیان پێ وتوون و هەرکامیان پلەیەکی تایبەتی لە لایەن سوڵتانەوە بووە. کە ئەمانەن:

١- بنیامین: لە پلەی پیری هەموو یارسان.

٢- داوود بە پلەی دەلیلی لە سەر هەموو یارسان.

٣- پیرمووسا، بە پلەی دەفتەرداری و مونشیی سوڵتان.

٤- خاتوون ڕەمزبار، سەرەڕای ئەوەی کە دایکی سوڵتان و دڵسۆزی یاران و سەرۆکی کۆمەڵی ژیانی یارسان بووە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری نەزریی چێشتخانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەئەستۆ بووە.

٥– مستەفا: سەرۆکی کاری چاودێریەتی.

٦ـ٧: شا ئیبراهیم و شا یادگار، جێگری سەڵتەنەتی عیرفانیی سوڵتانیان لە ئەستۆ بووە، بەم بۆنەوە سوڵتان کە خۆی بە شای مەعنەوی دەزانی، ئەوانیشی وەکو شا بانگ دەکرد ـ [برهان الحق، نور علی الهی، لە کۆکردنەوەی دوکتۆر تەقی تەفەزولی، لل ٣٤ـ ٣٩] کە بە لە بەرچاوگرتن و توێژینەوە لەسەر بارودۆخی سەردەمی تەیموورییەکان کە لە وەک باسی لێوە کرا و پێگەی سیاسیی شا ئیبراهیم و شا یادگار پلە و پایەی سووریی ئەوان دیار و ڕوونە و بەم جۆرە ڕێکخراوەی سیاسی، مەزهەبی بزاڤەکەی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی ڕوون دەبێتەوە.

## حافز و سوڵتان سەید ئیسحاق

کەسایەتیی ڕەمزاوی خاجە شەمسەدین محەمەد حافزی شیرازی، دۆستایەتی ئەو لەگەڵ سوڵتان ئەحمەد جەلایر فەرمانڕەوای بەغدانشینی ئیلکانی و هەروەها هاوچەرخبوونی ناوبراو لەگەڵ بزاڤی عەلەویی بەرزنجی و پلەی ڕۆحانیی ئەو لە پلە و پایەی دووناودوونی کە ئەو بە دوونی بنیامین دێننە ئەژمارو زۆرێک لە ڕەمزو ڕازگەلێک کە لە هۆنراوەکانی ئەم وێکچوونە بەهێز دەکات کە وەکو بلیمەتانی پێش خۆی وەکو عەینەلقوزاتی هەمەدانی و... لەگەڵ بزاڤی یارساندا پێوەندی هەبووە و تەنانەت لەگەڵ خودی سوڵتان سەید ئیسحاق و دەستەیەک سەفەری ناوبراو بە سەرنجدان بە پێشینەی هەورامان کە بە زیندانی ئێسکەندەر ناوبانگی هەیە، لەم ڕووەوە دەگرێنەوە. چونکە هەروا کە لەسەر بنیاتی هەورامان، لە زمانی ئەبودۆلف مۆسعەر کوڕی مۆهلهەل گەشتیاری بەناوبانگ باس کرا؛ هەورامان بەزیندانی ئیسکەندەر ناسرابوو و فیردەوسیی حەکیمی تووسی لەم بارەوە دەڵێ:

سکندر بە هر کس غضب درگشود
اشـــــــارە بە زندان اورمن نمود

و بەیتی حافز:

... دلم از وحشت (زندان اسکندر) بگرفت
رخت بربندم و تا ملک سلیـــمـــان بروم

وا بۆی دەچن کە ئەو لە هەورامانا بووبێ، گەرچی زۆرتر دەوترێ کە شاری یەزد مەبەستی حافز بووە، بەڵام خوالێخۆشبوو پژمانی بەختیاری دەڵێ: ڕێی سەفەری گرتە بەر؛ بەڵام کەس نازانێ ڕووی لە کوێ کردووە... [پێشەکیی دیوان حافز، ل بیست و هشتم] و هەروەها هۆنراوەگەلێکی تری هەیە کە لەواندا ڕاشکاوانە ناوی یەزد دێنێ و سکاڵای زۆری کردووە؛ بەڵام لەم غەزەلەدا هەروا کە خوالێخۆشبوو

پژمـان بەخـتـیـاری، هێناویەتی ئامـاژەیەکی بە یەزد نەکـردووە، و دوو بەیـتی تری خاجـەی شیـراز وەکو بەڵگە بۆ پێوەندیی ئەو لەگەڵ بزاڤی عەلەوییـەکان لـە سـەدەی هەشتەمدا دەزانن وەکو:

ای آنکه ره بـه مـشـرب مـقـصـود بردەای

زین بحـر قطره ای به من خـاکسـار بخش

[دیوان حافزی شیـرازی. بەیازی قزوینی، خەتی کەیخوسـرەو خرووش، ل ٢١٣] کـە لەم بەیتـەدا دەستـەواژەی خـاکسـار بـە نیشـانەیەک بۆ وابەسـتـەیی خـاجـەی شـیـرازی لەگـەڵ مـەکتـەبی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاقی عـەلـەویی بەرزنجی دەزانن، چونکە دەروێشـەکـانی (خـاکـسـار) لەوپـەڕی ڕووخـۆشی و خـاکـەسـاری، سـەر دەسپێرنە یەکێک لە بنەماڵەکانی حەفتەوانە و لە ڕاستیدا خاکسارەکان ئاشکرا و نهێنی بە یارسان دەهاتنە ئەژمار، یان:

ره نبـردیم به مـقـصـود خـود اندر شـیـراز

خـــرم آن روز کـــه حـــافظ ره بغـــداد کند

[هەمـان سـەرچاوە،، ل ١٤٧ کە دەڵێن ئەم غـەزەلـە، لەو سـەردەمـە بۆ حـەزرەتی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاقی عـەلەویی بەرزنجی وتراوە و لە کـۆتاییـدا (ره بغـداد) ئاماژەیە بە مەڵبەندی سوڵتان]

یان:

ای صـــبـــا گـــر بگذری بـر ســـاحل رود ارس

بوسـه زن بر خاک آن وادی و مشکین کن نفس

[هەمـان، ٢٧] [ساحل رود ارس ـ لێواری ڕووباری ئەرەس] ئامـاژەیە بە ناوچەی بانگەواز و ڕێنوێنی فـــەزلوڵڵا نـەعـیـــمـــیی تەبریزی، هەرچۆنێک بێت ئەگـــەرچی ڕاڤـەوانانی دیوانی خـاجـە، ڕاڤـە و شـیکردنەوەی مـێـژوویی و فـەلسـەفی و... هۆنراوەکـانی ئەو بەتایبـەت بەیتـە ئاماژە بۆکـراوەکان وتە و ڕای زۆریـان هەیە لە شـەرح و ڕاڤـەکانی؛ سـوودی، دوکتـۆر قـاسم غـەنی، بەهائەدینی خـورەمشـاهی، حسێن عەلی هێرەوی، دکتۆر محەمەد موعین، عەلامە قەزوینی و... ئاماژە بە دەیان بۆچوونی جـۆراوجـۆر کراوە، بەڵام ئەم وتەیەش کـە بۆ یەکـەمین جـارە، لـە پێوەندی دەگـەڵ لایەنـی بیـرو فـیکری ئەو مـەزنە ئاسـمـانیـیـە باس دەکـرێ، ڕەنگە ئەگـەر

بەڵگەیەک بە دەست بکەوێ بۆ ناسینی زۆرتری بلیمەتی هاوچەرخی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆس لە سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاق لە لایەکەوە ڕێ دەرکات (؟!).

## چاوپێکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی و تەیموور گورکانی

لەو ڕووەوە کـە بەڕوونکردنەوەی مـێـژوویی سـەردەمی تەیمووری ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێو شۆڕشگێڕانی عەلەوی و تەیمووریەکان بە نێوبژیوانی حەزرەتی شا ئیبراهیم عەلەوی ئیمزا کراوە، دوورنییە، هاتنی تەیموور بۆ ناوچەی عەلەوییە بۆ بارەگای سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی دەرک کردبێت، بۆیە ڕاستبوونی ئەم دیدارە بەردەوام و لە بەڵگەگەلی زۆردا نووسراوە. تەیموور زۆر حەزی لە دیداری مەزنانی عارف و سۆفییانی مەزن بووە، بە جۆرێک کاتێک لەساڵی ١٤٠٢= ٨٠٤/٥ ک. م لە لەشکرکێشی سەرکەوتووانەی خۆی لە ئاسیای بچووک و شەڕ لەگەڵ بایەزید سوڵتانی عوسمانی گەڕایەوە، لە ئەردەبێل ڕۆیشت بۆ دیداری خاجە عەلی (سەفەوی) و لەگەڵی دیداری ئەنجام دا، گوایە دیداری ئەم پیاوە گۆشەگیر و زاهیدە ئەوەندە کاریگەرییەکی لە تەیموردا کرد کە دەسبەجێ فەرمانی دەرکرد کە ئەردەبێل و هەموو گوندو شارەدێ و زەویوزاری سەربە ئەوێ وەکو وەقف بدرێت بە ماڵباتی سەفەوی و تەنانەت ئەگەر جینایەتکار و پیاوکوژی مەترسیداریش هانایان بۆ برد، کەس کاری پێیان نەبێ. بەم جۆرە ئەم شوێنە لە چەندین سەدەدا تایبەتمەندی بەستبوونی خۆی پاراست. بەڵگەکانی ئەم وەقفنامە نزیک بە دوو سەد ساڵ دواتر لە تورکستانی ڕۆژئاوا کەوتنە دەستی سەربازانی شاعەباسی کەبیر [تشکیل دولت ملی در ایران، ل ٥] خاجە عەلی لە کاتی هاتنی بۆ کوردستان تەریقەتی شەبەکی بنیات نا، کە هاودەقە لەگەڵ باوەڕەکانی عەلەوییە توندڕۆکان [ب، سەفەوییەکانی کوردستان، ئەم کتێبە] و ڕەنگە مەبەستی مێژوونووسانی تەیمووری لە (سوڵتان شا) کە چاوی بە کاربەدەستانی تەیموور کەوتووە، سوڵتان ئیسحاق بێ کە بە هەڵە کوڕی شا ئیبراهیمیان نووسیوە (؟!)

## دەستپێکردنی بزاڤە هاوتەریبەکان لە سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی / بەکتاشیە

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجیدا، ئیسحاق دوو بزاڤی بەناوبانگ و توندڕەو لە ڕۆژئاوای ئێران و سەرزەمینی ئاناتۆلی (تورکیای عوسمانی)دا دروست بوون و پەرەیان ستاند. یەکیان: بەکتاشیە و ئەوی تر: حورووفیە. زادگای ئەندیشە و بنیاتنانی بەکتاشیەی خوراسان بوو. چونکە هەرچەند تا ماوەیەکی پێش حاج بەکتاش وەلی، بنیاتنەری ئەم بزاڤە بەزیادکردنی کۆمەڵێک خاڵ هەمان سوڵتان سەید ئیسحاق بەرزنجی و خۆیان وەکو کەسایەتییەکی تەموموژاوی دەهێنایە بەرچاو؛ بەڵام توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی توێژەرانی ئەم سەردەمە بارودۆخ و ئەحواڵ و بەرهەمەکانی ئەو و پەیڕەوانی وەدەست خستووە، کە خاوەن کەسایەتییەکی جیاواز و سەربەخۆ بووە لە سەید ئیسحاق عەلەوی. حاج بەکتاشیش وەکو سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی پەیڕەوی مەزهەبی فیقاهەت و سوننەتی نەبەوی بوو، بە جۆرێک کە لە ناساندنی شوێنکەوتوان و ئەحواڵی ئەو هاتووە: بەکتاشیە؛ پەیڕەوی کەسێک بە ناوی حاج بەکتاشن کە پێشەوای تەریقەتی مەزهەبی و سۆفیەت بووە.

دەڵێن: لە نەیشابوور لە دایک بووە، لە لای عەلی ئەحمەد یەسوی فێری عیلم و زانست بووە و لە ساڵی ٧٣٨ ک. م، دا کۆچی دوایی کردووە، تەریقەتی بەکتاشیە لە سەدەی شازدەمی زاینی لە ئاناتۆلی، واتا ئاسیای بچووک پەرەی ستاندووە و ڕێبازگەلێک وەکو قزڵباشیە و شەبەک، عەلی وڵڵایە کوردەکانی لێ کەوتەوە. هەرچەند کە بەکتاشیە خۆیان بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەزانن؛ بەڵام کارو ڕەفتاری ئەوان بەپێچەوانەی ئەم مەزهەبەیە و زۆرتر وەکو غولاتی شیعەن. ئەوان ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان بە تاوانبار دەزانن و باوەڕیان بە ئیمامەتی ئەسنا عەشەری بە تایبەت ئیمام جەعفەر سادق و چواردە مەعسووم هەیە و زۆر بە

گەورەیی ستایشیان دەکەن. هەروەها بیروباوەڕی مەسیحییە کاریگەریی لە سەریان هەبووە و باوەڕیان بە سێ پیرۆز؛ ئەڵلا، محەممەد (د.خ) عەلی (ر.خ) هەیە. وەکو مەسیحییەکان عەشای ڕەبانی بە جێ دێن لە سەر سفرەکانیان شەراب و نان و پەنیر دادەنێن، ئەوان لە بەردەم شێخەکەیان کە بە باب بانگی دەکەن دان بە گوناح و تاوانەکانیاندا دەنێن و خوازیاری لێخۆشبوونی ئەون، خواردنەوەی شەراب بەلایانەوە حەرام نییە و ژنانیان حیجابیان نییە، باوەڕیان بە ڕەمزی ژمارە و پیتەکانە و ڕێزی فەزڵولڵای حورووفی کە پێشەوای حورووفییەکان بووە، دەگرن، بەرگی بەکتاشیە عابایەکی سپی و کڵاوێکی ڕەشی چەند گۆشە، لە شێوەی سێ گۆش کە برێ جار. ژمارەی گۆشەکانی بۆ ڕێزدانانی دوازدە ئیمام دەگاتە دوازدە گۆشە، لەسەر دەکەن. تەرک و شێخەکەیان مێزەرەیەکی کەسکی هەیە... ئەوان ئەرکەکانی بەندایەتیی شەریعەتی ئیسلام کە نویژ و ڕۆژوو، حەج و زەکاتە بە جێ ناهێنن [فرهنگ فرق اسلامی، لل ١٠٥ـ ١٠٦/ دائره المعارف الاسلامیه ب ٤، لل ٣٧ـ٤٠ ذبیح الله صفا، تاریخ ادبیات در ایران، ب ٤، ل ٥٨]. [پژوهشی درباره طوایف غلات، اسکندر اسفندیاری، ل ١٦٩] هەموو ئەو تایبەتمەندییانە کە بۆ ناسینی بەکتاشیە و حورووفییەکان، هیناومانەوە لەگەڵ دەقە ئاینییەکانی، یارساندا یەکن.

بە هۆی پێوەندی لەگەڵ باوەڕمەندانی بیر و ئەندیشەی مەسیحییەت و دراوسێیەتی لەگەڵ وڵاتانی ئەوان کاریگەریی مەسیحیە بەسەر داو و نەریتی بنەمایی بەکتاشیەکانەوە و حورووفییەکان زۆر کاریگەری داناوە، چونکە شوێنکەوتووانی ئاینی یارسان باوەڕیان بە بابەتی، باکرە لەدایکبوونی سەید ئەحمەد عەلەوی (بابا یادگار) و موبارەکشای عەلەوی (شاخۆشین) هەیە لە ئاینی بەکتاشیانیشدا بۆ بالیم سوڵتان باوەڕیان بە (باکرە) لەدایکبوون هەیە و دەڵێن: لەدایکبوونی بالیم سوڵتان حاڵەتێکی ئەفسانەیی [و مەسیحییانە]ی هەیە، چونکە دایکی بە خواردنی هەنگوێن لە دەستی شێخ دووگیان بوو، و بالیم سوڵتان (سوڵتانی هەنگوێن) لە دایک بوو. خاڵی تر، ئەمەیە کە «مورسەل بابا» ئاماژەیەکی ڕەمزییە بە داستانی فریشتەیەک کە خوا بەرەو لای مریەم هەناردی و مریەم بە عیسا دووگیان بوو (سوورەتی مریەم، ٩و ٢١) و هەر بەو جۆرەی کە مەکتەبی موبارەکشای عەلەوی بوو بە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان دینە ئێرانییەکان و مەزهەبە

فیقاهەتییەکان و دینداری سەدەی سێیەم و چوارەم، تەریقەتی بەکتاشیە لە نێوان مەسیحییەت و ئیسلام، ئەم سەردەمی لە ڕۆمدا (تورکیای ئێستادا) گێڕا.

وا دەردەکەوێ کە وەک باقیی بزاڤە هاوشێوەکان، پێداویستی سەردەم و گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆکاری بەردەوامی و نوێبوونەوەی چالاکی و بانگەشەی بەکتاشیان لە سەرزەمینی تورکیادا بووبێ، چونکە؛ کاتێک کە عوسمانییەکان، لەجێ سەلجووقییەکان و قەرەمانییەکان دانیشتن و هەموو ناوچەکانی ڕۆم کەوتە ژێر دەستیان. کۆمەڵگای تورکیا کە لە دوو نەژادی ڕۆمی مەسیحی و تورکانی موسڵمان و ڕەشایی پێک هاتبوو، چاوەڕوانی هزرێکی ئاینیی یەکگرتوو بوو کە لە لایەکەوە، نێوبژیی مەسیحییەت و ئیسلام و لەلایەکی ترەوە نێوبژیی ئیسلامی ڕەسمی و سۆفیەتیی زاڵ بێت، چارەنووس وا بوو کە فیرقەی بەکتاشی، ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، بەکتاشییەکان دوای گەیشتن بەم قۆناغە ڕوویان لە مەزهەبی شیعە کرد، شیعە تەنیا مەزهەبی ئیسلامی بوو کە دەیتوانی بە سامانی مەعنەویی یارمەتیی ئەم فیرقە نوێیە بدات. بەم جۆرە سێ بنەمای بنەڕەتیی ئاینی مەسیحی واتا باوک، کوڕ و ڕۆحی پیرۆز گۆڕدرا بۆ سێ بنەمای بنەڕەتیی بەکتاشی واتا ئەڵلا، محەمەد و عەلی. (بیرج، ل ١٣٢). و بالیم سوڵتان (مردن ٩٢٢کۆچی) دووبارە تەریقەتی بەکتاشی کە دایکی شازادە خانمێکی مەسیحیی بولگاری بوو [وەکو شا ئیسماعیل سەفەوی] و باوکی بەکتاشییەک بە ناوی مورسەل بابا بوو، وەکو نمانایەک کە مەسیح لە قاڵبێکی عەلەویدا، وەرگیرا، نماناکانی شیعانە کە لە بەکتاشیەدا وەبەرچاو دەکەون، دەگەڕێنەوە بۆ بالیم سوڵتان. [بیرج، ل ٤٠] و هەروەها ئەم هەستی پێوەندیگرتنە نیشاندەری کاریگەریی پێویستی بزاڤی بەکتاشییەکان لە ئوسووڵ و باوەڕەکانی مەسیحییەت بووە. بۆ تەواوکردنی باسی شیعی لە فیرقەی بەکتاشیە، ئامارە بەم خاڵە لە جێ خۆیدایە کە هۆزانڤانانی بەکتاشی پلەیەکی زۆر بەرز، ڕەنگە بەرزتر لە پێغەمبەریان بە عەلی (د.خ)، لەوانە تێکستە گرینگەکانی بەکتاشیە. لەوانە نزایەکە لە لای شیعەکانەوە زۆر گرینگە و بەم دەستەواژە کە کێشێکی وەکو شیعری هەیە، دەست پێ دەکات. ناد علیا مظهر العجایب تجده عوناً لك في النوائب [«عیون الهدایة» ورقە ٧٩ ئەلف، «بیرج» ١٣٨-٩] [تشیع و تصوف، ل ٣٥٩] کە بە وتەی بەکتاشیەکان خودی پەیغەمبەر، کاتێک لە شەڕی ئوحوددا بریندار بووە، بە ڕێنوینیی جبرەئیل بە خوێندنەوەی ئەم نزایە،

چاک بووەوە. عەلی (د.خ) لە لای بەکتاشیەکان ئەوەندە پلەوپایەی بەرزی هەیە کە تەنانەت دوای مردنیش بە لەشی خۆی زیندوو بووەوە، بە جۆریک کە جڵەوی ئەو وشترەی کە تەرمەکەی هەڵگرتووە بەدەستەوەیە و لە شوێنێک کە بڕیار بوو بینێژن، ئیخی داوە، [«بیرج»، ل ١٣٥] هەروەها لە دوازدە ئیمام تا مەهدی ناویان بردووە. [«بیرج»، ل ١٤٠/ «مێنوی ترابی»، ل ٣٠] و حەدیسی غەدیریان بە تێروتەسەلی گێڕاوەتەوە و ئیمام سادقیان بە پێشەوای فیرقەی ڕزگارکەری خۆ ناو بردووە [«بیرج»، ل ٩٩] و نەفرەتیان لە یەزید و مەعاویە بووە [«فضیلت نامه» ورقە ٤، ئەلف ـ ب ٤] و بە وتەی سەمعان هێرشیان کردووەتە سەری، لەبەر توندڕۆیی ناوبراو، خۆیان شیعەی میانەڕەو، نیشانداوە. [«فضیلت نامه» ورقە ١٠٢ ب، ١٠٤ ب، ١٠٧ب] (!!) ڕوانگەی مامۆستا دکتۆر کامل مستەفا شەیبی لە مەڕ داو و نەریتی بەکتاشیە، وێکچوونێکی تەواوی لەگەڵ داو و نەریتی یارسان (عەلەوییە توندڕۆکانی) پێدەشتەکانی زاگرۆس هەیە، چونکە جیا لە کەسایەتییەکانی جێ باسی ئەم دوو بزاڤە هاوچەرخە و پێوەندیدارە کە جیاوازە؛ بەڵام لە پێکهاتە و ڕواڵەتی ڕێکخراوەی ئاینی و دینییاندا هاودەقن. ئەو دەنووسێ: فیرقەی بەکتاشیە، وەکو نەسیرییە [یارسان] جۆرێکی تایبەتە لە شیعەی دوازدە ئیمامی؛ بەڵام گوتنەکانیان و چۆنیەتی ئاینەکەیان لەگەڵ ئەندیشەی شیعەیگەریی میانەڕەودا سازگار نییە. بۆ وێنە خاجە نەسیر وەکو پلەدارێکی مەعنەوی وەکو شیعە سەرەتاییەکان لەوانە قەنبەر و سەحابەگەلێک وەکو جابر و سوهەیب ناوی هاوردووە و ئەژمار و خوتبەی تەلبەیان کە نوسەرییە دەیدەنە پاڵی عەلی (د.خ)، وەکو یەک لە دەقە گرینگەکانی خۆیان دادەنێن [«بیرج»، ل ١٤٠ـ ٠٥] سەرباری ئەمەش، بەکتاشیە لە بابەتی چواردە مەعسووم، پابەندی سونەتێکی غەریبن، بەم شێوە کە سەرەڕای باوەڕداری بە پاکی پێغەمبەر و فاتیمە (س) و دوازدە ئیمام، پابەندن بە چواردە مەعسوومی تر و باوەڕ و ئیمان بەوە، وەکو مەرجی کەماڵی دەروێش دادەنێن، لە چواردە مەعسوومی زیاد، خەدیجە و منداڵە ساواکانین کە لە منداڵیدا مردوون. [«بیرج»، ل ١٤٧ـ ٠٩] [هەمان، ڵ٣٦٠] و ئێستاکەش دەبێ بوترێ؛ بەکتاشیە لە ئەساسدا، تەریقەتێکی سۆفییانە بووە کە هێدی هێدی بەرەو شیعەگەرایی ڕۆیشت، بەڕادەیەک کە لە ئەنجامدا لایەنی شیعەگەری زاڵ بووە بەسەر لایەنی سۆفییانەکەیدا و وا دەردەکەوێ کە دەڵێیت فیرقەیەکی شیعی بووە و

لەگەڵ سۆفییەت تێکەڵ بووە، بەڵام ئێستا کە دەردەکەوێ کە پێچەوانەکەیەتی [تشیع و تصوف، استاد دکتر کامل مصطفی شیبی. ترجمه علیرضا ذکاوتی قراگزلو، لل ۳۵۹، ۳٦۲] دەفتەرەکانی یارسان کە مینۆرسکی و دوکتۆر سەعیدخان کوردستانی لە وتارەکانیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتوون، هاوردوویانە کە حاجی بەکتاش وەلی، هەر ئەو سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی بەرزنجییەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئاینی بەکتاشییانی لە ڕۆم (تورکیا) بنیات ناوە و ئەمە ئەندیشەیەکە [لە سرووده دینییەکانی یارسانیشدا هاتووە، ب، ل ٤٧ـ ٤٦] ئەگەر چی لە ڕووی مێژووییەوە یەک ناگرنەوە چونکە مەرگی حاجی بەکتاش هاوکاتە لەگەڵ لە دایکبوونی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، بەڵام نیشاندەری پێوەندی و دەقاودەقی و هاوتەریبی بنەمایی، فیکری، فەلسەفی و مەزهەبی ئەم دوو بزاڤە هاوتەریب و هاوچەرخانەیە و ناوی حاجی بەکتاش لە دەفتەرەکانی مەزنانی یارساندا شوێنێکی تایبەتی هەیە و لە مەزهەبییەکانی یارساندا ئاماژە بەناو و پلەی ناوبراوکراو، بەجۆرێک کە نەورۆز سۆرانی لەناو دەقە هەڵبەستێکی درێژ و عیرفانی و پڕ ڕەمزوڕازێ، کە زۆرتر بە وێنەی شەتەحی سۆفییانەیە، بەدی دەکرێ، ئەمە وەرگێڕانەکەیەتی:

ئەرکەچم واتەن، شا دادەن بەشم

تاجر حوجرەی حاجی بەکتەشم

بەکتاشیە زۆرتر لەوەی کە کاریگەریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بووبێت، کاریگەریی سیاسیی بووە، چونکە چارەنووسی بەدەرکەوتنی عوسمانییەکان بەندبوو بوو، و بەم بۆنەوە بە بوونی چەند ملیۆن شوێنکەوتوو لە تورکیای ئەمڕۆدا، بەجێماو و پاشەکەوتێکی بەرچاوی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نییە و سەرئەنجام لەم سەردەمە نوێیەدا و پاش پێوەندیی فەرهەنگیی تورکیا بە ئورووپاوە، خانەقاکانیان داخران و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە باقیی وڵاتانی ئیسلامیدا نەبووە.

## حورووفییە

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، بزاڤی حورووفییە لە ژێر دەسەڵاتی تەیمووریيەکاندا پەرەی سەند و فەزلوڵڵا نەعیمی ئەستەرئابادی پێشەوای ئەم بزاڤە، سەرەڕای شێوەی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی کە دەستی کرد بە، ڕێنوێنیی جەماوەر و پێکهێنانی سیستەمی سیاسی و مەزهەبیی نهێنیی بۆ سازدانی نیزام و دابینکردنی باری ژیانی لایەنگرانی گرتبووە بەر، ناوبراو بە بانگەشەکردنی سوڵتانەکانی تەیمووری، جووڵانەوەکەی خۆی دەست پێ کرد و گیانی خۆی لە سەر ئەم ڕێبازە دانا.

فەزلوڵڵا حورووفی لە دەفتەر و کەلامەکانی یارساندا بە شافەزلی وەلی، ناسراوە و لە ڕووی ئێستا لە دەفتەرەکانی یارساندا، سەردەمی دەرکەوتنی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ چەرخگەلی پێش دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی بەرزنجی نووسراوە و لە نێوان فەزلوڵڵا حورووفی و شافەزلی وەلیی ناوبراو لە دەقەکانی یارساندا جیاوازی کراوە، لەحاڵێکدا پێوەندیی مەنتقی، مێژوویی و ئابووری، فەلسەفی و... جێی هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە فەزلوڵڵا نەعیمی و شافەزل وەلی، یەک کەسن. بەو جۆرەی کە بە هەڵە شێخ سەفیەدین ئەردەبێڵی (٦٥٠ـ ٧٣٥ ک. م) یان بە هاوچەرخی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی و سەید محەمەدی نووربەخش (٧٩٥ـ ٨٦٩ ک. م) و هاوچەرخی شێخ عیسای یەکەم زانیوە و...

بە سەرنجدان بە سنووری چالاکیی فەزلوڵڵا حورووفی، گومان لەوەدا نامێنێ کە فەزلوڵڵا نەعیمیی ئەستەرئابادی گەیشتووەتە پێشگای سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و لە ژێردەستیدا زۆرشت فێر بووە و کاریگەریی لە سەری داناوە. چونکە هەروەکو شێوەی فەرهەنگی هەڵبژاردەی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی کە داو و نەریتی ئاینی خۆی بە زمانی ناوچەی بانگەوازی خۆی (هەورامان) بەهەورامی هەڵبژارد: فەزلوڵڵاش زاراوەی گورگانیی بۆ نووسین و

تۆمـاری ئـەحکام و دەسـتـوور و بنـەمـا فـیکرییـەکـانی ڕوانگەی خـۆی هـەڵبـژارد، گرینگترین کتێبی فـەزلولڵا (جاودان نامـە) یە کـە سـەرەڕای مـانای وشـەکەی بە دەستەواژەی (جاودان خورەم دین) یش ئیهامی هەیە، ئەم کتێبە پەخشانییە کە بەزاراوەی گورگانی نووسراوە و هێڵە سەرەکییەکانی ئەو نیزامە کە فەزلولڵا بنیاتی نا، دێنێتە زمان، باس لە بڕووجێرد دەکات [فـهرست مـتـون حـورووفـیـە، عـبـدالبـاقی گـولپـینارلی، ل ١٥] کـە لە ناوچەی فـیکری و بانگەوازی سـەردەمی سـوڵتان سـەید ئیسحاقی عـەلەوی بووە و فـەزل بە نازناوی شـەهابەدین لە یاران و نزیکانی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی دەهاتە ئەژمار و ئەم ناوە لە بەیتی ژێرەوە لە تەوحیدنامە وەرگیراوە کە:

فضل را چون شد شـهـاب الدین لقب

احـــــتـــــــراق جن ز علـم او طـلب

(نسخهء کتابخانه دانشگاه استانبول. آ ١٥) و هەروەها لە دەسپێکی شیعرێک کە لە کاتی مەرگی ئەودا وتراوە ڕاستیی ئەم وتەیە نیشان دەدات:

فـضل یزدان، شـهـاب، ملت و دین

کـۀ بُد از آفـرینش او مـقـصـد

[دوور نییـە کـە شـەهابەدین لە (حـەفتـەوان) کە ناوی شـارەزوورییـان لە سـەری داناوە، هەر ئەم فـەزلولڵا نەعیمییە بێ]، هەروەهـا لە ڕووی تاوتوێکردنی باوەڕی و هزر و باوەڕی دینەکان و مەزهەبەکانی پێشووەوە و هەروەها ڕەوتی تۆێژینەوەکانی خـود، هەروەک مـەزنانی یارسـان، فـەزلولڵا ڕێبـازی باتنیـەی قـەبووڵ کـردووە، تەریقەتێک کە لە لاوەتیدا لە ڕووی پەیرەویدا لە سەر ئەو ڕەوشتە بووە. ڕێبازێ بوو کـە بیـروباوەڕی باتنیـەی دەخـسـتـە دڵەوە. ئەویش بە واتـاگـەلێک کـە بە ژمـارە و بەرانبـەرەکـانیـان ژمـارەیی درابوو، خـۆی سـەرگـەرم بوو، تەنانەت ئـەوەندە هۆگری عـەهدی عـەتیق (سـەردەمی کـۆن ـ تەورات) و عـەهدی جـەدید (سـەردەمـی نوێ، ئینجیل) بوو بوو، کە دەیتوانی وەکو بەڵگە بیانهێنێتەوە (کتابخانەی علی امیری، کـتب فـارسـی، ٩٢٠، جـاودان، بـەرگ پ، ل ٤٤) بەرهـەمـەکـانی ئیـبنی عـەرەبیی خوێندبووەوە، شارەزاییی لە وێژەی عەرەبیدا بوو و لە ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوی شارەزا هەبوو، لەسەروو ئەمانەوە. حورووفییەکانیش بە یارسان دەناسران و ناوی

حـوررووفـیـیـه وەکـو لقـێک لە یارسـان دەهاتـنە ئەژمـار، بەجـۆرێـک کـە دەڵێن: (.. کەسێک بە ڕاستی عالی، وەکو جەلال بەیگ (٩٨٢ ک/ ١٥٧٤ـ ١٥٧٥ز) کە تا پلەی میرلوایی چووبووە پێشـەوە، شەیدای حورووفییە بووبوو. نامـەیەکی هەڵبەسـتراوی نووسیوە بۆ کەسانێک کە ئەویان وەکو حورووفی ناساندووە. لە بەیتـەکانی ژێرەوە ئاشکرا، حورووفی و ئـیشـیـقبـوونی خـۆی ڕادەگـەینێ و ڕوونی دەکـاتەوە کـە بە حورووفییە «ئیشیق» [و یارسـان] گوتراوە و لە حورووف بەرگری دەکات (سەیری: ع. گولپینارلی حورووفیە و نامەی از میر علم جلال بیک. مجله ترکیات، دانشگاه استانبول، شمارە ١٤، ١٩٦٥، لل ٩٣ـ١١٠، بەتایبەت لاپەڕەکانی ١٠٦ـ ١٠٨):

اهل حقـه حـورووفی دور دیر سن
سن کـــه علم لدنده قــاصـــر سن
حـمدلله عقـیـده مـیـز دور خـوب
حرف قـرآنه اولموشـو ز منسـوب
ایشـــیق اولمقـــیی اولـمادان اشک
خردن ابـتر دورور مـرایی نەشک

١ـ واتا تۆ کـە لە عـیلمـا لـەدونی، بێ دەسـەڵاتی و بـە یارسـان (اهل حق) دەڵێت حورووفی...

سپاس بۆ خوا کە باوەڕی ئێمە پەسند کراوە و سەر بە حورووفی قورئانیم...

ئەی گوێدرێژ، ئیشیق بوونی باشترە لە نەبوون بە ئیشق، گومانی تێدا نییـە کە ڕیاکار خراپترە لە گوێدرێژ [پێڕستی دەقی حورووفیە، لل ١٦، ١٩، ٣٤] ئاینی ئەو [فەزلوڵلا حورووفی کوژراو لە ذیقەعدەی ٧٩٦ ک. م]

برێتی لـە بەشـێک لە وتارەکـانی سـۆفـیگەری و تـوندڕۆییی شـیـعـەگـەری بووە و بەتایبـەت حـەلاڵبوون و یەکەتیی و ڕەوایی فـێر دەکرد ـ و هـەروەها وادیارە ئەرکە ئاینییـەکـانی بە مـانای دەروونی وەزرین دەکـرد. بانگەشـەی فـەزلوڵلا حـورووفی لـەڕاسـتـیـدا بـریـتی بوو لـە پـەیمان بـە ڕەوایی و وەلانـانی نـزا و دوعـا و لەبەرچاونەگرتنی ڕواڵەتی شەریعەت، وەک دیارە بە شێوەی نهێنی لە نێو توێژگەلی کـاسبـکار و پیشـەوەر و تەنانەت تەڵەبـە و زانادا بڵاو بووەوە... مێـتودی پەروەردەی مـەولانا فـەزلوڵلا کـە وەکو مێـتودی فێرکـاریی مـانی و ڕەنگـە تا ئاسـتێک بە هۆی

پێوەندی لەگەڵ بەشێک لە ڕێنوێنییەکانی ئەو بە هۆی پێچاوپێچییەکانی، چاوگرییەکی تایبەتی بۆ بانگێشتکراوەکان، لە سەر ئەم بنەمایە بووە، کاتێک خوا لە بیچمی یەکەم مرۆڤدا دەرکەوت هەر لەم سۆنگەیەوە مەلایەکە سوژدەیان بۆ برد، دوای ئەو ناوانەی کە بە پێی ئاماژەی قورئان (٢؛/ ٣١) فێری مرۆڤ کران، بە هۆی دیاریەتیی ناوی مرۆڤ و شتە ناونراوەکانی گەردوون، هەموویان بوونە نماناکانی وشەی ئەڵڵا و بەم وتنە، ئەوەی کە وا شوێنکەوتوانی ناوبراو بە خاوەنی پلەوپایەی خوایی و حەزرەتی ڕەبولعالەمین ناو دەبەن لە بابەتی ڕێزلێنان و سەرفەرازییەوە نییە، بەڵکو پێوەندییەکی هزریی ئەوانە [روزگاران، ل ٣٣٤] لە ڕاستیدا بەیانی فیکری، فەلسەفی، دینی، مەنتیقی و مێژوویی حوورووفییە (یارسان) ئاوێنەی بالانوێنی مەکتەبی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجییە و نیشانەی یەکانگیریی مەنتیقی ئەم دوو بزاڤەیە دەدات و بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت حوورووفییە (یارسان) بە لقی فەرهەنگی، بانگەوازی سیاسیی گەڕۆک بۆ بزاڤی عەلەوییە توندڕۆکانی زاگرۆس لە سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاق و پاش ئەو بهێنرێتە ئەژمار کە نووسراوەکانیان خەزێنەیەکی بەنرخ لە بۆچوون و باوەڕەکانی عەلەوییە توندڕۆکانە. و مامۆستا دوکتۆر کامل مستەفا شەیبی، وەکو خۆرێکی بە تین لە پێگەی توێژەرێکی زەحمەتکێش و وردبین لایەن و قوژبنەکان و کاریگەری ئەم بزاڤە ئیسلامییەی تاوتوێ کردووە و گێڕاویەتەوە و لە سەر باوەڕ و بۆچوونەکانیان دەڵێ: (ئاماژە بە بەشی فەلسەفەی ئەندیشەی حوورووفییە کە پێوەند بە ئاسمانان و سروشت و نوفووس و توخمە پێوەندیدارەکانەوە هەیە، بکەین، کە بە دڵنیاییەوە لە ئیسماعیلیگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها زۆرێک وردەکاری و کۆی پاژەکانی حوورووفیگەری لە دەقەکانی ئیسماعیلییەوە دزەیان کردووە؛ بە تایبەت لە نامیلکەی (اخوان الصفاء) کە لە جێی خۆیدا ئاڵقەیەک لە مێژووی (گۆرانی) فەنی حورووف و ژمارە لە ئیسلامدا بووە، هەروا کە دیارە حوورووفییەکان لە سەر ئەم بنەما زۆر پێیان داگرتووە و بۆ سەلماندنی ئەم بانگەوازە بەڵگەگەلێکی زۆر هەیە. بۆ وێنە خەیاڵی ڕاستەقینە کە بە پێی نامیلکەی ئیخوانی سەفا دوای دابڕانی وەحی، دەبێ بە جێنشینی! لەگەڵ ئەم باسەی حوورووفییە بەراورد دەکرێ: کاتێک لە سەردەمێک و قۆناغێک لە زەماندا ئەم سیفاتە [واتا هەرەوەزی خەیاڵ] لە

مرۆڤێکدا کۆ بووەوە، ئەو کەسە بەربژێری خوا و ئیمامی ئومەتە و بۆ هەتا هەتایە ئیـــمـــامـی خـــەڵکە [رســـایل اخـــوان الـصـــفـــاء، ٤/١٤٥ـ ٨ و ١٧٩] و هەروەها حورووفـیـیـەکـان و ئیـخـوان سـەفـا لە سـەر ئەم بابەتە کـۆکن کە بەعس واتا عـیلم [رسایل اخوان الصفاء ١٢٤/٢، جامع الحکمتین، ل ٣٨] زیاد لە مەش ئەگەرچی ئیسماعیلییەکان ئیمامەکانیان بە ئەهلی وەزرین دەزانی، فەزلوڵڵاش خۆی بە خاوەنی وەزرین دەزانی، هەروەها هەر دوو فیرقە ڕۆژی هەینییان بە قیامەت داناوە. [رسایل اخوان الصفاء ٣٤/٣] ئیسماعیلییەکان پێش حورووفییەکان ئیمامەت و پێغەمبەرییان شوبهاندبوو بە خۆر و مانگەوە و گوتوویانە «وصی» کتێبی خوا وەزرین دەکات و پێغەمبەر تەنیا ڕاسپاردەی گەیاندنیەتی. [جامع الحکمتین، ل ٢ـ٣] و هەروەها لە وەزرینە یەک لە دوای یەکەکانی ئایاتی «والطور وکتاب مسطور في رق منشور والبيت المعمور والسقف المرفوع والبحر المسجور» [جامع الحکمتین ٢٣٠ـ١ (ئایات ١ـ ٦ سورەتی توور) و لەم بابەتە کە هەرکەس لە دونیـا ئەمـری خـوا بەڕێوە ببـات... ئەو دەست و زمـان و چاوی خـوا و نمانای ئینسانی ئەوە لە سەر ڕووی زەویدا، چونکە یارمەتیی دراوە بە هێزو ئیرادەی خوا. [الرسالة الجامعة، ٢٨٣/٢] و هەروەها لەم بابەتە کە مرۆڤ، عالەمی بچووک وەک نموونەی عالەمی گەورەیە. [الرسالة الجامعة، ٥٢/٢؛ (جامع الحکمتین/، ل ٢٩٠ و ٢٨٣، (رسایل اخون صفا) ٣١٣ و ٨٢//١ ـ ٦٠٩ ] لەگەڵ ئەندیشەی حورووفی و ئیسماعیلی یەکە [ئەمە پوختەی و ئەندیشەی عەلەوییە توندڕۆکانە (یارسان). واتا شوێنکەوتوانی بزاڤی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی]. ڕوونە کە حورووفییەکان، شێوازی دەربڕینی و ریتمی ئارامی خـۆیان لە کـاتی ڕاڤـە و دەربڕینی باوەڕەکـانیـاندا لە (نامـیلکەی ئخـەوانەوە وەرگرتووە، هەروا کە ئیسماعیلییەکان لەگەڵ زانست، دوژمنایەتی ناکەن و داکۆکی لە مەزهەبێکی تایبەت ناکەن و هیچ کام لە کتێبەکانی حەکیمان و فەیلەسووفان لە دەست دەرناکەن [رسایل اخوان الصفاء، ٢١٦/٤] و ئیخوانوسەفا لە بارەی کەماڵاتی مرۆڤەوە وتوویانە: [مرۆڤی کامڵ ئەوەیە کە لە دیندا عەرەبی و لە ڕەگەزدا ئێرانی و لە مەزهەبدا حەنەفی بێ] [رسایل اخوان الصفاء، ٣١٥/٢] بەم جۆرە لە ڕێگا لە بەردەم حورووفییاندا، خۆش کرابوو تا بە بێ ڕکە کردن و دەمارگرژی ئەبوحەنیفە بکەن و بزاڤەکەیان لە سەر پایەیەکی مەزهەبی و ئیسلامی

و ڕەنگ و بۆنی ئێرانی دروست بکەن.

تێکەڵاویی نێوان حوروفییەکان بە شیعەکان، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو خاڵانەی باس کران. بەڵکو بێجگە لەوە بەگشتی باوەڕی نوسەیریە [یارسان] واتا دانی سیفەتی خوایی بە مرۆڤیان، کردووەتەوە، [کشف الاسرار، اسحق افندیی، ل ١٦٦ و بعد]. ئەم وێکچوویەش واتا بەڵگەهێنانەوە و داکۆکی لە سەر کتێب و نووسراوەی سەربەخۆ و تایبەتی خۆیان و خوێندنەوەی ڕستەکانیان لە ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکانیاندا و داکۆکی لە ناوەڕۆکەکەیان لە باس و گفتوگۆ لەگەڵ باقیی فیرقەکان لە نێو ئەم دوو فیرقەیەدا بووە [الباکورة السلیمانیة، ل ٣٤/٧، لەبەرئەوەی کە دە سوورەت کردووە کە لە نوسەیرییەکان لە ڕێوڕەسمە مەزەبییەکانیاندا دەیانخوێننەوە]. وەک دیارە لایەنی داهێنانی [توندڕەوی] بەشێوەیەکی سروشتی پێویستی بە زنجیرەیەک دەقی ڕەسمی هەیە کە جێ پەسندی موریدان بن و ببنە سەرچاوەی باوەڕەکانیان. و ڕەنگە بەم هۆیەوە [عەلەوییە توندڕۆکان] [یارسان]یش کتێبێکی نهێنییان بە ناوی سەرەنجام هەیە [ ل ١٨٨ لە گۆڤاری THE MUSLIM WORLD] کە مەحەبەت نامەکەی فەزلوڵلا حوروفییەوە بیر دێنێتەوە.

ـ ئەم ڕێبازە کۆی سۆفیگەری و شیعەگەرییە بە بێ ئەوەی کە هیچ کامیان مەبەستی خۆیان بێ... [تشیع و تصوف لل ٢١، ٢٢٧ـ ٢٢٩] [لە لایەن ئێرانی ئیسلامییەکانی حوروفییە] براون لەگەڵ گۆبینو هاوڕایە. بزاڤی حوروفییەکان بە یەکێ لە دیاردەکانی ڕۆحیی ئێرانی دەزانی ئەژمار کە قەت سڵی لە قووڵبوونەوە لە ناو ئەندیشە دژبەرەکانیان نەکردووەتەوە. لە گەڕان بە دوای سەرچاوە نائیسلامییەکانی حوروفیگەریی دکتۆر ڕەزا تۆفیق سەرەڕای دژایەیی ئێرانییەکان لەگەڵ داگیرکاریی عەرەب و پێکدادانی ڕۆحی سامی و ئاریایی، بیرمان بۆ کاریگەری ئەفلاتونییە نوێیەکان لە سەر حوروفییەکان ڕادەکێشن، چونکە حوروفییەکان ماهییەتیان لەسەروو مادەوە داناوە لە بەرانبەری مادە بوونە و هەروەها محەمەد کوڕی عەلی شەلمغانی بە پێشڕەویی فەزلوڵلا لە خوازەدا خوایی دێنێتە ئەژمار. گەڕان بە دوای سەرچاوەگەلی نائیسلامی حوروفییە، ئێمە ناچار دەکات سەرەتا بگەڕێینەوە سەر ئاینە دێرینەکانی ئێران، چونکە حوروفییەکان مەهدیگەری، پێشەوایان ـ فەزلوڵلاـ بە گەڕانەوەی کەیخوسرەو لە

نەمـانی لە ئەشكەوتدا لێک دانەوەتەوە [جـاودان کـبـیـر، ل ٤١١ ئەلف]. یەکـەمین ئاماژە بـە مـەهدەویبـوونی پاشـاکـانی دێرینی ئێـران" دەگـەڕێتـەوە بۆ دەسـتـپـێکی پیرۆزییەکانی ئیسلام و لە هۆنراوەیەکی پەهلەوی کە شاعیرەکەی ڕوون دیار نییە، هاتووە؛ [ بـ گۆڤاری ئـەنجومەنی سەڵتەنەتیی ئـاسیایی، لەندەن، ١٩٥٤، ل ٣٢ـ٣٣] و ئەو بە نمانای ئەو ڕزگاریکەری کۆنی ئێرانی لە سیلسیلەی داگیرکەرانی عەرەب و پێشەوای ئاوەدانکەری ڕەگەزی پارسیی زانیوە. دووبارە ئەویان وەکو جەمشید وێنا کردووە و لە خـەودا بینییـان کە سـەرۆکایەتیـی ١٤٠ کـەس نەوەزاکـانی خـۆی دەکرد و شـمشێری زوڵفـەقار بە دەستی هەر یەکێکمانەوە دوو بووە [جاودان کبیر ٤٠٩ ئەلف]، جـێی وەبیر هێنانەوەیە: مەهدی خـەلیفـە بـە مووسـای کـوڕی لەمەڕ بابەتی کـوشـتـار و ڕاوەدوونـانی زنادقـە ـ کـە بە یاران و نزیکانی مـانی دادەنران ـ گوتی «باپیرە عەباسم لە خـەودا بینی کـە دوو شـمشـێـری خـسـتـە سـەر شـانم و فـەرمانی دا بۆ شـەڕ لەگـەڵ دوانە پەرسـتاندا» (تەبەری) ٣/ ,٥٨٨ دوو شـمشـێرێک کە لە دەقەکانی حورووفییـەدا هاتووە گەر ئاماژە بە دوانە پەرستیی ئێران نەبێت، لانی کـەم مـانای ڕواڵەت و دەروون ئەدات»] کـە بەگـشـتـی دەبێـتـە ٢٨ شـمشـێـر و دووبارە بە جۆرێکی تر ئاماژەیە بە ئەژماری پیتەکانی عەرەبی. لەم وێنەی دواییدا، فـەزلـوڵڵا تایبـەتمەندییـە ڕەسـەنەکـانی عـەرەبی ـ عـەلەوی ـ ئیـسـلامـی و ڕۆحی وەزرینگەییی ئێـرانی لەگـەڵ یەک هەیە و وەکـو مـەهدیی عـەرەبی و ڕزگـاریکەری بەڵێندراوی ئێـرانی دەردەکـەوێ کـە ئـامـانجی ڕزگـارکـردنی ئێـرانیـیـەکـان و عـەرەبەکـان، هەر دوو لـە ژێر داگـیـرکـاریی مـەغـوولدایە. جـیـا لە وێناکـردنی ڕزگاریکەری ئێرانی لە فەزلوڵلادا، دوانەپەرسـتیی ئیرانییش لـە ناو بیروباوەڕی حورووفییـەدا بە شێوەی بروامەندی بە سیمبۆلگەلی ژمارەیی بۆ عەلەم بە تایبەت بیرۆکەی هێڵی ئوستـوا کـە دۆخ و زمان جیـا دەکاتەوە [«استوا نامە» ل ٢٠ ب] هاتووە و تێکەڵ بووە، هەروەها باوەڕی حورووفییەکاندا نییە ئاماژە بە ئاگر کراوە و بە فەرمی ناسینی مەجووس. خوا لەناو ئاگردا لە پێش چاوی مووسا دەرکەوت و مـەجـووسـەکـان هەرئەو دەپەرستن، هەروەها بـە ئازەر ناویان بردووە کـە ئاگـری کردەوە [بەڵام ئاگر ئەوی نەسووتاند] ئاگری لـە جەسـتەی ئیبراهیم بەر دا کە بەو هۆیەوە تا قیامەت دونیا ڕۆشن دەکاتەوە و[قیامت نامە، ل ٥٢] حورووفییەکان قەت حاشـایان لە بابەتی کاریگەریی ڕاستـەوخۆ ئیسرائیلییات لەسەر خۆیان نەکردووە

بۆ وێنە حـەدیسـی بەناوبانـگی «خـوا مـرۆڤی وەکـو خـۆی خـوڵقـاند» بە بنەمـا ئیسـرائیلییەکەی واتا تەورات گێڕاوەتەوە [جاودان کبیری، ل ٨٥ الف. ٣٢٠ الف و هەروەها بڕوانە تەورات سـەفـەری بەدیهـاتن، بەشی یەکـەم، ئایەتی ٢٦ـ٢٧] و لەو حـەدیسـە وەکو بەڵگەیەک بۆ بایەخی ژمـارەیی مـرۆڤ کەڵکیـان وەرگرتووە و زۆرتر لەمە ئایەتی قورئانە کە «دە سوورە وەکو قورئان بهێنن» لەگەڵ دە فەرمانی مووسا، هەڵیـان سـەنگاندووە [«شـرح جـاودان»، ل ١٣٨ الـف، و سـوورەتی هـود (١١: ١٣) ئەوە بە نیشـانەی ئەمـە داناوە، هەروەهـا بەرخی ئیـبـراهیـمـیـان بەپێی بۆچوونی جوولەکە گێـڕاوەتەوە، هەر چەند کە بەشگەلێکیـان بە پێی باوەڕەکـانیـان پێ زیاد کردووە [«جاودان کبیر» ورقە ٣٤٤ الف] هـەمیسان گومـان لەوەدا نییە کە مـەسیح و مەسیحییەت کاریگەرییان کردووەتە سەر حورووفییە، چونکە ڕێبازی حورووفییە بە تەواوەتی خۆی ڕێک لەگەڵ سەرجەم بیرۆکە وێکچووەکـانی هەموو ئاین و فیرقە جـۆربەجـۆرەکـاندا گـونجاندووە و حـورووفـیـیـە لە ڕێی ئەم تەریقـەتـەوە ئەندیشـە هـاوبەشـەکانی نێوان حـورووفیگەری و ئەو دینانە و فێرقـەگەلە بەیان دەکرد و بە گوتنی پاژبەپاژ و وەزرین، کەموکوڕی و ناتەباییەکانی نێو ئەو ئاینانەیان بۆ ست ئیمـانان، چارەسەر دەکرد، لە سەر مەسیحییەت دەبێ ئەم خاڵە دووبارە بکرێتەوە کە ڕەنگە یەکەمین سـەرچاوەی «وەلی» فەزلوڵڵا، هەر ئەو دەستپێکە ئیلهام بەخشی ئینجیلی یوحـەنا بووە: «لە سـەرەتا وشـە بوو، و وشـە لە لای خـوا بوو» [ئینجیلی یوحەنا، ١: ١]

گـەر هەڵگەڕێینەوە بۆ خـاڵێک کـە ئەم بەشـەمـان پێ دەست پێ کـرد، ئەم خـاڵە سەرنجمان ڕادەکێشێ کە حورووفییە دەستەواژە و وشەی فارسییان لە عەرەبی بە باشـتـر زانیوە و پلەی یەکـەمیـان پێ داوە و ئاوەڵناوی وەحییـان داوەتـە پاڵ دەقـە فـارسـیـیـەکـانی فـەزلوڵڵا کـەوا بـوو تۆژەر ناچارە بە پێی بۆچوونی دوکـتـۆر ڕەزا تۆفـیق، ئەم بزاڤـە لـە زنجیـرە بزاڤـە ڕەسـەنەکـانی ئێـرانی دابنێت کـە ئامـانجی سـەربەخـۆیی (نەتەوەیی و مـەزهـەبی) بووە: بە تایبـەت لەو هـەلەدا کـە نە نەژادی عەرەب ئەو دەسەڵاتەی پێشووی مابوو و نە زمانی عەرەبی ئەو کاریگەرییەی زمانی فارسی بەسەر زەین و بیری مرۆڤەکانەوە هەبوو.

... باوەڕی هـاوبەشی تری یارسـان و حـورووفـیـیـە، ئەوەیە کـە پێـیـان وایە ئیمـانداران قـەت نامرن؛ بـەڵکو لە ماڵێکەوە بۆ مـاڵێکی دی دەگوازرێنەوە [اسـتوا

نامه، ل ٥١ بـ/ مقالات الاسـلامين، ل ٧٧/١ الفرق بين الفرق، ل ١٥١ـ١٠٢] [تشيع و تصوف لل ٢١٤ـ٢١٧]

بۆیه دەبینین گەڕانەوه و مەهدەوییەت کە لە پێویستییەتەکانی بزاڤی عەلەوییە توندڕۆکان بووە، بووەتە پێداویستیی حورووفیگەری. [عەلی ئەعلا لە «تەوحیدنامە»، ل ١٣ دەنووسێ: هر كه با رجعت نشد قائل يقين/ ليس منى گفتش آن هادى دين]. فەزلوڵڵا ئەوەندەی کە دەیتوانی، هەوڵی دەدا کە خۆی لە سێبەری دروشم بشارێتەوه، تا ڕاستیی پێوەندیی ئەو لەگەڵ شیعەدا، ئاشکرا نەبێت، بەڵگە بۆ ئەم بابەتە ئەمەیە کە سەید ئیسحاق، موحەڕەم نامەکەی تەنیا بەو مەبەستە نووسی کە بنەما باوەڕییەکانی حورووفی بە بێ خۆپارێزی ڕاڤە بکات [محرم نامه، ل ١٣، بەشی دەقەکانی حورووفییە، چاپ هوارت]. بەمەشەوە تەنانەت لە بەرهەمەکانی خودی فەزلوڵڵاش ئاماژەگەلێکی زۆر دەبینرێت کە پێوەندیی ئاشکرای ڕێبازی حورووفی لەگەڵ شیعەی دوازدە ئیمامی نیشان دەدات، بۆ وێنە فەزلوڵڵا لەگەڵ باوەڕی ئیبنی حەنبەل لە مەڕ داکۆکی لە سەر ڕواڵەت و حاشاکردن لە دەروون کێشەی هەیە (جاودان کبیر، ل ٢٥٦ـ) و هەروەها لە مەڕ دەقی بانگی نوێژ لەگەڵ ئەبوحەنیفە کێشەی هەیە و بەپێچەوانەی ئەو دەستەواژەی (حى على خير العمل) بە بەشێک لە بانگ دەزانێ (جاودان کبیر، ل ٦٣ ب)، جیا لە هاوگر (تناسب)ی دیاری سەبعەلەسانی لەگەڵ چوارده مەعسوومدا، فەزلوڵڵا، ئۆگریەتی دوازدە ئیمامی خۆی بە پێداگرییەوە دەڵێت کە؛ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە مەگەر پاش ئەو دوازدە ئیمام هاتبێتن (جاودان کبیر، ل ٤٠٨ الف) پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە فەزلوڵڵا حورووفی خۆی سەر بە مەهدیی دوزادە ئیمامی زانیوە و لە نامەیەکدا کە شا ئۆوەیس ناردبووی بۆ ئەمیر وەلی، لە زمانی فەزلەوە، دەگێڕێتەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم، اني رايت احد عشر وجوداً و نفساً شريفاً و من دوازدة ايشان [جاودان کبیر، ل ٤٠٨ الف] پاش مەرگی فەزلوڵڵا کە دەوڵەت کەوتە ڕاوەدوونان و گرتنی حورووفییەکان و ئیدی خۆڕاگری چ سوودێکی نەبوو، دەبینین کە حورووفییە دەکەونە هێرشکردنە سەر ئەبوحەنیفە و گاڵتەکردن بە تورکانی حەنەفی [قیامەت نامە، ل ٧ـ١] لێرەوەیە کە خەلیفەکانی فەزلوڵڵا بە ڕاشکاوی باوەڕی دوازدە ئیمامی خۆیان ئاشکرا دەکەن؛ لەوانە نەسیمی بەغدادی [کە

جێگەیەکی تایبەتی لە نووسراوەکانی یارساندا هەیە] لە قەسیدەیەکی درێژ لە دیوانەکەیدا [دیوان نسیمی ورقەهاب] دوازدە ئیمامەکەی یەک بە یەک ناو بردووە و عەلی ئەعلا بە شێوەیەکی پوختە ئاماژەی پێ دەکات. [توحید نامە، ل ٣]. هەروەها لە شەرحی جاودان کە لە ساڵی ٨١٩ نووسراوە [شرح جاودان، ورقە ٢٧٩ ب] ناوی دوازدە ئیمام و چواردە مەعسووم هاتووە؛ موسەنێف ئەم ژمارە مەعسوومە، تایبەت بە شیعە نازانێت، بەڵکو بە ئەسڵێکی گشتی دینەکان زانیوە و مەعسوومین بە نمانای خوا نێوی بردووە؛ بۆ وێنە چواردە مەعسوومی جوولەکە برێتین لە ئەسبات لەگەڵ مووسا و هاروون، و لای مەسیحییەکان دوازدە حووری لەگەڵ عیسا و مریەم و لای موسڵمانان دوازدە ئیمام لەگەڵ حەزرەتی محەمەد و فاتیمە [شرح جاودان، ورقە ٢٨] لە موحەرەم نامە [نووسراوە لە ساڵی ٨٢٨] ناوی دوازدە ئیمامەکە نووسراوە کە نمانای پێغەمبەری (واتا یاسادانان) و ئیمامەت (واتا یاسادانان) و هەروەها نمانای خوایی کە لە خاتەمی سانی یان خاتەمی ئەولیا [ئیمامی دوازدەم] کە سەمبولی ئادەم، واتا کۆی سیفات و ناوەکانی خوایە، دیار دەکەوێ [محرم نامە، ل ٢١؛ هەروەها ئەم دەستەواژەیە لە کتێبی (مشارق الانوار برسی) هاتووە] و ناوی ئیمامان لە عەلی تا ئیمام حەسەن عەسکەری یەک بە یەک هاتووە و ئەم بەشە بە وتەیەکی ئەم ئیمامە کۆتاییی هاتووە، کە ئەمەیە؛ «ئێمە گۆڕەپانی ڕاستییەکانمان بە هەنگاوەکانی پێغەمبەری و ویلایەت بڕی و حەوت ئاسمانمان بە نیشانەکانی ڕێنوێنی و جوامێری ڕۆشن کردەوە.... و شوێنکەوتووانمان تەنیا دەستەی ڕزگاربوو و پاکیزەن [محرم نامە، ل ٢١، مشارق الانوار برسی]. بەم شێوەیە، وادیارە بانگەوازی فەزلوڵڵا بۆ ئەم دوازدە ئیمامە لە جۆری مەهدەوییەتی نوسەیرییە بووە کە ئەنجامەکەی ئەمەیە: عەلی خاتەمی ئیمامەت بە شێوەی گشتی و فەزلوڵڵا خاتەمی ئیمامەت بە شێوەیەکی تایبەت [محرم نامە، مشارق الانوار بورسی] - بەم جۆرە دووبارە دەگەڕێنەوە دابەشکردنی دوانەی شیعە: شیعەی ڕواڵەتی واتا ئیمامانی میانەڕەو و شیعەی حەقیقی، واتا یارسان یان هەر ناوێک کە بەم شێوە بیرکردنەوەیە [غلو اثنا عشری] ئیسحاق ئەفەندی، نووسەری کاشف الاسرار... ئەوانی بە لقێک لە یارسان (نوسەیرییە) دەزانی و بەڵگەی سەلماندوویەتی کە لە دانیشتنە نێو خۆییەکانیاندا... دەیانخواردەوە [کشف الاسرار، ل ٧؛ دائرە المعارف اسلامی

«انگلیسی» ٢/٣٣٨ لە گۆڤاری [The Muslim world] تشیـع و تصوف، ل ٢٢٣ـ ٢٢٥]... حورووفیگەری بووە دینێکی سەربەخـۆ و عەبدولحەمید کوڕی فـریشتـە (کۆچی دوایی ٨٦٤) بۆ پەرەپێدان و مەزنکردنـی هەوڵی دا، ئەو کە حورووفیگەریی گواستەوە بۆ سـەرزەمینی ڕۆم و دەڵێ: (فەزل، دینی منه) [٣٢٢]، و «ناوی فەزل لە نووری مـانگی چواردەدا نووسراوە» [٣٢٣] چونکە ئەو بوو کە پێغەمبەر لە شەوی میعراجدا بینی [٣٢٤] و هەروەها جیهاد و بە واتای «وجه الله» [٣٢٥] پاکانە کرد کـە مـەبەست دووبارە، فـەزلوڵڵا حـورووفـییـە بوو، لێرەدا دەتوانرێ بەشـێک لە نماناکانی ئەم ڕێبازە سۆفیستی شیعەگەری لە (جاودانناممە)دا کورت بکرێتەوە: جـیـهـادی ڕاسـتـەقـینە واتا نوێژی چوار ڕکـاتی، ڕۆژوو، واتا پاراسـتنی زمـان لە غەیبەت و هەمیشە بیرکردنەوە لە خوا، (و لە هەموو سەرنج ڕاکێشتر) نزوولیان بە مانای لـەوات هێناوە کە سـزاکەی، کوشـتنی هەردوولایەنە کە کردارەکەیـان ئەنجام داوە.

تەنانەت دوعای تایبەت بەدەسنوێژ لە خۆیندنەوەی ئاسایی و عەرەبی گۆڕدرا بۆ فارسی و هەرکامیان بە شێوەیەک هەڵئەگەڕێنەوە بۆ فەزلوڵڵا.

بیرو باوەڕەکانی حورووفییە هاوتەریب لەگەڵ شیعەی ڕەسمی و لە پێوەندی لەگەڵ یارساندا دەرکەوت. [تشیع و تصوف، ل ٢١٣]

[لە تورکیا و باشووری عێراق یارسـان بەناوی (نوسەیری) دەناسن، ئەگەرچی زۆربەی نەسیـریـیان لە بزاڤی عەلەوییە توندڕۆکانی پێدەشتەکانی زاگرۆسدا بە تایبەت لە سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجیدا بەشداریی خانەدانی حەقیقەت بوون و کەسایەتیی نەسیر لە نووسینەکان و کەلامی یارسان پلە و پایەیەکی تایبـەتی هەیە، بەڵام نەلکاو بە خـانەدانی حـەقـیقـەت، لە یارسـان جیاواز و سـەربـەخـۆن] سـەرئەنجامی حورووفـییـە وەکو مـەزهـەب و لـە ئەنجامدا دینێکی سەربەخۆ کە کەوتە دژایەتی هەر دوو مەزهەبی سوننە و شیعە و هەروەها کەوتنە دژبەری سۆفییە، کە بوونی پێشەوای قبووڵ بوو. بۆ وێنە سەید ئیسحاق (واژەنامە، ل ٣١٢) دەڵێ:

کـاشف اسـرارا دین انبـیـا
حـجـه القـائم ز حق فـضل خـدا

آخـرین چارده مـعـصـوم پاک
اولین گر گوییش هم نیست پاک
از تشیع دم زنی ای بوالفضول
منکر مهدی شوی باشد قبول

میرشەریف لەم بەیتانەی خوارەوە دەکەوێتە دژایەتیی سووفییە (دیوان، نسخەهای خطی فارسی دانشگاه استانبول، شماره ۱۳۰، آ ۷۳)

مدتی در جهان سیر و سلوک
بودەام در مقام اهل شکوک
گاه در ظاهر علوم بدم
یا نماز جماعت مفلوک
گاه در طمطراق صوفیه
بودەام باعث از فصوص و فکوک
ناگهان فجل ایزدی بنواخت
بر مثال ملوک این مملوک

و عەرشی لە دیوانەکەیدا بە توندی لەم بابەتە باس دەکات:

ناڕەزایەتی لە بەرانبەر شیعە و سوننە، سۆفیگەری و ئەربابی سۆفیگەری دوو توخمە کە کەم تا زۆر لە هەردوو کتێبی حورووفییە دەبینرێت.

لەم کارە فەزل کە بیست و هەشت حەرفە، چوار حەرفی تر زیاد دەکات و دەیگەیەنێتە سی و دوو حەرف. یاڕوونتر بڵێین بە دانانی زمانی فارسی لە جێی زمانی عەرەبی و لە ناسین و ناساندنی جاودان وەکو کتێبی وەحی و کتێبێکی دینی وەکو قورئان و تەنانەت وەکو کتێبێک کە تەواوکەری هەموو دینەکانە، وادەزانین کە هەستی نەتەوایەتیش کاریگەریی بووبێت و فەزل زمانی فارسی بە زمانی دینی داناوە و بە جێ حوکمی عەرەبی، حاکمییەتی ئێرانیی داناوە و خۆی وەکو دەرکەوتنێکی خوایی کە پلەوپایەی بەرزترە لە هەموو ئەنبیا لە نێو باوەڕمەندانیدا قبووڵ کرا. ئەم باوەڕە لە دامەزرێنەری نوقتەوییەی مەحموود کە بە مەحمود مەترووود ناوبانگی دەرکردبوو، دژایەتیی فەزلی کرد. بە تەواوی

دیارکەوتووە، بە بڕوای ئەو سەردەمی عەرەب ئیدی بە سەر هاتووە و سەردەمی عەجەم (ئێران) دەستی پێکردووە... [(صادق کیا نقطویان باپسیخانیان، ایران گوده، شماره ۱۳، تیرماه ۱۳۲۰ یزدگردی، ل ۱۱ وەولاوە)] [پێرستی دەقەکانی حورووفییە، ل ۲۳، ۲۵]. [زۆرێک لە لقوپۆپەکانی حورووفییە لە نووسینەکانی دوای مەرگی فەزلوڵڵا (۷۹٦ ک م) کە هاوکات بوو لەگەڵ شەهیدبوونی سەید ئەحمەد عەلەویی (بابا یادگار)دا خرایە سەر مەکتەبی فیکرییەکەی ناوبراو، بەڵام بزاڤی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی، لەم لقوپۆیانە بەدوور ما و ڕەسەنایەتی ڕاستەقینە و ڕواڵەتی کوردی، عەلەویی خۆی بەتەواوەتی پاراست].

حورووفییە کە لە ئێراندا ڕووبەڕووی سەرکوت بوونەوە و کۆچیان کرد بۆ ئاناتۆلی و ڕۆم کە وەکو پەناگایەک تەماشایان دەکرد، خاجە ئیسحاق (۳۱۰ ک/ ۱۸۹۲ـ ۱۹۸۳ـ ز) دەنووسێ؛ دوای کوژرانی فەزل، عەلیئەلئەعلا خەلیفەی وی، ڕۆیشت بۆ ئاناتۆلی و لە خانەقای حاجی بەکتاش نیشتەجێ بوو و ئاینی حورووفییەی خستە دڵی بەکتاشیانەوە (کاشف الاسرار و دافع الاشرار، استانبول. ۱۲۹۱ـ لل ٤ ـ ٥) لە کتێبی اضاح الاسرار کە نووسەرە کە نادیارە و چۆن ئەسس زەفەرە بە وەک سەرچاوە بەستووە دیار دەکەوێ کە دوای ۱۲٤۳ هـ (ک/ ۱۸۲٦ ز، نووسراوە (کتب خطی ترکی دانشگاه استانبول، شماره ٤۳۸۲٥) هەرئەم ئاگادارییانە نووسراوە. [بەم شێوە حورووفییە و پاشماوەکانی بەکتاشیە دووبارە یەکیان گرتەوە و پێوەندیی فیکری و فەلسەفی و شوێن و مەکتەبی ئەوان کە هاوچەرخ بوون و سەربە ڕێبازی عەلەوییەکانی توندڕۆی پێدەشتەکانی زاگرۆس بوون، پێک هات].

(حورووفییە کە لە ئازەربایجان و ئێران لە ئاناتۆڵی پەرەی ستاند،... لە سەدەی نۆی کۆچی/ پازدەمی زاینی، دەستی لە زمانی فارسی هەڵگرت و تورکیی هەڵبژارد. نەسیمی ئەوەندە هۆنراوەی تورکیی هۆنیوەتەوە کە دەکرێ دیوانێکی لێ ساز بکرێ، نامیلکەی «مقدمة الحقائقي» خۆی بە زمانی تورکی نووسی، ڕەفیعی ـ (خەلیفەکەی) ـ دوو مەسنەوییەکەی خۆی بە تورکی نووسی و عەبدولحەمید، عیشقنامە و ئاخرەت نامەکەی، بە زمانی تورکی نووسی، خەونامەی وەرگێڕایە تورکی، یەمینی ناسراو بە ئاق یا زیلی ئیبراهیمی دووهەم کە لە ۹۰۱ ک/ ۱٤۹٥ـ ۱٤۹٦ ز، لە دایک بووە یان لەو بەروارە لە لایەنی شوێنکەوتوانی عوثمان بابا

(outman Baba) وەکو پیر دەستنیشان کرا و کتێبی (فەزیلەت نامەکە)ی بە تورکی نووسی، پێش لەوە ویلایەتنامەی عوثمان بابا کە پێ دەگوترێ ویلایەتنامە شاهی لە لایەنی کووچەک ئەبدال [یەکێک لە دەروێشەکانی]، بە تورکی نووسرا. مەحیەدین ئەبدالیش کە هەر لەو لقەیە، بە هۆنینەوەی ئەندیشەکانی حورووفییە لە قالبی سترانگەلی عامیانەی هێجایی، پەرەی پێ داوە. قاسمیش هەر ئەو شێوەیەی درێژە پێ داوە دەروێشێکی بەکتاشی بە ناوی دەروێش مورتەزا کە لە سەدەکانی ٩ـ١٠ ی ک/ ١٧/١٦ ز ژیاوە، جاودانی بەدەستتێوەردانەوە وەری گێڕاوەتە تورکی).

[هەر بەم شێوەیەش لە نێو شوێنکەوتوانی یارساندا بە دەرکەوتنی قوشچی ئوغلی لە ئازەربایجاندا و هەم لە دەستپێکی حکوومەتی قەرەقۆیوونلوو موریدەکانی ئاتەش بەیگی، کتێب و فێرکاری بە زمانی تورکی لە پاڵ زمانی کوردی هەورامی (گۆرانی) پەرەی ستاند].

ئەم یەکیەتییە فیکری و بۆچوونییەش دوای هێرشگەلێکی جۆربەجۆر هەر بەو شێوەیە کە خانەدانەکانی ڕێبەری یارسان لە کوردستاندا چوونە سەر تەریقە بە هێزەکان، لەوانە تەریقەتی نەقشبەندی و کە پێشتر چونیەتی ئەم پێوەستبوون و یەکانگیری و لێک ترازانەی ئەوان باس کرا، لە تورکیاشدا لە ساڵی ١٢٤٠ ک. م، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی مەولانا خالید میکائیلی نەقشبەندی لە کوردستان لە سەردەمی سوڵتان مەحموود خان، حورووفییە لەگەڵ بەکتاشییە لە تورکیای عوسمانیدا تووشی ئەزییەت و ئازار بوون. زۆرێکیان کوژران و خانەقاکانیان وێران کرا و موڵک و ماڵیان درا بە فیرقەی نەقشبەندی. باقیی پەیڕەوان لە ترسی گیان لە نێو موریدانی نەقشبەندییە و قادرییە و ڕەفاعییە و سەعیدییە و مەلەوییە سلووکیان بووە و بە نهێنی باوەڕ و بنەما فیکرییەکانیان بڵاو دەکردەوە و بانگەشەیان بۆ دەکردن [تاریخ ادبی ایران، ادوارد براون، ب ٣، ل ٦٦٠].

## دامەزرانی دەوڵەتی قەرەقۆیوونلوو بەرەسمی ناسینی ئاینی یارس
## (٧٨٢ ـ ٨٧٤ ک.م)

قەرەقۆیوونلوو لەو تایفانە دەهاتنە ئەژمار کە بە وەرگرتنی بانگەشەکارانی عەلەوییە توندڕەوەکان (یارسان) بەشداری بزاڤی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی بوون و بە دەرکەوتن و هاتنە سەرکاری یەکەمین حاکمی خانەدانی ئاتەش بەیگی کە لە کۆی بنەماڵەی و پێکهاتووی هاوپەیمانی خانەدانەکانی (نووربەخشی، سەفەوی، موشەعشەعی و یارسان) بوون، و ناوچەی بانگەوازی ئاینی ئەوان لە خووزستان و کرماشانات و لوڕستان تا کەنارەکانی ئەرەس لە ڕیزی بەرفراوانی سەرسپاردووەکانی بنەماڵەی ناوبراو پێک دەهات و لە دەڤەری مووسڵ، بەرەو ئەوبەری ڕووبار و خوراسان و ئەفغانستان و هیندستان بە هۆگری و بانگەشەی تایفەگەلێک نایل بوون: بە هاتنە سەرکاری سەفەوییە چوونە ژێر فەرمانی تەخت نشینانی ئەم ماڵباتە کە ئەم وەرگیری و سەرسپێری و ئەندیشەیە تا ئەم سەردەمە (سەدەی پازدەی ک.م) هەروا لە نێو پاشماوەکانی تایفەی قەرەقۆیوونلوو ماوەتەوە. شوێنکەوتنی یەکجارەکی و یەکپارچەی قەرەقۆیوونلووەکان بە ئایینی یارسان لەلایەن قەرەقوویۆنلووەکانەوە لە سەردەمی دەسەڵاتداری و حکوومەتی جانشا قەرەقۆیوونلوو (٨٣٨ ـ ک.م) بووە و سەرەڕای ناوچەی بانگەوازی هەورامان و شارەزوور تا دەوروبەری بەغداد کە مەڵبەند و ناوەندی سەرەکیی یارسان بوو، کە ژینگەی یارسان بوو سەرزەویی هەروەک ئیدمۆندز نووسیویەتی: (لە لێکۆڵینەوەکانی گۆبینۆ و مینۆرسکی و باقیی توێژەران ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم تەریقەتە لە سەدەی چواردەم لە هەوراماندا بنیات نراوە و سنووری خۆی لە زاگرۆسدا بەرەو شوێنگەلی دوورتر بەرفراوان کردووە و کۆمەڵەگەلێکی گەورە لەم تایفە لە زۆرێک لە دەڤەرەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بەتایبەت ئازەربایجان و ناوچەی قەزوین و گیلان و مازەندەران و تەنانەت تاران دەبینرێن.

(له ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی پازدەمدا، هەموو ئەم ناوچەیە بەشێک لە حکوومەتی تورکمانانی قەرەقۆیوونلوو بووە (٨٧٤ ـ٧٨٢ـ ک.م) جەهانشا قەرەقۆیوونلوو (٨٤١ ک.م)، دووەمین سوڵتانی ئەم بنەماڵەیە ١٤٣٧ تا ١٤٦٧ ز. کە لە تەورێز و بەغدا حکوومەتی کرد. مینۆرسکی لە وتارێکدا بەناوی: جەهانشا قەرەقۆیوونلوو و هەڵبەستەکانی کە لە گۆڤاری بلاڤۆکی قوتابخانەی توێژینەوەکانی ڕۆهەلات و ئەفریقا (بەرگی شازدەم، ١٩٥٤) بلاوکردووەتەوە، سەرنج بۆ لای نیشانەگەلێک لەمەڕ یارساندا ڕادەکێشێ، بەلام بە قبووڵکردنی بەروارێکی نزیک بۆ ڕیزبەندی و داڕشتنی ئەم تەریقەتە لە لایەنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەولەوی دەگەینە ئەم ئەنجامە: «ئەگەریش ئاینی یارسان بە جۆرێک. مەزهەبی ڕەسمیی تورکمانانی قەرەقۆیوونلوو نەبووبێت، بۆی هەیە لەو بارودۆخە ئازادە کە لە سەردەمی سوڵتانەکانی ئەم ماڵباتەدا ڕەخساوە، ئەم ئاینە پەرەی سەندبێت». «دوورترین ساڵێ» کە لە تذکرە نووسراوە ساڵی ١٧ـ ١٣١٦ زاینییە کە هەر جۆرە گرفتێک لە سەرکات، بەتاڵ دەکاتەوە و (سەرسپێری تایفەکانی قەرەقۆیوونلووی دوایی بە سەرنجدان بە دێکۆمێنتگەلی کە لە بەر دەستدان و بەڵگە مێژووییەکان ئەم پێوەندییە دەسەلمێنێ) و بەجۆرێک کە لە توێژینەوە لە سەر حوکمڕانی موبارەکشای عەلەوی دەرکەوت، کۆنترین شوێنکەوتووانی بزاڤەکەی گۆرانەکانن کە لە ئازەربایجانیش بە گۆرانلەر و قەرەقۆیوونلوو ناسراون و قەبیلەی گۆران کە ڕۆژێک لە گوندەکانی سەر بە شاری خانەقین ـ کرماشان و باکور و دەوروبەری لەوانە کرێند. دەژین، ڕەنگە بەناوبانگترین کۆمەڵەی کاکەیی = یارسان دانیشتووی ئێران بن (کە سەر بە حەفتوانەن)؛ ب ایلات و طوایف کرمانشاهان (ب ٢/٢/٢/١)

دەبێ بوترێ لەمە، کۆمەڵێکی دیاریش بەدرێژایی ئەم شارێیە لەلای ڕۆهەلاتەوە بەتایبەت لە خودی کرماشان و سەحنە و هەمەدان دەرکەوتوون، لە بەشی باشوورەوە زۆرێک لە تیرەکانی لەکی زمانی پشتکۆ (واتا ئەو بەشەی لوڕستان کە کەوتووەتە نێوان سیمەرە لە ڕۆئاوا و ڕووبارەکانی کەشکان و خوڕەم ئاباد، لە ڕۆهەلات) بەتایبەت دۆلفانییەکان (کە زۆرترینیان ئاتەش بەیگین) سەر بەم فیرقەیەن (کردها، ترکها، عربها، ٢١٠ـ٢١٢).

بەهارلووەکان لە نێو قەبیلەی قەرەقۆیوونلوو تیرەیەکی تایبەت بوون کە دواتر

کەوتنە ڕیزی دیار و بەرچاوترین لایەنگران و هەوادارانی بزاڤی سەفەوی. یەکەمین پێشەوای بەناوبانگی قەرەقۆیوونلوو بایرام خاجە بوو کە شارەکانی مووسڵ و ئەرجیشی داگیر کرد. لە ساڵی ٧٨٢ (١٣٨٠) زاینی کوڕەکەی قەرە محەمەد، بوو بە جێگری کە لە ساڵی ٧٩٢ =(١٣٩٠) زاینی کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی قەرەیووسف بوو بە جێنشینی (هەمەدان لە ناوەندە سەرەکییەکانی قەرەقۆیوونلوو دەهاتە ئەژمار و ساڵانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو و بە ناوچەی عەلی شکەر قەرەقۆیوونلوو دەناسرا (ب جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان ٤٤٠ –، ل ٢٠٦ ) و ئێستاکەش ئیلی بەهارلوو لە ئیلە بەناوبانگەکانی هەمەدان، پاشماوەکانی قەرەقۆیوونلوون).

### قەرە یوسف

قـەرە یوسف لە ئازەربـایـجـانـدا حـوکـمـڕانیی کـرد و تەورێز پێـتـەختـی بوو. (لە ڕەبیـعولئـەوەڵ ٨٠٤ ک.م تەیموور هاتە ناوچەی دەسـەڵاتی مـیسـری یەکگرتوو و بە پشـتیـوانی قـەرە یوسف تورکمـان و ئەحـمـەد جـەلایر، سـەرکەوتنگەلێکی بەدەست هێنا.... لە نزیکی شـام، فیدایییـەکی ئیسـمـاعیلی کە هێشـتاکە لە شامـدا چالاک بوون، بە هـاندانی سوڵتانی میسـر پەلاماری ناوبراوی دا؛ بەڵام سەرکەوتوو نەبوون (روزگـاران، ل ٣٠٧) ئەو لـە دەسـتی تـەیموور، پەنای بـردە سـوڵتـان ئیلـدەرم بایزید؛ بەڵام پاش مــەرگی تـەیموور تـوانی لـە خــەســارگــەلێک کــە بـە هۆی هـێــرشـی تاتارەکـانەوە تووشـیـاری بـووبوو، ڕزگـاری ببێ. لە سـاڵی ٨٠٩ ک.م = ١٤١٢ ز. فـەرمـانڕەوای شـیـروان، بەناوی شـێخ ئیبـراهیم و پاشـای گورجـسـتـان بە ناوی قۆستـەنتین. کونستانتینی شکست دا، لە ساڵی ٨٢٢ = ١٤١٩ز، عیراقی عەجەمی لکاند بە ناوچەی دەسـەڵاتی خـۆیەوە و لە دووی زی حـەجـجـەی ٨٢٣ = دیسەمـبـری ١٤٢٠ ز. کاتێک کە شـاڕۆخی تەیمووری بە لەشـکرێکی زەبەندەوە لە خـوراسـانەوە دەیویست هێرش بکاتە سەری، دێوەزمەی مـەرگ ئەمانی نەداو کۆچی دوایی کرد. ئەو خـاوەنی شـەش کوڕ بـوو: پیـر بوداق، ئەسکەندەر، جـەهانشـا، شـامـحـەمـەد، ئەسپان و ئەبوسەعید.

### قەرە ئەسکەندەر

چونکە پیربـوداق دەسـتبـەجێ پاش باوکی کۆچی دوایـیی کـرد؛ لە سـەرەتا قـەرە ئەسکەنـدەر بوو بە جێـنشـینـی لە ٢٧ی ڕجب ٨٢٤ (٢٨ی ژوویـیـەی ١٤٢١) لـەگـەڵ شارۆخ تەیمووریدا شەڕی کرد؛ بەڵام دۆڕاندی و هەڵهات، دوای گەڕانەوەی شاڕۆخ ئەو دووبارە ئازەربایجانی داگیر کرد. لە ساڵی ٨٢٨ (١٤٢٥) حاکمی ئەخلات و لە سـاڵی ٨٣٠ (١٤٢٧) حـاکمی کوردسـتـانی شکست دا. لە حـەڤدەمی زیحـەججـەی ٨٣٢ (١٧ی سـێپتـەمـبـەری ١٤٢٨) دووبارە لەگەڵ شاهڕوخ کە بۆ شـەڕ لەگـەڵ ئەو هاتبـوو، تێکهـەڵچـوون و دووبارە شـکسـتی هێنا و هەڵهـات بۆ ڕۆم. لە حـاڵێکدا براکەی واتـا ئەبو سەعید لە لایەن شاهڕوخ تەیمـووری وەکو حاکمی تەورێز دیاری کـرابوو، دووبـارە قـەرە ئەسکەندەر گـەڕایەوە و شکسـتی بـە ئەبوسـەعـیـد هـێنا و وڵاتەکەی داگیر کرد.

**جەهانشا:**

لە ساڵی ٨٣٨ = (١٤٣٥ ز) شاهڕوخ بۆ سێیەمین جار لە خوراساندا گەڕایەوە و لە مانگی ئاب = وێ دەچێ موحەڕەمی ئەم ساڵە، جەهانشای بۆ جێنشینی سەڵتەنەتی ئازەربایجان دیاری کرد؛ بەڵام چونکە ساڵی دوایی براکەی جەهانشا لە ڕۆم گەڕایەوە، لە کۆتای مانگی ژوویيە سەفەری ٨٤٠ ک.م) لە سۆفییانی نزیکی تەوریز شەڕ لە نێوانیاندا پێک هات، قەرە ئەسکەندەر شکستی خوارد و بەرەو حەسارەلنەجق پاشەکشێی کرد. هەر لەم قەڵایەدا بوو کە لە بیست و پێنجی شەوالی ٨٤١ ٢١ی ئاپریلی (١٤٣٨).... بە دەستی کوڕی شا قوباد کوژرا. جەهانشا تۆڵەی کوژرانی قەرە ئەسکەندەری کردەوە و چونکە کەس لە براکانی واتا شا محەمەد و ئەسپان زیندوو نەبوون (ئەم دووانە یەک لە دوای یەک گەیشتبوونە حوکمڕانی بەغدا) ئیدی نەیارێکیشی لە حکوومەتدارییەکەیدا نەدەبینی.

## بەرفراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی جەهانشا

جـەهـانشـا دوای بەهـێـزکـردنی حکوومـەتە سـەرەڕۆیانـەکـەی خـۆی، نـاوچەی دەسەڵاتدارێتی خۆی بە دەستدرێژی بۆ سەر حاکمانی تەیمووری، پەرە پێ دا و لە ئازەربایجـانەوە بـێ وچان بەرەو باشـوور و ڕۆهەڵات پێـشـڕەویی کـرد. لە سـاڵی ١٤٥٢ ( ٨٥٦ ک.م) عـێراقی عـەجەمی داگـیـر کرد و دانیـشـتـوانی ئیـسـفـەهانی کۆمـەڵکوژ کرد؛ لە ساڵی ١٤٥٣ (٨٥٧ ک. م) واتـا ساڵی گرتنی قـوسـتـەنتـەنییـە لەلایەن سـوڵـتـان مـحـەمـەدی دووەم و داگـیـرکـردنی دیاربەکـر بـە دەسـتـی ئوزۆن حـەسـەن ـ ویلایەتی فـارس و کرمان، کەوتە ژێر دەسـەڵاتی. لە فـارسدا پیربوداقی (دووەمی) وەک نوێنەری خۆی دانا.

دوای مـەرگـی ئەبولقـاسم بابر تـەیمووری، خـولیـای گـرتنی خـوراسـان کـەوتە مـێـشـکی و دوای داگـیـرکـردنی مـازەندەران لە (شـەعـبـانی) ٨٦٢ ک.م = ١٤٥٨ (حوزەیران) توانیی هەرات داگیر بکات و شەش مانگ لەوێ مایەوە. لەو مـاوەیەدا جـەهانشـا ئاگـاداری ئازاد بوون و شـۆڕشی کـوڕەکەی حـەسـەنعـەلی بوو کـە بە فـەرمـانی خۆی لە ئازەربایـجاندا زیندانی کـرابوو و هەروەها هەواڵی وەرێکەوتنی ئەبوسەعیدی لەگەڵ هێزەکەی لە تورکستانەوە پێ گەیشت،

لەم بارودۆخـەدا بە خێرایی گرێبەسـتێکی ئاشتی لە هـەرات بەسـترا کە بە پێی ئەو ڕێکەوتنـە جـەهانشـا چاوی لـە خـوراسـان پۆشی؛ بـەڵام باقـیی سـەرزەوینە داگیرکراوەکانی لە ئێراندا دانی پێدا نرا. سەرەتای مانگی سەفەری ٨٦٣ بەرانبەر بە نێوەڕاستی مانگی دێسەمبەری ١٤٥٨ ز. جەهانشا لە هەراتەوە کەوتە ڕێ و بە خێرایی خۆی گەیـاندە ئازەربایجـان و لەوێ سـەرهەڵدانی کوڕەکەی کە لە قـەڵای مـاکوو جێگرتبوو، سـەرکـوت کرد. ئەو ڕزگـاربوونی خۆی لەم ئاژاوەیە قـەرزاری دەستێوەردانی یەکێک لە مامە یاخیبووەکانی ئوزۆن حەسـەن (مەحمـوود بەیگ) و یەک لە ئەمیرانی کورد بە ناوی عەرەبشا بوو. هەوڵەکانی ئەم دووکەسە بووە هۆی ئەوەی کـە حکوومـەتی تـەورێز بە دەست بهـێنێ. بـاوکی دەیویست حـەسـەن عـەلی

دوای گرتنی قەڵاکە، لە سێدارە بدات؛ بەڵام ژنەکەی بە ناوی خاتوون جان بەیگۆم بوو، بە هۆی ڕزگاربوونی و تەنیا بڕیارێ کە لە سەری درا، دەرکردنی بوو لە وڵاتدا (کە کوڕی خاتوون جان بەیگۆمیش نەبوو) حەسەن عەلی ڕۆیشت بۆ عەرەبستان و دوایی لە بەهاری ١٤٦٤ ز.( ٨٦٨ ک.م.) لەوێوە گەیشتە خزمەتی حەسەن ئۆزۆن و لە لایەن ئەوەوە زۆر ڕێزی لێ گیرا (صحائف. الاخبار منجم باشی.ب سوم، ل ١٥٢ و مطلع السعدین عبدالرزاق سمرقندی، ل ٢٧٩٩ تا ط ٢٨٤ و شرفنامە بدلیسی. ب ,٢، ل ١٠٨ و تاریخ جابی.، ل ط ١١٩ و جهان آرا نووسینی قاضی غفاری، ل ط ٣٨ و حبیبالسیر و خواندمیر، ج ٣، ل ٢٣٠ و احسن التواریخ، بەشی ٩، لل ٩٦ b.a و ١٠٤ B )

پاش چەند ساڵ پیربوداق کوڕی جەهانشا کە دوای نافەرمانی لە فارسەوە گوازرابووەوە بۆ بەغدا و شۆڕشی کرد و لە کۆتاییەکانی ساڵی ٨٦٩ بەرانبەر بە ئابی ١٤٦٥ی زاینی جەهانشا گەمارۆی بەغدای دا، کوڕی تری جەهانشا، واتا؛ حەسەن عەلیش پاش ئەوەی کە بە فەرمانی ئۆزۆن حەسەن لە ئامەد دوور خرایەوە، هاتبوو بۆ بەغدا، بەغدا کە بە هۆی قات و قڕی و نەخۆشینی گیرۆی لاواز بووبوو، دوای یەک ساڵ ڕووخا، پیربوداق بە بڕیار و قەوڵی بابی لە سەر بابەتی بەخشین و عەفووکردنی دڵی خۆش بوو؛ بەڵام لە بەرواری دووەمی زیقەعدەی ٨٧٠ بەرانبەر بە شانزدەمی حوزەیرانی ١٤٦٦ بەدەستی براکەی - (محەمەدی) - کوژرا و محەمەدی لەلایەن جەهانشا وەکو حاکم دانرا و حەسەن عەلی دووبارە گەڕایەوە قەڵای ماکو (جهان آراء قاضی غفاری، ل ط ٣٨ و تاریخ، مصطفی جنای، ل ط ١١٩ و صحائف الاخبار منجم باشی، ب ٣، ل ١٥٣ و شرفنامەی بدلیسی - ب ٢، ل ١١٣/٤ و حبیب السیر خواندمیر، ب ٣، ل ٢٣٤ و احسن التواریخ حسن روملو، بەشی ٩، ل ١٠٥ ) - ( تشکیل دولت ملی در ایران، والتر هینتس وەرگێڕاوی کیکاوس جهانداری، لل ١٦٢- ١٦٥-١٧٣- ١٧٥).

جەهانشا و کوڕەکانی و خزم و دەوروبەرەکانی بە هۆی باوەڕهێنانیان بە ئایینی یارسان لە مێژوودا بە بێ دین و کوفر و زەندەقە (!؟) ناویان لێ براوە، چونکە کاتێک لە بەهاری ساڵی ٨٦٨ ک.م، حەسەنعەلی کوڕی جەهانشا لە کاتی گەڕانەوەی لە عەرەبستان پەنای بردە بەر ئۆزۆن حەسەن (باوکی ئەوی لە ساڵی ١٤٥٩ ز = ٨٦٣/٤ ک.م، دوور خستبووەوە) و بەڕاشکاوی لە دەرباری دیاربەکردا

لە بێ دینیی خۆی نیشان دا. بۆ وێنە ئەمە بوو بە هۆی تووڕەبوون و سەرسوڕمانی هەمووان کە حەسەن عەلی نە نوێژە فەرزەکانی دەکرد و نە دوای نزیکی، غوسڵی دەکرد ـ ئۆزۆن حەسەن ئەوی لە وڵاتەکەی دەرکرد (احسن التواریخ ـ بەشی ٩، ل ط ١٠٤) = (تشکیل دولت ملی در ایران، ل ١٥٧) زیاد لەم نسبەتدان و تۆمەتانە بە هۆی ڕێزێ کە دایان دەنا بۆ عـالمانی شـیـعـر و پشـتـیـوانی لە بزاڤی مۆشەعشەعییەکانی خووزستان وەکو تاوانبار دەناسران. هەروەک مامۆستا عەبدولحسێن زەرینکووب دەنووسێ:.... جەهانشا لە لایەن سوننەوە، بە رافزی و بێ دین بەناوبانگ بوو. وادیارە شیعەبوونی ئەو لە بابەتی باوەڕی غولاتە بووە و پێوەندیی هەبوو لەگەڵ ئەو تایفانەی کە دواتر وەکو یارسان، ناوبانگییان دەرکرد. جەهانشا حاکمێکی زیرەک، شەڕکەرێکی بوێر و خاوەن دەسەلاتێکی هونەردۆست بوو. لە شیعردا نازناوی «حەقیقی» هەڵدەبژارد، کە ڕەنگە ئاماژەیەکە بە باوەڕی ئەو بە تەریقەتی یارسان، دیوانی شیعرەکانی، شیعری فارسی و تورکی دەگرێتە خۆی و جارجار لە زەوق و هەستیان تێدا بەدی دەکرێ. کەلاوەی مزگەوتی (کەبوود) لە تەورێز کە پاشماوەی سەردەمی ناوبراوە، بیرەوەریی عەشقی ئەو بە بیناسازی و هونەر تا ئێستاکەش زیندوو ڕاگیراوە. تەمەنی لە کاتی مەرگدا حەفتاد و دوو ساڵ بوو کە بۆماوەی سی و دوو ساڵ حوکمڕانیی کرد.

پاش خۆی کوڕەکەی، حەسەن عەلی بەگ لە ئازەربایجاندا لە سەر تەختی حوکم دانیشت؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە سەردەمی ژیانی باوکی ساڵانێکی زۆر ـ نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لە زیندان مابووەوە، مێشکی تێک چووبوو، براکەی خۆی حسێن عەلی بەگی لە پیلانێکدا کوشت و خەزانەی باوکی بە با دا و بەم هۆیەوە نەیتوانی حوکمڕانی بکات و کاتێک کە حەسەن بەیگ ئاق قۆیوونلوو کە بە هۆی بەژن و بالای بەرزییەوە بە ئۆزۆن حەسەن و بە وتەی مێژوونووسانی عەرەب بە (حسن الطویل) نێوی براوە، هێرشی کردە سەری، لەشکرەکەی بەشداری ڕیزەکانی دوژمن بوون و بە ناچاری خۆی هەڵهات بۆ هەمەدان کە بە مەڵبەندی کۆنی باپیرانی دەهاتە ئەژمار، لەوێ هەوڵی دا خەڵک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکەی هان بدا بەلام سەرنەکەوت، دەستبەسەر کرا و هەر لەوێ بە دەستی ئوغورلوو محەمەد، کوڕی ئۆزۆن حەسەن کوژرا (٨٧٣ ک.م) بەمەرگی ئەو، کۆتایی بە دەوڵەتی قەرەقۆیوونلوو هات و دەوڵەتی ئاق قۆیوونلوو هاتە سەر کار.

دەوڵەتی قەرەقۆیوونلوو بەهۆی ئەوەی کە بە شیعە ناسرابوو، زۆر لە لایەنی خەڵکی ئازەربایجان و عیراقەوە پێشوازی و پشتگیریی لێ نەکرا. شۆڕش تەنانەت بایەخ بەسەرکوتی عەرەبە موشەعشەعییەکان (لە دەوروبەری واسیت و هۆوەیزە) پشتگیری نەدرا و وا دیارە، بوو بە هۆی تووڕەییی زۆرتری سوننەکانیش، لەوان. لە ڕاستیدا سەید محەمەد موشەعشەع کە لە دەڤەری واسیت سەری هەڵدا، خۆی وەکو ئیمامی زەمان و کوڕەکەی بە ناوی سەید عەلی، وەکو نیشانەی خوایی پێناسە کرد و لە خووزستان مەزهەبی غولاتەی، بڵاو کردەوە، تایفەی قەرەقۆیوونلووش لە سەر باوەڕدارەتی بەم بیرانە، تاوانبار دەکران و لە دەربڕینی سۆز و ئۆگرییان بۆ ماڵباتی عەلی زۆر زێدەڕەوییان دەکرد. لە بەغدا ئێسپەند میرزا (دین و مذهب در عصر صفوی، ل ۸۸) بەڕێزلێنانێکی زۆر کە بۆ ئیبنی فەهدحەللی عالیمی بەناوبانگی شیعە کردی، دڵی عالیمانی سوننەی ڕەنجاند. پیربوداغ نەخش نگینی خۆی «بەندە بە داغی عەلی» نووسی ـ کە دواتر بە شێوەیەکی زێدەڕۆیی ئەو ناوە بوو بە جێ پەسندی شاعەباسی سەفەوی (سەگی دەرگای عەلی) بڵاوبوونەوەی ئەم ئەندیشانە کە لە لایەن شێخ حەیدەر و شا ئیسماعیلەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو کرانەوە، لەڕاستیدا کەم تا زۆر لە سەردەمی حوکمڕانی ئەم تایفە دەستی پێ کرد، تەنیا سەرکەوتنی ئۆزۆن حەسەن و شکستی لەشکری قەرەقۆیوونلوو لە ئاق قۆیوونلوو لەوەی کە ئەم باوەڕییە بە دروشمی ڕەسمیی حکوومەتی ئەو کاتە ڕابگەیەنرێت، کۆسپگەلێکی دروست کرد؛ بەڵام سەرکەوتنی سۆفیە (سەفەوییە) لە ئەنجامدا ئەوەی ڕێک خست = (روزگاران، ل ۹)

## کورد لە سەردەمی حکوومەتی قەرەقۆیوونلوودا

لە سەربەخۆیی تایفەکانی قەرەقۆیوونلوو کە ناوچەیەکی بەرفراوانی لە ڕۆئاوا و ناوەندی ئێران و مێزۆپۆتامیا داگیر کردبوو، کورد کە زۆرینەی شوێنکەوتووی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی بوون و بزاڤی عەلەوییە توندڕۆکانیان لەناو دڵ و دەروونی خۆیاندا پەروەردە کردبوو، و هێنابوویانە سەرئەرزی واقیع، بەتایبەت گۆرانەکان کە لە ڕوانگەی بیروباوەڕی، شێوەیەک بێجگە لە باوەڕەکانی عەلەوییە توندڕۆکانیان پەسند نەدەکرد، پێشوازییان لە دەسەڵاتی قەرەقۆیوونلوو کرد. لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی پازدەم = ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی ک.م. زۆرینەی خێڵەکانی کورد لە ژێر فەرمانی قەرەقۆیوونلوودا بوون؛ بەڵام لە بەشی ڕۆئاوای کوردستان (بەدلیس، حەسەنکێف، سەعوود) کوردان تەنیا بە ڕواڵەت لە ژێر دەسەڵاتی قەرەقۆیوونلوو بوون. پاش ساڵی ١٤٦٠ (٨٦٦/٥ ک.م)، حاکمانی ئاق قۆیوونلوو زۆرترین هەوڵیان دا بۆ زیاترکردنی دەسەڵات و دەسڕۆییان لە ڕۆهەڵاتدا و لە ئەنجامدا بە ناچار بەرژەوەندییەکانیان تێک گیران، جەهانشا دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و سەرکوتی کوڕە نافەرمانەکانی لەوێ بڕیاری دا کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە هێرشبەری و جووڵانەوەکانی ئۆزۆن حەسەن بێنێ. شەڕی مان و نەمان لە ساڵی ١٤٦٧ (٨٧١/٢ ک.م) بە قازانجی ئاق قۆیوونلوو کۆتایی هات؛ بەم سەرکەوتنە بیرۆکەکەی مل پێ کەچکردن لە سەر هاوردنە ژێر فەرمانی هەموو عەشیرەتە کوردەکان بەهێز بوو (کارێک کە ئۆزۆن حەسەن هەر لە دەسپێکی دا، خۆی پێوە مژۆڵ کردبوو). لەوانەیە سیاسەتی کۆنترۆڵی کوردان لە ساڵی ١٤٧٠ = ٨٧٤/٥ گەیشتبێتە ئاکام.

زاڵبوونی ئاق قۆیوونلوو بە سەر کوردستاندا لە سەدەی پازدەم = سەدەی نۆیەمی ک.م) بەردەوام بوو. دوای لە ناوچوونی ئاق قۆیوونلووەکان (پاش مەرگی شا یەعقووب، یەکێک لە کوڕانی ئۆزۆن حەسەن کە لە ساڵی ١٤٧٨ تا ١٤٩٠ (٨٨٢/٣ تا ٨٩٥/٦ ک.م) حوکمڕانیی کرد.

کوردەکان بەشێوەیەکی کاتی سەربەخۆییی خۆیان بەدەست هێنایەوە تا ئەوەی کە بە دەستی شائیسماعیلی ئەوەڵ، کوڕەزای جونەید و ئۆزۆن حەسەن سەرکوت کران و ئەم سەرکوتکردنە بە یارمەتیی هەردوو خێڵی ـ ئاق قۆیوونلوو و قەرەقۆیوونلوو ـ بەڕێوەچوو (تشکیل دولت ملی در ایران، ل ٥٦)

لە ناو سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستاندا نیشانەی بانگەواز و هێرشی حاکمانی قەرەقۆیوونلوو بە تایبەت پیربوداق، ئاماژە بە بنەماڵەی ئاینیی کاکووزەکەریایی و شەهیدکردنی شێخ سلێمان کاکووزەکەریاییدا کراوە ـ (ب، تاریخ مردوخ، ل ٣٥) لەم دەورانەوە پێکدادانی سەربازی دوولایەنە باوەڕمەندانی عەلەوییە سەربەخۆکان و فیقاهەتی لە مەزهەبی ئیمام محەمەد کوڕی ئیدریس ـ شافیعی ـ موتەلێبی و شوێنکەوتووانی بزاڤی عەلەوییە توندڕۆکان (یارسان) لە کوردستاندا دەستی پێ کردووە و پێش ئەم پێکدادانە کە ئاماژەی پێ نەکراوە، شەهیدبوونی شێخ زەکەریا لە ساڵی ٧٤٢ کۆچی مانگیدا، ڕوونی کردووتەوە کە دوورنییە شەهیدبوونی شێخ زەکەریا، پێوەندی بە پرسەکانی سەردەمی شێخ عیساوە بووبێ. ئاوڕدانەوەیێک لە شەجەرەنامە و ناسینی ئەم ماڵباتە و هەروەها کتێبێک کە لە لایەنی پێشەواکانی ئەم سیلسیلە بە نێوی (نورالانوار)ەوە نووسراوە، دەستپێکی تێکەڵاوی و چەواشەکردنی مێژووی ناوچەکە و گۆڕینیی ناوی کەسایەتییەکان و پێوەندییە غەیری مێژوویییەکان ڕوون دەبێتەوە. ئایەتوڵڵا مەردۆخ نووسیویە؛ سەرسیلسیلەی ئەوان، شێخ شەهابەدین کاکوزەکەریاییە، لە ساداتی حەسەنەین، سەرسیلسیلەی شێخ شەهابەدین ئەمانەن: شێخ شەهابەدین، کوڕی شێخ ڕەزییەدین کوڕی شێخ ڕەزا (موعینودین) کوڕی شێخ مووسا، کوڕی شێخ مەحموود، کوڕی شێخ یوسف، کوڕی شێخ ڕوکنودین عەبدوڕەحمان جامیی کورد، کوڕی شێخ ئەحمەد شێخولئیسلام (جام)، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا سامت، کوڕی شێخ محەمەد سادیقی فازڵ، کوڕی شا نیعمەتوڵڵا، کوڕی شێخ زەکەریا، کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ حەسەن کوڕی شێخ سلێمان، کوڕی شێخ خالید، کوڕی شێخ حەسەن، کوڕی شێخ تەقیەدین (ئەبولحەسەن شازلی) کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ عەبدولجەبار، کوڕی شێخ هورمز. کوڕی شێخ حاتەم (ئەحمەد) کوڕی شێخ قوسەی (یوونس) کوڕی شێخ یوسف کوڕی شێخ ئازەر (داوود)، کوڕی یووشەع، کوڕی ورد (عەبدوللەتیف) کوڕی شێخ محەمەد، کوڕی

سوڵتان ئەحمەد، کوڕی سوڵتان حسێن، کوڕی سوڵتان محەمەد (حەسەن موسەلەس) کوڕی سوڵتان حەسەن (موسەنا) کوڕی ئیمام حەسەن موجتەبا (د.خ) کوڕی ئەمیرەلموئمنین عەلی (د.خ).

(دەستەواژەی (کاکوو) جێی باسە کە ڕەنگە لە کوردەکانی کۆچکردووی شیراز بن و وەکیەکی ناوەکانی ئەم شەجەرە لەگەڵ مەزنانی سۆفیگەری و عیرفانی ئێران وەکو شێخ ئەحمەد جام، شانیعمەتوڵڵا وەلی و شێخ زەکەریا و.... جێی تێڕامانە کە ڕەنگە ئەمە تەنیا وێکچوونی ناوەکان بێ. بەڵام ناوی ناعەرەبی و فارسی پێش شێخ تەقیەدین لە دەقی شەجەرەنامەکە و پێوەندایەتی بڵاوەکردنەوەی تەریقەتی شازەلییە بە شێخ تەقیەدین کە زێد و مەزار و شوێنی بانگەوازی ئەو لە وڵاتی توونسە، زەین بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبات کە ئەم مالباتەش بەسەرنجدان بە ناوەکانی باباعەلی پیریوونس، باباموراد و.... لە عەلەوییەکانی توندڕۆ بووبێتن کە هاتبێتنە سەر ئاینی عەلەوییە لەسەرخۆکان، و شافیعی مەزهەب و چاوخشاندنێک بەسەر ناوی مەزنانی ئەم سیلسیلەیە، ڕاستیی ئەم ئیدعایە دەسەلمێنێ).

١ـ شێخ شەهابەدین کاکوزەکەریا، کەسێکی هەڤیاز و پارسا بووە، لە ساڵی (١٠٠٣ ک.م) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٠٧٢ ک.م) کۆچی دوایی کردووە.

٢ـ شێخ ڕەزیەدین، لە سەردەمی شاعەباسدا خەریکی ڕێنوێنیی بەندەکانی خوا بووە.

٣ـ شێخ ڕەزا (موعینەدین): قوتابی شێخ ئیبنی حەجەری مەکی بووە، کتێبی (مسلک السالک) لەمەڕ ڕێوشوێن و داو و نەریتی تەریقەتگەلی نەقشییە و قادرییە و شازلییە و ڕفاعییە و کوبرەوییە، خەڵوەتییە و لواییە و چەشتییە لە نووسینی ناوبراوە.

٤ـ شێخ عەبدوڕەحمان، جامی ناسراو بە (ڕوکنودین) عەلامەی سەردەمی خۆی بووە، کە کتێبی بەناوبانگی (فەرزی سوننەت) لە نووسینی ئەوە، (ساڵی ٨٩٨ ک.م) کۆچی دوایی کردووە و کەسێکی جیاوازە لە شێخ عەبدوڕەحمان جامی ناسراو بە نوورەدین کە نووسەری کتێبی جامی لە نەحو و باقی نووسراوە بەناوبانگەکانە.

٥ ـ شێخ ئەحمەد: شێخولئیسلامی جام بووە(؟)

٦ـ شێخ محەمەد سادق: کەسێکی زانا بووە. لە زانستەکاندا بە گشتی شارەزاییی هەبووە. کتێبی (قاموس الانساب) لە نووسینی ئەوە.

٧ـ شانیعمەتوڵلا وەلی، لە مەزنانی شێخەکانی تەریقەتە. لە هەموو زانستەکاندا شارەزاییی تەواوی بووە، لە ساڵی ٨٢٨ ک.م. کۆچی دوایی کردووە، سێ کوڕی لێ بە جێ ماوە: شێخ محەمەد سادق مەزکوور و شێخ عەبدوڕەئووف و شێخ عەبدولحەفیز.

٨ ـ شێخ زەکەریا ناسراو بەکەماڵەدین لە ناودارانی شێخەکانی تەریقەتە. ساڵی (٦٠٧ ک.م) ساڵی لەدایکبوونییە و لە ساڵی ٧٤٢ ک.م شەهید کراوە، تەمەنی ١٣٥ ساڵ بووە، دوازدە کوڕی لێ بە جێ ماوە.

الف) شانیعمەتۆڵلا وەلی، کە باسمان کرد.

ب) شێخ حەسەن، گۆڕەکەی لە گوندی سوورکەوەڵە و باوکی؛ باباموراد و شێخ ئەبوبەکر و شێخ ئیبراهیمە.

ج) باباعەلی لە گوندی کاکوزەکەریا ـ شێخ محەمەد شەریف ناسراو بە(شێخ شەربەتی)

د) پیریونس کە لە هەنجیران نێژراوە، باوکی شێخ مووسا، شێخ عیسا، شێخ ئیسماعیل بابی شێخی ئیبراهیم باپیری شێخەکانی هەنجیران.

هـ) ئەمیر تاهیری کەلان و بابا شێخی بێساران ز) ئەمیر تەوەکول ناسراو بە (پیرتەوەکولی گاران) ح) شێخ عەتار، ناسراو بە (بابا زولنوون) نێژراو لە گوندی وئینە.

ت) شێخ یوسف ئەعرەج لە سوورکەوڵ نێژراوە، ناسراوە بە (سەوزەپۆش)

ی) پیرمحەمەد ئەمین، لە گوندی نێزل نێژراوە.

ک) پیرمحەمەد کە لە گوندی کاکوزەکەریا نێژراوە.

٩ـ شێخ عەبدوڕەحمان؛ ناسراو بە(ئەهدال) لە زانستەکانی ڕواڵەتی و دەروونیدا بە توانا بووە. لە ساڵی ٦١٨ ک.م شەهید کراوە.

١٠ـ شێخ سلێمان شێخێکی پارسا بووە و بەشێخ سلێمانی پارسا ناوبانگی دەرکردووە، بوداق ناوێک لە نەوەزاکانی مەزدەک، ئەنوشیروان شەهیدی

کردووه، له ته‌نیشتی مه‌زاری باوکی (شێخ خالید) نێژراوه، نزیک (درکه) که له ده‌ره‌ویانه‌وه دێت.

١١ـ شێخ خالید: که‌سێکی پارسا بووه که که‌شف و که‌رامات و ناوبانگی بووه، ماوه‌یه‌ک له مه‌ریوان نیشته‌جێ بووه، میرزا ئه‌حمه‌د ناوێک کوڕی میرزا محه‌مه‌د هه‌مه‌دانی تووشیاری نه‌خۆشیی گولی بووه، به‌ده‌ستی ئه‌و چاک بووه‌ته‌وه، ئه‌ویش بۆ ئه‌و چاکه‌یه گوندی هه‌زار گره‌ی کڕیوه و پێشکه‌شی شێخی کردووه که به خالیدییه ناوبانگی ده‌رکردووه، له‌م دواییانه‌دا ناوه‌که‌ی گۆڕاوه بۆ کاکوزه‌که‌ریا.

١٢ـ شێخ حه‌سه‌ن موده‌ڕیس: بیست و دوو کوڕی بووه که هه‌موویان له ماوه‌ی حه‌وته‌یه‌کدا به نه‌خۆشیی تاعوون مردوون، ته‌نیا سێ کوڕی لێ به جێ ماوه، شێخ عه‌بدوڵڵا و شێخ خالید ـ ئاماژه بۆ کراوـ و شێخ تاها ـ شێخ عه‌بدوڵڵا ڕێی شامی گرتووه، له‌وێ خه‌ریکی ڕێنوێنی بووه، شێخ خالیدیش هاتووه بۆ کوردستان و باوه‌ڕ و داو و نه‌ریتی ته‌ریقه‌تی بڵاو کردووه‌ته‌وه.

١٣ـ شێخ ته‌قیه‌دین ناسراو به شێخ ئه‌بولحه‌سه‌ن شازلی (؟) له ناودارانی ته‌ریقه‌ته؛ له ساڵی ٦٥٧ ک.م کۆچی دوایی کردووه(!؟) ـ (تاریخ مردوخ، ب ٢، ل ٣٥)

له حاڵێکدا که شێخ ته‌قیه‌دین ناسراو به شێخ ئه‌بولحه‌سه‌ن شازلی؛ عه‌لی کوڕی عه‌بدوڵڵا ناسراو به‌ئه‌بولحه‌سه‌نی پێشه‌وای شازلیه له‌دایکبووی گوندی غه‌ماره له نزیکی سه‌بته ٥٩١ یا ٥٩٣ ـ کۆچی دوایی کردووه، له عیزابی ٦٥٦ ک.م دوای ته‌واوکردنی زانستی دینی له گوندی شازله، له ناوچه‌ی تونس خۆی به ڕێنوێنی خه‌ریک کرد و دواتر ڕۆیشتووه بۆ ئه‌سکه‌نده‌رییه و تا کۆتایی ته‌مه‌نی له‌وێ ماوه‌ته‌وه و چه‌ندین جار ڕۆیشتووه بۆ حه‌ج و له ئاخرین سه‌فه‌ری خۆی بۆ مه‌ککه، له سه‌حرای عیزاب له سه‌عیدی میسر له ڕۆئاوای به‌حری ئه‌حمه‌ر له ناوچه‌یه‌ک ناسراو به‌حه‌میر کۆچی دوایی کرد و هه‌ر له‌وێ نێژراوه و مه‌زاره‌که‌ی بووه‌ته نه‌زه‌رگه (فرهنگ معین، ب ٥، اعلام) ئایه‌تۆڵڵا مه‌ردۆخیش به هه‌موو شاره‌زایی و ئاگایی و ڕه‌خنه‌یه‌ک که له سه‌ر ئه‌م بابه‌تانه هه‌یبووه، له بنه‌ماڵه‌ی کاکوزه‌که‌ریایی به بێ ده‌ربڕینی هیچ چه‌شنه ڕایه‌ک نووسیویه (!!) به‌ڵام له سه‌ر عه‌بدولسه‌مه‌د

تووداری نووسەری (نورالانوار) و، کتێبەکەی ئاوەها دەنووسێ: (لەساڵی (١٠٤٦ ک.م) لەشکری قزڵباش، هێرشیان کردووەتە سەر گوندی توودار و ئەوێیان تاڵان کردووە، سەید عەبدولەجید برای سەید عەبدولسەمەدیان لەگەڵ شێخ ساڵحی باوکی کوشتووە، خودی عەبدولسەمەدیش بریندار بووە و بەبرینداری هەڵاتووە بۆ کاکوزەکەریا بۆ لای شێخ شەهابەدین کاکۆزەکەریایی کوڕی شێخ ڕەزیەدین و لەوێ خۆی بەفێربوونی ئادابی تەریقەت و زانست خەریک کردووە: لە ساڵی (١٠٩٩ ک.م) کتێبێکی نووسیوە، ناوی ناوە (نورالانوار). هەرچەند کتێبەکەی بابەتی مێژوویی و شەجەرەیی بووە، بەڵام، لە ئەفسانە نزیکترە، وەکو ساداتی پاوە و دشە دەڵێن لێوانلێوە لە درۆ و ڕەوایەتی بێ بنەما و باسی دوور لە عەقڵ لە لای بیرمەندان و زانایانەوە جێ پەسند نییە) (تاریخ کردستان ـ مردوخ، ل ٣٣ـ ٣٥) بەم جۆرەیە جووڵانەوەکانی عەلەوییە توندڕەوەکان دوای دەسەڵات پەیداکردنی لایەنە فیقاهەتییەکان لە ڕووی زانستی و مەزهەبییەوە و دەرکەوتنی تەریقەتگەلی بە هێزی سۆفیگەری بەتێکەڵبوون و هەڵەی زۆر تێکەڵ کرا. تا ئەوەی کە (سەید محەمەد نووربەخش) بە سەرهەڵدانی و سەربەخۆیی سیاسی و مەزهەبی خۆی یەکەتی و ڕێبەرییەکی تری پێک هێنا.

## سەرهەڵدانی سەید محەمەد نووربەخش و
## ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عەلەوی لە کوردستاندا

سەید محەمەد نووربەخش (٧٩٥ـ ٨٦٩ ک. م) لە مەزنانی ناودار و پێشەوایانی دیاری عەلەوییەکانە کە لە هەمەدان و کرماشانات و لوڕستان و کوردستان و ئازەربایجان و خووزستان ناوبانگێکی زۆر و شوێنکەوتوویەکی زۆری هەیە. سەرهەڵدانی سەید محەمەدی نووربەخش هەر وەکو جووڵانەوەکانی پێشووی سەرانی عەلەوی کە ڕەوتی گۆڕانیان باس کرا، لە وڵاتی خوراسانی گەورەدا سەری هەڵدا و لە یەکانگیری لەگەڵ بزاڤی عەلەوییەی زاگرۆسدا گەیشتە ئەنجام.

نزیکایەتیی سەید محەمەدی نووربەخش لەگەڵ سیلسیلەی نەوەکانی سەید باباعەلیی هەمەدانی لە ئاستێکدایە کە زۆرینەی سەرچاوەکان بە هەڵە ئەویان بەبرای سەید مووسا و سەید عیسای بەرزنجیی هەمەدانی و کوڕی سەید باباعەلی زانیوە و لە سەر ئەو باوەڕەن کە سەید عیسا کوڕی سەید باباعەلی لە سەردەستی ناوبراو تەریقەتی وەرگرتووە و بانگەشەکار و خەڵیفەی ڕێنوێنی سەید محەمەدی نووربەخش لە کوردستان و دەوروبەر و هەموو ناوچەی عەلەوییەی زاگرۆس بووە، کە بە ئاوڕدانەوە لە دۆخ و بەرهەمەکان و سەردەمی ژیانی سەید محەمەدی نووربەخش، هەڵە و دەستتێوەردانی ناوبراو ڕوون و دیارە و نووسەران، کەسایەتیی سەید عیسای دووەم ناسراو بە ئەحدەب کە لە شێخەکانی نووربەخشی و خەڵیفەی سەید محەمەدی نووربەخش بووە و لە نەوەکانی شێخ عیسای بەرزنجیی هەمەدانی باوکی حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجییە، لەگەڵ یەک تێکەڵ کردووە و بارودۆخی سەردەمی ئەویان بە هەڵە بە سەید عیسای یەکەم داناوە و لە مەڕ سەرهەڵدان و سەربەخۆیی سەید محەمەدی نووربەخش لە ناوچەی عەلەویەی زاگرۆس بە ناوەندێتیی (کوردستان) بێ دەنگیان هەڵبژاردووە و تەنانەت ئاماژەیەکیش نەکراوە.. لە حاڵێکدا سەرچاوەی

باوەڕپێکراوی مێژوویی و مەزهەبی دانیان پێدا ناوە و نووسیویانە، لە سەرەتادا کورتە شارەزاییییەک لەسەر ژیانی سەید محەمەدی نووربەخش و مەزنانی بەرزنجی، بەشدار بوو لە سەرهەڵدانی نووربەخشیە کە ڕێبەرایەتیی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆسیان بەدەستەوە بووە، پێویستە.

## سەید محەمەد نووربەخش

سەید محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا مووسەویی خوراسانی (٧٩٥ـ ٨٦٩ ک.م) لە عارفە مەزنەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی مانگی و دامەزرێنەری سیلسیلەی نووربەخشییە، لە قوتابیانی ئیبنی فەهدحلی (کۆچ دوایی ٨٤١ ک) بووە و لە هەموو تەمەنیدا بەرگی ڕەشی کە کە سوننەتی شێخەکانی بووە، لە بەرکردووە، شوێنی لەدایکبوونی باپیری (لحسا) بووە و هەندێک جار لە غەزەلەکانیدا نازناوی بە (لحسوی) بەکاردێن. بەڵام زۆرتر نازناوی نووربەخشیی هەڵئەبژارد. لە تەریقەتدا موریدی عەلائودەولەی سمنانی و خاجە ئیسحاق ختلانی بووە و هەر ئەو خاجە ئیسحاقە نازناوی نووربەخشی پێ داوە و خەرقەی لە بەری کردووە....(فرهنگ اعلام معین، ب ٦)

بە پێی سەرچاوەگەلی باوەڕپێکراوی مێژوویی کە لەدایکبوون و کۆچی دوایی سەید محەمەد نووربەخشیان بەوردی و دروست نووسیوە، سەید عیسای عەلەویی بەرزنجی کە تەریقەتی نووربەخشییەی هەڵبژارد و بوو بە یارو ئاریکاری خەلیفە سەید محەمەدی نووربەخش و یارمەتیی دا تا ئەو بە یارمەتی خەڵکی کوردستان و پێدەشتەکانی زاگرۆس سەربەخۆیی ڕابگەینێت، سەید عیسای یەکەم، (کۆچی دوایی ٧٤٥ ک)، برای شێخ مووسای شۆڕشگێڕ نییە، بەڵکو دەبێ سەید عیسای دووەم ناسراو بە (ئەحدەب) بێت کە شارەزایی تەواو و هۆگرییەکی زۆری لەگەڵ وێژەی فارسی و عیرفانی خوراسان و ئەوبەری ڕووباردا هەبووە و لە دەقی (بنەماڵەی زانیاران) وا دەردەکەوێت کە بەفارسی ئاخافتبێت، ئەو زیاد لە کەماڵی زانستی لە زانستی دینیشدا خەلیفەی باوکی واتا سەید حسێن بەرزنجی بووە و تەمەنی بە شەونخوونی بردووەتە سەر و هەموو کات ئەم خشتە لە سەر زاری بووە؛ هەموو شەوێک، شەوی قەدرە، گەر قەدری بزانی، و دەڵێن: پرسیاریان لێ کرد، کێ دەگاتە خوا، بەرسڤی دەدایەوە: (هەرکە لە خۆی بووە و گەیشتە حەق) و نووسیویانە کە هۆی ناودەرکردنی بە (ئەحدەب) = قۆغ، ئەوە بووە کە ڕۆژێک لە

کۆڕێکی ئەودا قورئانیان دەخوێندەوە، و قاری ئایەتی: انا عرضنا الامانة على السماوات والارض والجبال فأبين أن يحملنا و اشفقن منها، وحملها الانسان انه كان ظلوماً جهولا) ی خوێندەوە، سەید عیسا دانەوییەوە و هاوارێکی هەڵداو ئەم شیعرەی خاجەی شیرازیی خوێندەوە:

آسمان بار امانت نتوانست کشید

قرعەی فال به نام من دیوانه زدند

و ئیدی تا کۆتاییی تەمەن باڵای ڕاست نەبووەوە و هەروا مایەوە و بە ئەحدەب ناوبانگی دەرکرد. شێخ عەبدولفەتاح تەرسووسی بە یەکێک لە شێخەکانی ئەو داناوە و ساڵی مەرگیان بە ٩٤١ کۆچی مانگی نووسیوە کە وێ دەچێ ڕاست و ورد نەبێت. ئەو بابی سەید محەمەد میر سوورە کە لە کتێبەکانی یارساندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە ـ (ترکها، کردها، عربها، ل ٢٠٤ بەولاوە) و غەزەڵی فارسی ژێرەوە کە دەڵێن هیی شێخ عیسایە، وادیارە لە هۆنراوەی ئەو بێت.

کائنات است جسم و ما جانیم
واصـــــلان را دلیل و برهانیم
خـــاتم اولیـــای دور قـــمـــر
وارث فـــقـــر شـــاه مـــردانیم
گر چه مرغان عشق بسیارند
همچـو عنقا امـیـر ایشانیم
مـهـر جامع به جملهء کونین
هر چه بودست و هست ما آنیم
گر چه در ملک عشق عالم فقر
بر ســریر شـــهـــود سلطانیم
نور بخشیم بر همـەی عالم
بر سـپـهـر کـمـال تابانیم
هرکه بیناست دیده است که ما
عـیـسی مـریم، آل عـمـرانیم

(بنەماڵەی زانیاران، ل ٢٧٤).

بزاڤی نووربەخشییە کە بە وێنەی بانگەوازی حورووفییە ماوەیەک هێمنایەتیی کۆمەڵگای ئیسلامی ژێر دەسەڵاتی تەیمووریانی شێواند و دووبارە تاپۆی جۆرێکی جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی لە ئاسۆی سیاسیی سەردەمی تەیمووریاندا دەرخست، بە شێوەیەک کە جۆرێک لە سەرهەڵدانی [عەلەوی] گەری بە دروشمی مەهدەوییەت لە لایەنی سەید محەمەدی قاینی ناسراو بەنووربەخش دەرکەوت. ئەم سەرهەڵدانە کە لە لایەن تاقمێک لە کوبرەوییەی خوراسان ـ زنجیرەیەوە شوێنکەوتووانی تەریقەی شێخ نەجمەدین کوبرا ـ بەجیابوونەوەیەک لەو سیلسیلەدا (کوبرەوییە) شکڵی گرت. لە ڕاستیدا یاخیبوون و سەرهەڵدانی تاقمێک لە سۆفییانی [عەلەوی] لە بەرانبەر پاشای سەردەم (شاهرۆخی تەیمووری) دەهاتە ئەژمار و لە ڕاستیدا سەرهەڵدانێکی چەکدارانەی فیرقەیەک لە شێخەکانی سۆفیگەری شیعە مەزهەب بوو لە بەرانبەر دەسەڵاتی تەیمووریەکاندا و هەروەها ڕاگەیاندنی جۆرێک لە شۆڕشی سیاسی و مەزهەبی بوو. لە ماوەی ئەم سەرهەڵدانەدا سەید محەمەد بانگەوازی بۆ مەهدەوییەت کرد یا شوێنکەوتووانی مەجبووریان کرد بۆ دەرخستنی ئەم بانگەوازە.

ئەڵبەت دەستەیەک لە کوبرەوییەی خوراسان نەچوونە ژێر باری ئەم سەرسپاردنە و لەم سەرهەڵدانەدا بەشدارییان نەکرد. یارانی لەگەڵ خاجە ئیسحاقی خەتلانی ـ لە شێخە بەناوبانگەکانی سەردەم ـ لە قەڵایەکی نزیکی خەتلان لە دەوروبەری جەیحوون ڕاپەرین بەڵام دەسبەجێ لە لایەن سەربازانی شاهرۆخەوە، ڕاپەرینەکەیان تێک درا. سەید محەمەد لەگەڵ خاجە ئیسحاق و دەستەیەکی تر لە سەرانی جووڵانەوەکە دەستبەسەر کران، خاجە ئیسحاق وەکو ڕێکخەری سەرەکیی بزاڤەکە بە فەرمانی شاهرۆخ کوژرا( ٨٢٦ ک.م)، سەید محەمەدیان دوور خستەوە بۆ هەرات و لەوێ بۆ شیراز و مەجبوور کرا کە تۆبە بکات و بانگەشە و باوەڕەکانی ڕەت بکاتەوە ـ (روزگاران، ب ٢، ل ٣٣٥).

ڕەوتی گۆڕانکاری لە بزاڤی نووربەخشییە لە زاری دوکتۆر کامڵ مستەفا شەیبییەوە وێڕای ئاماژەکردن بەسەربەخۆیی لە کوردستاندا، ئاوەها هاتووە: (بزاڤی نووربەخشیان لە ساڵی ٨٢٦ ک.م لە کێوی تیری لە قەڵاکانی خەتلاندا دەستی پێ کرد، هەرچەند کە نووربەخش خۆی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە تا ئامادەبوونی تەواو دەبێ ڕاگەیاندنی شۆڕش دوا بخرێت. (مجالس المؤمنین، ل

٣١٥، ب ١) بەڵام خاجە ئیسحاق بە هۆی هەیەجانێک کە دای گرتبوو، پەلەی کرد. سەرهەڵدان پێش دەستپێکردنی شکستی هێنا. چونکە دەستەیەک لە سۆفییە لەم بزاڤە جیا بوونەوە و بەشداری ڕێزەکانی دەستەیەکی تر بوون کە سەرۆکایەتییەکەی بە دەستی عەبدوڵڵا مەشهەدی، دژ بە کاروباری محەمەدی نووربەخش لە ڕێبەریکردنی تەریقەتدا بوو. (مجالس المؤمنین، ل ٣١٥، ٣١٤، س ١)، سەرئەنجام ئەم بزاڤە بە کوژرانی خاجە ئیسحاق و براکەی و دەسبەسەرکردنی محەمەد نووربەخش و دوورخستنەوەی بۆ هەراتی پایتەختی تەیموورییان کۆتایی پێ هات ـ (مجالس المؤمنین، ل ٣١٤) شاهڕوخ کە لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی حورووفییە لە ڕیزەکانی لەشکرەکەیدا تووڕە بووبوو، بەسەرهەڵدانی ئەم جووڵانەوە نوێیە، بڕیاری دا هەر دوو جووڵانەوەکە بنەبڕ بکات، بەڵام نووربەخش ئەوەندە لە لای خەڵکی ڕێز و حورمەتی بوو کە گوایە شاهڕۆخ نەیوێرا بیکوژێت. فەرمانی دوورخستنەوەی بۆ شیراز دا (شوێنی دوورخستنەوەیەک کە دواتر شا ئیسماعیل و براکان و دایکی، دوورخرانەوە بۆ ئەوێ) و لەوێ دیاریکردنی شوێنی دوورخستنەوەی نوێیان خستە ئەستۆی خۆی. کە کەوتە گەڕان لە شووشتەر و بەسرە و حللە (مەڵبەندی بزاڤی موشەعشەعییەکان) و بەغدا و شوێنە پیرۆزەکانی شیعە (مجالس المؤمنین، ل ٣١٤) دیار بوو کە دۆڕانی قبووڵ نەکردبوو، کەوابوو ڕووی کردە کوردستان تا پەیامەکەی لەوێ بڵاو بکاتەوە، خەڵکی کوردستان بوونە شوێنکەوتوو و باوەڕمەندی و بەناوی ئەوەوە سکەیان لێ دا، بەم بۆنەوە شاهڕۆخ ترس دایگرت (مجالس المؤمنین، ل ٣١٥) دۆخەکە بە ئاڕاستەیەکدا چوو کە دووبارە نووربەخشیان دەستبەسەر کرد و ڕاپێچی بەندیخانە کرا و لەوێ بردیان بۆ هەرات و دەست و پێیی کەلەبچە کرا و لە سەرمینبەر ڕایگەیاند خوازیاری خەلافەت و ئەوەی پێوەندیی پێوەبێ نەبووە و نییە. (مجالس المؤمنین، ل ٣١٤) لە ئەنجامی ئەم پاکانە، ئیزنی وانە وتنەوەی پێ درا کە تەنیا زانستی ڕەسمیی دەگرتەوە، بەو مەرجانەی کە قوتابیی زۆر وەرنەگرێت و عەمامەی ڕەش لە سەر نەنێ، بەڵام سەرئەنجام بەمەشەوە نەوەستان و پێیان ڕاگەیاند کە ناوچەی دەسەڵاتی تەیموورییان بە جێ بهێڵێ و بڕوات بۆ وڵاتی ڕۆم؛ بەڵام ئەو بە باشتری زانی کە لە ئێران بمێنێتەوە و شوێنی پەروەردەبوونی فیکریی شێخ سەفی و بارهێنانی شا ئیسماعیل لە سەردەمی بە

نهێنی ژین تێپەڕکردنی، واتا گیلانی هەڵبژارد. دوای مەرگی شاهرۆخ لە ساڵی ۸۵۱ی کۆچیدا نووربەخش ڕۆیشت بۆ ڕەی و دەستی دایە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی سۆفیانەکەی خۆی و هەر لەوێ لە ساڵی ۸٦۹ ک.م. کۆچی دوایی کرد. (مجالس المؤمنین، ل ۳۱٥) ـ (تشیع و تصوف، ل ۳۱٦) ۱٥۳ تەریقەتەکەی نووربەخش، بە مەرگی ئەو کۆتایی نەهات، قاسم فەیزبەخش لە شوێنی بابی ئەرکی ڕێنوێنی و بانگەوازی کەوتە ئەستۆ کە لە نێوان ئێران و عیراق هاتوچۆی دەکرد، دوای مەرگی لە ساڵی ۹۲۷ ک.م کوڕەکەی واتا شەهابەدین بوو بەجێگری (حبیب السیر ٦۱۱/۳: (عالم آرای عباسی) ٦۳/۱ ب) و بەم جۆرە تا دوایی. لە ئاکامدا کاری ئەم خانەدانە بوو بەوەی کە ئەندامانی بوون بە ئەشراف و گەورەماڵ و گەیشتنە خزمەتی شاهان و لە وانە سوڵتان (حسێن بایقرا) لە تەورێز، قاسمی فەیز بەخش و ئیبراهیمی کوڕی عەلی، پەنابەری موشەعشەعییەکانی لە دەوری خۆ کۆ کردبووەوە (محفل الاولیا ورقە ۳۰٤ ب) بە (هەمان، ل۳۱٦)

مامۆستا عەبدولحسێن زەڕینکووب؛ پاشماوەکانی گرووپە نهێنییەکانی حورووفییە کە لە ساڵی ۸۳۰ ک.م دەستیان دایە تیرۆری شاهرۆخی تەیمووری، بەکاری ڕێکخستنەکانی تازەکانی دوای سەرهەڵدانی سەید محەمەدی نووربەخش دەزانێت و سۆفییە گەورەکانی هەڵاتوو بەدەستی حاکمانی تەیمووری و تایفەکانی یارسانی قەرەقۆیوونلوو دەزانیت و لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جووڵانەوەیەدا نووسیوە کە؛ تەنیا لە ڕووداوی پەلاماردانی ئەحمەدلوڕ، یەکێک لە توندڕەوانی حورووفییە لە مزگەوتی هەرات خەنجەری دا لە شاهڕوخ (۸۳۰ ک.م) بەو هۆیەوە کە ئەگەری پیلان و بەشداریی تورکمانانی قەرەقۆیوونلوو کە [عەلەوی] بوون لەو ڕووداوەدا لە ئارادا بوو، بە پێی پێویست توندوتیژیی بەکار هێنا. بەو جۆرەی کە لە یاخیبوونی نەوەزاکانی خۆی واتا میرزا محەمەد کوڕی بایسنغریش کە گوایە لە ئیسفەهاندا بە دنەدانی کەسانی ناڕازی و ئاژاوەگێڕ یاخی بوو و لە بەرانبەریدا شۆڕشی کرد، بێ دوودڵی سزادانی هاندەران و ئاژاوەگێرانی بە پێویست زانی و فەرمانی کوشتاری ئەو دەستەیە دا کە لە پیاوچاکانی سەردەمیش دەهاتنە ئەژمار. بە چاوی نەفرەت و گومانەوە دەیڕوانییە بەشێک لە شێخ و سۆفییەکان؛ بەتایبەت ئەوانەی وا هۆگرایەتی [عەلەوی]یەکان بوون؛ بەڵام ئەم گومانە کە لە سەر سەید محەمەدی نووربەخش سەید قاسمی ئەنوار و سائەدین تورکە کە توندوتیژیی

زۆرتری بەدواوە بوو کە هۆکارەکەی، ئەگەری پێوەندییان بوو لەگەڵ تورکمانەکان ئازەربایجان تایفەکانی قەرەقۆیوونلوو کە ]عەلەوی] بوون.

بڵاوبوونەوەی بانگەوازی حورووفییە لە سەردەمی تەیمووریەکان و سەرهەڵدانی سۆفیەی نووربەخشی لە لقەکانی سیلسیلەی کوبرەوییە کە لە سەردەمی شاهرۆخدا رووی دا و هەردوو بزاڤەکە رەنگی سۆفیگەری و [عەلەوی]ی بوو و کاردانەوەگەلێکی توندو دەربڕینی نارەزایەتی و راپەرینی شۆرشگێرانە بوو لە بەرانبەر سەروەری و بالادەستیی زۆر و روو لە زیادبووی فەقییەکانی حەنەفی لە کاروباری دەسەلاتداریدا، کە رکەیان چەندین جار بوو بە هۆی راوەدوونان و ئازاردانی دژبەرانی مەزهەب، خوازیارانی حیکمەت و تەنانەت بەشێک لە شێخەکانی سەردەم لە لایەن ئەم باوک و کوڕەوە (تەیموور و شاهرۆخ) (روزگاران، ب ٢، ل ٣٤٣) لە ریزی خەڵیفەکانی سەید محەمەد نووربەخش. سەید زیائەدین نوورولڵا کوڕی محەمەد شاحسێنی مەرعەشی شووشتەریان کە هەم موشەعشەعی و هەم نووربەخشی بووە، نووسیویە ـ (محفل الاولیاء ورقة ٣٠٢، ب، ٣٠٣ الف، تاریخ احوال حزین، ١٤٣) کە ئەم رێبازە هۆکاری هاوپەیمانیی نووربەخشییە، موشەعشەعی و سۆفییە بوو لەگەڵ بزاڤی یارسان و مەزهەبی نووربەخشییە لە سنووری دەسەلاتی موشەعشەعییەکاندا بڵاو بووەوە و بوو بە باو، بە جۆرێک کە کاتێک دەوڵەتی سەفەوییە هاتە سەر کار و شیعەگەری هاتە ئاراوە، بۆ نووربەخشییە زۆر ئاسان بوو کە خۆیان بە شیعە بناسێنن، لەراستیدا وازیان لە رێبازی سۆفییانەی خۆیان نەدەهێنا. لەوانە کاتێک شا ئیسماعیلی سەفەوی شووشتەری گرت و لە مەزهەبی خەڵکی پرسی: تەنیا وەڵامی جێ پەسندی ئەوان ئەمە بوو کە «ئێمە لە سەر مەزهەبی سەید نوورولڵاین». («مجمع الاولیا» ورقەی ٣٠٢ـ ) و سەید نوورولڵا پێشەوای نووربەخشییان بوو ـ («تشیع و تصوف»، ل ٣٢٣) و ئەم سەید نوورولڵا هەر ئەو زیائەدین نوورولڵا کوڕی محەمەدی شاحسێنیی مەرعەشی شووشتەری ئاماژەی بۆ کراوە. ـ شایانی باسە کە ساڵی لەدایکبوونی سەید محەمەدی نووربەخش هاوکاتە لەگەڵ شەهیدبوونی سەید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) کە لە رووی مێژووییەوە راست هاوکاتن (!!) ـ (بڕوانە، ل ٩٠ی ئەم کتێبە).

## بزاڤ و سەرهەڵدانی سەید محەمەدی موشەعشەع شانبەشانی لەگەڵ بزاڤ و سەرهەڵدان و سەربەخۆیی سەید محەمەدی نووربەخش

سەید محەمەدی نووربەخش (٧٩٥ـ ٨٩٩ ک.م) و سەید محەمەدی موشەعشەع (کۆچی دوایی کردوو لە ساڵی ٨٧٥) هەردووکیان قوتابیی ئیبنی فەهدحێللی عالیم و فەقیهە و زاهیدی بەناوبانگ بوون کە لە ئەنجامدانی زانستی ڕواڵەتیدا، هەر کامەیان ڕێبازێکی تایبەتی بۆ بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئەندیشەی خۆی هەڵبژارد و لە ئەنجامدا هەروەک کە ئاماژەی پێ کرا، لە ڕەوتی دەرخستنی باوەڕی و ئەندیشەکانیان، گەیشتنە یەکەتی و هاودەنگی و تەریقەتی سەید محەمەدی موشەعشەع بە هۆی مەیل بە ئەشرافیەت و حکوومەتی سەرەڕۆیی گەیشتنە تەختی ماڵباتی سەید محەمەدی نووربەخش و بنەماڵەی ئاتەش بەیگی بوون بە کۆی تەریقەتەکان (نووربەخشی، موشەعشەعی، سەفەوی و عەلەویی بەرزنجی (یارسان).

قەرەقۆیوونلووەکان سەرسپێرەکانی ماڵباتی ئاتەش بەیگی یارسان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی خۆیان زۆر ڕێز و حورمەتی عالیمە شیعەکان بەتایبەت ئیبنی فەهدی حێللییان دەگرت کە لە بەشی حکوومەت و سەربەخۆیی قەرەقۆیوونلووەکان لە سەری باس کرا و لە بزاڤ و سەرهەڵدانی سەید محەمەدی نووربەخش ڕۆڵی سەرەکییان بینی و بەشێکی زۆری هێزی لەشکری و ئابووری سەرهەڵدانەکەیان دابین دەکرد و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە جێگۆڕکی و گواستنەوەی جوگرافیایی بزاڤەکەی سەید محەمەدی موشەعشەع و سەید محەمەدی نووربەخش و لە ئەنجامدا پێکهێنانی خاڵی یەکگرتووی ئەم دوو جووڵانەوە شۆڕشگێڕانە وەکیەکیی بیری و زانستی و عیرفانی، ئیبنی فەهد حێللی و سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی و ئەوەی کە لە ڕووی مەکتەبی شوێنکەوتووانیان کە یەکانگیر بووبوون، گرتبوویانە بەر، بەتەواوەتی بەرانبەریان

هەیە، چونکە ئیبنی فەهد ڕواڵەت و دەروون و فیقاهەت و سۆفیگەری لەگەڵ یەک بوو و کەسایەتیی ئەو و قوتابییەکانی نیشاندەری ئەم لایەنانەیە: لەوان بەشێکیان فەقێ بوون وەکو: شێخ عەلی کوڕی هیلال جەزائێری، مامۆستا شێخ عەلی کوڕی عەبدولعالیی کرکی ناسراو موحەقیقی سانی (روضات الجنات، ل ٤٠١، طرائق الحقایق ١/١١٩) و بەشێک لە قوتابییانی سۆفی بوون؛ لەوانە سەید محەمەدی نووربەخش (کۆچی دوایی ٨٦٩) موریدی ئەمیر سەید عەلیی هەمەدانی؛ و بەشێکیشیان هەڵگری هەر دوو فیکر و باوەڕ بوون (فیقاهەت و سۆفییەت) وەکو سەید محەمەد کوڕی فەلاح موشەعشەع (کۆچی دوایی ٨٦٦) کە زڕمنداڵی ئیبنی فەهد بووە. (مجالس المؤمنین، ل ٢٥٠) ئیبنی فەهد خۆی لە شیعەگەریدا کەسێکی لەسەربەخۆ بووە و دوور بووە لە ڕکە و هەڵوێستی زۆر توند و کەسێکی نەرمڕۆ بووە و ئاشتیخواز و بەرهەمەکانی بە دوور بوون لە ڕق و کینە و ڕەخنە گرتن. پێویستە بزانین کە نوقمبوون لە بابەتگەلی دنیاپەرێزی و گۆشەنشینی، وایان لە ناوبراو کرد کە بەدوور بێ لە بۆ چوونگەلی سۆزدی و دژبەر، بەپێچەوانەی شیعەکانی دوای خۆی و بە هەمووی ئەمانەوە هۆی ئەوەی کە دەوروبەری لێوانلێو بوو لە پەرێشانی و چاوەڕوانی و سۆفییەکان و شیعەکان بانگی نزیکبوونی دەرکەوتنی بەڵێندراویان دەدا بەکۆمەڵگا، ئەو دەستە لە قوتابییانی ئیبنی فەهد کە ئۆگرایەتییان بە سۆفییەتەوە بوو، خۆیان بە بەربژارەکانی چارەنووس دانا، کە دەبێ لە بەکردەوە مزگێنیدەری مەهدی بن، لێرەدا بوو کە سەرەتا خوازە لەگەڵ بەیتیان هێنایە ئاراوە کە بەشێوەیەکی سروشتی دواتر گۆڕا بە بانگەشەی کامڵی مەهدیگەری (تشیع و تصوف، ل ٢٨٤ـ ٢٨٥) بەرانبەری و وەک یەکی زێدی بزاڤی عەلەویەی زاگرۆس لە هەورامانداا لەگەڵ سەرزەمینی سەرهەڵدانی سەید محەمەد موشەعشەع، بەتائیح لە ڕووی سنووردارییەتیی جوگرافیایی و پێشینەی جووڵانەوەگەلی مێژوویی مەزهەبی و دەرکەوتنی کەسایەتیگەلی ئاژاوەگێڕ لە بزاڤگەلی فیکری و بوونی بەنی ئەسەد (زەنگەنە) کە لە سەربەخۆیی سەفەوییە پێگەیەکی تایبەتی بەدەست هێنا، لە هۆکارگەلی کاریگەر بوون لە پێوەندی بزاڤی عەلەوییەکانی زاگرۆس (سەید محەمەدی نووربەخش) و بزاڤی موشەعشەعییەکان، بۆ گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی باسەکە دەبێ ئاماژە بکرێت بە دۆخی هەرێمێ کە محەمەد کوڕی فەلاح بۆ بانگەوازی خۆی هەڵی بژارد و لە هۆکارگەلی سەرکەوتنی ناوبراو

بۆ ناوچەی ناسراوە، کە بە بەتائیح زنجیرە چەند زۆنگاوێک بوو کە لە واسێتەوە هەتاکو خووزستانی دەگرتەبەر. («فتوح البلدان» میسر ١٣٥٠، ل ٢٩٠ـ٢٩٢) بلازەری دەنووسێ: بەتائیح برێتیی بوو لە زەویوزاری نزمی باشووری عێراق کە لە سەردەمی ساسانیگەلەوە ئاو هەمووی داپۆشیبوو) لە پەراوێزی دونیای دەرەوە و پەناگای ئەو کەسانە بوو کە لە گیانی خۆیان دەترسان.

قازی تەنووخی حیکایەتگەلێکی گێڕاوەتەوە کە ڕاستیی ئەو شتانە دەسەلمێنێ («الفرج بهداالشدة» ٤٣/١) دانیشتوانی حیلله کە زەمانی هێرشی مەغوول سێبەری مەرگ بە سەر سەریانەوە بوو، پەنایان بردە بەرئەوێ. بۆ ناسینێکی خێرای بەتاح دەبێ بڵێین، یەکەمین کەس کە ئەوێی ئاوەدان کردەوە، دەبیس کوڕی عەفیف ئەسەدی فەرمانداری شیعە لە سەردەمی تائیعەبیللا بووە (خەلافەت لە ٣٦٣ تا ٣٨١) («معجم البلدان» ٣٧٣/٢) و قەبیلەی بەنی ئەسەد لەوێ نیشتەجێ بوون، ئاساییە کە ئەم ئەسەدییە ئازادبووانە لەو بیابانە بێ هەرا و ترسێنەرە، هەژار و بێ دەرەتان بوون و ڕەنگە هەر بەم بۆنەوە ئامـــادەیی تەواویان بۆ وەرگرتنی خواستی توندڕەوی تێدا بووە؛ بەتایبەت کە هەموویان [عەلەوی] بوون («مجالس المومنین»، ل٣٠) محەمەد کوڕی فەلاح بەجوانی بۆی دەرکەوت کە لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانرێ هەستی ئەوان ببزوێنرێت و لە ناخی ئەواندا هەستی جیهانگیری ببزوێنێ و لەوان لەشکرێکی نەبەز ساز بدات؛ بە تایبەت کە لە ساڵی ٨٢٤ ک.م، کەمێک پێش لە دەرکەوتنی محەمەد کوڕی فەلاح بە داگیرکردنی خێڵە، چێژی دەسکەوتی شەڕیان چێشتبوو («تاریخ العراق بین احتلالین» ٦٢/٣)، قەبیلەیەک کە حیللەی داگیرکرد، خەفاجە بوو کە دواتر بوونە گوێڕایەڵی محەمەد کوڕی فەلاح ١٠٩/٣) و لە ئاگری ئەم حەزەدا دەسووتان کە بە ڕێبەرایەتیی سەرۆکی نوێیان دووبارە هێرش بەرنە سەر ئەو شارە و شارگەلێکی تر.

خاڵێک کە ئەم ڕواڵەتە کاملتر دەکات، ئەمەیە کە ئەحمەد ڕەفاعییان (کۆچی دوایی ساڵی ٥٧٨) بە شێخی عەشیرەتی بەتاحییە ناسرابوو «چونکە لە ئوممعوبەیدەوە لە گوندەکانی بەتائیح، لە نێوان بەسرە و واسێت نیشتەجێ بوون» («البدایة والنهایة» ٣١٢/١٢؛ یاقووت دەڵێت: ئۆممعوبەیدە؛ کینایەیە لە بیابان کە ئەم وەسفە، سروشتی هەرێمی نیشتەجێبوونی ڕەفاعییەکان پێشان ئەدات») و شوێنکەوتووانێکی بوو هەر لە خەڵکی ئەم هەرێمە بە تایبەتمەندیگەلێکی تایبەتەوە

«ئەوان ژیانێکی سەیر و سەمەرەیان بوو، ماریان بە زیندوویی دەخوارد، دەڕۆیشتنە نێو تەنووری ئاگرینەوە و لەگەڵ ئاگر یارییان دەکرد» (البدایة و النهایة ٣١٢/١٢) (وەکو دەروێشەکانی یارسان) لە هێرشی خوێناوی مەغوولەکان دوو کەس لە سۆفییەکانی ڕەفاعی سەرنجی هۆلاکۆیان بە لای سۆفییەت ڕاکێشا، بە پێی ئەو شتەی کە بەناوبانگە، وتراوە ئەو دوو کەسە «مسیان تواندووەتەوە و سەمیان خواردووە و چوونەتە نێو ئاگرێکی گەورەوە» (تریاق المحبین واسطی، ل ١٨؛ «الوسائل الی مسامرة الاوائل» سیوطی، ل ١٦٤) و گەر وتەی ئیبنی فەهد مەککی (کۆچکردووی ٨٧١) قبووڵ بکەین، شەهیدی یەکەم زانستی سیحری کە بوویەتی لەهۆوەیزە (شوێنی پیرۆزی یارسان)، ناوەندی بەتائێح فێر بووە ـ ( لحظ الالحاظ، ذیل «طبقات الحفاظ»، ل ١٦٨)، قەرمەتیانی دانیشتووی ئەم دەڤەرە، لە سەدەی چوارەم بە تاڵک کفتکردنی لەشیان دەچوونە نێو ئاگرەوە. (معجم الادباء ١٤٣/٢٠، ١٤٧).

هەروەها گەر قسەکەی خەتیبی بەغدادی لەسەر پەروەردە و گەورەبوونی مەنسووری حەلاج لە واست، ڕاست بێت تەردەستی و جادوویەک کە فێر بووبوو، بنچینەکەی بۆ ئەم دەڤەرە دەگەڕێتەوە و هەر لەوێ بوو کە بە نیشاندانی کەرامەتێک ناوی حەلاجی لێ نرا و ئاماژەی حامد کوڕی عەبباس لە دادگاییکردنی ئەو کە جارێکیش لە کاتی حکوومەتەکەیدا لە واسێت، حەلاجی دەستبەسەر کردبوو، باسەکەمان کاملتر دەکات («تاریخ بغداد» ١١٢/٨، ١٣٥/٨) هەروەها خاڵی سەرنجڕاکێش بە پێی نووسینی ئیبنی قوتەیبە؛ مۆغەیرە کوڕی سەعید و بەیانی کوڕی سەمعانی غالی لە واسێتدا لە سێدارەدران و گەر سەرنج بدەین («عیون الاخبار» ١٤٨/٢) کە ئەم دوو کەسە بە جادووگەر دەناسران وا دیارە کە ڕەنگە ئەم کارەیان هەر لەوێ فێر بووبێتن یان بە جۆرێک لەگەڵ سیحربازانی واسێت پێوەندییان بووبێت. جگە لە مانەش گەر ڕاست بێت کە ئیبراهیمی خەلیل لە بابل یان شووش یان ئەهواز لە دایک بووبێت («طبری»، چاپ اروپا، ٢٥٢/١ـ٣، «یعقوبی» ١٦/١) دەتوانرێ مەسەلەی خستنە نێو ئاگری ئەو، لە ڕاستیدا جۆرێک تاقیکردنەوەی ڕاستبێژی ئەو بێت. چونکە خەڵکی ئەو دەڤەرە بە پێی نەریت، خوویان کردبوو بەو جۆرە کەراماتە و هەروەها ڕەوایەتی تەورات لە بابەتی خزانە نێو ئاگری شدرک و میشک و عبدنغو کە هەر لەم دەڤەرە ئەنجام بووە. خاڵەکانی

سـەرەوە دەسـەلمێنێ («سـفـر دانیـال» ٣: ١٩ـ ٢٦).... لە بابەتگەلی وەکـیـەکی موشەعشەعییەکان و ڕفاعیە ئەمەیە کە واسێت ئەخباری نووسیویە کە بە پێی ئەو نووسینە ئەحمەد ڕەفاعی، مەهدی، موجەدەد قورئان («ترياق المحبين»، ل ٥، ٤، ٧، ٨، ١٠) و خاوەنی دەسەلات لە زەوی و ئاسمان و مەقامی دواین مەقامی دوازدە ئیمامە (شۆڕشی مەزنی کۆیلەکان لە سەدەی سێیەم هەر لەم دەڤەری بەتائێحە سەری هەڵداوە) کە وا بوو.

خەڵکی بەتائیح ڕۆحییەتێکی سۆفییانەیان هەبووە و هۆگرایەتی بە کەرامەت لە دەروونیاندا بووە و ئامادەییان بۆ هێرشبردنە سەر ئەوێ، ئەوەندە بوو کە تەنیا چاوەڕوانی فەرمانی ڕێبەرایەتی بوون. بە سەرهەڵدانی محەمەد کوڕی فەلاح، ئەو بورکانەکە شوێنی خۆی هەڵکرد و ئەم شەپۆلە کاولکەری عەرەبییە کە دەمێکی زۆر هێمن بوو، کەوتە جووڵان و هەموو هێزی شاراوەی لە ژێر ڕێبەرایەتیی کەسێکی زانا لە کەرەستەکان بۆ عەمەڵی سیاسی سەری هەڵدا و، ڕێبازگەی دیاریکراو لە سەرەتاوە ئەمە بوو کە بزاڤەکە لە چوارچێوەی شەپۆلێکی وێرانکەر لە دەست بەسەر داگرتن و تالانکردن بە پێی بە کافردانانی حوکمڕانان و لە ئەنجامدا بە حەلاڵدانانی ماڵ و سامانی ئەوان شکڵ بگرێت. لەو شتانەی کە بوونی ئەم مەبەستە دەردەخات ئەمەیە کە محەمەد کوڕی فەلاح چوارپێیەکانی پیاوەکانی خۆی بەنرخێکی زۆر کەم دەفرۆشێ. تا بۆیان چەک بکڕێت کە شەڕی پێ بکەن.

بەزاڵبوونی وشکەساڵی و برسێتی لە نێو شوێنکەوتووانی («مجالس المؤمنين» ٤١٨، قازی نوورڵڵا شووشتەری دەنووسێ: محەمەد کوڕی فەلاح مانگایەکی بەشمشێرێک و دە دەرهەم دەفرۆشت) دڵبەستەیی و سەرنجی بۆ لای شەڕ زیادتر بوو و هەوڵی دا لەواندا ئاگری حەزی جیهان گری داگرسێنێت تا هەژاری و دەستکورتییان ببێ بە دەوڵەمەندی و لەو دەڤەرە دوور و بێکەڵک و بەرهەمە ڕزگاریان ببێ و دەست بگرن بە سەر زەوییە پڕ پیتەکانی دەوروبەر و سامان و موڵکی دانیشتوانی ئەوێ. ئەم جووڵانەوە پاوانخوازانە لە سەرەتادا لە ساڵی ٨٤٤ دۆڕا («تاريخ العراق....» ١١١/٣) بەڵام فەلاح بە پشتبەستن بە توانای چارەسەرکردنی خۆی و دان بەخۆ گرتنی شوێنکەوتووانی توانی لە بەرانبەر شتگەلی تەفروتووناکەر بوەستێت و هەتا دەهات هێزەکەی بە تێپەڕبوونی زەمان زۆرتر دەبوو و تا ئەوەی کە کوڕەکەی لە ساڵی ٨٤١ ک.م لە دایک بوو ( «تاريخ

العراق...» ٣/١١٥) گەورە بوو و بەمەولا عەلی ناوبانگی دەرکرد («مجلس المؤمنین»، ل ٤١٨) فەرماندەییی لەشکری دایە دەستی و ئەویش بەوپەڕی لەسەرەخۆییەوە کارەکانی ڕێک خست. ماوەیەک تێ نەپەڕی کە هێزەکانی موشەعشەعییەکان دەسەڵاتیان کێشایە سەر دەڤەرێکی گەورە لە ئەهوازەوە تا حیللە.

گێڕاویانەتەوە کە لەو دەمەدا بەهۆی بەکارهێنانی ناوگەلێک؛ چەک و شتی زیانهێنەری تر کاری ناکردە سەر لەشی مەولا عەلی («تاریخ العراق....» ٣/١١٥؛ «تاریخ غیاثی ٢٦٩» و ئەم ڕووداوە لە مانگی زیقەعدەی ٨٥٧ بوو) سەرەڕۆییی ئەم مەولا عەلییە گەیشتە ئاستێک کە لە ساڵی ٨٥٧ ک.م، دوای داگیرکردنی نەجەف مەعجەرەی شەباکی ئیمامیان ئاگر تێ بەردا، بەم پاساوە کە «عەلی خوایەو خوا نامرێت» هەموو شار تەنانەت زیارەتگای حەزرەتیان بە تاڵان برد («تاریخ غیاثی ٢٦٩: مجالس المؤمنین» ٤١٩) و شمشێرە یادگارەکانی لە خەزێنەی حەرەمدا بۆ کەڵک وەرگرتن لە شەڕدا هەڵگرت و ڕایگەیاند کە ڕۆحی کوڕی ئەبوتالیب خزاوەتە نێو لەشی («مجالس المؤمنین» ٤١٩) هەروەها شتگەلێک کە حاجی خەلیفە لە (جەهان نەما)دا باسی کردوون (ل ٢٨٨) پێوەندی بە مەولا عەلییەوە هەیە و ئەوە کە وەلی و جەمسەر و ئیمام و مەزهەر (دوون)ی خوایە و گوێڕایەڵی لەو واجیبە و هەروەها ئەوەندە نەترس بوو کە لە ساڵی ٨٦٠ هێرشی بردە سەر بەغدا و تاڵانێکی زۆری کرد و شێخە مەزنەکانی موسڵمانی بەکۆمەڵ کوشت («تاریخ العراق بین احتلالین» ٣/١٤٧) هەروەها گوتوویانە کە مەولا عەلی بەرزتر فڕی و خۆی بە خوا زانی. بەڵام باوکە دنیادیدە سیاسەتمەدارەکەی لەم بارەیەوە لە گەڵی هاوڕێ نەبوو، بۆیە ئەم داخوازییەی ڕەت کردەوە.

ئەمانە لە بزاڤێکدا کە بنەماکەی لە سەرەتاوە لە سەر موعجیزات و کاری نائاسایی و مەهدیگەری و وەک یەک ڕوانین بەحوکمی ئیمامی مردوو و زیندوو بوو، شتێکی ئاسایی دەهاتە پێش چاو. دوای جوانەمەرگبوونی مەولا عەلی لە ساڵی (٨٦١ ک.م) سەرپەرشتیاری هێزەکانی جووڵانەوە دووبارە کەوتە دەستی ڕێکخەری یەکەمینی واتە محەمەد کوڕی فەلاح و دوای کۆچی دوایی ئەو، کوڕەکەی بە ناوی موحسین هاتە سەر حوکم و لە ساڵی (٨٩٣ ک.م) کۆچی دوایی کرد («ضوء لامع» ٧/٢٨٠ « و تاریخ العراق.....» ٣/١١١: (مشعشعیان)، ل ٣٦ / «مجالس المؤمنین» ٤١٩).

کـاریگەریـی مــەرگی مــەولا عــەلی بزاڤــەکــەی لاواز کـردبوو، کـاتێک دەوڵەتی سـەفـەوییـە بـە پێی بانگەوازێکی وەکو بانگەوازی دەوڵەتی مـوشـەعشـەعی سـەری هەڵدا، ناکــرا کــە دوو جــوولانەوە لـە تەنیــشــتی یەک بوونـایە لـەم ڕووەوە شــا ئیــســمــاعـیلـی سـەفـەوی لە ســاڵی ٩١٤ ئەم دەوڵەتە بچـووکـەی لە ناو بـرد بەو ئامانجەوە کە فەیاز کوڕی موحسین (فـەرمانڕەوای مـوشـەعشـەعی) داوای خـوایی هەیە و لایەنگرانی ئەو بە مـەزهەر (دوون)ی عـەلی دەزانن و دەیپـەرسـتن. («تاریخ اسـمـاعیـل صـفـوی» وەرەقـەی ٨٢، «عـالم آراي عبـاسي» ٢٧/١ الف) و هـەروەها فـەرمـانی کـوشـتنی دوو برای فـەیازی واتا عـەلی و ئەیووبی دەرکـرد («مـجـالس المؤمنین» ٤٢٠) لە ئەنجامدا ئەم ئیمارەتە کەوتە ژێر سێبەری دەسەڵاتی سەفەوییان و ئەمیـرانی مـوشـەعـشـەعی بووبوونە دارەدەسـتی ئەوان و بە پێی فـەرمـانی ئەوان دەجــوولانەوە («تاریـخ العــراق....» ١٦٢/٣: «مـــجــالس المؤمنین» ٤٢٠) وردەوردە مـوشـەعـشـەعییـەکان دەستیـان لە بانگەشـەکـانیـان هەڵگرت و بوون بـە توێژێکی ئەشرافی دەوڵەمەند کە فەقێگەلی زۆر لە بەرگریکردن لێیان زۆر کتێبیان نووسی و هەموو گوناحەکانیان خستە ئەستۆی مەولا عەلی و سەرزەنشتیان کرد. («مجالس المؤمنین» ٤٢٠) و لە ئەنجـامـدا وایان پێ هات کە لـە خـودی مـوشـەعـشـەعییـەکان نەقیگەلی دوانزە ئیـمـامـی سـەریان هـەڵدا و کـتێب گـەلێکیـان نووسـی جێ پەسندی شیـعـەگـەلی مـیانـەڕەو (شـەرحـی حـاڵی خـەلەف کـوڕی عـەبدولمـوتەلیب لە نەوەکانی مـحـەمـەد فـەلاح و هـەروەها هـیـی کـوڕەکـەی سـەید عـەلیـخـان لە «روضـات الجنات» بڕوانە، ل ٢٤٥ـ ٦)، لێرەدا پێویستە بوترێ کە شیعەگەری لە سەرەتای حکوومەتی سـەفـەوییان تێکەڵێک بووە لە توندڕەوی مـوشـەعشـەعییـەکان و مـیـانەڕەوی دوازدە ئیمامییەکان لەگەڵ حەزێکی سۆفییانە بە کەرامـەت و ویلایەت و ئەمانەش بە هۆی هـاوهـەنگاوی لەگـەڵ ڕۆحی زەمـان بوو کـە فیکری داهێنانەی سۆفیگەری لە سـەری زاڵ بووە....(هەمان، ل ٣٠٤ ـ ٣٠٩)

( لە هێرش و ڕاپەڕینەکەی سەید محەمەدی موشەعشەعدا، خەڵکی هۆوەیزە کە پەیڕەوی مەزهەبی نووربەخشیە بوون و پشتیـان بە پشتگیریی قەرەقـۆیوونلووەکان گـەرم بوو. خـوازیاری هـاوکـاری و یارمـەتیی ئێـسـپـەند مـیـرزای قـەرقـۆیوونلووی دانیشتووی بەغدا بوون و داوای یارمەتییان لێ کرد) هەروەک لە شرۆڤەی (دوب)دا هـاتووە کـە. (دوب). ناوی شـوێنێکە کە مـوشـەعشـەعـیـیـەکـان سـاڵی ٨٤١ لەوێ

دەوردرابوون و ئەمەش پاش داخوازی یارمەتی حۆوەیزە بوو. لە ئێسپەند [تورکمان] بۆ ڕزگاربوونیان لە مەترسیی گەورەی سوپای محەمەد کوڕی فەلاح کە هەڕەشە بوو لە سەریان.

بە وتەی غەیاسی: «دوب، قامیشەڵانێکی لە گیران نەهاتوو بوو (تاریخ غیاثی، ل ٢٤٩، قازی نووروڵڵا نووسیویە: دوب هەرێمێکی نێوان دیجلە و هۆوەیزە و لە یەکەم پێگەکانی ئیبنی فەلاح بووە (مجالس المؤمنین، ٤١٨) و ئەم دژوارییە هۆکاری دەستبەرداربوونی گەمارۆدەرانی شار بوو کە دواتر گەڕانەوە بەغدا و «زۆرێک لە دانیشتوانی هۆوەیزە بەهۆی برسێتی و تینوویەتییەوە گیانیان لە دەست دا» پاش ئەم کارەساتە ئێسپەند (تورکمان) بەنەخۆشییەکی درێژخایەن لە ساڵی ٨٤٨ ک.م کۆچی دوایی کرد (تاریخ غیاثی، ل ٢٥٠-١)

«پایەبەرزانی هۆوەیزە ڕۆیشتنە بەر دەرگای ئێسپەند (تورکمان) و کلیلی شاریان سپاردە دەستی و ئێسپەند هاتە نێو شار و بۆ پاراستنیان، ماڵ و سامانی لێیان وەرگرت تا ئەوەی کە هیچ شتێک بە لایانەوە نەما (لەشکری ئێسپەند بە زۆرەملێ هەموو سامان و ماڵیانی گرت) خەڵکی شار هەموویان لەوێ دەرهاتن و لەگەڵ ئێسپەند شاریان بەجێ هێشت». و هەروەها موشەعشەعییەکان، ل ١٢) کەوا بوو محەمەد کوڕی فەلاح. بەقیەتوسسەیف لەشکری خۆی لە دوب «ئەمانەتدارانی تا ڕۆژی قیامەت» (موشەعشەعییەکان، ل ١٢٥ بە پێی کەلامولەهدی وەسف کراوە) (هەمان، ل ٢٩٩)

شێخ ڕەجەبی بورسی هەڤاڵی مەلا پەریشان دینەوەری سەر بە بنەمای هزری عەلەوییەکانی زاگرۆس لە خوزستان و.... ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، بەجۆرێک کە پێیان وایە؛ (.... وشەی شەعشەعە لە میراتەکانی بورسی بووە کە لە ڕابردوویەکی نزیکدا زێدەڕۆیی لە سەر عەلی (د.خ) فێر دەکرد، دەزانین کە بورسی ڕاو بۆچوونە زێدەڕۆییەکانی لە سەر عەلی (د.خ) کۆ کردەوە؛ لەوانە واجیباتی شەرعی کە لە قورئان هاتبوو، ئاماژە بەکەسانی دیاریکراو دەزانی (ئیسماعیلییەکانیش نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و... وەک مانای پیاو چاکان وەزرین دەکرد) و ئەمە واتای کەلامی ئەو بۆچوونە سۆفییانە بوو کە هەر ناوێکی پاک دەلالەتە لە سەر شتێکی سەربەخۆ و قووڵ (سۆفییە لە ناوەکانی خوا بە صورکونیە واعیان ثابتەت مثل افل تونی)

ڕاڤـە دەکـرد و سـۆفی، دەتوانێ ئـەوە وەکـو چەمکێکـی بەرز بنرخـێنێت تا ببـێـتـە نمانای ئەوە. بەم پێیـە، بە ڕای بورسی، مـەبەست لە نـاوی ئازیزی خـوا، حـەزرەتی محـەمـەد (د.خ) و مەبەست لە ناوی گەورەی خوا، عەلی(د.خ) و بەم شێوەیە سفاتی خـوا دەبێتە کەسـانێک کە وەکو مـرۆڤی هەڵبـژێردراو و جیـاواز لە مرۆڤەکانی تر، نمانا و نیشاندەری ئەون؛ بورسی؛ پاش ئەوە دەڵێت:

«بە پیـرۆزکـردنی سـفـات واتا تاک پەرەسـتی زات» (واتا کـەمـاڵی تاکـپـەرسـتی لەوەیە کە سیفات پیرۆز بکەین و سیفات واتا محەمەد و عەلی و باقیی ئیمامگەل).

(ب، مشـارق الانوار، ل ۱۹۳، ۷۸، ۲۲۹).... ئەم فەلسەفە زێدەڕەوییە کە محەمەد (د.خ) و عـەلی (د.خ) بـە یەکسـان نمـوود و نمانای خـوا و وێنا بووی سـیـفـاتی ئەو ئەژمـار دەکـرد، بەچاکی دەیتـوانـی بنـەمـای بانگەوازی مـوشـەعشـەعییـەکـان پێک بێنێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە محـەمـەد کوڕی فەلاح و کوڕەکەی بەقەد بورسی لە بانگەوازیدا، زێدەڕۆییـان نەکردبوو، بـەڵام بە هۆی سادەیی و ئامـادەیی وەرگـرتنی شـوێنکەوتووانیـان، چوونە پێـشـەوە و پێـویسـتـی حـاشـاهەڵنەگـری بارودۆخ، ئەندیشـەی ئەوانی بە فیکری بورسی نزیک کردەوە....) (هەمان، ل ۳۰۲ـ۳۰۳)

عـەلەوییـەکـانی یارسـان لەو دەمـەوە لە سـەر سـککەی هۆوەیزە سـەر ئەسـپێرن و گوێز دەشکێنن، هەروەک کە ئاماژەمان بۆ کرد، پێوەندیی حاکمانی قـەرەقۆیوونلوو لەگەڵ موشـەعشـەعییەکان و هاوپەیمانیەتی موشـەعشـەعییەکان و نووربەخشییەکان کـە بوو بەهـۆکـاری ڕێگە خـۆشکردن بۆ هاتنە سـەرکاری حـاکـمـانی سـەفـەوییـە، بە سـەرهەڵدانی ماڵباتی شـا مێـهمانی ئاتەش بەیگی، یەکەتی نێوان (مـوشـەعشـەعی، نووربەخش، سەفەویەی یارسان) پێک هات.

## بزاڤ و سەرهەڵدانی سەفەوییانی عەلەوی

سەفەوییە عەلەوییەکان کە هەر وەکو، فەزلوڵڵا نەعیمی تەبریزی و حاجی بەکتاش وەلی و سەید محەمەدی نووربەخش لە سروودەکانی یارسان و کەلامی عەلەویە توندڕۆکان پێگەیەکی دیاریان هەیە، بنچینەی سەرەکیی جووڵانەوەکەیان پێش کۆچیان بۆ ئازەربایجان، ناوچەی کوردستان بووە و کۆی تۆیژەرانی خاوەن ڕا لە سەر ئەوە کۆکن کە ماڵباتی شێخ سەفیەدین ئەردەبێڵی لە سنجاری کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەردەبێڵ و هەموو کات لە سەردەمی سەرهەڵدانی شێخ مووسای عەلەویی هەمەدانی بەرزنجی لەگەڵ جووڵانەوەی ئەم بنەماڵەیەدا بوون، بایەخ نەدانی شێخ سەفیەدینی ئەردەبێڵی بە بانگهێشتنی ئەلجایتوو بەکردنەوەی بیناگەلی سوڵتانییە پاش سەرکوتکردن و شەهیدبوونی شێخ مووسای بەرزنجی نیشانەی دیار و بەرچاوی هەماهەنگی فیکریی ئەم دوو کەسایەتییەیە.

بە پێی ڕوونکردنەوە و دانپیانانی زۆربەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان وەکو باقیی سەرکردەکانی بزاڤی عەلەوییە، شێخ سەفی و ماڵباتەکەی لە سەرەتادا سەر بەمەزهەبی سوننەت و جەماعەت بوون (صفوة الصفا، کاری مزاوی، ل ٤٩ / تصوف و تشیع، ل ٣٧٤) و حەمدوڵڵا موستەوفی دەنووسێ: (ئەردەبێڵ لە دەڤەری چوارەمەوە.... زۆربەیان شافیعی مەزهەبن وموریدی شێخ سەفیەدین) (نزهة القلوب، ل ٩٢) و لە صفوة الصفا هاتووە: شێخ سەفیەدین ئیسحاقی ئەردەبێڵی کوردی سنجاری شافیعی.... لە تەواوی تەمەنیدا ئەوەندە لە سەر شوێنەڕێی شەریعەت هەنگاوی هەڵگرت کە بەتۆزقاڵ لە شەریعەت لای نەدا. نە بەزمان نە بە ئاکار و کردار ـ (صفوة الصفا ابن بزاز، نسخة خطي، کتابخانە ملک، ژمارەی ٣٨٩٤) (دین و مذهب در عصر صفوي، ل ٤١) ئەم شێوەیە تا سەردەمی شێخ سەدرەدین مووسا (٧٠٤ـ ٧٩٤ ک.م) بەردەوام بووە، کۆچی باپیرانی سەفەوییەکان لە سنجار (شەنگار) کە لە یەک سەدوبیست کیلۆمەتری ڕۆئاوای شاری مووسڵ هەڵکەوتووە، ناکرێ پێوەندیی نەبووبێت بە هاتن و ئامادەبوونی شێخ عودەی کوڕی

موسـافـیـر هەكـاری «كـۆچی دوایی ٥٥٧ ك.م» واتا بـەیتكار بـەعلبـەكی شـام بۆ ناوچەی سنجـاره كـە یەزیـدییـەكـان لە دەوری كـۆ بوونەوە و ئـەم دژایەتیـیـەی سەفەوییە و ئیزدییە لە سەردەمی عەلادین عەلی و شا ئیسماعیل بەردەوام بووە بە هەرحاڵ بزاڤی عەلەویەی سەفەوی پێوەندی بوو لەگەڵ رێبازی فیكریی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی لە سەردەمی عەلادین عەلی دەستی پێ كرد و لە سەردەمی كوڕەكەی واتا جونەید كە هاوچەرخ بوو لەگەڵ حوكمڕانیی میرزا جەهانشا قەرەقۆیوونلوو و كاتێ كە بزاڤەكەی موشەعشەعییەكان لە بەرزترین ئاستی خۆیی بوون، پێش كەوت، چونكە: (شێخ شا، شەش كوڕی بوو، كە لە نێویاندا ئاخرین كوڕەكەی واتا شێخ جونەید بوو بەجێگری. شێخ جونەید هاوچەرخ بوو لەگەڵ حكوومەتی میرزا جەهانشای قەرەقۆیوونلوو (٨٧٢ ـ٨٤١/ ١٤٦٧ـ ١٤٣٨) و لێكترازانی سەردەمی تەیمووری، پاش مەرگی شاهرۆخ (٨٥٠ / ١٤٤٦) هەروەها سەردەمی پێشەوایەتیی مەعنەویی ناوبراو هاوچاخ بوو لەگەڵ بزاڤگەلی مەزهەبی. وەكو موشەعشەعییەكان كە باشووری رۆژئاوای ئێرانیان گرتبوو، لەم چاخەشدا بوو كە ئەستێرەناسانی جەهانشا پێشگۆییی راپەڕینی شێخ جونەید و جێگۆڕەكێی سەڵتەنەت و بە تایبەت گۆڕانی مەزهەبیان كرد («عالم آرای صفوی»، ل ٢٧) كە ئەنجامەكەی كۆچی جونەید بوو بۆ دیاربەكر.

كۆچی جونەید بۆ دیاربەكر، لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی سەفەوی لەو سەرزەمینەدا زۆر كاریگەر بوو) (دین و مذهب در عصر صفوی، ل ٤٤ ـ ٤٥).

هاتنی شێخ جونەید بۆ كوردستان، پێشینەیەكی بوو، چونكە هەروەک باسمان كرد عەلائەدین عەلی باوكی جونەید لە كوردستاندا بناغەی تەریقەتی شەبەكی دانا و ئەویش بوو كە لەگەڵ سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی دیداری كرد كە نووسراوەكانی رەوایەتی عەلەوییەكانی یارسان، شێخ سەفیەدینیان بە هۆی یەک لە دوای یەكی و بەرجەستەبوونی نووسیوە، لە حاڵێكدا كە شێخ سەفیەدین (٦٥٠ـ ٧٣٥ ك.م) هەروەک كە ئاماژەی پێ كرا، هاوچەرخە لەگەڵ شێخ مووسای عەلەویی بەرزنجیدا.

بە مەبەستی سەلماندنی یەكەتیی فیكری و شۆڕشگێرانەی عەلەوییەكانی سەفەوی و بزاڤی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەوی بەرزنجی پێش باسكردنی

تێروتەسەل لە سەر ڕەوتی بزاڤی سەفەوییەکان، بەراوردکارییەک دەکەین لە نێوان ئەم دوو بزاڤە؛ ئەم پەیڕەوی بەراوردکارییە لە هەڵاتنی سوڵتان عەلی کوڕی حەیدەر بەرەو ئەردەبێڵ کە سوارانی تورکمەنی بە شوێندا بوون، ڕوون دەبێتەوە، چونکە لەم سەفەرەدا سوڵتان عەلی، نهێنی و ڕەمز و ڕازی ڕێبازی عەلەویەی سەفەوی دەداتە دەستی برای خۆی ئیبراهیم و حەوت کەس لە مەزنانی بزاڤەکە و تاجی باوکی لە سەری دەنێت، بە چەشنێک کە نووسیویانە....کاتێک سەفەوییە هەڵاتووەکان گەیشتنە گوندی شماسی لە دەوروبەری ئەردەبێڵ، بە پێی گێڕانەوەی سەرچاوەکان، سوڵتان عەلی لە مەرگی لە ناکاوی خۆی ئاگادار دەبێ و برای بچووکی خۆی ئیبراهیم بانگ دەکات بۆ لای خۆی و تاجی حەیدەر دەنێتە سەری و بەجێنشینی خۆی دایدەنێ و هەروەها نهێنیی باب و باپیرانی بۆ دەگێڕێتەوە.

دوای ئەم کارە، حەوت کەس لە سۆفییە جێ باوەڕەکانی هەڵبژارد کە چەندکەسیان ئەمانە بوون: حسێن بەیگ لالا، قەرەپیری بەیگ قاجار، ئەبداڵ بەیگ و دەدە بەیگ تاڵش واتا هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا. شێخ عەلی براکانی خۆی سپاردە دەستیان و داوای لێ کردن ئیبراهیم و ئیسماعیل بە سەلامەتی ببەن بۆ ئەردەبێڵ تا ئەو خۆی بتوانێ بەرەنگاری لە ئەوانە ببێتەوە کە بەدوایەوە بوون بەرانبەری بکات.

لە پێکدادانێک کە لە نێوانی ئەواندا ڕووی دا، سەرەتا سوڵتان عەلی سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەڵام لە کاتی هەڵاتنی دوژمن، کەسانی دەوروبەری سوڵتان خۆیان بە تاڵان و دەستکەوتی شەڕەوە خەریک کرد و لە کاتێکدا کە لەگەڵ تاقمێکی بچووک خەریکی ڕاوەدوونانی دوژمن بوون هەر کە گەیشتنە ڕووبارێک، سوڵتان عەلی بە ئەسپەکەیەوە کەوتە نێو ڕووبارەکەوە و بە هۆی گیرکردنی لاقی لە ئاوزەنگییەکەیدا گیری خوارد و بوو بەهۆی خنکانی لە ڕووبارەکەدا.

شازادە خانم مارتا بە پەژارەیەکی زۆرەوە فەرمانی دا کە مەیتی کوڕەکەی بهێنن بۆ ئەردەبێڵ و لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٤٩٤ـ ٩٨٨ ک.م، تەرمی سوڵتان لە تەنیشتی باب و باپیرانی بە خاک سپێردرا.

هەڵبژاردنی جێنشین لە ماڵباتی سەفەوییە، وەکو یازدە بنەماڵە عەلەوییەی زاگرۆسنشینەکە بە پێی زۆربوونی تەمەن نەبوو، هەروەک لە دەقەکاندا باس کراوە

(.... دیاریکردنی جێگر هەموو کات لە کاتی گونجاو لە لایەنی پیر لە کاتی زیندووبوونی خۆی ئەنجام دەدراو بە پێی باوەڕی سۆفییان بەم کارە، ویلایەت لە باوکەوە دەدرا بەکوڕی هەڵبژێردراو ؛ بەڵام دەبێ بزانرێت کە ئەم کوڕە هەڵبژێردراوە مەرج نەبوو کە کوڕی گەورە بێت.

بۆ نموونە دەکرێ ئەوە وەبیر بهێنرێنەوە کە شێخ ئیبراهیم کوڕی سێیەم و شێخ جونەید کە منداڵی شەشەمی باوکی بوو. بوو بە جێگر نە تەنیا پلەوپایەی مەعنەویی بە دەست دەهێنا؛ بەڵکو هەموو میراتی مادی بێجگە لە گومەزو بارەگا، داهاتی موڵک و زەوین و سامانی دەوروبەری ئەردەبێڵ (کلخووران، تاجی بیوک، تەلخاب، ئیبراهیم ئاباد و... دەگرتەبەر دەستی بە سەردا دەگرت. و هەروەها حاکمان بۆ بانگەواز و ڕێنوێنی وەکو عەلەوییەکانی زاگرۆس، خەلیفەیان هەڵدەبژارد و دەیاننارد بۆ ناوچە دوورە دەستەکان: (لە نێوان پیرو موریدان لانی کەم لە کاتگەلێکی دیاریکراودا و بەتایبەت بۆ موریدگەلێک کە لە ناوچەگەلی دووردا، دەژیان، کەسانێکی تر بووبوون کە پێیان دەگوترا خەڵیفە و بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕەکان و پەروەردەی سەفەوییە هەڵدەسووڕان. دواتر ئەم نێوبژیوانانە یان سەرۆکی گرووپەکانی ناوچەکان کەوتنە ژێر ئیرادەی لێپرسراوێکی ترەوە بەناوی خەڵیفەی مەزن یان خەڵیفەی خەڵیفەکان کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٥٠٨ـ ٩١٣/٤ ک.م لە لایەنی شا ئیسماعیلی یەکەمەوە بۆ ئەم پلەیە دانرا، وەکو ڕێبەر و پێشەوای سۆفییانی ئاناتۆلی ناوبانگ و ڕێزێکی فراوانی بەدەست هێنا).

ڕێوڕەسمی چلە و ڕیازەت، ئاوڕدانەوە و گرنگیدان بە خۆر، ڕێوڕەسمی بێدەنگی و زیکری جەهری، قەناعەت بە خواردنی ساکار و... لە دابونەریتەکانی شوێنکەوتووانی شێخەکانی عەلەوییەی سەفەوی بوو کە زۆربەیان لەگەڵ شێوەی ڕەوشتی مەعنەویی عەلەوییەی زاگرۆس وەک یەک بوون؛ چونکە (سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکانیش نیشاندەری ئەمەن کە پەیرەوانی ئەم تەریقەتە ژیانیان بە ڕیازەت دەگوزەراند. ڕۆژیان بە بێدەنگی دەست پێ دەکرد و پێش بەرەبەیان تا دەرکەوتنی خۆر قەت قسەیان نەدەکرد، پاشان بۆ ماوەی کاتژمێرێک خەریکی زیکری جەهر بوون و ئەم زیکرەش لە کاتی ئاوابوونی ڕۆژدا دووبارە دەبووەوە. دوای نوێژی ئێواران قورئانیان دەخوێندەوە، لە خواردنیشدا زۆر کەمیان دەخوارد. زۆرتر

ساوەریان دەخوارد و زۆر ڕۆژوویان دەگرت... دە ڕۆژی کۆتای مانگی ڕەمەزان و دە ڕۆژی سەرەتای مانگی زیحەجەیان لە خەڵوەت و گۆشەنشینیدا دەبردە سەر. لە سەرەتای زستان چلەیان دەگرت و لە هاونشینی لەگەڵ کەسانی دی دووریان دەگرت و ئەوەندە ڕۆژوویان درێژ دەکردەوە و ڕیازەتگەلی سەختیان بەجێ دەهێنا تا ئاستێک دەگەیشتنە قۆناغی بێخودبوونی تەواو) (تشکیل دولت ملی در ایران، ل ١١ـ٨)

لە زۆربەی ئەو بابەتە سەرەتاییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا هێشتاکە لە نێو عەلەوییەی زاگرۆس بە تایبەت ماڵباتی ئاتەش بەیگی کە هاوپەیمان و هاوڕای سەفەویان بوون، باوە بەم تێکەلاوی و پێوەندیی و بەرانبەری و کاریگەریی دوولایەنەی جووڵانەوەی عەلەوییەی سەفەوی هاوکات لەگەڵ بزاڤی موشەعشەعییە و نووربەخشییە لە لای عەلەوییەی زاگرۆس دەستی کرد و (پاش بزاڤە یەک لە دوای یەکەکانی عەلەوییەکان لە ڕۆهەلاتی ولاتانی ئیسلامی، بەتایبەت ئێران،.... شوێن و کات ئامادەی شۆڕشگێڕێکی عەلەوی بوو، هاوکات لێکترازانی دەوڵەتی مەغوول هەلی لەباری بۆ سەرکەوتنی ئەو پێک هێنابوو.

لە حکوومەتی مەغوولی تەنیا بەشێکی بچووک لە ژێر حوکمڕانیی حسێن بایقرا لە هەراتدا مابووەوە و باقی بەشەکانی ئێران و تورکستان و عێراق لە ژێر فەرمانی داگیرکەرانی تردا بوون. بە ئاوڕدانەوە لە پێشوازیی خەڵک لە بانگەوازی نووربەخش و بیرۆکەی دەرکەوتنی مەهدی (د.خ) و ئاڵۆزی و گەندەڵیی دەسەلاتی کە مێشک و بیری هەمووانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو. بزاڤی ئیسماعیلی سەفەوی، پاش تێکۆشانی خەڵکانی زۆر لە پێشتردا، وەکو جووڵانەوەی کۆتاییی عەلەوییە، ڕووی دا و ئاوەها سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنا کە هەموو ڕۆهەلاتی ئیسلامی هەژاند ـ (تشیع و تصوف، ل ٣٦٧) ڕەوانشاد دکتۆر زەریاب خۆیی دەنووسێ: پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوییە لە ئێراندا لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی ولات و خەڵکی ئێران بەشێوەیەکی تایبەت و ئاسیای بچووک بە شێوەی گشتی، پاش دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام و لەناوچوونی دەوڵەتی ساسانی، خەڵک و ولاتی ئێران نزیک بە نۆسەد ساڵ لە یەکەتیی سیاسی و نەتەوەیی دوور بوو. نزیک دووسەد ساڵ لە هەموو ڕووەکانەوە گوێڕایەڵی خەلافەتی گەورەی ئیسلامی بووە و حاکمان و کارگێڕەکانیان ڕاستەوخۆ لە مەدینە و کووفە

و شــام و بەغــداوە دیاری دەکــران. پاش دابەشــبــوونی خــەلافــەتی عــەباسی ویلایەتەکانی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی حاکمانی سەربەخۆی ناوچەییەوە بوون. حوکمڕانیی تورکانی سەلجووقی و ئیلخانەکانی مەغوولی و تەیموورییەکان و فەرمانڕەوا مەزنەکانی قەرەقۆیوونلوو و ئاق قۆیوونلوو بە سەر هەموو خاکی ئێراندا یان بەشێکی گەورەی تەنیا وەکو بالادەستیی ئەم قەومانە لە سەر ئەم سەرزەمینە دێتە ئەژمار، نەک حکوومەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە یەکەتییەکی سیاسیی تایبەت. دەسەڵاتی بەجیهانیبوونی خەلافەتی عوسمانی لە سەدەی نۆیەم و دەسەڵات پەیداکردنی ئارامی ئەو لەسەرەتا لەسەر ئاسیای بچووک و باڵکان و سووریە، فراوانبوونی ئەو دەسەڵاتەی بەرەو ڕۆژهەلات و بە گشتی بەرەو ئێران دەگەیاند و لە ڕواڵەتدا بەرخــودانێکی مــەعنەوی و ســیــاسی بۆ لە هەمــبــەر بەرفراوانبوونە نەدەبینرا. ئێرانیگەل کە باوەڕمەند ئاینی ئیسلام و مەزهەبی سوننەت و جەماعەت بوون، بەرەنگاریی ناوەندێکی سیاسی کە خۆی بە ئالاهەڵگری ئیسلام و پشتگیری حەرەمەینی شەریفەین دادەنا، نەبینەوە و بە هەرحاڵ بوونی دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەتێکی مەزنی ئیسلامییان پێ باشتر بوو لە دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتە ناوچەییەکان کە تەنیا ئامانج و ئارەزوویان لە کۆکردنەوەی ماڵ و داگیرکردنی سامان و موڵکی خەڵکی بوو.

دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی، لە ناکاو ئەم دۆخەی گۆڕی، دەوڵەتێک دروست بوو بە مەبەستی مەزهەبی و لێوانلێو لە جەزبە و هەڵچوونی توندی ئاینی کە لەگەڵ زۆرێک لە ئامانجە قووڵ و دەروونییەکانی خەڵکی ئێراندا دەگونجا. خۆشەویستی بنەماڵەی عەلی کە لە بەرەی زوڵملێکراوی و مافخــوازی و دادپەوەریدا بوون بەدوژمنی خەلیفەکان و والییانی زەوتکار حەق و عەدالەتیان پێشێل دەکرد، سەدەها ساڵ لە ناخ و دەروونی خەڵکیدا ڕیشەی کوتابوو، چەندین جار لە گۆشە و کەناری ئێران حکوومەتگەلی ناوچەیی شیعی پێک هاتبوون، عەلائەدین خارەزمشا کە دوژمنایەتیی لەگەڵ حکوومەتی عەباسیی بەغدا هەبوو بوو، دەیویست خەلیفەی عەباسی لە ناو ببات و کەسێکی عەلەوی لە خەلافەتدا دابنێ. دامەزرێنەرانی دەوڵەتی سەفەوی زیرەکانە لەم ئاوات و ئارمانجە قووڵ و دەروونییانە کەڵکیان وەرگرت و مەهارەت و بلیمەتیی سیاسیی خۆیان دەرخست. جونەید و حەیدەر کە زۆرتر بە شوێن بەدەستخستنی دەسەڵاتەوە بوون لە مەزهەبی سوننە کە مەزهەبی

باب و باپیرانیـان بوو دەسـتیـان هەڵگرت و روویان لە مـەزهـەبی شـیـعـە کرد ئەمـە بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییە بوو کە ئاق قۆیوونلووەکان کە پشتگیری یەکەمیان بوون سـەر بە مـەزهەبی سـوننە بوون. ئەم دوو کـەسـە دیارە لە ناکـاودا بـانگەشـەی سیادەتیشیـان کرد و هەرچەند کە لە بەڵگەگەلی کۆنتردا لە سیـادەتی باپیریان ـ شێخ سـەفیـەدین ـ شـتێک دیارنـەبوو جونەید و حـەیدەر ڕەگـوڕیشـەی خـۆیان بۆ ئیمـامی حەوتەمی شیعەکان گەڕاندەوە. ئەڵبەت مەسەلەی سـەیدبوون یان نەبوونی سەفەوییە شتێک نییە کە بە پێی پێویست ڕوون کرابێتەوە.

بەهەرحاڵ جونەید لە ڕێگەی پلانە سیاسییە زیرەکانەکانیـەوە توانیی پشتگیریی گەورەترین ئەمیری دەوران کە ئۆزۆن حەسەن بوو بە دەست بهێنێ و لە خزمایەتیی ناوبراو کـەڵکی وەرگـرت و بەنهـێنی بـەکـەڵکوەرگـرتن لە مـانەوە لـە دیاربەکـر و ئاناتۆلیدا خێڵە شیعە تورکمـانەکانی بۆ لای خـۆی ڕاکێشا و بەرمـاڵی ڕێنوێنی و هیـدایەتی ڕاخـست و دڵی هەزاران شـەڕکـەری نەترسی بەدەست هێنا و هـاوکـات پاشکەوتێکی گـەورەی هـێزی مـاددیـی کۆکـردەوە و زۆری پێ نەچوو کـە لە بەرچاو لایەنگران و خـزمەکانی پێشـوو کـەوت. ئەگەرچی دەڵێن شـا ئیـسمـاعیل بنیـاتنەری حکوومەتی سەفـەوییە ؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە باپیری (جونەید) و باوکی (حەیدەر) بوون کە ئەم حکوومەتە بە هێز و دیاردە هەژەندەیان لە ڕۆهەڵاتدا دامەزراند و گەر یارمـەتی و لێهـاتوویی لەگەڵ سـەبر و خۆڕاگری و نەخشـە زیرەکانە و کـارامەکانی ئەم دوو کـەسـە نـەبووایە شـا ئیـسـمـاعیل قـەت نەدەهاتـە سـەرکـار ـ (پێـشـەکـیی پێکهـاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئێراندا) دەستـپێکی جـووڵانەوەی سـەفەوییـەکان و سـەنجاری کوردسـتان بـوو لە سنجـالی ئازەربایجـان گـەیشـتـە ئامـانج، چونکە؛....

مـێژووی ناسـراوی سـەفـەوییـە بە پیـاوێک بە ناوی فـیرووز کوڕی مـحـەمـەد، کوڕی شـەرەفشا دەسـتی پێ کرد و بەرفـراوان بوو [«مـێژووی شـا ئیـسمـاعیل» نووسـەر نادیار، دەسنووسـی کتێبخـانەی زانکۆی کەمبریج بە ژمارەی ٢٥٥ Add وەرەقەی ٣ ئەلف) ئیبنی بەزازی بەمبەئیی ٣٢٩، ل ٢؛ «سلسله النسب صفویه» دەسنووسـی زانکۆی کـەمبـریج بەژمـارەی ١٢، H. Browne وەرەقەی ب؛ «عـالم آرای عبـاسـی» ١/٨ ب] و ڕێبەرایەتی کرد. کە لە سنجال یەکێ لە گوندەکانی ئازەربایجانی باکور («معجم البلدان» یاقوت ١٤٦/٥؛ («الانسـاب» وەرەقەی ٣١٢ ب). دەسـتی پێ کرد و پەرەی سەند.

(چونکە کـۆچەرانـی کـورد لـە ســەر ئەو عــادەتە بـوون کـە کـۆچیــان بـۆ هەر ســەرزەمـینێک بکردبایە یان بە پێی فـەرمـان نـیشـتـەجێ دەبوون، ئـەو شـوێنەیان بەنـاوی بنچـینە و ســەرەتای خـۆیان نـاو دەنا) شـێخ ســەفـیــەدین ئـەردەبێـلی و کوڕەکەی سـەدرەدین مووسا لە مەزنانی جێ باوەڕی عەلەوییـەکانی زاگرۆس بوون؛ ئەوەندەی کە سـەید محـەمـەدی نووربەخش لە سـەر سـەدرەدین مـووسا نووسـیویە: ئەو لەفتـیان و ئەوتادی ئەولیا و لە جـوامێریدا کەسێکی تەواو بوو.... و نەداران و هەژارانـی تێـر دەکـرد (مـجـالس المؤمنین، ل ٢٧٣) پێگەی شـێخ ســەفـیــەدین و پاشـمـاوەکـانی لە بـەرهەمـەکـانی ڕەوایەتی و نـووسـراوی عـەلەوییـەکـانی پەیڕەوی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاقی عەلەویی بەرزنجی بە ئاماژەیەک یادمـان لێ کرد ـ ( ب سروده–های دینی یـارسان، ل ٤٧ ـ ٤٦) شێخ سـەدرەدین مووسا لەگەڵ حاکمـانی مــەغــوول لە ســاڵی ٧٥٨ ک.م لە شــەڕدا بوو، بەم هۆیەوە لە دوورخــســتنـەوە لە تەورێزەوە هەڵهات بۆ گیلان.

(... پاش ســەدرەدین، ڕێبـەرایەتی کـەوتە دەست بـە عــەلادین عــەلی [«الضــوء اللامع»] سـخـاوی ٢٩/٦ کـە هەمـیشـە بەرگی ڕەشی لە بەر دەکـرد و بە سـیاپۆش ناوبانگی دەرکرد ـ («تاریخ شـاە اسمـاعیـل» ورقـەی ٨ ب) ناوبراو لە رادەبەدەر لە خـواترس بوو. لە چەند دانیـشـتنێکیـدا، تەیمووری بینیـبـوو و گـێـڕاویانەتەوە کـە جـارێک ژەهری خـواردووەتەوە ـ («سلسلە النسب صـفـویە» ورقـەی ٣٤ الف و ب) هەر ئەو کارەی کە سۆفییەکانی ڕفـاعی دەیانکرد. و هەروەها نووسـیویانە کە ئەو: تەیمووری لـە بوونی ئیــزیدییــان کــە لە حــەقی مــەعـاویە بـاوەڕی چاکیــان هەبوو، ئاگـادار کـرد و هـانی دا بۆ ســەرکـوتی ئەوان) (تشـیـع و تصـوف، ل ٣٧٧) بەرگی ڕەشی عـەلائەدین عەلی (کـۆچی دوایی ٨٣٠ ک.م) هـاوبیـری ئەو دەگـەینێت لـەگـەڵ بزاڤی نووربەخشیە کە لە کۆتاییی ژیانی ئەودا دەسـتی پێ کرد (٨٢٦ ک.م) بەجێ عـەلادین عـەلی بە هەڵە لـە بەرهەمـە ڕەوایییـەکـانی عەلەوییـەکانی زاگرۆسدا ناوی شـێخ سـەفیـەدین نووسـراوە لە دیدار لەگـەڵ سـوڵتـان سـەید ئیـسـحـاقی عـەلەویی بەرزنجی و ئەمـە چەرخی و دیدار و هاوفیکری و وەک یەکیی ئەم دووکەسایەتییە نیشان دەدات هەروەها شەڕی عەلادین لەگەڵ یـەزیدییەکان و هـەر بـەو شێوەیەی کە ئاماژە کرا، ئەم دژایەتی و ڕووبەڕوو بوونـەوە ڕیشـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ هـاتنی شـێخ عودەی موسـافیـر بۆ سنجـار و کۆچی باپیرانی سـەفەوییـان لە سنجـارەوە نییـە بە

سـەرنجـدان بە باوەڕی تـەیموور لـە ئاوڕدانـەوە و گـرینگیـدان بە مـەعـاویە و ماڵباتەکەی ئەو ناڕاحەت بوویێت. پێوەندیی عەلائەدین عەلی لەگەڵ پادشاکانی تەیمووری بەردەوام بوو، لەوپەڕی لێهاتوویی سیاسییەوە بەپێچەوانەوە فەزلوڵلا تەبریزی ڕۆژگاری بەبڵاوکردنەوەی ئەندیشەی خۆی و بانگەوازی لە نێو خەڵکدا دەبردە سەر.

(.... هەروەها کوڕ و جێگرەکەی تەیموور واتا شاهڕۆخ کاتێک لەگەڵ قەرەیوسف ڕێبەری قەرەقۆیوونلوو لە شەڕدا بوو، لە کاتی لەشکرکێشی بەرەو ئوردووی زستانەی قەرەباغ لە سەرەتاکانی مارسی ١٤١٢ = زیقەعدەی ٨١٤ ک.م لە دیدار لەگەڵ شێخ خاجەعەلی خۆی لا نەدا و لەگەڵی کەوتە کێشە لە سەر هاوکێشەکانی ڕۆحانی و ئەخلاقی ) (تشکیل دولت ملی در ایران، ل ١٦).

عەلادین عەلی لە سەفەرەکانیدا بۆ کوردستان، کۆمەڵێ لایەنگری و فیدایی لە سەر ڕێبازی فیکریی عەلەوییەکانی زاگرۆس بۆ خۆی پەیدا کرد کە بە(شەبەک) دەناسران و بەپێچەوانەی گومانی مامۆستا غولامرەزا ڕەشید یاسمی (ب، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ل ١٢٥) عەلی ڕەش، بەپێی بۆچوون و باوەڕی شەبەکەکان هەمان عەلادین عەلی سیاپۆشە کە بە کوردی بە (عەلی ڕەش) بانگیان دەکرد: نە حەزرەتی عەلی کوڕی تالب، چونکە ناوی عەلیی سیاپۆش لە کتێبە عەرەبییەکاندا بە شێوەی «عەلی سیا» هاتووە و سەخاوی بە ناوی «مورشدی سۆفییەی عیراق» ئاماژەی بە ناوبراو کردووە ـ («الضوء اللامع» ٩/٦ دیارە کە مەبەستی عیراقی عەجەم بووە. هەر بەو جۆرەی کە فەرمانی، حەیدەر لە نەوادەکانی عەلیی سیاپۆشی بە «خاوەنی عیراقی عەجەم» ناوبردووە، (اخبارالدول، ٣٤٨) و ئاماژەی بە پەرینەوەی لە شام کاتی گەڕانەوەی لە مەککە لە ساڵی ٨٣٠ ک.م، لەگەڵ تاقمێک لە پەیڕەوانی کردووە، لەمەڕ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، سەخاوی ئاماژە دەکات کە عەلیی سیاپۆش چەند ساڵ لە شامدا مایەوە و لە سەر پێوەندیی موریدەکانی لە گەڵیدا دەنووسێ: «باوەڕێکی ئەوەندە بەهێزیان بە پیری خۆیان هەیە کە باس ناکرێت. («الضوء اللامع» ٩/٦ ـ ٣٠) ( هەمان، ل ٣٧٨) ئەم موریدانە کە ناویان دەبەن هەر ئەو شەبەکانەن کە بۆ ناساندنیان هاتووە کە:

شەبەک گرووپێکی کوردین کە زۆربەیان لە مووسڵ، دەژین و پێوەندییەکی نزیک لە نێوان ئەوان و بەکتاشییە و قزڵباشییە هەیە،... تەنیا دەچنە سەر گۆڕ، ئیمامەکان، ئەوان وەکو بەکتاشییە لە ئیمامەکان ڕێز دەگرن و بەشێک لە ئەو باوەڕ و نەریتانە و لە جەژن و نزاکانیان کەڵکی لێ دەگرن، ئەوان کەسایەتیی ڕۆحانی بەناوی «بابا» یا «پیر»یان هەیە و لە لای ئەو دان بە تاوانەکانیاندا دەنێن و ئەویش دەیان بەخشێت. ئەوان زۆر بەتوندی لایەنگری عەلی (د.خ) دەکەن و لە نزاکانیاندا لە حاجی بەکتاش و سەرانی قزڵباش دەپاڕێنەوە. لە نێویاندا ژمارەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە و بابا کە کۆبوونەوەگەلێک ڕێک دەخات زۆرجار ژمارەگەلی چل، چواردە، دوازدە، حەوت، پێنج و سێی بەزاردا دێن، چل، عارفگەل و خواناسانن کە سەرۆکیان عەلی (د.خ) و هەموو شەوێکی جومعە و دووشەممە لە ئەشکەوتێک لە سنجار (کە ئاخێزگەی ماڵباتی سەفەوییە و لە نزیک شوێنەو پیرۆزەکانی یەزیدیانی موسافری) کۆ دەبنەوە و ئەرکیان یارمەتیدانی چەوساوەکانە و کەس بۆی نییە ئەوان ببینێ و بناسێت. بەڵام (ئون درنلر) دوازدە ئیمام لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) و فاتیمەی زارادان (س.د). ئون ئیلکیر، هەر ئەو دوازدە ئیمامە مەعسوومەن. یەکەمیان عەلی (د.خ) و ئاخریان ئیمامی غایب مەهدی (د.خ)، بەڵام (یدیلر) بەم مانایە کە کەسی خوازیار، حەوت قۆناغێ کە بریتین لە: ئەوینخوازی، مەعریفەتی بەخوا، دنیاپەرێزی و دوورەپەرێزی، یەکەتیی، سەرسامی و فەقرو فەنا و لە خوا تێ پەڕێنێت و ناوگەلی مونتەسەب، مورید، قەلەندەر، ڕند و قوتبی لێ دەنرێت.

بشلر، بە واتای پێنجە، بریتییە لە: پێنج کەسی ئالی عەبا کە پلەوپایەیەکی خواوەندین، ئوچلو، خوایە و محەمەد و عەلی و لە زۆربەی نزاکاندا بەجۆری (ئەلف) ئەڵڵا، (م)، محەمەد، عەلی (د.خ) ناوی لێ دەبەن، کتێبێکی پیرۆزیان هەیە بە ناوی (مەناقیب) لە سەر ئاداب و ڕەوشت نووسراوە و دیمەنەکانی شێخ سەفیەدین و شێخ سەدرەدین لە خۆ دەگرێت.

ئەوان لە هیچ نازانن و تەنیا باوەڕیان وایە کە دۆستی لەگەڵ عەلی (د.خ) چاکەیەکە هەر گوناحێک لە نێو دەبات. لە ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەمدا بە بۆنەی کوژرانی ئیمام حسێن شین دەگێڕن و بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی عاشوورا ئەو شەوە هەمووان پێڵاوەکانیان دەردەهێنن و بە پێی پەتی هاتوچۆ دەکەن. ئەم شەوە

لای هەمووانیان ناوی «لیلة الکشفة»یە.

دەتوانرێ ئاماژە بە شەوی غوفران بکرێت، لەم شەوە ژنان و پیاوان لە شوێنێک کۆ دەبنەوە و شین و زاری دەکەن و لێخۆشبوونیان لە خوا دەوێت کە ئەوە ڕێگایەکە بۆ چوونە ناو تەریقەتی سۆفییە و ئەم جەژنە بە «عزرگیجەسی» ناودەبەن (« الشبک، ل ٤٥ ـ ٥٨ و ٩٦ـ ١٣٠ / فرهنگ فرق اسلامی، ل ٢٥١ / دائرة المعارف الاسلامیة، ب ١٣، ل ١٦٢ـ ١٦٤) ـ (پژوهشی دربارەی طوایف غولات اسکندر اسفندیاری، ل ١٨١)

عەلائەدین عەلی بێجگە لە گەشت لە کوردستاندا و ناوچەی شوێنکەوتووانی سوڵتان سەید ئیسحاق عەولەوی بەرزنجی و سازدانی هاوپەیمانی فیکری و شۆڕشگێڕانە لە گەڵیدا، وەکو سەید محەمەد نووربەخش لە سەر زەمینی بزاڤەکە سەرهەڵدانی موشەعشەعییەکان کەوتە گەڕان و بانگەواز و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی؛ وادیارە کە خەریکی کارە سەرەتاییەکان بووە، بەڕێککردنی باری ڕامیاری و لەشکری بزاڤی عەلەوییەی زاگرۆس لە ئازەربایجان تا خووزستان. چونکە خاجەعەلی ماوەی دوازدە ساڵ لە دزفوول و ناوچەکانی دەوروبەر خەریکی بانگەواز و ڕێنوێنیی خەڵکی بووە («ابدال زاهدی»: سلسله النسب صفوی، ل ٤٧)

خاجەعەلی چەرخە لەگەڵ تەیموورد، لە (سلسلة النسب الصفویة) ڕاضەی سێ دیداری خاجەعەلی لەگەڵ تەیموورد کراون کە دووجاری لە دزفوول و جارێکی لە ئەردەبێل بووە، کە داستانی دیداری ئەردەبێڵ سەرنجڕاکێشە و چونکە بەشێک لە مێژووی قزڵباشییانە لێرەدا دەیهێنن: «تەیموور پاش داگیرکردنی ڕۆم لە گەڕانەوەی، لە ئەردەبێڵ دەڕوات بۆ دیداری شێخ خاجەعەلی و هەر ئەو جۆرەی کە شێخ لە دیداری دزفوول پێشبینیی کردبوو، مەجبووری دەکات کە پیاڵەیەک ژەهر بخواتەوە، شێخ ژەهرەکە دەخواتەوە و موریدەکانی خەریکی نزاو دوعا دەبن و خاجە خۆی مورشیدی دەکات. تەیموور سەرسامی دەبێت و باوەڕی پێی دێنێ و هەموو ئەسیرانی ڕۆمی کە وەکو دەسکەوتی شەڕ بە دەستی هێنابوون پێشکێش بە خاجە دەکات و بە فەرمانی خاجەعەلی ماڵانێک بۆ نیشتەجێبوونیان لە دەوری شوێنی ژیانی شێخ دیاری و ساز دەکرێت و نەوەکانی دوای ئەوان بە سۆفییەکانی ڕوملۆ ناوبانگ دەردەکەن ـ (سلسلة النسب صفویة، ل ٤٩/ عالم آرای صفوی، ل

٢٣) ( دین و مـذهب در عصـر صـفـوی، ل ٤٣) و بەم جۆرە عـەلادین عـەلی بزاقی عـەلەویەی زاگـرۆسی لە ئازەبایجـانەوە تا خـوزسـتـان کـە یەکەتیـەکی رۆحی و فیکرییـان هەبوو، بە قبـووڵکردنی شێوەو ڕێبـەرایەتیی سـوڵتـان سـەید ئیسـحـاق عەلەوی بەرزنجی، یەکدەست کرد. شێخ خاجـەعەلی لە نێوان سێ کوڕەکەیدا، واتا جەعفـەر عەبدوڕەحمان و ئیبـراهیم، ئیبراهیم ناسراو بە شـێخ شای (کۆچی دوایی ٨٥١) کردە جێگری خۆی. ئیبراهیم دەسـەڵات و توانای باوکی نەبووە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووە کـە مـێـژوونووسـان شـێخ جـونەیدیان بەکـوڕی خـاجـەعـەلی زانیـوە و ئیبـراهیـمیـان نەنووسـیـوە ـ (عـالم آرای صفوی، ل ٢٦) ـ ]دین و مـذهب در عصـر صـفوی، ل ٤٤]= زانیـارییـەکمـان بەدەسـتـەوە نییە کە شێـخ جونەید لە سـاڵی ٨٥١ ک.م، چەند سـاڵە بووە؛ بەڵام بە هـەر چۆنێک بووبێت وەکو شـەشـەمین کوڕی باوکی کـە هیچ زانیارییـەک لەسـەری نییـە، لەو کاتەدا لاو بووە، سـەرەڕای ئەمانەش گوایە شـێخ جـەعـفـەر (مـامی) سـەرپەرشـتیی ئەوی بەدەسـتـەوە بووە. جونەید، پیـاوێکی نائـارام و بێ قــەرار و وەڕەز بـووە، نە تـەنیــا لـە پەروەردەی نـهــێنی و شـــاراوەی تەریقەتی خۆی کـە لە زەمانی ـ باپیری خاجەعەلی ـ بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەریی مـەزهـەبی شیعـەدا بوو، گۆڕانکاریگەلێکی تێدا کرد و دەوڵەمەندی کرد و هـەروەها بە کێشـانی زۆرێک لە مـوریدان و شـوێنکەوتووانی نوێ، نەخشـەگەلێکی بۆ گـرتنە دەستی دەسـەڵات ساز دا.

ژمـارەی زۆری ئـەو سـۆفی و شـوێنکەوتووانـەی کـە لە دەوری شـێخ جـونـەید کـۆبووبـوونەوە، بووە هۆی بێـزاری و گـومـانی جـەهـانشـا، فـەرمـانڕەوای خـێـڵی قـەرەقـۆیوونلوو، هەروەها ئـەمیـرانی تری ئەو سـەردەمـەی ئازەربـایجـان، بە هۆی ئەوەی کە پەیڕەوان و لایەنگرانی شـێخ بە خێزان و ماڵ و مـوڵکیانەوە لە دەوری ئەو ژیانیـان دەبردە سـەر، ئەردەبێڵ وەکـو لەشکرگـایەکی گـەورە بوو، هەرچەند کـە چ چەکێک بەدی نەدەکرا. جـەهانشـا بە باشی نەدەزانی کە بەهێزی لەشکری لەگەڵ پیـاوێکی ئاینی سەر بە مـەزهەبی شیعـە بکەوێتە شـەڕ، هـەروەها خۆی شیـعـەیەکی باوەڕمـەند بوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانـە بڕیاری نووسـینی نامـەیەکی دا بۆ شـێخ جـەعـفـەر تا داوای لێ بکات کـە بێ سـێ و دوو برازاکـانی خـۆی بنێـرێت بۆ ئەو ناوچەیە.

ئەم فـەرمـانڕەوا تـورکمـانە ئەو کێشـەیە بوو کە لە نێوان شـێخ جـونەید و شـێخ

جەعفەردا چێ بووبوو بەتەواوی ئاگاداری، چونکە یەک لە کچانی خۆی دابوو بە کوڕی دووەمی جەعفەر کە ناوی سەید قاسم خان بوو. شێخ جەعفەر بە ڕووی کراوەوە بەم داواکارییەی خەزووری کوڕەکەی وەڵامی ئەرێنیی دایەوە و بەم کارە ئیدارەی گومەز و بارەگا و خانەقاکەی یەکسەر دەکەوتە دەستی، لە ئەنجامدا چونکە ناوبراو بەشێوەیەکی بەردەوام هەڕەشەی لە جونەید دەکرد کە ئەگەر ئەم کارە دوا بکەوێ، ڕەنگە خێڵی قەرەقۆیوونلوو بە لەشکرەوە بێنە مەیدان و لە لایەکی ترەوە جەهانشا بێ وەستان، یەک لە دوای یەک پەیامنێرگەلێکی تایبەتی بۆ بەکردەوەییکردنی داواکەی دەنارد بۆ ئەردەبێل، شێخ جونەید بەناچار لەگەڵ دەستەیەک لە وەفادارترین یاران و موریدانی خۆی ئەردەبێلی بە جێ هێشت. ئەم ڕووداوە دەبێ لە ساڵی ١٤٤٨ = (٢ / ٨٥١ ک.م) ڕووی دابێت. (تاریخ اسمعیل، ل ١٤؛ احسن التواریخ، بەشی ٩، ل ٩٨٦- سلسلە النسب صفویە، ل ٥٠: نسخ جهان آرا تألیف قاضی غفاری، ل ٤٧ ط؛ صحائف الاخبار تألیف منجم باشی، جلد سوم ل ١٨٠، تاریخ عالم آرای عباسی، ل ١٣؛ جواهرالاخبار، تألیف منشی بوداق، ل گ ٢٨١، تاریخ حیدری، حیدر ابن علی حسینی رازی، ل ـ٥٧٤)

لە سەردەمی بانگخوازی و ڕێنوێنیی شێخ جونەیدا کە سنوورەکانی کوردستانی تێ پەڕاند و گەیشتە وڵاتی ڕۆما، فەقێ و پیاوانی ئاینیی ئەوێ لە ترسی بڵاوبوونەوەی بزاڤی عەلەوییەکان کەوتنە خۆ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و لەقاودانی ڕێوڕەسمی عەلەویەی سەفەوی، بەچەشنێک کە لەمەڕ چۆنیەتیی ئاکار و کردار و باوەڕەکانی ئەوان لەوێ هاتووە، کە؛ (بە پێی مەزندە و گومان دەتوانرێت بەکاتی هاتنی شێخ بەرەو قەرەمان ساڵی ١٤٥٠ = (٨٤٥ ک.م) دابنرێ. وا دیارە کە ناوبراو ماوەیەکی زۆر لە قوونیە نەماوەتەوە. چونکە بە هۆی کۆبوونەوەگەلی مەزهەبی کە لە نێوان ناوبراو و ڕێبەری سوننە مەزهەبی ئەو شوێنە (عەبدوللەتیف)، کە پەناگەی ئەو بوو؛ زووبەزوو تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی باوەڕی و فیکرە مەزهەبییەکانی بۆ ڕوون بووبوونەوە، بەشێوەیەکی ئاشکرا باوەڕە تایبەتییەکانی جونەید لەو سەردەمەدا لە سنووری مەزهەبی شیعەش تێ دەپەڕن و وەک باس دەکرێ کە شێخ عەبدوللەتیف میوانەکەی خۆی بە هۆی بۆچوونی تایبەت و سەیروسەمەرەی سەرکۆنە دەکرد و ئەوی بە بێ دین ناو بردووە.. ( تواریخ آل عثمان، عاشق پاشازادە، ل ٢٦٥؛ بدرالدین، ل ٨١ (وەرگێڕاوی بینگر))...

بەڵام شــێـخ عــەبدوڵلەتیف نەیدەویست بەم ئاســانـیــیــە واز لە جــونەید بێنێ، دەستبەجێ بە ئەمیری ئەو ناوچەیە ئیبراهیم بەیگ قەرەمان ئوغلوو ڕای گەیاند کە چونکە شێخ جونەید پابەند بەسۆفیگەری نییە، بەڵکو ئاینی خوایی و ڕەسوول بە نادروست و ناڕەوا دەزانێت [مەبەست مەزهەبی سوننەیە و شیعەی لەسەر خۆ فیقاهەتی،] و تەنیا بە شوێنی دەسەڵاتدایە و سەروەری دونیایی، ئەوی لە خۆی دوور خستووەتەوە، پاش گەیشتنی هەواڵی ئەم مەترسییە دەسبەجێ فەرمانێکی دەرکرد بۆ سەرکردەی تورکمانانی ورساق و فەرمانی دا کە دەبێ شێخ جونەید دەستگیر بکات. (شێخ جونەید هەڵات بۆ سووریا).

شێخ جونەید لە سووریادا بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵگەلێکی بەرفراوانی کاریگەری دا بۆ کـۆکـردنەوەی لایەنگری نوێ. سـۆفـیگەلێکی زۆر لە سـووریا و ڕۆمـا و مێزۆپۆتامیا لە دەوری کۆ بوونەوە (تواریخ آل عثمانی، عاشق پاشازادە، ل ٢٦٦: نسخ جهان آرا قازی غفاری، ل ٤٧ گ) لە نێو ئەم کۆمەڵەیەدا لایەنگرانی پێشووی شێخ بەدرەدین کە بە دوژمنایەتیکردن لەگەڵ خوا تاوانبار کرابوو لە ساڵی ١٤١٦ = (٨١٨/٩ ک.م) لە ڕۆمای ئیلی توانی بزاڤێکی مەزن لە دەروێشگەل ساز بدات کە سولْتان محەمەدی یەکەم سولْتانی عوسمانی بە هەوڵێکی زۆر، توانیی بە سەریدا زاڵ بێت و لە نێوی ببات (بابینگر، ل ٥٥ تا ٦٤).

شێخ جونەید پاش شەڕ و هەڵاتنگەلی زۆر و کوژرانی یارانی لە شەڕ لەگەڵ حاکمی حەلەب کە لە لایەن فەرمانڕەواوە ئەرکدار کرابوو، هەروەها ڕەفتارێک کە ئیلاتی تورکمەن و کورد لە گەڵیان کرد لە ساڵی ١٤٥٦ = (٨٦٠/١) ک.م، بوو بە هاوپەیمانی ئۆزۆن حەسەن تا یەکێتییەک لە بەرانبەر جەهانشای قەرەقۆیوونلوودا پێک بێنێت.

..... لە سەر ململانێی نێوان کە ئەم دوو کەسە (ئۆزۆن حەسەن و شێخ جونەید) بوویانە و پێوەندیی نێوانیان سەرچاوەگەلێ کە لە بەردەستدان شتگەلێکی دژ بە یەکیان نووسیوە، بەڵام هەموویان لە سەر ئەو باوەڕەن کە شێخ جونەید دوای چوونە دەرەوەی لە ترابوزان، واتا کۆتاییی ساڵی ١٤٥٦ـ (٨٦١) ک.م ڕۆیشت بۆ حەسکەیف لە کوردستان، ئەڵبەت دەبێ بزانرێتی تێدایە مەبەست دەڤەری حەسکەیفە نەک ئەو شارە بازرگانییە کە لە کناری دیجلەدا هەڵکەوتووە و قەڵایەک

کە لەوێیە و لەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە پاشماوەکانی سەربەخۆی ئەیوبیدا بوو (لە ماڵباتی سەلاحەدین) و سەربەخۆ بەڕێوە دەبرا. بە پێی نووسراوەکانی احسن التواریخ، ئۆزۆن حەسەن کە ئاگاداری کێشە و دوژمنایەتیی نێوان جونەید و فەرمانڕەوای قەرەقۆیوونلوو بوو، نامەیەکی نارد بۆ شێخ کە لە حەسکەیفدا بوو و لەو نامەدا ڕێز و دۆستایەتیی خۆی پێ ڕاگەیاند و شێخ جونەید هەروەک لە کتێبی (احسن التواریخ) لەمدا باس کراوە پەیامە زۆر خۆشحاڵ بوو.

بە پێی وتەی مێژوو نووسی تورک عاشق پاشازادە، ئۆزۆن حەسەن لە سەرەتاوە لەگەڵ شێخ، دوژمنایەتیی هەبوو و تەنانەت بەندی کرد. تەنیا کاتێک کە جونەید بۆی سەلماند کە دەتوانێ لە شەڕ دەگەڵ دوژمنی هاوبەشیان واتا جەهانشادا پشتگیریی بکات ئۆزۆن حەسەن متمانەی پێ کرد.

دژوارە بزانین، ڕاستییەکە چ بووە؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە ئۆزۆن حەسەن لەگەڵ دەروێشەکان نەرمونیان بووە، دەکرێت زۆرتر باوەڕ بهێنرێت بە سەرچاوە فارسییەکان لە بابەتی هەڵسوکەوت لە بەرانبەر شێخ جونەیددا (تشکیل دولت ملی در ایران صص ١٧ـ ٢١، ٢٣، ٣٦) سەفەر و دیدارە سیاسی مەزهەبی مەزنانی سەفەوی، بە تایبەت عەلائەدین عەلی و جونەید بۆ زێدی ماڵباتی سەفەوییە؛ واتا کوردستان، بوو بە هۆکاری دروستبوونی دوو ڕێبازی بە هێزی شەریعەتی و تەریقەتی لەم دەڤەرەدا، بەجۆرێک کە ئاماژە بە نیشانە تەریقەتییەکانی کرا؛ (سەفەری شێخ جونەید بۆ دیاربەکر سەرەڕای بڵاوکردنەوەی تەریقەتی سەفەوی، خاڵی لە قازانجی سیاسیشی بۆ ماڵباتی سەفەوی بەدواوە بوو، جونەید پێش گەیشتنی بەدیاربەکر (لە سەرچۆنیەتیی بڕیاردانی بۆ ڕۆیشتنی بۆ دیاربەکر. سەیری، عالم آرای صفوی، ل ٢٩)

ماوەیەک لە ئەربیل (هەولێر) لە لای شێخێکی سەفەوی بەناو شێخ محەمەد کوڕی ئۆوەیس هەولێری مایەوە و لەگەڵ کچی شێخ ژیانی هاوسەریی پێک هێنا و هەروەها ماوەیەک لە کلنەر (نزیکی حەلەب) و لە حەلەب مایەوە و لەوێوە ڕووی کردە جەبەل مووسا (ئەنتاکیە).

چالاکیی بانگەوازخوازانەی شێخ کە هەم ڕەهەندی مەعنەوی و هەم زەمینەی سیاسیی هەبوو، لە «هەولێر»ەوە دەستی پێ کرد و هەر ئەم چالاکییانە بوون کە

بوونە بەهۆی گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی سەربە گرووپە شیعەکان،

گرتنەبەری ئەم مێتودە هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی بوو لە نێوان ئەو و شێخ ئۆوەیس (ئەربیل)یدا کە بەچەشنێک ناکۆکییانە تەنانەت لە ژیانی شەخسیی شێخ جونەیددا ڕەنگیان دایەوە و بوون بەهۆی جیابوونەوەی ناوبراو لە هاوسەرەکەی (کچی شێخ ئۆوەیس ئەربلی)، بانگەوازییەکانی شیعەگەری کە زێدەڕۆییی زۆری پێوە دیار بوو نە تەنیا لە لای شێخ ئۆوەیس ئەربیلی خۆش نەبوو؛ بەڵکو خەڵکی حەڵەبیش پێیان خۆش نەبوو. بەتایبەت کە شێخ لە شامدا چەندان جار خەڵکی لە ڕاپەڕین دژی دەسەڵات هان دابوو (ابوالقاسم طاهری: مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە مەرگی تەیموورەوە تا مەرگی شاعەباس (تاران ١٣٥٤، ل ١٣٤) بەهەرحاڵ پاش پێکهێنانی کۆبوونەوەی فەقیهەکان و بە تاوانبار ناساندنی ناوبراو (٨٦١ / ١٤٥٦) هێرشیان کردە سەری و زۆرێک لە شوێنکەوتوانیان کوشت. دوای ئەم ڕووداوە بوو کە شێخ جونەید ڕووی لە دیاربەکر کرد. لە دیاربەکردا لەگەڵ ئۆزۆن حەسەن ئاق قۆیوونلوو کە ئەم دەڤەرە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو ئاشنا بوو (٨٧٢ ـ ١٤٦٧ / ٨٤١ ـ ١٤٣٨) هەر لەم سەفەرەدا بوو کە لەگەڵ خوشکی ئۆزۆن حەسەن، خەدیجە بەیگوم ژیانی هاوسەریی پێک هێنا. لەڕاستیدا سەرکردایەتی مەعنەویی شێخ سەفیەدین کە لە سەردەمی کوڕەکەی واتا شێخ سەدرەدین بەجۆرێک لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی تێکەڵ بوو، لەژیانی پڕ لە خەباتی شێخ جونەیددا بوو بە بزاڤێک کە لایەنی سیاسییەکەی زۆر بەهێز بوو: «کاتێک نۆرەی بانگەواز و ڕێنوێنیی گەیشتە سوڵتان جونەید.... حەزرەتی بانگەشەی سەڵتەنەتی (صور)ی کرد» (زينب المجالس، بە گوێرەی: m mazzavi (the origihsof the safawids P 72) دین و مذهب در عصر صفوی، ل ٤٥)

## ماڵباتی زانستی و مەزهەبیی سەفەویانی کوردستان

ماڵباتی زانستی و مەزهەبیی عەلەویەی سەفەوی کوردستان لە سەر بنەمای ئەم پێشینە بەتوانا و ڕیشەدارە لە زێدی خۆیان، زنجیرەی عالمانی سەفەویی کوردیان لە کوردستاندا بنیات نا و بەسەدان ساڵ بەشێک بوون لە زانایانی حوجرەگەلی شافیعییەکانی ئەم سەرزەمینە، ئەگەرچی نووسەری کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم سیلسیلەیە لە سەردەمی حکوومەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە زێدی باب و باپیرانیان (کوردستان)دا دووبارە نیشتەجێ بوون، بەڵام چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی رابردوودا، پێشانمان دەدات کە پێکهاتن و جێگیربوونی ئەم زنجیرە لە عەلەویەی سەفەوی، دەبێ پێوەندی بە سەردەمی سەفەری جونەید بۆ کوردستان و خزمایەتیکردنی لەگەڵ کچی شێخ (ئۆوەیس)ەوە بووبێت و بەهۆی باوەڕانەی توندڕۆی جونەیدەوە بێت و منداڵە دیندارەکانی ئەو سیلسیلەی خۆیان بەم جۆرە ڕێک خستبێت.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس؛ لە سەر سیلسیلەی زانستی و مەزهەبی عەلەویەی سەفەوی لە کوردستاندا دەنووسێ: بە پێی مێژووی نووسراوە، بنەبابی ئەم خانەدانە لە سەردەمی خۆیاندا لە بەغدا و بەسرە ژیاون و بەشێک لە (خمس الخمس) یان هەڵگرتووە. پاش ماوەیەک کۆچیان کردووە بۆ (ماوراء النهر) و لەوێ تا نزیکی ساڵی نۆ سەدو نۆ ژیانیان بە سەر بردووە، لەو سەردەمە بە هۆی دروستبوونی کێشەی سیاسی کە لە نێو ئیسماعیل سەفەوی و منداڵەکانی پێک هات(؟!).... بنەبابی ئەم خانەدانە لە ئەوبەری ڕووبار کۆچیان کرد بۆ دەڤەری عوسمانی و لە هەولێر نیشتەجێ بوون.

یەکەم کەس کە لە دەڤەری (ماوراء النهر) گەڕاوەتەوە کوردستان، شێخ محەمەد کوڕی حەیدەر پیرەدین بووە، محەمەد کوڕی حەیدەر (پیرەدین): محەمەد کوڕی حەیدەر پاش جێگیربوونی، لەگەڵ کچێک لە خانەدانێ کە بە منداڵانی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر دەناسران لە ناوچەی باشوور ژیانی خێزانی پێک هێنا، زنجیرەی

نەسەبی باوانی حەیدەری کە لە لایەن ئیبراهیم فەسیح حەیدەری لە ساڵی ١٢٨٦ ک.م نووسراوە، بریتییە لە ناوەکانی ژێرەوە.

الشيخ ابراهيم فصيح، ابن الشيخ صبغة الله، ابن الشيخ اسعد، ابن الشيخ عبدالله، ابن الشيخ صبغة الله العلامة الكبير مرجع اجازات العلماء، ابن الشيخ ابراهيم، ابن الشيخ حيدر، ابن الشيخ احمد ابن الشيخ حيدر، ابن الشيخ محمد، ابن الشيخ حيدر پيرالدين، ابن الشيخ ابراهيم برهان الدين، ابن الشيخ علي علاءالدين، ابن الشيخ صدرالدين، ابن الشيخ صفي الدين، ابن الشيخ امين الدين. ابن الشيخ صالح، ابن الشيخ قطب الدين، ابن الشيخ صلاح الدين، ابن الشيخ محمدالحافظ، ابن الشيخ عوض، ابن فيروز شاه، ابن شرف شاه، ابن الشيخ محمد، ابن الشيخ حسن، ابن الشيخ محمد، ابن الشيخ ابراهيم الملقب بالادهم، ابن الشيخ جعفر، ابن الشيخ محمد، ابن الشيخ اسماعيل، ابن الشيخ احمد الاعرابي المحدث الحافظ، ابن الشيخ محمد المحدث الحافظ، ابن الشيخ محمد المحدث الحافظ، ابن الشيخ الامام ابي محمد القاسم، ابن الامام ابي القاسم حمزه، ابن الامام موسى الكاظم، ابن الامام جعفر الصادق، ابن الامام محمد الباقر، ابن الامام علي زين العابدين ابن الامام الحسين السبط، ابن الامام علي ابن ابي طالب و فاطمة الزهرا و بنت حضرة الرسول المختار سيدنا محمد صلى الله عليه وعلي آله وصحبه و سلم.

حەیدەر کوڕی محەمەد (حەیدەر سەفەوی)؛

نەوادەی حەیدەر پیرەدین: حەیدەر کوڕی محەمەد، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی خانەدانەکەی خۆی تەواو کردووە و پاش تەواوکردنی قۆناغەکان بۆ فێربوونی زانست. ڕۆیشتووە بۆ خزمەتی زەینەدین بەلاتی کە لە ناوچەی بەلات لە ناوچەکانی پشدەر و ئیزنی مەلایەتیی لەو وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە قوتابخانەی باوانی خۆی و خەریکی وانەوتنەوەی زانستی دینی بووە و لە سۆنگەی زاڵبوونی بە سەر زانستە دینییەکاندا، ژمارەیەکی زۆر فەقێ لە کاتی وانەوتنەوەی ئەودا ئامادە دەبوون، حەیدەر کوڕی محەمەدی سەفەوی عالمێکی بلیمەت و بەئەدەب و لە خواترسێکی پایەبەرز و خاوەن کەرامەت بووە کە ئەویان بە نووسەری مەزهەبی

شـافیعی داناوە، هاوچەرخ بووە لەگەڵ شـێخ ئەحـمەد کوڕی حەجـەر و پەراوێزێکی لە سـەر توحـفـەی ئیـبنولحـەجـەر عـەسـقـەلانی نووسـیـوە. لە کـۆتاییی تەمـەنیـدا ڕۆیشـتـووە بۆ شـاری هەولێـر و لە سـاڵی ١٠٧٠ ک.م، هـەر لەوێ کـۆچی دواییی کـردووە، مەزاری ناوبراو لە نزیکی گۆڕی ئەمیری موسـڵمـان و بیرمـەند (موزەفـەر کوکبری) بنیاتنەری ئاینی مەولوودی لە کوردستانە.

ئەحمەد کوڕی حـەیدەر (حەیدەر سەفەوی): ئەم کەسایەتییە زانستییە خوێندنی لە لای باوکی تەواو کـردووە و ئیـزنی وانەوتنـەوە و فـتـوادانی بەدەست هێناوە، لە وانەوتنەوە لێهاتوو بووە و خـاوەنی زۆر بەرهەم بووە، لەوانە ١ـ پەراوێزێک لە سـەر شەرحی عەقـایدی مەلا جەلال دەوانی کە ناوی «موحـاکماتە» و هۆی ناونانی ئەوەیە کـە هـەمـوو پەراوێزنووسـان لـە سـەر شـەرحی عـەقـایـد، مـوحـاکـەمـە دەکـات و نووسـینەکـانیـان دەداتە بەر ڕەخنە و، تاوتوێ و لێکدانەوە و هـەروەهـا هـەندێکیـان ڕەت دەکاتەوە و هەندێکیشیان پەسند دەکا. موحاکەمات لە قوتابخانە دینییەکانی کوردسـتان دەخـوێندرێ هـەروەهـا فەقێکانی هیندسـتان لە وانەوتنەوە و پەروەردەدا کـەڵکی لـێ وەردەگـرن ٢ـ رد الـروافض ٣ـ نامـیلکـەی (اثبـات غـسل الرجلین) ٤ ـ نامیلکەیەک لە ڕاڤەی (الله نور السماوات والارض) ٥ ـ پەراوێزێکی تێروتەسەل لە سەر کتێبی شەفای ئیبنی سینا.

ئیبراهیم فەسیح حەیدەری (سەفەوی) دەڵێت:

باپیری من ئەحـمەد کوڕی حەیدەر لە سـەفەری خانەی خوا دەبێتە هاوڕێ لەگەڵ عـەبدولحـەکیـمی هیندی لە سـەفەری دەریاییدا کـە لە کەشـتیـدا لەگـەڵ یەک ئاشنا دەبن و پاش گەڕانەوەی بۆ کوردسـتان بەرگێک لە کـتێبی مـوحاکـەمـاتی خـۆی بە یادگاری بۆ دەنێرێت بۆ عـەبدولحەکیم بۆ هیندستان کە ئەویش بەرگێک لە کتێبی مـوتەووەل لە نووسـینی سـەعـد تەفـتـازانی بە خـەتی خـودی نووسـەر و پەراوێزی عـەبدولحـەکیم دەنێرێت بۆ باپیـرم لە کـوردسـتـان. ئەو کـتـێبـە (مطول) لە لای بنە ئامـۆزاکـانەوەیە و پەراوێزی عـەبدولحـەکیـم لە سـەر مـوتـەووەل یەکـەمین بەرگـە کـە گەیشتووەتە کوردستان.

ئەحمەد حـەیدەر سەفەوی لە بلیمەتانی سـەردەمی خۆی بووە و ڕۆژگاری بە باس و وانەوتنەوە و خوێندنەوە بردووەتە سەر، تا دەمی کۆچی دوایی.

حەیدەری دووەم کوڕی ئەحمەدی ئەوەڵ (سەفەوی):

بە پێی نووسینی ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی سەفەوی، ئەحمەد کوڕی حەیدەری یەکەم شەش کوڕی هەبووە، خالد، عەباس، عومەر، محەمەد، حەیدەری دووەمیش لە قوتابخانەی ئایینیی حەیدەرییەکانی سەفەویی کوردستان خوێندوویە و پاش بڕینی قۆناغەکانی خوێندن، ئیزنی فتوا و وانەوتنەوەی پێ دراوە. لە قانوونی شەرع و ئوسوول و زانستەکانی تردا شارەزاییەکی تەواوی هەبووە و تاقانەی قوتابخانەکانی کوردستان و لە وانەوتنەوەی زانستە دینییەکاندا لە نێو ئەهلی فەزڵدا ناوبانگی دەرکردبوو. بەرهەمگەلێکی بەکەڵکی لێ بەجێ ماوە. لەوانە:

١ـ پەراوێزێک لە سەر شەرحی موختەسەری (فقهی) لە ئسوولی فیقهە.

٢ـ پەراوێزێک لە سەر تەجرید لە عیلمی کەلام.

٣ـ پەراوێزێک لە سەر شەرحی حیکمەتولعەین لە حیکمەتدا.

٤ ـ پەراوێزێک لە سەر عەقایدی (عەزودیە)ی مەلا جەلال دەوانی.

٥ ـ پەراوێزێک لە سەر پەراوێزی خەیاڵی لە سەر شەرح عەقایدی عەللامەی تەفتازانی.

٦ـ پەراوێزێک لە سەر (اشكال التأسيس) لە زانستی هەندەسە.

٧ـ پەراوێز لە سەر رسالەی (اثبات الواجب) و پەراوێزەکانی... و زیاتر لەمانە، نووسینگەل و نامیلکەگەلی تر.

ئیبراهیم فەسیح حەیدەری (سەفەوی) دەنووسێ: بە ڕاستی کتێبە ئاماژە بۆکراوەکان بە بێ پەراوێزەکانی حەیدەری دووەم کەس لێیان تێ ناگا و خوێندن و وتنەوەی ئەم پەراوێزانە لە قوتابخانەکانی ئایینی کوردستاندا، باوە و هەروەها لە کتێبی (عنوان المجد) ل ١٢٨دا، دەنووسی: والعلامة الفهامة الولي الشريف خالد الحيدري، والعلامة الشريف عمرالحيدري، والعلامة الشريف محمد الحيدري، والعلامة عباس الحيدري، والعلامة الشريف حسين الحيدري، اخوة جدنا حيدر بن احمد صاحب المحكمات... حواش دقيقة على كتيب علم المنقول، ولحسين المذكور ايضاً حواش دقيقة على حاشية مير ابي الفتح في آداب البحث.

حەیدەری دووەم چەند کوڕێکی لە پاش بەجێ ماون، لەوانە: ئەحمەد، عەبدوڵڵا.

ئیبراهیم کوڕی حەیدەری دووەم (سەفەوی):

یەکەمین کەسایەتیی زانستی کە لە شوێنی ئێستای باوانی سەفەویی کوردستاندا جێگیر بووە و پاش تێپەڕکردنی قۆناغەکانی زانستی و وەرگرتنی ئیجازەی فتوا و مەلایەتی، وانەی لە قوتابخانەی ئاینیی کوردستاندا گوتەوە و بەرهەمگەلێکی زۆری هەبووە لەوانە:

١ـ پەڕاوێزێ لە سەر توحفەی ئیبنی حەجەر ٢ـ شەرحی زەورای جەلال دەوانی ٣ـ (الالهامات الربانية في كل فن)، ئەم کتێبە زۆر دەگمەن و نایاب و بەکەڵکە ٤ـ ڕاڤەی قورئان بریتی لە ئەحکامی ڕواڵەتی و ڕەمز و ڕازی دەروونی کە دوو بەرگی هێشتاکە لە چاپ نەدراوە. ٥ ـ ڕاڤەی تشریح الافلاک لە زانستی هەیئەت. ٦ـ پەڕاوێزێکی ورد و جوان لە سەر پەڕاوێزی (قول احمد برفناری) لە زانستی مەنتیق. ٩ـ پەڕاوێز لە سەر «جمع الجوامع» لە ئوسووڵی فقە. ١٠ـ پەڕاوێز لە سەر (شرح عصام الدين) لە سەر نامیلکەی بەیان. ١١ـ پەڕاوێز لە سەر کتێبی (الكواكب الدرية في قواعد الجفرية) و.... هەروەها کتێب و وتارگەلێکی جۆراوجۆری تر.

ئیبراهیمی فەسیح دەنووسێت: لە بیرمەندی مەزن مەلا ئیسماعیل (گەڵاڵەیی) بیستم کە، ئیبراهیم پەڕاوێزێکی لە سەر پەڕاوێزی عەبدولحەکیم لە شەرحی شەمسیە هەیە.

ئەم بیرمەندە مەزنە و عالمە بێ وێنەی سەفەویی کوردستان پاش تەمەنێکی زۆری وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی ئاینی، کۆچی دوایی کرد و لەو پێنج منداڵ بە جێ ماوە: صبغة الله، عاصم، فتح الله، فضل الله، اسماعيل، بەڵام براکانی ئەحمەد و عەبدوڵڵا دەناسێنم:

ئەحمەدی کوڕی حەیدەر کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەیدەری کوڕی محەمەدی عەلەویی سەفەویی کورد

لە عالمیانی گەورەی سەفەویی کوردستان لە بواری زانستی ئاینییە؛ کە پەڕاوێزی زۆری بۆ کتێبە عەقڵی و نەقڵییەکان نووسیوە، لەوانە پەڕاوێزێکی کۆوەکراوی لە سەر عیسامەدین لە ئیستیعارەدا لێ بەجێ ماوە.

ئەم بیرمەندە سەفەوییە کوردە؛ سێ کوڕی زانای بە ناوەکانی عەبدوڵڵا،

عەبدولعەزیز و خزر لە پاش بەجێ ماون کە هەرسێکیان کتێب و پەراوێزیان لە سەر زانستی عەقڵی هەیە، بە تایبەت: عەبدولعەزیز زۆر زیرەک بووە و بە «المعی» ناوبانگی دەرکردووە، پەراوێزێکی وردی لە سەر (قول احمد) فەناری هەیە، براکەی شێخ خزر پەراوێزێکی لە سەر (تحفه)ی ئیبنی حەجەر هەیە.

شێخ خزری سەفەویی کورد کوڕێکی بە ناوی سەید محەمەد ناسراو بە (ئەخرەس) هەبووە کە زانایەکی بلیمەت بووە و پەراوێزێکی لە سەر کتێبی (خلاصة الحساب) بەهائەدین عامیلی هەیە و کوڕی سەید محەمەد کە مەلا خزری دووەمە، کتێبێکی بە سوودی لە ڕاڤەی (الله نورالسماوات و الارض)دا هەیە کە بەرهەمێکی نایابە.

عەبدوڵڵا کوڕی حەیدەری عەلەویی سەفەویی کورد لە ئەستێرە گەشەکانی ئەم کۆمەڵە زانستییەیە و بەرهەمگەلێکی زۆر بەنرخی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە لەوانە: ١ـ پەراوێزێک لەسەر پەراوێزی لاری لەسەر هیدایە و شەرحی هیدایە لە زانستی حیکمەتدا. ٢ـ پەراوێزێک لە سەر پەراوێزی (قول احمد) لە سەر فەناری ٣ـ پەراوێزێک لە سەر پەراوێزی میرئەبولفەتح لە زانستی ئادای (بحث). ٤ ـ پەراوێزیک لە سەر شەرحی عیسامەدین لە سەر نامیلکەی سەمەرقەندی کە ناسراوە بە عیسامەدین ئیستیعارە. ٥ ـ پەراوێزێک لە سەر کتێبی فەرائیز لە توحفەی ئیبنی حەجەر ٦ـ پەراوێزێک لە سەر پەراوێزی عەبدولغەفووری لاری لە سەر شەرحی مەولانا جامی لە سەر کافیەی ئیبنی حاجیب. ئەم بلیمەتە کوردەی سەفەوییەش تەمەنی خۆی لە خزمەتکردن بە قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان بردە سەر و لە زانست و ئەخلاق و لە خواترسی و پارێزیاریدا سەرمەشق بووە، کوڕێک بە ناوی ساڵحی لێ بە جێ ماوە.

سەبغەتوڵڵا حەیدەریی سەفەویی کورد؛ لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئەم سیلسیلە زانستییەیە کە لە وانەوتنەوە و نووسین و شارەزایی لە دەق و بەشەکانی عەقڵی و نەقڵیدا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە، نامیلکەگەلی پوخت و بەکەڵک و ڕێکوپێکی لێ بە جێ ماون، کە هەموو کەسێک لێیان تێ ناگا، بێجگە لە وانەی کە توانایەکی تەواویان هەیە و خاوەنی پلەی بەرزی زانستین.

لە بەرهەمەکانی: ١ـ پەراوێزێک لە سەر ڕاڤەی بەیزاوی ٢ـ پەراوێزێک لە سەر

موحاکەماتی باپیری ئەحمەد کوڕی حەیدەری سەفەوی و.... هەروەها پەراوێزی زۆری لە سەر کتێبگەلی بەناوبانگی زانستی هەیە و بۆ چوونگەلێکی لە حیکمەتدا هەیە.

سەبغەتوڵڵا خوێندنی خۆی لە قوتابخانەی ئاینیی هەولێر تەواو کردووە و دواتر بۆ وانە وتنەوە چووە بەغدا. و پاش ماوەیەک گەڕایەوە ماوەران و دووبارە چووە بەغدا و لەم سەفەرەیەدا بەیەکجاری نیشتەجێ بوو و لە لایەن حوجرەکانی ئەو کاتەوە وەکو موفتی و وانەبێژێکی دیار و شارەزا ناسراو لە ودم و فتوا و بڵاوکردنەوەی زانستی ئیسلامیدا پلە و پایەیەکی بەرزی بە دەست خست تا ئەو ئاستە کە ئەگەر هەموو فتوا زانستییەکانی هاوچەرخی ناوبراو لە کوردەواریدا تاوتوێ بکەین، زۆربەی سیلسیلەی فتواکانی پاش وی، دەگەڕێنەوە بۆ ناوبراو، پاش تەمەنێکی زۆر لە بەخشین و سوودگەیاندنی کرداری لە ساڵی ١١٨٠ ک.م لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

سەید عاسمی حەیدەریی سەفەویی کورد:

برای عەلامە سەبغەتوڵڵا حەیدەریی سەفەویی کورد کە عالمێکی بە توانا بووە، پەراوێزێکی لە سەر ڕاڤەی بەیزاوی و پەراوێزێکی لە سەر پەراوێزی خەیاڵی لە سەر شەرح عەقایدی نسفی هەیە، هەروەها ئیسماعیل حەیدەری، فەزلوڵڵا حەیدەری و فەتحوڵڵا حەیدەری سەفەوی لە براکانی کە هەموویان لە زانا دیارەکانی قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان بوون و خاوەنی پەراوێز لە سەر ڕاڤەی بەیزاوین و بەتایبەت عەلامە ئیسماعیل حەیدەری؛ پەراوێزێکی لە سەر وەزع قوشچی و لە سەر قرەباغی لە مەنتیق و شەرحێکی جوانی لە سەر نامیلکەی ئوستورلاب هەیە و هەروەها پەراوێز لە سەر جفری جامع شێخ محێدین عەرەبی هەیە.

ئیبراهیم کوڕی سەید عاسم؛

عالمێکی تری سەربەماڵباتی سەفەویەی کوردە کە شەرحێکی کەم وێنەی لە سەر نامیلکەی (خلق الاعمال) جەلالی دەوانی هەیە.

نیعمەتوڵڵا و عوسمان حەیدەریی سەفەوی؛

کورەکانی تری سەید عاسمی سەفەویی کورد کە لە زانستی ئاینیی کوردستاندا پلەو پایەیەکی بەرزیان هەیە. ئیسماعیل حەیدەری سەفەوی برای عەلامە سەبغەتوڵڵای گەورە، کوڕێکی بە ناوی ساڵح هەبووە کە لە شەریعەتی ئیسلام و تەریقەتەکانی ئیمامانی (هودا)دا بە توانا بووە و پشت و پەنای زانایانی کوردستان بووە و زۆرێک لە زنجیرەی ئیجازەگەلی زانستیی بیرمەندانی کوردەواری بۆ ناوبراو دەگەڕێنەوە لە ماتماتیکدا خاوەن ڕا بووە و پەڕاوێزێکی لە سەر خولاسەتەلحیساب شێخ بەهائەدین عامیلی نووسیوە.

عەبدوڵڵا کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد؛

وانەبێژێکی زانا و پایەبەرزی کوردستان بووە. پەڕاوێزێکی لە سەر چەغمینی لە زانستی هەیئەت و پەڕاوێزێکی لە سەر نامیلکەی (اثبات الواجب)، پەڕاوێز لە سەر پەراوێزی سەید موحەقیق لە سەر شەرحی شەمسی و پەڕاوێزێک لە سەر پەڕاوێزی داوود خەوافی لە مەنتێقدا بەشێکن لە بەرهەمەکانی ناوبراو.

غیاسودینی کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد؛

نووسەری پەڕاوێزێکە لە سەر توحفەی ئیبنی حەجەری عەسقەلانی، پەڕاوێز لە سەر جەمعەلجەوامیع، پەڕاوێز لە سەر شەرحی موختەسەر مونتەهی لە ئوسووڵی فێقه، پەڕاوێز لە سەر پەڕاوێزی لاری لە حیکمەتدا، پەڕاوێزێک لە سەر پەڕاوێزی عەبدولحەکیم هیندی عەبدولغەفووری لاری لە سەر شەرحی مەولانا جامی،....
کوڕەکەی عەبدوڵڵا جێگری ڕاستەقینەی بابی بووە.

حەیدەری کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد؛

ناسراو بە حەیدەر موفتی، بیرمەند و عالمێکی بەتوانا کە لە سەر تەفسیری بەیزاوی و محەمەد ئەمین (جهة وحدت) پەڕاوێزی هەیە. محەمەد ئەمین کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد، کە لە سۆفیگەری و تەریقەتدا خاوەن ڕەوشت و کەرامات بووە عوبەیدوڵڵا کوڕی سەبغەتوڵڵا حەیدەری سەفەویی کورد؛ لە بەغداد موفتی ئەعزەم حەنەفی بووە و بەرهەمگەلی زۆری هەیە و لە زانستی عەقڵی و (نەقڵی)دا خاوەن ڕا بووە و وەک موفتییەکی حەنەفی وانەی دەوتەوە،

هۆنەرێکی دەستڕەنگین بووە و لە تەریقەتدا سەر بە سیلسیلەی نەقشبەندیە بووە و لە خەڵیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە بەغدا بووە.

هەموو ئەمەنی بەخزمەتکردن بە دین و زانست و عیرفان بە سەر بردووە، کوڕەکانی عەبدولحەکیم و عەبدولحەلیم جێگرەوەی ڕاستەقینەی باوکیان بووگن.

عەبدولحەلیم (رسالە سمرقندی)ی بە هۆنراوە هۆنیوەتەوە، ئەم دوو برایە لە بە نەخۆشیی کولێرە لە بەغدا گیانیان لە دەست داوە.

ئەسعەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد:

سەرەڕای وانەوتنەوە و دووبارەکردنەوەی تەواوکەری بەرهەمی زانایانی پێشووی ئەم سیلسیلە زانستی و مەزهەبییە، ڕەخنەیەکی لە سەر پەراوێزەکانی توحفەی ئیبنی حەجەر عەسقەلانی و پەراوێزێکی لە سەر (لقانی میسری) لە سەر پەراوێزی سەعد تەفتازانی و لە سەر (عزی) کە ناسراوە بە (سەعدینی) و لە زانستی سەرفدایە، نووسیوە و هەروەها پەراوێز لە سەر پەراوێزی قەرەباغی لە مەنتیقدا، پەراوێز لە سەر پەراوێزی ئەحاوی و شەرحی (الغاز) لە بەرهەمە بەنرخەکانی ئەون.

عەبدولسەلامی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد:

کە برای بچووکتری ئەسعەدی ئاماژەی بۆکراوە و لە زانستی ڕجال و ئەنساب و مێژوودا خاوەن ڕا بووە و لە نێو ماڵباتی سەفەوییەکانی کوردستاندا جێی ڕێز و خۆشەویستیی ماڵباتەکە بووە، هەروەکو سەبغەتوڵڵای دووەم کە برازایەتی، ئەم کەسایەتییە وەکو سەعدوڵڵای حەیدەریی سەفەوی، شەهابودینی حەیدەریی سەفەوی، عەبدولوەهابی حەیدەریی سەفەوی و ئەحمەدی حەیدەریی سەفەوی کە بە مەلای گەورە ناسراوە، لە زانستی ئیسلامیدا کەسێکی دیارو بەرچاو و بەتوانا بووە.

عەبدولقادری کوڕی ئەسعەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەبغەتوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد:

هونەرمەندێکە دیار و عالیمێکی پایەبەرز کە خەتێکی جوان و کەم وێنەی بووە، لە نووسینی فەرمان و بڕیار و بەڵگەنامەکان بە عەرەبی و فارسی و تورکی لێهاتوو

بووه. خـاوەنی بەرهەمـێکی بەنرخـە لە باسـی (مکفـرات) وەکـو (قـواطع) ئیـبنی حەجەری هەیتەمی.

ئەم زانـا هونەرمـەندە سـەفـەوییـە کـوردە، بە عـەبدولقـادر سـدقی حـەیدەری بەناوبانگ بووە. بە نەخۆشیی (تاعوون) لە شاری بەسرە مردووە و لە گۆڕستانی سەحابەی ڕەسووڵ زوبەیری کوڕی عەوام نێژراوە.

منداڵێکی بە ناوی عەبدولغەفووری حەیدەریی سەفەوی لێ بەجێ ماوە لە زانست و بیرکردنەوە لە لایەنی باوکیەوە پەروەردە کراوە.

مـحەمـەد ئەمینی کوڕی عەبدولغەفووری کوڕی عەبدولقادری حەیدەریی سەفەویی کورد:

لە بەغدادا خـاوەنی پلەی فتوا و وانەوتنەوە و موفـتیی گەورەی شافیعی بەغداد بووە. تەعلیـقـاتێکی عـالیـمـانەی لە سـەر پـەراوێزی (ناسـرەدین لقـانی) لە سـەر شـیکردنەوەی تەفـتـازانی کـە لـە سـەر (عـیـززی) نـووسـراوە و هەروەهـا لـە سـەر قـەرەباغی لە مەنتیقدا هەیە. هۆنراوەگەلی جوانی لێ بەجێ ماون کە نیشاندەری هەستی ناسکی ناوبراون. لە لاوەتیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەبغەتوڵڵای دووەم، کوڕی ئەسعەدی کوڕی عەبدوڵڵای حەیدەریی سەفەویی کورد:

ئەسـتـێـرەیەکی تر لە ئاسـمـانی سـیلسـیلەی سـەفـەویەی کـورد. خـاوەنی بەرهەمگەلێکی زۆرە، لەوانە؛ پەراوێز لە سەر شیکردنەوەی شەمسیە. پەراوێز لە سـەر پـەراوێزی داوود. پەراوێز لە سـەر قـەرەباغی کـە هەرسـێکیـان لە زانسـتی مـەنتـیـقـدایە. چوارەم پەراوێز لە سـەر پـەراوێزی عـەبدولحـەکیم هیندی لە سـەر (مطول) لە بـەغدادە و... سـەبغـەتوڵڵا چەند کوڕێکی ناودار و عـالیمی هـەبوون کە لەوانە ئیبراهیم فەسیح حەیدەریی بەناوبانگ بووە.

ئیبراهیم فەسیح حەیدەری؛

خۆری زێڕینی ماڵباتی سەفەویەی کوردستان لە قوتابخانە ئاینییەکاندا بووە، سـەرچاوەکـان ئامـاژەیان بـەناوی سی بەرهەم لـە بەرهەمـە بـەنرخـەکـانی ناوبراو کردووە لەوانە؛

١ـ تەفسیری قورئان بە ناوی (فصیح البیان في تفسیر القرآن) کە ڕای ڕاڤەکارانی پێش خۆی لە نێو تەفسیرەکەدا داوەتە بەر ڕەخنە و لێکدانەوە.
٢ـ (اعلی الرتبة في شرح نظم النخبة) لە ئوسوولی دیندایە.
٣ـ پەراویز لە سەر (اشباه نظائر) سیووتی.
٤ ـ پەڕاوێز لە سەر بەشی یەکەمی (تحفة ابن حجر).
٥ ـ پەڕاوێز لە سەر (الدررالمنتقي في شرح الملتقي) لە فێقهی حەنەفی.
٦ـ شیکردنەوەی مەقاماتی حەیدەری.
٧ـ پەڕاوێز لە سەر (الکتاب)ی سیبوویە.
٨ ـ پەراویز لە سەر (المقامة اللطیفە)ی سیووتی.
٩ـ شیکردنەوەی دیوانی ئەبولعەلا موعەڕی.
١٠ـ شیکردنەوەی دیوانی ئەبووتەمام.
١١ـ (فلك الاشتباك) شیکردنەوەی تشریح الافلاك لە هەیئەتدا.
١٢ـ (راحة الارواح) شیکردنەوەی الاقتراح لە ئوسوولی زانستی نەحو کە الاقتراح لە نووسراوەی سیووتیە.
١٣ـ شیکردنەوەی مەنزوومەی (آداب البحث)
١٤ـ (سنوحات) لە سۆفیگەری.
١٥ـ شیکردنەوەی نامیلکەی (خلق الاعمال) مەولانا خالد شارەزووری لە عەقایددا.
١٦ـ پەڕاوێز لە سەر پەڕاوێزی قەرەباغی لە سەر شیکردنەوەی ئیساغوجی لە مەنتیقدا.
١٧ـ ( الحسب في النسب) لە پێگەو شەرەفەکانی عەرەب و ناسینی نەژادی چاک و خراپی ئەسپ و ماین و وشتر و....
١٨ـ (صراط المستقیم) لە پاکانەی ئەهلی نسارا.
١٩ـ کامل التوقیع فی فن البدیع.
٢٠ـ امان الالباب في الاسطرلاب.
٢١ـ پەڕاوێز لە سەر شیکردنەوەی شافیە لە زانستی سەرفدا.

٢٢ـ پەراوێز لە سەر شیکردنەوەی جەلالەدین سیووتی لە سەر ئەلفیەی ئیبنی مالک.

٢٣ـ تەعلیقات لە سەر (مغني اللبیب).

٢٤ـ تەعلیقات لە سەر (حکمة العین).

٢٥ـ تەعلیقات لە سەر پەراوێزی لاری لە سەر شیکردنەوەی هەدایە لە زانستی حیکمەتدا.

٢٦ـ تەعلیقات لە سەر موختەسەری مونتەهایی لە ئوسوولی فیقە.

٢٧ـ تەعلیقات لە سەر پەراوێزی (الغ بیک) لە سەر شیکردنەوەی مەسعوودی لە ئادابی باسدا.

٢٨ـ تەعلیقات لە سەر پەراوێزی میسری لە سەر شیکردنەوەی تەسریف.

٢٩ـ تەعلیقات لە سەر پەراوێزی میر ابوالفتح لە سەر شیکردنەوەی جەلال دەوانی لە (تهذیب المنطق).

٣٠ـ پەراوێز لە سەر فاکهی.

٣١ـ پەراوێز لە سەر قەولی ئەحمەد.

٣٢ـ پەراوێز لە سەر شیکردنەوەی سیراجیەی سەید شەریف لە فەرائیزدا.

هەروەها پەراوێزی زۆری لە سەر زۆربەی لە نامیلکە و کتێبە پوختە زانستییەکان هەیە. سەرەڕای ئەم بەرهەمانە کتێبگەلێکی (رسائل) و (الغاز) و (انشاءات) هەیە. هەموو ئەم بەرهەم و پەراوێز و پێوەستانە بۆ خزمەت بە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئاینی محەمەدی و ڕێبازی عەولەوی بووە. ئیبراهیم فەسیح حەیدەری لە شیکردنەوەی ئەحواڵدا زۆربەی عالیمانی پایەبەرزی کوردستان و عێراقی ئێستای ناو بردووە کە لە خزمەتی ئەواندا زانستە جۆربەجۆرەکانی ئیسلامی لە سەرف و نەحو، (اشتقاق) و ئەدەبیات و مەنتیق و ماتماتیک و هیندسە و هەیئەت و حیکمەت و تەفسیر و حەدیس و... کەڵکی وەرگرتووە و چووەتە خزمەتیان کە بە گشتی دەست پەروەردەی ماڵباتی زانستی، مەزهەبیی سەفەویانی کوردستان بوونە و سیلسیلەی ئیجازاتی ئەوان دەگەڕایەوە بۆ یەک یان چەند کەسیان کە لێرەدا پێویست ناکا و ئاماژە بەناوی هەموویان بکەین (بنەماڵەی زانیاران، ل ٢٢٣ـ ٢٥٨)

ڕەوتی مێژوویی و خەباتی حەوسەد ساڵەی عەلەوییە توندڕۆکان بە سەرهەڵدانی ئیسماعیلی سەفەوی گەیشتە ئەنجام و ئاواتی عەلەوییەکان هاتە دی، ئیسماعیلی سەفەوی کە باب و باپیرانی زەمینەی سەرهەڵدان و سەربەخۆیی ئەویان فەراهەم کردبوو، بە ئاسانی لە سەر تەختی پێشەوایەتیی ئاینی و سەربەخۆیی سیاسی دانەنیشت، چونکە ئەو زیندان و دوورخستنەوە و مەینەتی و دەربەدەرییە کە سەرکردەکانی پێشووی بزاڤی عەلەوییە چێشتبوویان، ئیسماعیلیش لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە لە گەڵی بوو، لە شوێنگەلێک وەک گیلان و فارس و ئازەربایجان و... کە سەید محەممەد نووربەخش لەوێندەرێ بە دەستی تەیموورییەکان و دەربەگەکان بەند کرابوو، زیندان و نەهامەتیی زۆری کێشا و هەر لە سەرەتاوە وەکو پێشەوایەکی تەواو لە ڕێبازی عەلەویی توندڕۆکان جێی ڕێز و قودسییەتێکی زۆر بوو و لەسەرجەم ئەو عەشیرەت و خێڵە ئێرانیان کە پەیڕەوی عەلەوییە توندڕۆکان بوون، لەشکری قزڵباشی پێک هێنا. هەروەک مامۆستا عەبدولحسێن زەڕین کووب دەنووسێت: (ئیسماعیل هەرچەند کە منداڵ بوو بەڵام لە لایەن موریدانی باوکیەوە، بە سۆفیی مەزن و پیری کامیل، شێخ و سوڵتان دەهاتە ئەژمار و تەنانەت وەکو پادشا ناویان دەبرد.... ئیسماعیل کە هەر لەم تەمەنە منداڵییەوە لەناو داوودەزگای (کارکیا) پەروەردە کرا. وردە وردە لە باوەڕی زێدەڕۆیانەی پەیڕەوانی کە ئەویان بە مەزهەر (دوون)ی خوا دەزانی، خۆی بە دوور گرت. هەروەک کە بە کەسانێکی (ونیز)ی کە دانیشتووی ئێران بوون گێڕابوویانەوە کە لەوەی کە شوێنکەوتووانی ئەویان بە چاوی خوایی سەیر دەکرد، بێزار. گەر برێ لەم بانگەشەیە لە هۆنراوە تورکییەکانی ئەودا بێت گەر نیشانەی فرتوفێڵ و بەناوەخۆوەکردنی ئەو هۆنراوانە نەبێت کە ڕەنگە بە پێی مەسڵەحەتی کات و سەردانەواندن بۆ بیرو باوەڕی موریدان بووبێت. کە بەبێ ئەمە ئامادە نەبوون لەپێناوی شێخ و پێشەوا و لاوەکەیاندا فیداکاری بکەن.

ئەم مــوریدانـە لە گــەرمــەی شــەڕ و جــەنگدا هـێـزی مــەعنەویـی ئەم شــێخ و پێشەوایانەیان بە پشتیوان و پارێزەری خۆ دەزانی و خۆیان بە فیدای دەکرد.

لە ڕاستیدا شێخی ئوغلووی ڕواڵ کە لە لای موریدەکانی بە مەزهەر (دوون)ی خوایی و مەزنترین سۆفی دەهاتە ئەژمار. کاتێک بەهاندانی موریدەکان هات بۆ ئەردەبێڵ (موحەرڕەم ٩٠٥ ک.م) هێشتا کە تەنیا دەسکەلای رووتی دەستی سەرکردەکانی قزڵباش بووە و تەمەنی لە سێزدە ساڵ تێ نەدەپەڕی. هۆنراوە و وتەکانیشی کە دواتر لە دیوانێکی تورکیدا بەنازناوی (ختایی) چاپ کرا. بە هەر هۆیەک بوو، نزیک بووەوە لەو بیروباوەڕە زێدەڕۆیانە کە ئەو ماوەیەک لە گیلاندا لێی دوور کەوتبووەوە (روزگاران، ل ٢٥٩) (قزڵباشەکان.... خێڵەکانی ئەم یەکەتییە پێک هاتبوون لە: عەشیرەتەکانی: ئوستاجلوو، شاملوو، تەکلوو، موسلوو، ئەشار، قاجار، بەیات، بەهارلوو، شێخاوەند کە تایفە و عەشیرەتگەلی بچووک و گەورەی تریش چووبوونە پاڵیان و ژمارەیەک لە خێڵەکانی تاجیک لە کورد و تاڵش و... لە نێویاندا بوون و یەکەتیی قزڵباش لە نزیکەی سی خێڵ و هۆزێک پێک دەهات.

شێخ حەیدەر لە دیدی هەموو کەسان و ڕێبەرانی ئەم خێڵانە پێشەوای کامیل و پیرو پارێزەری گیانیان دەهاتە ئەژمار و بۆ بەدیهێنان و دەرکەوتنی ئاینی حەق لە ژێر فەرمانی ئەودا لە هیچ گیانفیدایی دەربەدەریی و فیداکارییەک درێخیان نەدەکرد) (روزگاران،ب ٢، ل ٩٠...)

لەمەڕ ئێش و ئازاری ئیسماعیلی سەفەوی ئێدوارد براون دەنووسێ: (هیچ شتێک نەیدەتوانی لە بارودۆخی سێ کوڕی شێخ حەیدەر کە لەم کات و ساتەدا کەوتبوونە دەستی نەیارانی باوکیان ناهومێدکەرتر بێت) چونکە سوڵتان یەعقووب دەسبەجێ پاش سەرکەوتن بەشێک لە تورکمانانی نارد بۆ ئەردەبێڵ، سۆفییەکانی ئەردەبێڵ پێشتر سوڵتان عەلی کوڕی گەورەی حەیدەریان بە جێنشینی ئەو هەڵبژاردبوو، بەو جۆرەی کە لە کتێبە مێژووییەکانی فارسی ئەم چاخە هاوردوویانە، ئەم سێ شازادەیە لەگەڵ دایکیان، مارتا (عالەم شابەیگۆم) لە پایزی ساڵی ١٤٨٨ـ (٨٩٣) ک.م ناردران بۆ ویلایەتی فارس.

لەوێ حاکمی شیراز بەناوی مەنسوور بەیگ پەرناک وەریانی گرت و هەموویانی لە قەڵایەک لە شاری کۆنی ساسانی ئێستەخردا، زیندانی کرد. دوای چوار ساڵ و

نیو ئەم شازادە خانمە و کوڕەکانی لەوێ رزگار بن) (تشکیل دولت ملی در ایران، ل ١١١) مەنسوور پەرناک باوەڕی سەرانی ئاتەش بەیگی، کەوتووەتە بەر رقی شا محەمەد بەیگەوە و لەسەر کار لابراوە. شا ئیسماعیلی سەفەوی لە کاتی گەیشتنی بەدەسەڵات بە هەموو هێزەوە هاتە مەیدان و پاش دۆڕانەکەی شەڕی چاڵدێراندا بۆ تەنگەتاوکردنی ڕکابەرەکەی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی پێوەندیی دۆستانەی دامەزراند هەروەک مامۆستا عەبدولحسێن زەرین کووب دەنووسێ: پاش ئەم دۆڕانە (شەڕی چاڵدێران) بوو کە شای قزڵباش بیری گرێدانی پێوەندی و جۆرێک لە هاوکاری یان هاوپەیمانیی لەگەڵ نەیارە ڕۆئاواییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی جیدی تاوتوێ کرد. پێشوازیی کرد لە نێردراوی لودڤیگ پادشای هەنگاریا کە ماروونییەکی لوبنانی بوو بە ناوی پێترۆس، باڵوێزی کارێلی پێنجەم پادشای ئاڵمانی و پاش ماوەیەک لە نامەیەکدا کە بۆ فەرمانڕەوای ئاڵمانی نووسی و لەوەی کە پاشاکانی ئەوروپا بە جێی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دژی مەترسیی عوسمانی لەگەڵ یەکتر دژایەتی دەکەن، سەرسوڕمانی خۆی نیشان دا (٩٢٩ ک.م) بەم ڕاگەیاندنە، پاشای شیعە لەڕاستیدا ئامادەیی خۆی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەوان بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕێکی هاوکات دووبەرەیی لە دژی عوسمانی بەروونی ڕاگەیاند و لە ڕاستیدا پێوەندییەکانی پێشووتری کە لە کۆتای سەردەمی ئۆزۆن حەسەن، ئاق قۆیوونلوو لە نێوان ئێران و ئەوروپا دژی پەلهاوێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی دەستی پێ کردبوو، بەشایانی بووژانەوەی دەزانی.

بەڵام پێش ئەوەی کە گفتوگۆکان بگەنە بنچەواری پراکتیکەوە. مەرگ بەربینگی شای گرت ئەم پلانی هاوکارییە، کە پڕ کەموکوڕیش بوو، پەکی کەوت... ناتەواو مایەوە (ڕەجەبی، ٩٣٠ ک.م) (روزگاران، ل ٢٥٥).

لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەیەک لە دەستپێکی سەربەخۆیی سەفەویەدا، پاش گەیشتنە ئەنجامی هەوڵەکانی شا ئیسماعیل بە یارمەتیی عەلەوییە توندڕۆکان لە سەرزەمینی یەکپارچەی ئێرانی مەزن لە دانیشتن گەلێک لەسەر هەڵبژاردنی مەزهەبی ڕەسمیی ئێران باس و گفتوگۆ کرا و لەشکریانی سۆفیی قزڵباش لە پێیان لەسەر باوەڕی فکیر خۆیان داگرت؛ بەڵام ئادابی تەریق و شێوازی ڕەوایی نەیدەتوانی، بنیاتی ئەساسیی وڵاتێکی گەورە ڕاوەستێنێ و بیهێنێتە ژێر ڕکێفی.

محەمەد موتەرجیم ناسراو بەئێسپناقچی لە زاری نووسەری (حقیقة التواریخ)ەوە دەنووسێ، پێش هەر بڕیاردانێک لە سەر گۆڕینی مەزهەب بە فەرمانی شا(ئیسماعیل) کۆبوونەوەیەک ساز درابوو: (پاش وتووێژ و ڕاوێژ، بەشێک لە سۆفییەکان بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی تەریقەتی حەیدەرییەی جەلالییەیان بە گونجاو زانی. بەڵام چەند زانایەک کە لەو کۆبوونەوەیەدا بوون، بەتوندی دژی وەستانەوە و کاربەدەستانیش بۆچوونەکەی ئەوانیان قبووڵ کرد و ڕای سۆفییەکانیان ڕەت کردەوە، لە ئەنجامدا بڕیار درا کە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی هەڵبژێردرێت و ببێتە مەزهەبی ڕەسمیی ئێران (تشکیل دولت صفوی، ل ١٥١)

عەلەوییە توندڕۆکان لە ماوەی نزیک بەحەوت سەد ساڵ خەباتی نەبڕاوە و گیانفیدایی سەرکەوتوو بوون لە چەسپاندنی دووبنەمای ویلایەت و دەرکەوتنی ڕزگاریکەری بەڵێندراو کە ئیمامەتیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتبوو، هەروەها بە مەبەستی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی دەبوو لەم کاتەدا لە خوێندنگە ئاینییەکانی عەلەویگەلی پشتگیرییان کردبا. هەروەک کە عەبدولحسێن زەڕین کووب دەنووسێ: (.... لە هەموو ڕێوشوێنی ئەسڵ و فەرعەکانی ئاینی شیعە، ئەوەی کە وا لە ماوەی بانگەوازی باب و باپیرانی شائیسماعیلدا بە شێوەیەکی بەئاشکرا و نهێنی بانگەشەی بۆ کرابوو؛ وەک دیارە تەنیا مەسەلەی ئیمامەت بوو کە ویلایەت و ئەوەی کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب جێنشینی پەیغەمبەر بێت؛ بانگەشەی کردبوو، ئەم ڕایە هەرچەند لەگەڵ پابەندی بە سۆز و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر لە سەردەمی ئیلخانیاندا وردە وردە لە نێو زۆرێک لە موسڵمانان و سۆفییە باو بوو، بۆ ئەوەی کە شیعە وەکو مەزهەبێکی ڕەسمیی خاوەن هەموو ئەسڵی و فورعی پێویست بۆ مەزهەبێک ـ بۆ خەڵک جێ پەنابردن و شایانی متمانە پێکردن بێت، بەس نەبوو، هێنانەوەی باوەڕی لە مەڕ تاکپەرستی، پێغەمبەری و پەسلان بۆ تەواوکردنی پێویست بوو، هەروەها لە بابەتی فەرعیات هێنانەوەی ئەحکامی ئیمامانی شیعە و بابەتی پەیڕەوی و ئیجتیهاد لەم مەسەلانەشدا بۆ بەڕەسمیکردنی مەزهەبی شیعە پێویست بوو و ئەمانە بەتەنیا دەربڕینی دۆستایەتی و دوورەپەرێزی ڕاست نەیدەنواند و سەرسوڕێنەر ئەوە بوو کە لەم بوارانەدا نە ماڵباتی سەفەوی پێشینە و چوارچێوەیەکی قایم و جێ

باوەڕیان هەبووە نە سۆفیانی تورکمان کە لە سەردەمی شێخ حەیدەردا بە کڵاوی سوورەکەیاندا دەناسرانەوە.

لە هەموو تەورێزیش کە یەک لە سەر سێیان خۆیان بە شیعە دەناساند هیچ کتێبێکی نووسراوە و کۆبەندێک لە مەڕ هەموو فەرعیات و ئوسووڵی مەزهەبی دوازدە ئیمامی بوونی نەبوو. تەنیا پاش ڕاگەیاندنی ڕەسمیبوونی ئاینزای شیعە، بەدوای گەڕانی زۆر، بەشێک لە کتێبی (قەواعیدلئیسلام)ی عەلامە حیللی زانای شیعە لە کتێبخانەی تاقەکەسیی قازی نوورولڵا زەیتوونی دۆزرایەوە کە چەند فەقێ خوێنەرێک ئەوەیان وەکو شتێکی وا دەخوێندەوە و هێشتا کە بەناوبانگییەک و سەلماندنێکی لە سەر نەبوو.

لەئەنجامدا گەیشتنە ئەو بڕوایە کە بە بێ هێنانی زانایانی شیعە لە دەرەوە، شیعە ناتوانێ لە کرداردا لە تەواوی ئێراندا ببێتە مەزهەبی ڕەسمی و شای لاو بە پێویستی زانی پیاوانی ئاینیی مەزهەبی شێعە لە بەحرەین و کووفە و جەبەل عامیل بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی شیعە و فێرکاری و پەروەردە و بەڕێوەبردنی ئەحکامی ئەو مەزهەبە، بانگێشت بکات بۆ ئێران و کەچی کردی.

لەوانە شێخ نوورەدینی کەرکی لە پیاوانی ئاینی بەناوبانگی جەبەل عامیل کە بە بانگێشتی شا لە مێزۆپۆتامیاوە هات بۆ ئێران و (موحەقیقی کەرکی) هۆکاریی سەرەکی لە بڵاوبوونەوە و بانگەشەکردنی مەزهەبی جەعفەری لە ئێراندا) (روزگاران، ب ٢، ٣٣، ٢٣/ تاریخ انقلاب اسلام صص ٥٥ ـ٥٧/ تشکیل دولت صفوی و...، ل ١٥٢)

عەلەویگەلی توندڕەو کە ئەستوونی سەرەکی و قایمی خەبات دژی دەسەڵاتگەلێک وەکو ئیمپراتۆریای عەباسی، هێرشبەرانی تەیمووری، دەرەبەگەکانی تورکمەن و...یان لە سەر شان بوو. هەروەها لەپێناوی دوو بنەمای ویلایەتی عەلەوی و دەرکەوتنی ڕزگاریکەر (مەهدی بەڵێندراو)دا گیانفیداییان دەکرد.

بەڕێزەوە سەیری مەزهەبی ڕەسمیی شیعەی ئیمامییەیان دەکرد کە خودان سیمایەکی مەکتەبی و زانستی و ڕسکاوی هزری میانەڕەوانەی ئیسلام بوو لە ئێراندا و هەر وەکو لقی سەربازیی عەلەویگەلی شۆڕشگێڕ و وەفادار مانەوە. بە خستنە ڕووی دوو ڕوانگە لە مەڕ عەلەویەکانیی یارسان کۆتایی بەم بەشە دێنین،

بەهیوای ئەوەی کە لە بەشی داهاتوودا بە پشتبەستن بە ئەو زانیارییانەی کە بە دەست کەوتوون و بەرهەمی توێژینەوەکان، ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبیی یارسان، داکۆکیکارانی ڕاستەقینە و فیداییانی گیانبەختکردووی ئێرانی ئیسلامی لە سەرەتای سەفەوییە تا سەردەمی ئێستا بخەینە بەر چاو. ئێستاش ڕوانگە ئاماژە بۆ کراوەکان، سەرەتا ڕوانگەی نووسەری کتێبی دین و مەزهەب لە سەردەمی سەفەوییەدا کە دەنووسێ:

یارسان: بزاڤی تری مەزهەبیی سەردەمی تەیمووری، یارسان (علی اللهی) (یارسان بەجۆرێک کە ئاماژەی بۆ کرا عەلیۆڵڵاهی نین) کە لە شیعەگەلی ئیمامیەن ئەمان زۆرتر لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا بڵاو بوونەوە و یەک لە لقەکانیان، قزڵباشەکانن کە دژایەتیی دەوڵەتی عوسمانییان دەکرد. قزڵباشان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاگرتن و گەیشتنە دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەویەدا بوو. سیستەمی پەروەردە و بیرباوەڕەکانیان کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئیسماعیلییەکاندا هەیە. ئەوان باوەڕیان بەخواییبوونی حەزرەتی عەلی بووە، هەروەها ئیسماعیل دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی یان وەکو عەلیوڵڵا دەهێنایە پێش چاو. لە ڕاستیدا پێوەری ئەخلاق لای ئەوان، عەقڵە، کە لەگەڵ «نەفس» دا دەکەوێتە شەڕەوە. پەیڕەوانی ئەم فیرقەیە هەنووکەش زۆرتر لە ڕۆژئاوای ئێراندا دەژین ـ (دین و مذهب در عصر صفوی، ل ٢٥) و مامۆستا دکتۆر کامیل مستەفا شەیبی کە لە بابەتی مێژوویی یارسان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی نەبووە بە پێی وەک یەکی لە هەمبەری بزاڤە بەدیهاتووەکان لە ناخی یارسان نووسیویە: فیرقەی یارسانیش دەتوانین ببەینە ڕیزی پاشماوەکانی پەیڕەوانی سەفەویە کە لە نێو خاکی ئێران لە خاڵەکانی ژێرەوە هاوبەشن: باوەڕی ڕەمەکیی سادە، بەرێکخراوە بوونی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی بە ئیلهام لە کتێبی پیرۆزی تایبەت بە خۆیان، وەکو بویوروق (فەرموودەکان) و (مناقب الاولیا) و (تذکره اعلی) هەموو ئەم کتێبانە ناوەڕۆکێکی لێکچوو و کەسایەتیی ڕەوایەتی هاوبەشیان هەیە. بەتایبەت داستانەکان لە سەر (سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی) شێخ سەفیەدین ئەردەبێلی و کوڕەکەی، سەدرەدین (حاج بەکتاش وەلی و فەزلوڵڵا نەعیمی)یە و ئەحکامی مەزهەبی و یاسا و ڕێوڕەسمی تاقە کەسی، لە گفتوگۆکانیان بە دەست دێت. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە توێژەران لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە سەر ئەم فێرقانە

دەریانخست کە شیعەی [توندڕەو] لە سەرەتاوە ئامادەی توانەوە و هەڵدانەوەیەکی ترە و ئێستا وادیارە کە لە گێژاوی ئەزموون سەرکەوتوو هاتووەتە دەرەوە. (تشیع و تصوف، ل ٤١)

لەمەڕ تەریقەی حەیدەریەی جەلالیە؛ کە بە خاکسار دەناسرێت، دامەزرێنەرەکەی سوڵتان حەیدەر باوکی شا ئیسماعیل سەفەوییە کە لە سەردەمی شاعەباسدا (دوودەی عەجەم)ی پێ زیاد کرا شوێنکەوتووانی سیلسیلە، پاش تێپەڕکردنی قۆناغگەلی تایبەتی تەریقەت پاش ئەوەی کە گەیشتنە پلەیەکی بەرز لە هەڵسوکەوتدا، بە پێشەوایەک لە ماڵباتی یارسان دەناسرێن و سەر دەسپێرنە ماڵباتی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی (گوێز دەشکێنن) و بەم جۆرە ڕواڵەتی نادیاری ڕێکخراوەگەلی بنەڕەتی پەردیوەر لە زنجیرە پلە و پایەی هەموو بزاڤەکانی عەلەوییەکانی ئێران، تورکیا، هیند، (ماوراء النهر) و... دەبینرێ.

داکۆکی لە سەر ئەم خاڵە گرینگە لە کۆتاییی ئەم بەشە پێویستە کە زۆربەی پێشڕەوان و ڕێبەرانی عەلەوییەکانی زاگرۆس بە تایبەت سەید محەمەد زاهیدی ڕەزەویی خوراسانی ناسراو بە(پیر خزری شاهۆیی) و سەید باباعەلیی هەمەدانی و منداڵەکانی بە تایبەت حەزرەتی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی و هەروەها سەید محەمەدی نووربەخش زانایانی پابەند و وتار و سوننەتی نەبیی ئەکرەم (د.خ) و عارفی بە شارەزا لە ڕەفتاری ئیمامانی هودا و مەکتەبی پاک و مەعسووم و بوون و بانگەشەی خوازیاران و بەشداربوونی مەکتەب و ئاینە نائیسلامییەکانی ترن، بە هۆی ناشیرین کردنی سیمای جوانی ئیسلام لایەنگران و حاکمانی ناو زڕاوەو، لە پێگەی باوەڕەکانی قەت ڕەفزی بنەڕەتی باوەڕی بە پەیڕەوانی مەکتەبەکانی پێشوو نەکردووە کە باڵەکانی سەرباز عەلەویەکانی بوون سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو بەشێوەی ڕەسوڵی پایەبەرزی ئیسلام ئەوەی کە بوو بەئاڕاستەی ئەوەی کە دەبێ ببێ، ڕیفۆرم و هەموار کردووە و لە دۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی و مەزهەبیی سەردەمێک کە خاجەی شیرازی لە بارەیەوە دەڵێ:

گرمسلمانی از این است کە حافظ دارد

وای اگر از پس امروز بود فردایی

بە پاکی و ڕاستی و ئاکار و کردەوە بەجۆرێک لە دڵی شوێنکەوتووان و

پەیڕەواندا کـە بەجـارێک زۆربەی ئەو شـتـانەی کـە لە مـەکـتـەبگەلی پێـشـوو لەناو باوەڕی ئەواندا چەسپابوو بەتاڵ کردەوە، بەچەشنێک کە بە باوەڕمەندی و ئیمانی قایم نزیک حەوسەد ساڵ بۆ سەلماندنی ویلایەت و ئیمامەت و ئەمانەتی عەلەوی خەباتیان کرد، خوێنیان ڕشت و خوێنیان ڕژا، تا لە ئەنجامدا بە هاتنە سەرکاری سەفەویە گەیشتنە خواستەکانیان.

ئەگەر خوا یار بێ لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا مێژووی شیکارانەی ئەهلی حەق لە دەستپێکی سەفەوییەوە تا ئێستا، تاوتوێ دەکەین و دەیخەینە ڕوو.

کۆتاییی بەرگی یەکەم

بەهاری ١٣٧٦ تاران

**IN THE NAME OF GOD**

About ahlehagh and it's change historical had not been accomplished to search with attention to geographical situations movement Ahlehagh and political Risings and social conditions this religion. Researchrs and professors have showed superficial and little subjects with different and antithetical kinds on the basis of their own conjecture and withdraw, and a group describe, expanded and published with obtainning samples of manuscript works that it inclUding thought and belief affairs. The most samples must be control again and poblical riddle Ahlehagh was left continuously with publishing this book, which is extract historical consideration about twenty years, for first time searcher, professors, students and lovers history of religions, Iran and Islam, who read evolution and historical Iranian and Islamic religion, will aware real essences Ahlehagh.

This book is the first of Documentary and valuable search.

پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ........ 5
پێشەکیی نووسەر ........ 6
بنەمای مێژوویی و جوگرافیایی ژیانی عەلەوییەکانی (یارسان) = (ئالی حەق) ........ 13
بزووتنەوەی مویارەکشای عەلەویی کوردی (شاخۆشین) ........ 31
سەردەمی سەید ئیبراهیم عەلەوی (باباناوس) ........ 56
سەردەمی سەید محەمەد زاهیدی عەلەوی (پیرخزری شاهۆ) ........ 61
سەردەمی سەید بابا عەلیی هەمەدانی ........ 68
ڕێبەرایەتی و سەرهەڵدانی سەید مووسای عەلەویی بەرزنجی ........ 75
سەردەمی سەید عیسای عەلەویی بەرزنجیی هەمەدانی ........ 80
سامانی ناز خاتوون لە کوردستانی سەردەمی مەغوولدا ........ 81
سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاق عەلەویی بەرزنجی ........ 85
هەڵکەوتی جوگرافیایی پێگەی بزاڤەکە ........ 92
هاتنە کایەی تەیمووریەکان، دەستپێکی خەبات و شەهادەتی سەید ئەحمەدی... ........ 96
بیروباوەڕە فیکرییەکانی سەید ئیسحاقی عەلەویی بەرزنجی ........ 106
سیلسیلەی سەروەریی سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی ........ 110
عەلەوییەکانی زاگرۆس و سەربەدارانی خوراسان ........ 113
پێکهاتە سیاسی و مەزهەبییەکانی سەردەمی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەویی... ........ 119
حافز و سوڵتان سەید ئیسحاق ........ 123
چاوپێکەوتنی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی و تەیمووری گوورکانی ........ 126
دەستپێکردنی بزاڤە هاوتەریبەکان لە سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان... ........ 127
حورووفیە ........ 132
دامەزرانی دەوڵەتی قەرەقۆیوونلوو بە ڕەسمیکردنی ئاینی یارسان ........ 146
قەرەیووسف ........ 149
قەرەئێسکەندەر ........ 149
جەهانشا ........ 150

بەرفراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی جهانشا ........ 151
کوردەکان لە حکوومەتی قەرەقۆیوونلوو ........ 155
سەرهەڵدانی سەید محەمەدی نووربەخش و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عەلەوی... ........ 161
سەید محەمەد نووربەخش ........ 163
بزاڤ و سەرهەڵدانی سەید محەمەدی موشەعشەع و هاوتەریب لەگەڵ بزاڤ و... ........ 169
بزاڤ و سەرهەڵدانی سەفەوییانی عەلەوی ........ 178
ماڵباتی زانستی و مەزهەبیی سەفەوییانی کوردستان ........ 194
عەلەوییەکانی زاگرۆس و سەرهەڵدانی شائیسماعیلی سەفەوی ........ 206